

تەفسیری رەوان

بۆ تێگەیشتنی قورئان

بەرگی [٣]

نووسینی

مەلا مەحموودی گەلاڵەیی



جزمی [٥]

تەفسیری رەوان

بۆ تێگەیشتنی قورئان

بەرگی سێیەم

نووسینی
مەلا مەحموودی کەلالەیی

جزئی (٥ ، ٦)

تکایە ئەم هەڵانەی جزمی (٢) ڕاست کەرەوە بە پێی خوارەوە

جزمی (٢) لاپەڕە (٢٩) دوای دێڕی شەشەم ئەمە بنووسرێ: ﴿واللە لا یهدي القوم الظالمین﴾ پەروەردگار هیدایەتی گەل و تاقمەی کافر و ستەمکار نادا [illegible]

جزمی (٢) لاپەڕە (١٨٦) لە کۆتایی لاپەڕەکە ئەمە بنووسرێ:

ئەم [illegible] لە کوێ دەزانن؟ ﴿ [illegible] ﴾ [illegible] ...

جزمی (٢) لاپەڕە (٢١٢) دوای [illegible] (ئایەتی) ئەم تیرە ئایەتە بنووسرێ: ﴿ولا یکلمهم [illegible] ولا ینظر الیهم یوم القیامة ولا یزکیهم ولهم عذاب ألیم﴾

تەفسیری ڕەوان بۆ تێگەیشتنی قورئان
نووسینی مەلا مەحموودی کەڵەیی
چاپی یەکەم
چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە
تیراژ ٥٠٠ دانە
ژمارەی سپاردن ٧٥٣ ساڵی ١٩٩٨ ز

ژنی مێرد دار مارە ناکرێ، ئافرەتی نامەحرەم مارە دەکرێ بە مەرجێ مارەیی هەبێ

﴿وَٱلۡمُحۡصَنَٰتُ مِنَ ٱلنِّسَآءِ إِلَّا مَا مَلَكَتۡ أَيۡمَٰنُكُمۡۖ كِتَٰبَ ٱللَّهِ عَلَيۡكُمۡۚ وَأُحِلَّ لَكُم مَّا وَرَآءَ ذَٰلِكُمۡ أَن تَبۡتَغُواْ بِأَمۡوَٰلِكُم مُّحۡصِنِينَ غَيۡرَ مُسَٰفِحِينَۚ فَمَا ٱسۡتَمۡتَعۡتُم بِهِۦ مِنۡهُنَّ فَـَٔاتُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ فَرِيضَةٗۚ وَلَا جُنَاحَ عَلَيۡكُمۡ فِيمَا تَرَٰضَيۡتُم بِهِۦ مِنۢ بَعۡدِ ٱلۡفَرِيضَةِۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلِيمًا حَكِيمٗا ﴿٢٤﴾

ئیمامی موسلیم ئەبو داود و ترمذی و نەسائی لە ئەبو سەعیدی خودرییەوە دەگێڕنەوە، دەڵێ: هەندێ ئافرەتی رفێندراوی (أوطـــاس)مان دەست کەوت: کە خاوەن مێرد بوون، دەڵـێ: بەلامانەوە نەگونجاو بوو، کە دەستیان لەگەڵدا تێکەلاو بکەین، چونکە پێش رفاندنەکەیان لە شوێنی خۆیان مێردیان هەبوو، لەم بارەوە پرسیارمان لە پێغەمبەر ﷺ کرد، ئیتر ئەم ئایەتە هاتە خوارێ کە دەفەرمووێ:

﴿والمحصنات من النساء إلا ما ملكت أيمانكم﴾

طەبەرانی لە ئیبن و عەبباسەوە دەڵێ: ئەم ئایەتە رۆژی حونەین هاتۆتە خوارێ، ئەوەبوو خودا یارمەتی داین، حونەین رزگار کرا ،موسوڵمانان زۆر ژنی ئەهلی کیتابیان گرت،کە مێرد دار بوون، ئەگەر یەکێک بیویستبایە دەستیان بۆ بەرێ دەیانگوت: مێردمان هەیە، لەم بارەوە پرسیار لە پێغەمبەر ﷺ کرا، ئیتر ئایەتی ﴿والمحصنات من النساء﴾ هاتە خوارێ: بۆ روون کردنەوەی حوکمی ئەو

ئافرەتــە رفێندراوانــە.. دیاریشــە ئــەم دوو ئایەتــە تــەواو کــەری ئایەتــەکانی پێشوون،﴿والمحصنات﴾ عەطف کراوەتەوە: بۆ سەر ﴿أمــهاتکم﴾ی ئایـەتی پێشـوو. بەڵام ئەوانەی قورئانیان دابەش کردووە بە سی بەش (سی جوزء) ئەم دوو ئایەتەیان کردووە بە سەرەتای جوزئی پێنجەم و لایەنی لــەفظیان بـەرچاو گرتـووە. موراعـاتی مانایان نەکردووە، چونکە ئەگەر لایەنی مانایان بــەرچاو بگرتایـە دەبـوو سـەرەتای جوزئی پێنجەم ئایەتی ﴿یا أیها الذین آمنوا لا تأکلوا أموالکم بینکم بالبـــاطل﴾ النساء/٢٩ بوایە.

﴿والمحصنات من النساء﴾ حەرامە لێتان مارە کردنی ژنی مێرد دار ﴿إلا ما ملکت أیمانکم﴾ مەگەر ئەو ژنە مـێرد دارانـەی کـە بوونـە ملکـی ئێـوە بـە هـۆی رفاندنـەوە کـە لـە غـەزادا گرتوتـانن مێردەکانیـان لـە وڵاتـی کوفـر دان و کـافرن، بەرژەوەندیش وا دەخوازێ کە نەیاندەنەوە بە مێردەکانیان و نەیانگێڕنەوە بۆ وڵاتـی خۆیان. ئەو کاتە عەقدی ژن و مێردایەتیتان دەپچڕێ و بۆ ئێوە رەوا دەبێ کە بچنە لایان بەو مەرجانـەی کـە لـە کتێبـی فیقـهدا شـی کراوەتـەوە. حیکمـەتی ئەمـەش ئەوەیە: چونکە زۆر جار وا رێ دەکەوێ لە شەڕدا، برێ لە مێردەکانیـان دەکوژرێـن، بڕێکـی تریـان هــەڵدێن و ناگەڕێنــەوە بــۆ وڵاتــی موسـوڵمانان. ئــەو ئافرەتــە رفێندراوانـەش پێویسـتە پێداویسـتیان دابـین بکـرێ و نـەهێڵدرێ تووشـی رەوشـت ناشیرینی بـبن. جـا لـە بـەرژەوەندی ئافرەتـەکان و کۆمـەڵگای موسـوڵمانانیش وا دەخوازێ کە بۆ هەر یەکێکیان یان زیاتر بەخێو کەرێک هەبێ بژێوی بداو نامووسی بپارێزێ و پێداویستیان دابین بکرێ.

ئیسلام رفاندنی ژنی نە بە واجب داناوە، نە حەرامی کردووە، زۆر جـاری وا هەیە سەبیی کردنی ئافرەتـەکان و رفاندنیـان دەبێتـە خـێر بـۆ خـودی ئافرەتـەکان، وەکوو ئەوە کە شــەڕەکە لەگـەڵ هۆزێکـی دیـاری کـراو بـێ و هـەموو پیاوەکانیـان بکوژرێن

مەرجە دەبێ ئەو شەڕە شەڕی ئـاینی بێ لـە نێـوان موسـوڵمانان و کوفـر دابێ. بۆ بەرگری کردن لە ئایین بێ، شەڕی داگیر کردن و ئیستغلال نەبێ.

﴿كتب الله عليكم﴾ خودا ئەوەی لەسەر چەسپاندوون و فەرزی کردووە، ئەو ئافرەتانەی مارە کردنیانی لێ قەدەغە کردوون، شتێکی چەسپاوو جەخت لێکراوەو لەگەڵ بەرژەوەندی تاک و کۆمەڵ دا گونجاوەو، گۆڕانکاری تێیدا ناکرێ و، شک و گومانیشی تێدا نی‌یە.

﴿وأحل لكم ما وراء ذلكم﴾ ڕەوایە بۆتان جگە لەو ئافرەتانەی لێتان قەدەغە کراوون: کە ﴿أن تبتغوا بأموالكم محصنين غير مسافحين﴾ ئافرەتی تر بخوازن و، لە ماڵی خۆتان مارەیی‌یان بدەنێ بە مەرجێ لە ڕێگای شەرعی‌یەوە بیانکەن بە حەڵاڵی خۆتان و، بە شێوەی داوێن پیسی نەچنە لایان و ماڵ و دارایی خۆتان بە زینا کردن بە فیڕۆ مەدەن

﴿فما استمتعتم به منهن فآتوهن أجورهن﴾ هەر ئافرەتێک لەو ئافرەتانەی مارەکردنیان بۆتان ڕەوایەو، مارەتان کردن و لەززەتتان لێ ببینن، مارەیی خۆیان بدەنێ ﴿فريضة﴾ ئەم حوکمە، لە لایەن خوداوە دانراوەو، دیاریکراوو فەرز کراوە، ئەو مارەیی‌یە خودا دایناوەو لە جیاتی خۆ تەسلیم کردنەو، بە چوونە لا واجب دەبێ.

﴿ولا جناح عليكم فيما تراضيتم به من بعد الفريضة﴾ هیچ گوناهتان ناگاتێ و خراپەیەک لە سەر ئێوەی مێرد نی‌یە، لە ئاکامی ئەو ڕێک کەوتن و گەردن ئازادی کردنەی کە لە نێوان ژن و مێردەکەدا ڕوو دەدات، وەکوو ئەوە: ئافرەتەکە لە هەموو مارەیی‌یەکەی یان لە هەندێکی خۆش ببێ، یان پیاوەکە زیاد لە مارەیی‌یەکەی بداتێ، واتە: کەم کردن و زیاد کردن بە ڕەزامەندی خۆیان، شتێکی ڕەوایە و ناشەرعی تێدا نیە، چونکە مەبەست لە عەقدی ژن و مێردایەتی ئەوەیە: کە لەسەر بناغەی خۆشەویستی دابمەزرێ و هاریکاری و یارمەتیدانی یەکتریی تێدا بێ ﴿إن الله كان عليما حكيما﴾ پەروەردگار زانایەو دەزانێ چ لە دڵی بەندەکانی دایەو چ کارو هەڵوێستێک بەرژەوەندی ئەوانی لە خۆ گرتووە، حەکیم و دانایە، لەو حوکمانەی بۆیان دادەڕێژێ، هەر حوکمێک کە بۆیان دادەنێ خێروبێری ئادەمیزادی تێدایە.

ئه‌م ئایه‌ته حه‌وت حوکمی شه‌رعی تێدان:

ا-ماره‌کردنی ژنی به مێرد. ئافره‌ت تا له ژێر نیکاحی مێرد دابێ یا له عیدده دابێ دروست نیه که‌س خوازبێنی و ماره‌ی بکات.

ب- ئافره‌تی گیراو رفێندراو له شه‌ڕی کافران دا یان کۆیله‌ی کڕدراو، پاش رۆیشتنی عیدده‌ی شه‌رعی، چوونه لایان دروسته. چونکه ئافره‌تی رفێندراو رفاندنه‌که‌ی سه‌رده‌کێشێ بۆ هه‌ڵوه‌شاندنه‌وه‌ی نیکاحی مێردی پێشووی، به‌مه‌رجێ مێرده‌که‌ی کافر بێ و له وڵاتی کافران بێ.

ئه‌بو حه‌نیفه ده‌فه‌رموێ: ئه‌گه‌ر له‌گه‌ڵ ئافره‌ته‌که مێرده‌که‌شێ رفێندرا، لێک ناکرێن، چونکه ئه‌و کاته کابرا عه‌هد و په‌یمانی بۆ دروست ده‌بێ و خاوه‌نیه‌تی پارێزراو ده‌بێ، ژنه‌که‌شی به‌شێکه له‌و شتانه‌ی که ئه‌و خاوه‌نیه‌تی.

ج- حه‌ڵاڵه جگه له‌و ئافره‌تانه‌ی که له ئایه‌تی رابوردو ژماره -٢٣-دا باس کران و له فه‌رمووده‌ی پێغه‌مبه‌ردا هی تریشیان خراونه پاڵ، جگه له‌وانه حه‌ڵاڵه ماره‌کردنی هه‌ر ئافره‌تێکی تر.

د- حه‌ڵاڵه له‌ززه‌ت ببینن له ئافره‌ت به عه‌قد و نیکاحی شه‌رعی و له‌سه‌ر ماره‌یی.

هـ- ماره‌یی واجب ده‌بێ به چوونه لاو خۆ ته‌سلیم کردنی ئافره‌ته‌که بۆ پیاوه‌که. چونکه ئایه‌ته‌که ده‌فه‌رموێ:

﴿فما استمتعتم به منهن فآتوهن أجورهن﴾ ئایه‌ته‌که ئه‌وه ده‌چه‌سپێنێ که ماره‌یی پێی ده‌گوترێ کرێ و له جیاتی چوونه لای ئافره‌ته‌که‌یه، هه‌ر شتێکیش له به‌رامبه‌ر سوودێک دابێ، پێی ده‌گوترێ: کرێ، وا ده‌رده‌که‌وێ سه‌ودا له‌سه‌ر کراوه‌که جه‌سته‌ی ئافره‌ته‌که‌و له‌ززه‌تی ئامێری مێیینه‌که‌ی و حه‌ڵاڵیه‌که‌یه‌تی. چونکه سه‌وداکه داخوازی ئه‌مانه‌یه.

زانایان دەربارەی مەعنای ئایەتەکە، دوو رایان هەیە:

١- حەسەن و موجاهید و هی تریش دەڵێن: مانای ئەوەی سوودتان پێگەیی و خۆشیتان لێ بینی بە هۆی جوتبوون لەگەڵ ئافرەتدا بە نیکاحی صحیح ئەوە مارەیی خۆیان بدەنێ.

واتە: ئەگەر تەنها جارێکیش لە گەڵیدا جوت بوو، مارەیی تەواوی لەسەر پێویست دەبێ. ئەگەر ناوی مارەیی نەهاتبوو مارەیی هاو وێنەکانی دەکەوێ، واتە: (مهر المثل). ئەگەر نیکاحەکە فاسید بوو مارەیی هاو وێنەکانی دەکەوێ چونکە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ هەر ئافرەتێک بەبێ رێگا پێدانی (وەلی)یەکەی مارەکرا ئەوە مارەکردنەکەی بەتاڵە، ئەگەر پیاوەکە چوویووە لای ئەوە (مهر المثل)ی دەکەوێ..[1].

بەڕای ئەمان دروست نیە ئایەتەکە بکرێ بە بەڵگە لەسەر ئەوەی کە نیکاحی (متعة) مارەکردنی کاتی- دروست بێ، چونکە پێغەمبەر ﷺ نەهی کردووە لە نیکاحی موتعە و بە حەرامی داناوە، هەروەها چونکە خوا دەفەرموێ: ﴿**فانكحوهن بإذن أهلهن**﴾ النساء/٢٥

ئاشکراشە مارەکردن بە ئیزن و رەزامەندی کەس و کاری ئافرەتەکە مارەکردنی شەرعی‌یە کە بە ئامادە بوونی وەلی و دو شایەت ئەنجام دەدرێ!

٢-جەماوەری زانایان دەڵێن: مەبەست لە ئایەتەکە نیکاحی موتعەیە، کە لەسەرەتای پەیدا بوونی ئیسلام دا لە ناو موسوڵمانان دا باو بوو، پێغەمبەر ﷺ جارێک یان دوو جار لە غەزادا رێگای بە موسوڵمانان دا کە بەشێوەی کاتی ژن مارە بکەن، چونکە جەنگاوەرانی موسوڵمان بۆ ماوەیەکی وا دەبوو لە ماڵ و خێزانی خۆیان دوور دەکەوتنەوە، ترسی زینا کردنیان لێ دەکرا، ئەوەیش لە غەزای

[1] أخرجه أصحاب السنن إلا النسائي عن عائشة.

(أوطاس) و سالی رزگار کردنی مەککەدا بوو، دوایی پێغەمبەر ﷺ یاساغی کردو، بۆ هەتا هەتایە حەرام کرا، ئاماژە بەو ئایەتەی کە دەفەرموێ:

﴿والذين هم لفروجهم حافظون إلا علـى أزواجهم أو ماملكت أيمانهم فإنهم غير ملومين﴾ المؤمنون/٦.

دەی خۆ (متعة) نیکاح نیە و کۆیلایەتی و خاوەنی (ملك اليمين)یش نیە.

دار قوطنی لە ئیمامی عەلییەوە دەگێڕێتەوە و دەڵێ:

پێغەمبەر ﷺ نەهی لە مارە کردنی کاتی (نكاح المتعة) کرد، ئیمامی عەلی دەفەرموێ: ئەمە بۆ کەسێک بوو کە نەبووبێ. کاتێک کە ئایەتەکانی (النكاح) و (الطلاق) و (العدة) و میرات لە نێوان ژن و مێردا هاتنە خوارێ حوکمی نیکاحی موتعە هەڵوەشایەوە. لە صەحیحی بوخاری و موسلیم دا لە ئیمامی عەلییەوە فەرمودەیەک دەگێڕێتەوە: دەڵێ: پێغەمبەر نەهی لە نیکاحی کاتی کرد هەروەها نەهی کرد لە خواردنی گۆشتی گوێدرێژی ماڵی، ئەوەش لە رۆژی غەزای خەیبەردا بوو.

بەشێوە دەقێکی تر لە صەحیحی موسلیم دا لە رەبیعی کوڕی ئوسەیدەی کوڕی مەعبەدی جوهەنییەوە لە باوکییەوە دەڵێ: رۆژی رزگار کردنی مەککە لەگەڵ پێغەمبەردا غەزام کرد، پێغەمبەر ﷺ فەرموی: ((**يا أيها الناس إني آذنت لكم في الإستمتاع من النساء وان الله قد حرم ذلك الى يوم القيامة، فمن كان عنده منهن شيء فليخل سبيله ولا تأخذوا مما آتيتموهن شيئا**)).

ئیمامی عومەریش لە سەردەمی خۆی دا نەهی لە نیکاحی موتعە کردووەو فەرمودەی زۆریشی لەسەر یاساغی نیکاحی کاتی تا رۆژی قیامەت هەن.

بەڵکو نیکاحی موتعە بەو شێوەیەی کە شیعەی ئیمامی بە رەوای دەزانن: بە هەبوون و بە لەبەر چاو گرتنی چەند مەرجێک، ئێستا لە واقیع دا تەطبیق ناکرێن. چونکە ئەو کەسەی ئێستا ئەو جۆرە نیکاحە دەکا مەبەستی داوێن پاکی نیە بەڵکو مەبەستی ناموس فرۆشی و تێر کردنی جینسییە، پابەندی ئاکامی جوت بوونەکە ناکاو ئافرەتەکەش عیددە ناگرێ.

ئیبنو عه‌ره‌بی ده‌ڵێ: ئیبن و عه‌بباس فتوای به ره‌وایی ماره‌کردنی کاتی ده‌دا، دوایی له‌و فتوایه‌ی ژێوان بووه‌وه. ئه‌مجار ئیجماعی موسوڵمانان له‌سه‌ر یاساغ بوونی دامه‌زرا چوار مه‌زهه‌به‌که‌ش جگه له (زفر) به‌لایانه‌وه نیکاحی موتعه به‌تاڵه.

و- که ده‌فه‌رموێ ﴿فآتوهن أجورهن﴾ ماڵ و سامان و شتی تریش ده‌گرێته‌وه. جه‌ماوه‌ری زانایان ئه‌و رایه‌یان په‌سند کردووه، به‌ڵام ئه‌بو حه‌نیفه ده‌ڵێ: ئه‌گه‌ر ئافره‌ت له‌سه‌ر سوود و مه‌نفه‌عه‌تی ماڵ ماره‌کرا نیکاحه‌که دروسته. وه‌کوو ئه‌وه وایه ناوی ماره‌یی نه‌برابێ ئه‌و کاته ئه‌گه‌ر مێرده‌که چووبووه لای (مهر المثل)ی ده‌که‌وێ، ئه‌گه‌ر نه‌چووبووه لای ئه‌وه موتعه‌ی بۆ هه‌یه.

ز- که ده‌فه‌رموێ: ﴿ولا جناح عليكم فيما تراضيتم به من بعد الفريضة﴾ ئه‌وه‌ی لێ وه‌رده‌گیرێ که زیاد و که‌م له ماره‌ییدا دروسته، ئه‌گه‌ر دوای ماره‌بڕین رێک که‌وتن و به‌ڕه‌زامه‌ندی خۆیان ده‌توانن زیاد و که‌می تێدا بکه‌ن واته: ئافره‌ته‌که ده‌توانێ له ماره‌یی‌یه‌که گه‌ردنی ئازاد بکا. یان پیاوه‌که ده‌توانێ هه‌موو ماره‌یی‌یه‌که‌ی بداتێ ئه‌گه‌ر پێش چوونه لای ته‌ڵاقی دا!

مه‌رجه‌کانی ماره‌کردنی ئه‌مه‌ته‌و سزای ئه‌وانه‌ی داوێن پیسی ده‌که‌ن

وَٱللَّهُ أَعۡلَمُ بِإِيمَٰنِكُمۚ بَعۡضُكُم مِّنۢ بَعۡضٖۚ فَٱنكِحُوهُنَّ بِإِذۡنِ أَهۡلِهِنَّ وَءَاتُوهُنَّ أُجُورَهُنَّ بِٱلۡمَعۡرُوفِ مُحۡصَنَٰتٍ غَيۡرَ مُسَٰفِحَٰتٖ وَلَا مُتَّخِذَٰتِ أَخۡدَانٖۚ فَإِذَآ أُحۡصِنَّ فَإِنۡ أَتَيۡنَ بِفَٰحِشَةٖ فَعَلَيۡهِنَّ نِصۡفُ مَا عَلَى ٱلۡمُحۡصَنَٰتِ مِنَ ٱلۡعَذَابِۚ ذَٰلِكَ لِمَنۡ خَشِيَ ٱلۡعَنَتَ مِنكُمۡۚ وَأَن تَصۡبِرُواْ خَيۡرٞ لَّكُمۡۗ وَٱللَّهُ غَفُورٞ رَّحِيمٞ ﴿٢٥﴾

ئەمجار لەم ئایەتەی ئێرەدا پەروەردگار حوکمی مارە کردنی (أمة) چەتیوە، کۆیلە دیاری دەکا، وێڕای حوکمی سزادانیان ئەگەر کارێکی حەیابەریان کردو دەفەرموێ: ﴿ومن لم يستطع منكم طولا أن ينكح المحصنات المؤمنات﴾

کەسێک ماڵ و دارایی ئەوەی نەبوو کە ئافرەتی ئازاد (حرة)ی موسوڵمان مارە بکا ﴿فمن ما ملكت أيمانكم من فتياتكم المؤمنات﴾ ئەوا دەتوانێ ئافرەتی کۆیلەی موسوڵمان بکاتە هاوسەری خۆی؛ ئەو ژنە (أمـة)ەتانەی کە ملکی خۆتانن . بۆیەش بە (فتيات) ناوی هێناون بۆ ڕێز لێنان بۆ ئەو ئافرەتە کۆیلانەو، هەروەها بۆ ڕێنموونیی موسوڵمان کە ئافرەتی کۆیلەو پیاوی کۆیلە بە وشەی (فتـاة) و (فتى) -کچەکە و کوڕەکە- بانگ بکرێن بۆ ئەوەی هەست بە کەسایەتی خۆیان بکەن و دڵیان بەخۆ نەمێنێ.

بوخاری فەرموودەیەک دەگێڕێتەوە، دەڵێ: پێغەمبەر فەرموی: ((**لا يقولن أحدكم عبدي أمتي ولا يقل المملوك ربي، ليقل المالك فتاي وفتاتي، وليقـل المملوك سيدي وسيدتي فإنكم المملوكون والرب هو الله عز وجل**)).

وەکوو ئاشکرایە مەبەست بە (المحصنـات) ئافرەتی ئازادە چونکە لە بەرامبەرەکەی دا کۆیلەی هێنایە پێشەوە، بەڕواڵەتیش ئافرەتی ئازاد دەبێ بە شەرم و حەیاو بە ناموس بێ، کە ئەوە لە ئافرەتی کۆیلە چاوەڕوان ناکرێ، بۆیە (هیند) بە سەرسوڕمانەوە پرسیاری لە پێغەمبەر کردو وتی: (أو تزني الحرة) چۆن؟ ئافرەتی ئازاد داوێنپیسی دەکا؟!

﴿والله أعلم بإيمـانكم﴾ ئەی گرۆهی موسوڵمانان! ئێوە لەسەرتانە کە ظاهیری شتەکان بزانن و بەس بەرپرسیاری ئەوە نین: کە نهێنی‌یەکان بزانن، زانینی چۆنیەتی و نهێنی هەموو کارێک تایبەتە بە خوداوە، ئێوە کار بە ظاهیرەکە بکەن، بیروباوەڕی رواڵەتی لە ئافرەتی کۆیلەدا بەسەو، پێویست ناکا بچنە ناوەڕۆکی چۆنیەتی ئیمانەکەیان؛ چونکە ئەوە: لە توانای ئێوەدا نیە، ﴿بعضكم من بعـض﴾ ئێوە لەگەڵ ئافرەتە کۆیلەکان یەک رەچەڵەکن کە ئادەمیزادیەتی و گەڕانەوەتانە بۆ

یەکێ بنەچەو باوە گەورە کە ئادەمە، یان ئێوەو ئافرەتە کۆیلەکان هاوبەشن لە بیروباوەڕدا، بیروباوەڕیش گەورەترین ڕێزو پلەو پایەیە، کەوابێ لە کاتی پێویست دا کۆ لە مارەکردنی ئافرەتی کۆیلە مەکەن! بەمەش پەروەردگار لە شان و شکۆێ ئافرەتە کۆیلەکانی بەرز کردۆتەوەو یەکسانی خستۆتە نێوان ئافرەتە کۆیلەو ئافرەتە ئازادەکانەوە! ئەمجار پەروەردگار فەرمانکردنی بە مارەکردنی ئافرەتانی کۆیلە دووبارە کردەوە بۆ هەڵنانی پیاوان کە کۆ لە مارەکردنیان نەکەنەوەو فەرموی **﴿فانكحوهن بإذن أهلهن﴾** بە ئیزن و ڕەزامەندی خاوەنەکانیان مارەیان بکەن.

بڕێ فوقەها دەڵێن: مەبەست لە (اهل) ئەو کەسەیە کە کەسایەتی مارەکردنی ئەو ئافرەتە کۆیلانەی هەبێ، با خاوەنیشیان نەبێ وەکوو باوکێ و باپیر و قازی و سەرپەرشتیار، چونکە هەر یەکێ لە ئەمانە مافی ئەوەی هەیە چەتێوەی کۆیلە بە شوو بدا! شەرع زانان کۆکن، لەسەر ئەوە: کە مارەکردنی کۆیلە چ نێر بێ و ژن بێنێ، یان مێ بێ و شوو بکا، بەبێ ئیزن دانی خاوەنەکەی سەر ناگرێ لەبەر ئەم ئایەتەو هەروەها لەبەر ئەو حەدیثەی ئیبنوعومەر کە ئیبنوماجە ریوایەتی کردووە دەفەرموێ: ((**أيما عبد تزوج بغير إذن مولاه فهو عاهر**)) ئیتر ئەگەر ئیزن و ڕەزامەندی خاوەنی کۆیلەکە نەبوو، بەلای شافیعی یەوە نیکاحەکە بەتاڵە، بەلای زانایانی ترەوە عەقدەکە رادەگیرێ تا ئیزنەکە نەدرێ نیکاحەکە دانابەسترێ.

ئافرەتی کۆیلە وەکوو ئازاد وایە لەوەدا کە پێویستە مارەیی بدرێتێ وەکوو دەفەرموێ: **﴿وآتوهن أجورهن بالمعروف﴾** بەشێوەیەکی ڕێکێ و پێکێ مارەیی خۆیان بدەنێ بە ڕەزامەندی خاوەنەکانیان چونکە مارەیی یەکەیان مافی خاوەنەکانیانە، لەم ڕووەوە کە کۆیلەکە ملکی خاوەنەکەیەو دەیدا بە یەکێکی تر و بەمارەکردن لێی بۆی حەڵاڵ دەکا، کەوابێ دەبێ مارەیی یەکەی بدرێ بەو، هەروەها چونکە کۆیلە ملکی نیەو نابێتە خاوەن! خودا دەفەرموێ: **﴿ضرب الله عبدا مملوكا لا يقدر على شيء﴾** النساء/٧٥

هەروەها پێغەمبەر فەرمویەتی (العبد وما في يده لمولاه) ئیمامی مالیکێ دەفەرموێ: مارەیی مافی ژنە لەسەر مێرد، مارەیی کۆیلەش بۆ خۆیەتی.

﴿محصنات غير مسافحات ولا متخذات أخدان﴾ واتـە: مارەییـان بدەنـێ ئەگەر مارەتان کردبـوون نـەک بـەبێ مـارەکردن بـەکرێ بچنـە لایـان و بـە ئاشـکرا خۆفرۆشی و داوێن پیسی بکەن و هەر کەسێ داوایان لێ بکا مەکەیان نەبێ، یان بە نهێنی دۆستیان گرتبێ و رێگایـان پـێ بـدەن بـە نـهێنی بچنـە لایـان بێگومـان لەسەردەمێ پێش ئیسلام دا دوو جۆر زینا هەبووە ئاشکراو نهێنی:

زینای ئاشکرا ئەوە بووە، وەکوو ئیبنو عەبباس دەڵـێ: ئافرەتـە کۆیلـەکان ئالای سووریان هەڵدەکرت بۆ ئەوەی بزانرێ کە ئەو ماڵە ئافرەتی خۆفرۆشی تێدایە هەرکەسێ بچوبایە دەیتوانێ بچێتە لایان.

زینای نهێنی ئەوە بووە کە ئافرەتەکە بە نهێنی پیـاوێکی دەکـردە دۆسـتی خۆی و داوێن پیسی لەگەڵ دا دەکرد... ئەوە بوو: پـەروەردگار هـەردوو جۆرەکـەی قەدەغـە کـرد بـە ئایـەتی. **﴿ولا تقربـوا الفواحـش مـا ظـهر منـها ومـا بطـن﴾** الأنعام/١٥١

﴿قل إنما حرم ربي الفواحش ما ظهر منها وما بطن﴾ الأعراف/٣٣

کەوابێ مەبەست بە (المحصنـات) لـێرەدا ئـافرەتی داوێـن پاکـە، مەبەست (المسافحات) ئەو ئافرەتەیە کە لەش فرۆشی دەکا بە ئاشکرا.

﴿فإذا أحصن فإن أتين بفاحشة﴾ جا ئەگەر ئەو ئافرەتە کۆیلانە دوای شوو کردن و مارەکردن و گواستنەوە زینایان لێ روودراو داوێـن پیسـیان لەسـەر چەسپا **﴿فعليهن نصف ما على المحصنات من العـذاب﴾**نیـوەی سـزای ئـافرەتی ئـازادی لەسەرە، ئەگەر داری حەددی ئافرەتی ئـازاد سـەد دار بـێ هـی کۆیلـە پـەنجا دارە بەردەبارانیش ناکرێ.

﴿ذلك﴾ ئەوەی باس کرا لەوەی کە دەشێ کەسـێک مـارەکردنی ئـافرەتی ئازادی بۆ هەڵنەدەسوورا ئافرەتی کۆیلە مارە بکا **﴿لمن خشي العنت منكـم﴾** بـۆ کەسێک ترسی ئەوەی هەبێ ئەگەر ئافرەتی کۆیلە مارە نەکا نـەتوانێ خۆڕابگـرێ و سەرەنجام تووشی زینا بێ، یان ترسی ئەوەی هـەبێ ئەگـەر بـەرەنگاری داخوازیـیە

جنسی‌یەکان بکا، تووشی نەخۆشی تووڕەیـی و نەخۆشـی تـر ببـێ، وەکـوو زانیـاری (طب)ی تازە چەسپاندویەتی. ئەمجار پەروەردگار وەسیەتێکی ئـەدەبی و رەوشـتی گشتی ئاراستەی موسوڵمانان دەکا و دەفەرموێ: ﴿وأن تصبروا خير لكم﴾ ئەگـەر خۆ راگرن و دان بە خۆتـان دا بگـرن و ئـافرەتی کـەنیزەکێ هەرچـەند مارەکردنیـان حەڵاڵـە- مارەیان نەکەن ئەوە باشترە چونکـە لـە مارەکردنەکـەیاندا وا دەبـێ زیـان هەیە، وەکوو ئەوەی کە منداڵیان دەبێ منداڵەکەیان دەبێتە کۆیلـە، یـان رەوشـتی نزمی لێوە فێر دەبێ، هەروەها چونکە مافی خاوەن کەنیزەکەکە بەهێزترە لە مافی مێردەکەی، خاوەنەکەی هەرکاتێ بیەوێ دەتوانێ کەنیزەکەکە لەگەڵ خۆی بەرێ بـۆ سەفەر یان بیفرۆشێ ئەمەش بۆ مێردەکانیان شتێکی ناخۆشەو بۆیـە پێغەمبـەر ﷺ فەرمویەتی: ((الحرائر صلاح البيت والأماء هـلاك البيت)) ئیمـامی عومـەریش فەرمویەتی هەر کاتێ کۆیلەیەکێ ئافرەتێکی ئـازاد مـارە بکـا مانـای وایـە نیـوەی خۆی ئازاد کردووە، هەر پیـاوێکی ئـازادیش کـەنیزەکێک مـارە بکـا نیـوەی خـۆی کردووە بە کۆیلە! واتە کورەکەی دەبێتە کۆیلە.

﴿والله غفور رحيم﴾ خودا لێخۆشبوونی زۆرە لەو کەسانە خۆش دەبێ کـە ناتوانن خۆڕابگرن و کەنیزەکێ مارە دەکەن، هەروەها لەو کەسانەش خۆش دەبێ کـە وردە تاوانی لێ روودابن وەکوو ئەوە سوکایەتی کردبـێ بـە کـەنیزەکی موسـوڵمان، خودا بەزەیی زۆرە؛ کە رێگای داوە بۆ ئێوە کـە کـەنیزەکێ مـارە بکـەن و، حوکـم و یاسای چۆنیەتی هەڵس و کەوتی ئێوەی لەگەڵ ئەواندا روون کردۆتەوە.

هۆكاری حوكمە شەرعی‌یەكانی ئایەتەكانی پێشوو

يُرِيدُ ٱللَّهُ لِيُبَيِّنَ لَكُمْ وَيَهْدِيَكُمْ سُنَنَ ٱلَّذِينَ مِن قَبْلِكُمْ وَيَتُوبَ عَلَيْكُمْ وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٌ ﴿٢٦﴾ وَٱللَّهُ يُرِيدُ أَن يَتُوبَ عَلَيْكُمْ وَيُرِيدُ ٱلَّذِينَ يَتَّبِعُونَ ٱلشَّهَوَٰتِ أَن تَمِيلُوا۟ مَيْلًا عَظِيمًا ﴿٢٧﴾ يُرِيدُ ٱللَّهُ أَن يُخَفِّفَ عَنكُمْ وَخُلِقَ ٱلْإِنسَٰنُ ضَعِيفًا ﴿٢٨﴾

ئەمجار پەروەردگار عیلەتی حوكمەكانی پێشوو دیاری دەكا ئەو حوكمانەی پەیوەندی‌یان بە ناو ماڵ و خێزان و ژن هێنان و ئەو هۆیانەی كە لەبەر ئەوان ئەو یاسایانە دانراون، روون‌دەكاتەوە بۆ ئەوەی دڵئارام بگرن و سوودی ئەو حوكمانە بزانن، بە دڵێكی فراوانەوە و بە هەستێكی سۆزدارو بە حەماسەوە روویان تێ كەن.

خاوەنی تەفسیری مەراغی دەڵێ: ئەم ئایەتانەی دوایی وەكوو وەڵام دانەوەی چەند پرسیارێك كە لە دەروونی بیسەر دا سەر هەڵدەدەن وایە، وەكوو ئەوە بڵێ: هۆی چی‌یە پەروەدگار ئەو حوكمانەی پێشووی بۆ روون كردینەوە؟؟ سوودیان چی‌یە؟ ئایا گەلە پێشینەكانیش وەكوو ئێمە ئەم ئەركەیان خراونە ئەستۆ؟ ئایا ئەوانیش وەكوو ئێمە بۆیان نەبووە هەموو ئافرەتێك مارە بكەن؟ ئایا ئەوەی كە خودا لەو ئایەتانەدا فەرمانی پێ كردووین یان نەی لێ كردووین ئەرك گران كردنە، یان بار سووك كردنە؟! جا بۆ وەڵامی ئەم جۆرە پرسیارانە فەرموی: ﴿يريد الله ليبين لكم ويهديكم سنن الذين من قبلكم﴾ پەروەردگار بە ناردنە خوارەوەی ئەو ئایەتانە دەیەوێ ئەركی سەر شانتان بۆ دیاری بكا و حوكمی شەرعیتان بۆ روون دەكاتەوە، حەڵاڵ و حەرامتان بۆ لێك جیا دەكاتەوە، باش و خراپتان بۆ دەست نیشان دەكا، شارەزاتان دەكا بۆ ئەو شتانەی بەرژەوەندی ئێوەی تێدایە، رێنمونیتان

دەکا بۆ ڕێباز و پرۆگرامی پێغەمبەران و ڕاستاڵانی پێشوو، بۆ ئەوەی ئێوە شوێن ڕێبازی ئەوان بکەون، شەریعەت و یاساکانی خودا هەرچەندە دەگۆڕێن بە گوێرەی شوێن و کات، بەڵام هەموویان بۆ بەرژەوەندی ئادەمیزادن!

﴿ويتوب عليكم﴾ هەروەها دەیەوێ کە بە هۆی کارکردن بەو حوکمانە بتانکاتە تۆبەکار و گەڕاوە بۆ لای خوداو وازبێنن لەو جۆرە مارەکردنانە کە زیان بە کۆمەڵ دەگەیەنێ و لادانە لە سروشت و ڕەوڕەوەی مرۆڤایەتی تێک ئەدا، چونکە ئێوە لەوە پێش زڕداکی خۆتان مارە دەکردەوە، صیلەی ڕەحمتان دەپچڕاند و ئەو مانا بەرزانەی کە لە پێکەوەنانی خێزان و پەیوەندی نەژادی و خزمایەتی و تازە کردنەوەی پەیوەندی بەهۆی ژن و ژنخوازیەوە هەن پاشگوێتان خستبوون و گرنگی تان نەئەدا بە ئەو خۆشبەختی و کامەرانی‌یەی کە لە نێوان ژن و مێردی پێکەوە گونجاو دا پەیدا دەبێ؛ ئێوە ئەو خۆشەویستی و سۆز و عەطفەی نێوان ژن و مێردتان بەرچاو نەدەگرت!!

لێکۆڵەرەوانی تەفسیر لایان وایە خیطابی ئایەتەکە گشتی نیە بۆ هەموو کەس، بەڵکو ڕوودەکاتە کۆمەڵێک لەو کەسانەی کە ئەو جۆرە کارە ناشیرینانەیان کردوون وەکوو زڕداک مارەکردن و کچ مارەکردن و باقی کردەوە ناپەسەندەکانی کە باو بوون و دەیان کردن و دوایی وازیان لێ هێنان و گەڕانەوەو خودا تۆبەی لێ وەرگرتن! ﴿والله عليم حكيم﴾ پەروەردگار خاوەنی زانیاری گشتی و ڕەهایە، دەزانێ چی بۆ کردوون بە یاساو چی سوودی بۆ کۆمەڵگای موسوڵمانان هەیەو، چی زیانبەخشە پەروەردگار دانایە لە شەرع و یاسای دا، لە کرداروگوفتاری دا لە هەموو شتێکدا موراعاتی بەرژەوەندی ئادەمیزاد دەکا؛ ئەرکێک ناخاتە سەریان کە زیانی بۆیان هەبێ. هەر لە ژێر ڕۆشنایی ئەو زانایی و دانایی‌یەدا تۆبە لە بەندەکانی وەردەگرێ و لە تاوانەکانیان خۆش دەبێ! ئەمجار پەروەردگار جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە تۆبەی بەندە پەشیمان بووەکانی وەردەگرێ و لە تاوان پاکیان دەکاتەوە، وێڕای ئەوەش بەراوردی‌یەکی نێوان ویستی پەروەردگار و ویستی هەوەسبازەکان دەکاو دەفەرموێ: ﴿والله يريد أن يتوب عليكم﴾ پەروەردگار بەو ئەرک خستنە

سەر شانەتان دەیەوێ لێتان خۆش بێ، پاکتان دەکاتەوەو تۆبەتان لێ وەردەگرێ!

﴿ويريد الذين يتبعون الشهوات أن تميلوا ميلا عظيما﴾ ئەوانەی هەوەسبازن و شوێن هەواو هەوەسی خۆیان کەوتوون، لە کوێ و چۆن ئامانجیان بە ئاکام بگا لەوێ دەکێلن، هیچ بەلایانەوە گرنگ نیە صیلەی رەحم دەپچڕێ، جەمسەری خێزان تێک دەچێ، ئاژاوە بەرپا دەبێ، ئەوان هەر مەبەست و هەوڵ و تەقەلایان بۆ دابین کردنی شەهوەت و ئارەزوو بازی خۆیانە و وەگری تاوان و زینا بوون و چی خودا پێی ناخۆش بێ ئەوان ئەوە دەکەن، ئەوانەش جولەکە و مەسیحی و ئاگر پەرستن. ئەوانەی کە بەلایانەوە حەلاڵە پیاو خوشک و برازاو خوشکەزا مارەبکا.

ئەو تاقمە سەرلێشێواوە دەیانەوێ ئایین لەگەڵ هەواو هەوەسی ئەوان هەڵسوڕێ و ئاوێتەی بەتاڵ ببێ و لە حەق لابدەی.

﴿يريد الله أن يخفف عنكم﴾ پەروەردگار بە ناردن و دانانی ئەو حوکمانە، بەو فەرمان و نەهی و ئامۆژگارییانە، دەیەوێ ئەرکی سەرشانتان سووک بکا! لە کاتی ئاتاجی و پێویستی دا مارەکردنی کەنیزەکی بۆ حەلاڵ کردون، هەندێک دەڵێن: مانای ئایەتەکە ئەوەیە: کە پەروەردگار هەموو ئەرکێکی بۆ سووک کردون و لە ئایین دا شتی قورسی لێ داوا نەکردون، شەریعەتی ئێوە شەریعەتێکی ئاسانکارییە.. وەکوو لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿**وما جعل عليكم في الدين من حرج**﴾ الحج/٧٨ یان دەفەرموێ: ﴿**يريد الله بكم اليسر ولا يريد بكم العسر**﴾ البقرة/١٨٥ یان دەفەرموێ: ﴿**ويضع عنهم إصرهم والأغلال التي كانت عليهم**﴾ الأعراف/١٥٧.

ئەوەتا پەروەردگار لە کاتێکا کە بڕێ ئافرەتی لێ حەرام کردوین، مارەکردنیانمان لێ یاساغە زۆربەی زۆری ئافرەتانمان بۆ حەلاڵە کە مارەیان بکەین، لە هەموو شتێک داو هەموو کاتێکیش حەلاڵ لە حەرام زۆرترە!!.

جا وەکوو یەکێک پرسیار بکاو بڵێ: ئەم سووک کردن و ئاسانکارییە بۆچی؟؟ لە وەلامدا فەرموی: ﴿وخلق الإنسان ضعيفا﴾ ئادەمیزاد دروست کراوە بە جۆرێکی وا کە زەبوون و لاوازە لە بەرامبەر هەواو هەوەس دا خۆ رانەگرە، بە

تایبەتی لە بەرامبەر ئافرەت دا زوو دەست لە خۆ بەردەدا. عەقلّی لە لای خۆی نامێنێ و دلّی لێ دەستێنرێ و ناتوانێ بەرەنگاری هەواو هەوەسی خۆی بکا!! تەنانەت عوبادەی کوڕی صامیت و سەعیدی کوڕی موسەییەب لەگەلّ ئەوەشا کە بە سالا چووبوون دەترسان کە ئافرەت کاریان لێ بکا! بۆیە پەروەردگار ئەرکەکانی لەسەر شان سووک کردوون لە برێ ئەحکام دا سەنگ و سووکی بۆ کردوون.

ماڵ خواردنی یەکتری بە ناحەق حەرامە، مامەڵە بە رەزامەندی دەبێ

يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ لَا تَأۡكُلُوٓاْ أَمۡوَٰلَكُم بَيۡنَكُم بِٱلۡبَٰطِلِ إِلَّآ أَن تَكُونَ تِجَٰرَةً عَن تَرَاضٖ مِّنكُمۡۚ وَلَا تَقۡتُلُوٓاْ أَنفُسَكُمۡۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ بِكُمۡ رَحِيمٗا ﴿٢٩﴾ وَمَن يَفۡعَلۡ ذَٰلِكَ عُدۡوَٰنٗا وَظُلۡمٗا فَسَوۡفَ نُصۡلِيهِ نَارٗاۚ وَكَانَ ذَٰلِكَ عَلَى ٱللَّهِ يَسِيرًا ﴿٣٠﴾

ئەمجار پەروەردگار یاسای ئاڵ و وێری گشتی لە ماڵ و دارایی دا دیاری دەکا، لەوەپێش باسی چۆنیەتی مامەڵە کردنی لەگەڵ ماڵ و دارایی هەتیوان داو مارەیێدانی ئافرەتان داکرد، هۆیەکەش ئەوەیە ماڵ و دارایی هاوتایەکەی روح و گیانە، دەست درێژی کردن بۆ سەر ماڵ و دارایی دوژمنایەتی دەخاتەوە؛ بەڵکو جاری وا هەیە تاوانی گەورەی لەسەر روو دەدا، بۆیە پەروەردگار ئەوەی بە واجب داناوە کە بە شێوەیەکی رەزامەندیی ئاڵ و وێری تێدا بکەن و ستەم و دەست درێژی تێدا نەکەن و کەس ماڵی کەس بە نارەوا نەخوا، فەرموی: ﴿**یا أیها الذین آمنوا لا تأکلوا أموالکم بینکم بالباطل**﴾ ئەی ئەو کەسانەی بڕواتان بە پەیامی ئیسلام هێناوە! ماڵی کەس بە نارەوا مەخۆن! هەروەها ماڵ و سامانی خۆشتان لە کاروباری نەشیاودا خەرج مەکەن.. کە دەفەرموێ: (أموالکم) ماڵی خودی خۆی و

مالی خەڵکی تریش دەگرێتەوە چونکە لە روانگەی ئیسلامەوە مال و دارایی ملکی گەلەو ئەندامانی گەڵ تێیدا هاوبەشن، خواردنی مالی خۆی بە شێوەی بەتاڵ ئەوەیە: کە لە کاری ناڕەوادا خەرجی بکا. خواردنی مالی خەڵک بە بەتاڵ هەموو جۆرە دەست بەسەراگرتن و مامەڵە ناڕەواکان دەگرێتەوە! وەکوو ریبا، قومار، داگیر کردن و هەڵخەڵەتاندن، بەتاڵ واتە شێوەی ناشەرعی.

ئیبنو عەبباس و حەسەنی بەصری دەڵێن: بەتاڵ ئەوەیە: کە مالی خەڵک بە شێوەی بەتاڵ بخۆی، ئیتر ئەوە هەموو مالێک دەگرێتەوە کە لە سەودای دانەمەزراو و ناشەرعی دا لە باتی شت وەری بگرێ، وەکوو فرۆشتنی شتێک کە مولکی نەبێ، یان مالێک کەڵکی سوود لێ وەرگرتنی نەمابێ وەکوو بەروبوومی گەنیو و رزیو، یان بەهای شتێک کە نرخی نەبێ و سوود وەرگرتن لێی حەرام بێ وەکوو مەیمون و بەراز و مێشو مردارەوەبوو شەراب. هەروەها وەکوو کرێی وایە شێرەکەر؛ واتە: ئافرەتی لاوێنەرەوە هەروەها دەسی برینی خەڵک و هەڵخەڵەتاندنیان.

جا کە مال خواردنی خەڵک بەشێوەی بەتاڵ و ناشەرعی دروست نەبێ، دیارە بەشێوەی شەرعی و بەڕەزامەندیی یەکتریی دروستە بۆیە پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿إلا أن تكون تجارة عن تراض منكم﴾ واتە: بەلام ڕەوایە مالی یەکتری بخۆن، کە بە شێوەی بازرگانی و رەزامەندیی یەکتر ئاڵ و وێری پێوە دەکەن، لەچوار چێوەی یاساو شەرعی خودایی دا کڕین و فرۆشتنی تێدا دەکەن، بازرگانی سەموو مامەڵەیەک دەگرێتەوە کە گۆڕینەوەی کالای تێدا بێ بە پارە، بۆیەش باسی بازرگانی کرد چونکە زۆربەی مال و دارایی لەو رێگەوە وەدەست دێ، هەروەها چونکە پاکترین بەرێزترین کاسبی یە.

پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: پاکترین کاسبی کاسبی بازرگانە، ئەگەر قسەیان کرد درۆ نەکەن، ئەگەر وادەیان دا بیبەنە سەر، ئەگەر ئەمانەتیان لا دانرا خیانەت نەکەن، ئەگەر کالایان کڕی عەیب داری نەکەن، بۆ ئەوەی خاوەنەکەی پێش چاوی بکەوێ، ئەگەر کالایان فرۆشت پێیدا هەڵنەڵێن. ئەگەر پارەیان لەسەر بوو بە

ئەنقەست دوای نەخەن، ئەگەر قەرزیان لای خەڵک بوو قەرزدارەکە تەنگەتاو نەکەن. جا وەنەبێ هەموو رەزامەندی یەک شەرع ئیعتیرافی پێ بکاو ببێتە هۆی حەڵاڵی، بەڵکو پێویستە رەزامەندی‌یەکە لە سەودایەک دا بێ سەوداکە شەرعی بێ و لە چوار چێوەی شەرع دا بێ، کەوا بێ سوودێک کە لە ریبا وەردەگیرێ و زیادەی قەرز و پارەی قومار و پێشبڕکێ هەرچەندە بە رەزامەندی هەردوو لا ئەنجام دەدرێ بەڵام حەرامەو شەرع بە رەوای نازانێ، هەروەها ﴿ولا تقتلوا أنفسكم﴾ خۆکوژی مەکەن، مانای رستەکە بە رواڵەت ئەوە دەگەیەنێ: کە مەنعی موسوڵمان دەکا لەوە لە حاڵەتی رق هەڵسان و نارەحەتیدا خۆ ئینتحار بکا، وەکوو شەیخان؛ موسلیم و بوخاری لە ئەبو هورەیرە دەگێڕنەوە کە پێغەمبەر فەرمویەتی: کەسێک بە ئاسنێک خۆی بکوژێ رۆژی قیامەت ئەو ئاسنەی بە دەستەوە دەبێ لە ناو ئاگری دۆزەخ دا زگی خۆی پێ هەڵ دەدڕێ و هەتا هەتایە لە ناو دۆزەخ دا دەمێنێتەوە! بەڵام زۆربەی راڤەکانی قورئان پێیان وایە مانای ئایەتەکە ئەوەیە: دەڵێ! بڕێکتان بڕێکتان مەکوژن بۆیەش وتی: (أنفسكم) بۆ ئەوەی زیاتر یاساغ کردنەکە کاریگەر بێ و واتە: موسوڵمان دەبێ گیانی موسوڵمانی تر بە گیانی خۆی حسێب بکا، کەسێک کەسێک بکوژێ وەکوو خۆی کوشتبێ وایە، وەکوو چۆن دەربارەی ماڵ وتی: (أموالكم) مەبەستیش ماڵی خەڵکی تر بوو وێڕای ماڵی خۆی، هەروەکوو پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: موسوڵمانان وەکوو یەک گیان وان ئەگەر سەری ئێشا هەموو لەشێ دیشێ، ئەگەر چاوی ئێشا هەموو گیانی دیشێ! ئایەتەکە ئەو مانایەشی لێ وەردەگیرێ کە نەهی بێ لە خۆ کوژی و لە کوشتنی خەڵکی تر و دوور کەوتنەوە بێ لە هەرکارێک کە سەربکێشێ بۆ مردن وەکوو ژەهر خواردن و خۆ خستنە ناو هیلاکەتەوە.

هۆی وێکڕا هێنانی قەدەغە کردنی ماڵ خواردن بە بەتاڵ و خۆکوژی و خەڵک کوشتن لەم رووەوەیە کە ماڵ و سامان تای تەرازوی گیانن، جەستەو گیان بە بێ ماڵ و دارایی پەروەردە ناکرێن کەوابوو گونجاو بوو کە ئامۆژگاری و وەصیەت کردن بە پاراستنی ماڵ و پاراستنی جەستەو گیان وێکڕا ناڕاستە بکرێن،

کە دەفەرموێ: ﴿ إن الله کان بکم رحیما﴾ پاساو دانەوەیە بۆ نەهی‌یەکانی پێشوو، واتە: پەروەردگار کە نەهی لێ کردن لە خواردنی ماڵی حەرام و خۆ کوژی لەبەر ئەوەیە چونکە خودا بە رەحم و بە بەزەیی‌یە بۆ ئێوەو نایەوێ تووشی تەنگ و چەڵەمە ببن!!

بێگومان خودا بە سۆز و بەزەیی‌یە بۆ ئێوە هەر شتێکی لێ حەرام کردون حیکمەت و دانایی تێدایە و ئەگەر بۆی حەڵاڵ بکردنایە زەرەرو زیانێکی زۆری لێ دەکەوتەوە! تووشی جۆرەها تەنگ و چەڵەمەو ئاستەنگ دەبوون زۆر نەخۆشی سامناکتان تووش دەبوون.

بەداخەوە داوێن پیسی رۆژ لە دوای رۆژ لە ناو کۆمەڵگەی موسوڵمانان دا پەرە دەستێنێ، هەتاکو خەڵکی لە ئایین دوور بکەونەوە ئەو دیاردە دزێوە سامناکە زیاتر بڵاو دەبێتەوە، لەرۆژگاری ئەمڕۆدا برسیەتی و ئافرەت زۆری وای کردووە کە پیاوی داوێن پیس زۆر بە ئاسانی نێچیری خۆی دەست بکەوێ، لە لایەکەوە پیاوی داوێن پیس و چاوچنۆک و بێ ویژدان دەست درێژی دەکاتە سەر ئافرەتی خاوەن مێرد و بەهۆی پارەو پولی زۆرەوە هەڵی دەخەڵەتێنێ و لە کەژاوەی مێردی خۆی دەری دەێنێ، لەلایەکی ترەوە بەرەڵڵایی ئافرەت و بڵاو بوونەوەی بێ رەوشتی و بانگەشەی مافی ئافرەت و برسیایەتی زۆربەی خێزانە هەژارەکان رێگا بۆ دەست درێژی کردنە سەر نامووس خۆش دەکا، بەرەڵڵایی بڵاو دەکاتەوە.

خودا لە بێدەنیی و بەد رەوشتی و داوێن پیسی دوورمان خاتەوە!

ئەمجار سزای سەرپێچکەران دیاری دەکاو دەفەرموێ: ﴿ومن یفعل ذلك عدوانا وظلما فسوف نصلیه نارا﴾ هەرکەسێک بە ناحەق ئادەمیزادێک بکوژێ هیچ حەقی لەسەر نەبێ و بە ستەمکاری و دەست درێژی ئەو کارە ئەنجام بدا، ئەوا خودا دەیخاتە ناو ئاگرێکی سوتێنەرەوەو لەسەر تاوانەکانی سزای دەدا.

﴿وکان ذلك علی الله یسیرا﴾ ئەو خستنە ناو ئاگرە و سزادانە بۆ خودا کارێکی ئاسانەو ئەرکی تێدا نیە، کەس نی‌یە بتوانێ ببێتە بەربەست و لەمپەر لەبەردەم ویست و ئیرادەی دا! قەیدار کردنی هەڕەشەکە بە وشەی (عدوانا وظلما)

ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە ئەگەر ئەو کارە بە سەهوو و هەڵە روی دا ئەو حوکمەی نادرێتێ و ئەو سزایەی نیە.

ئایەتەکان ئەم حوکمانەی لێ وەردەگیرین:

١-حەرامە بە ناڕەوا ماڵی خەڵکی تر بخۆی، هەروەکوو چۆن حەرامە ماڵ و دارایی خۆت لە کاری ناڕەوادا خەرج بکەی. ئەمە ئاماژەیە بۆ ئەوە کە تەکافولی کۆمەلایەتی پێویستە لە ناو تاک و کۆمەڵ دا هەبێ، پێویستە دەوڵەت لە کاتی پێویستی دا پێویستیاتی هەژارەکان دابین بکا، هەروەکوو چۆن پێویستە تاک یارمەتی دەوڵەت بداو ماڵ و دارایی خۆی لە رێگای خوداداو لە پێناو بەرژەوەندی گشتی ببەخشێ.

٢-هەموو بازرگانیەک حەلالە بە مەرجێک فرۆشیار و کڕیار بە سەودا کە رازی بن و مەبەست سوود و قازانج بێ، لەمپەرێکی شەرعی تێدا نەبێ. ئەو شتانە نەبێ کە لە کتێبە شەرعی‌یەکان دا سەوداو مامەڵە تێیاندا حەرامە.

٣-هەڵنانی خەڵک بۆ بازرگانی کردن.

٤- خۆکوژی و خەڵک کوشتن بە ناڕەوا حەرامە.

٥- سزای ماڵ خواردنی خەڵک بە ناڕەواو ئادەمیزاد کوشتن بە ناڕەوا سزاکەیان دۆزەخە.

پاداشتی خۆ پاراستن لە تاوانە گەورەکان

إِن تَجْتَنِبُواْ كَبَآئِرَ مَا تُنْهَوْنَ عَنْهُ نُكَفِّرْ عَنكُمْ سَيِّـَٔاتِكُمْ وَنُدْخِلْكُم مُّدْخَلًا كَرِيمًا ﴿٣١﴾

لە ئایەتەکانی پێشوودا پەروەردگار نەهی کرد لە خواردنی ماڵی خەڵك بە ناڕەوا هەروەها لە خۆکوژی و ئادەمیزاد کوشتن بە ناحەق و هەڕەشەی توند بە سزادانی دۆزەخی لێ کردن. ئەمجار لەم ئایەتەدا نەهییەکی گشتی کرد کە کەس تاوانی گەورە نەکا و هەر کەسێکیش پابەندی فەرمانەکانی خودا بێ پاداشتی بەهەشتەو دەفەرموێ: ﴿**إن تجتنبوا كبائر ما تنهون عنه نكفر عنكم سيئاتكم وندخلكم مدخلا كريما**﴾ ئەگەر خۆ بپارێزن و دوور بکەونەوە لەو تاوانە گەورانەی نەهیتان لێ کراوە لە تاوانە بچووکەکانتان خۆش دەبین و دەتانخەینە بەهەشتەوە. دەی با بزانین مەبەست بە تاوانی گەورە چی‌یەو مەبەست بە تاوانی بچووك چی‌یە؟!

جەماوەری زانایان کۆکن لەسەر ئەوەی کە گوناهـ دوو جۆرە: گوناهی گەورە گوناهی بچووك. گوناهی گەورە: ئەو تاوانەیە کە هەڕەشەی گەورەی دەربارە هاتبێ، یان حەدد و تۆڵەی لەسەر بێ لە دونیادا. هەندێ لە زانایان وتوویانە تاوانە گەورەکان حەوتن: بەڵگەشیان ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەرە کە ئەبوهورەیرە گێڕاویەتیەوە لە پێغەمبەرەوە کە پێغەمبەر فەرمویەتی ((**إجتنبوا السبع الموبقات، قالوا وما هي يا رسول الله؟ قال:**

الشرك بالله، وقتل النفس التي حرم الله إلا بالحق. والسحر وأكل الربا، وأكل مال اليتيم، والتولي يوم الزحف، وقذف المحصنات الغافلات المؤمنات)).

واتە: خۆتان لەو حەوت تاوانە بە هیلاکێ بەرە بپارێزن. هاوەڵان وتیان: ئەی پێغەمبەری خودا! ئەو حەوت تاوانە کامانەن؟؟ فەرموی: هاوەڵ پەیدا کردن بۆ خودا، کوشتنی ئادەمیزاد بە ناڕەوا، سیحر و جادو و ریبا خواردن، خواردنی ماڵی هەتیو، هەڵاتن لەبەرەکانی شەڕ لەگەڵ کافران دا، بوختان کردن بە ئافرەتی داوێن پاکی موسولمان، فەرمودەی تریش هەن، ئەزیەتدانی باوکێ ودایکێ، شایەتی بە درۆی بە تاوانی گەورە حلێب کردووە. چونکە پێغەمبەر لە زۆر موناسەبات دا باسی ئەم تاوانانەشی دەکرد. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە تاوانی گەورە هەر ئەوانە بن. بەڵکو هی تریش هەن. برێکێ پێیان وایە تاوانی گەورە نۆن، هەندیکێ دەڵێن دەن، هەندیکێ دەڵێن زۆرترن.

عەبدول ڕەزاق لە ئیبنو عەبباس دەگێڕیتەوە کە لێیان پرسی ئایا تاوانی گەورە حەوت تاوانن فەرموی: نزیکەی حەفتاش دەبن.

سەعیدی کوڕی جوبەیر دەڵێ حەوت سەدیش دەبن! گوناهی بچوکێ (بچکۆڵە): ئەو تاوانەیە کە هەڕەشەی توندی لەسەر نەکرابێ تۆڵەو حەددی لەسەر نەبێ، وەکوو تەماشاکردنی ئافرەتی نامەحرەم، هەموو تاوانێکی بچووکێ بە دووبارە بوونەوەو بەردەوام بوون لەسەری دەبێتە تاوانی گەورە، تەرازوبازی و گەزومەتر ناتەواوی، قسە هێنان و بردن تانەدان لە ڕێز و نرخی ئادەمیزادان و، بەردەوام بوون و سوور بوون لەسەریان دەبنە تاوانی گەورە.

خۆپاراستن لە تاوانی گەورە گوناهی بچووکێ ڕەش دەکاتەوە بەڵام بە دوو مەرج:

یەکەم: ئەگەر خۆپاراستنەکە لەگەڵ تواناو ویست دا بوو، وەکوو ئەوەی کەسێکێ ئافرەتێکێ بۆی کەوی ببێ و داوای لێ بکاو ئەم بەگوێی نەکاو لە ترسی خودا خۆی لێ بپارێزێ! نەکێ لەبەر هۆی تر!

دووەم: ئەرکە پێویستییەکانی ئایین بەجێ بێنێ! چونکە پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی ((الصلوات الخمس والجمعة الى الجمعة ورمضان الى رمضان

مكفرات مابينهن إذا اجتنبت الكبائر)) جا کەسێک خۆ لە نەکردنی نوێژ و کردنی تاوانی گەورە بپارێزێ، تاوانە بچووکەکانی ڕەش دەکرێتەوە، ئەو حەدیثە بەڵگەیە کە نەکردنی نوێژ تاوانی گەورەیە!

بڕێ جار وێ دەچێ تۆبەو پەشیمانی ببێتە کەفارەتی هەندێ تاوان کە لە ئاکامی نەزانی و ڕق هەڵسان ئەنجام دەدرێن!

ئایەتەکە ئەوە دەگەیەنێ کە تاوان دوو جۆرن: تاوانی گەورە، تاوانی بچووک. جەماوەری فوقەهاو ڕاڤەکەرانی قورئان لەسەر ئەمە کۆکن.

ئایەتەکە ئەوەش دەگەیەنێ کە خودا لە تاوانی بچووک خۆش دەبێ بەڵام بەمەرجێک تاوانکارەکە ئەرکە پێویستی‌یەکان ئەنجام بدا!

زانایانی عیلمی ئوصول دەڵێن: نابێ دڵنیا بین کە کەسێک خۆ لە تاوانی گەورە بپارێزی خودا لە تاوانی بچووکی خۆش دەبێت!

ئەوە بە گوێرەی ویستی خودایەو ئارەزووی خۆیەتی خۆش دەبێ یا، نا، ئێمە دەبێ ئومێدی بەهێزمان هەبێ و بەتەمای لێ خۆش بوون بین.

هەندێ نمونەی تاوانی گەورە ئەمانەن: هاوبەش پەیدا کردن بە خودا، بێ بڕوایی بە قورئان و پێغەمبەر سیحرو جادوبازی، منداڵ کوشتن، کەسێ بڵێ خودا منداڵ و خێزانی هەیە، کوشتنی ئادەمیزاد بە ناحەق، داوێن پیسی، هەتیو بازی، قومار، عەرەق خواردنەوە، دزی، ماڵی خەڵک داگیر کردن، بوختان کردن، ڕیبا خواردن، بەرۆژوو نەبوون لە ڕەمەزان دا بەبێ بەهانە، سوێندی بە درۆ، پچڕاندنی صیلەی ڕەحم، ئەزیەتدانی باوک و دایک، هەڵهاتن لە کاتی هێرش بردنە سەر دوژمنی کافر، خواردنی ماڵی هەتیو، خیانەت کردن لە کێشان و پێواندا، نوێژ پێش خستن لە کاتی خۆی و دوا خستنی لە کاتی خۆی بەبێ عوزر، لێدانی موسوڵمان بەبێ حەق، درۆ هەڵبەستن بەدەم پێغەمبەرەوە بە ئەنقەست، جنێودان بە هاوەڵانی پێغەمبەر، شایەتی بە درۆ، جنێو دان بە دایک و باوک، شاردنەوەی شایەتی بەبێ بەهانە، بەرتیل وەرگرتن، زەکات نەدان، وازهێنان لە فەرمان بەچاکەو نەهی لە خراپە، لەبیرچوونەوەی قورئان پاش فێربوونی، سوتاندنی ئاژەڵ بە ئاگر،

هەڵگەڕانەوەی ژن لە مێرد و خۆ بەدەستەوە نەدانی بەبێ هۆ، ناهومێد بوون لە ڕەحمەتی خودا، ئەمین بوون لە مەکری خودا، ظیهار؛ ژن بە دایک حیساب کردن، خواردنی گۆشتی بەراز و گۆشتی مندارەوە بوو بەبێ عوزر.

ئیبنو مەسعوود دەفەرموێ لە سورەتی (نساء)دا پێنج ئایەتی تێدان لە هەموو دونیام بەلاوە خۆشەویست ترن.

﴿إن تجتنبوا كبائر ما تنهون عنه الآية﴾
﴿إن الله لا يغفر أن يشرك به ويغفر ما دون ذلك لمن يشاء﴾
﴿ومن يعمل سوءا أو يظلم نفسه الآية﴾
﴿وإن تك حسنة يضاعفها الآية﴾
﴿والذين آمنوا بالله ورسوله الآية﴾

نەهی کردن لە حەسوودی!! بۆ هەموو شتێک داوا لە خودا بکەین

وَلَا تَتَمَنَّوْاْ مَا فَضَّلَ ٱللَّهُ بِهِۦ بَعْضَكُمْ عَلَىٰ بَعْضٍۚ لِّلرِّجَالِ نَصِيبٌ مِّمَّا ٱكْتَسَبُواْۖ وَلِلنِّسَآءِ نَصِيبٌ مِّمَّا ٱكْتَسَبْنَۚ وَسْـَٔلُواْ ٱللَّهَ مِن فَضْلِهِۦٓۗ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ بِكُلِّ شَىْءٍ عَلِيمًا ﴿٣٢﴾

تیرمذی و حاکم لە ئوممووسەلەمەوە کە گوایە ئوممووسەلەمە گوتی: پیاوان دەچن بۆ غەزا ئافرەتان ناچن و لە میرات گرتندا نیوەی پیاو وەردەگرن! ئیتر خودا ئایەتی ﴿ولا تتمنوا ما فضل الله﴾ی ناردە خوارێ.

ئیبنو ئەبی حاتەم لە ئیبنو عەبباسەوە دەڵێ: ئافرەتێک هاتە خزمەت پێغەمبەر ﷺ وتی ئەی پێغەمبەری خودا لە میرات گرتن دا نێر دوو ئەوەندەی

مێیینەی هەیە، دوو ئافرەت شایەتیان بە شایەتی یەک پیاو دەشیا. ئایا لە کردەوەش دا وایە.

واتە: ئەگەر ئافرەتێک چاکەیەک بکا نیوەی بۆ دەنوسرێ؟؟ ئەوەبوو خودا ئەم ئایەتەی ناردە خوارێ و فەرموی: **﴿ولا تتمنوا ما فضل الله به بعضكم على بعض﴾** ئاواتە خوازی ئەوە مەبن کە ئەو ماڵ و سامانەی خودا داویەتی بە هەندێ کەس بدرایە بە ئێوە، چونکە ئەوە حەسودی و بەخیلی‌یە، ئەو ماڵ و رێزە کە دراوە بە برێ کەس دابەشکردنێکی خودایی‌یە بە دانایی و زانایی خۆی داینـاوە بۆ هەر کەسێک بەشی شیاوی خۆی بۆ داناوە، هەرکەسە بەگوێرەی شان و شکۆی خۆی ماڵ و سامان و رێز و شکۆمەندی داوەتێ. **﴿ولو بسط الله الرزق لعباده لبغوا في الأرض﴾**الشوری/٢٧

کەوابوو پێویستە هەر کەسە لە عاست خۆیەوە بە بەشی خۆی شکور بێ و رازی بێ بەو ئەندازەیەی هەیەتی، بزانێ ئەو ئەندازەیەی پێی دراوە لە بەرژەوەندی ئەو دایەو ئەگەر زیاتری بدرایە، یان کەمتری بدرایە، دەبوە هۆی پشێوی دین و دونیای کەوابوو، با حەسوودی بە ماڵ و سامانی برای خۆی نەباو چاوی لە ماڵی کەسەوە نەبێ!

ظاهیری ئایەتەکە ئەوە دەگەیەنێ کە کەس بۆی نیە ئاواتەخوازی ماڵی خەڵک بێ و چاو ببڕێتە ماڵ و شکۆمەندی خەڵکی تر! چونکە ئەو بەشکردنە لە خوداوەیە

﴿نحن قسمنا بينهم معيشتهم في الحياة الدنيا ورفعنا بعضهم فوق بعض درجات﴾ الزخرف/٣٢.

ئیبنو عەبباس فەرمویەتی: نابێ کەس لە ئێوە بڵێ: خۆزگە ئەوەی دراوە بە فلانە کەس لە ماڵ و حاڵ و ژنی جوان و رێک و پێک بدرایە بەمن، چونکە ئەوە حەسوودییە، بەڵکو ئەگەر ویستی بڵێ با ئاوا بڵێ خودایە! وەکوو ئەو بەشی منیش بدە ئەوە پێی دەڵێن (غیبطة) نابێتە حەسوودی، کەوابێ ئەرکی سەرشانی هەموو کەسێکە کە بەبەشی خۆی رازی بێ! برێک پێیان وایە لە رستەکەدا وشەیەکی

مەزندەکراو هەیە واتە (ولا تتمنوا –مثل– مافضل الله به بعضكم علـــى بعـض) چونکە مەبەستەکە داواکردنی لابردنـی نیعمـەتی تایبـەتی نیـە لـە خـەڵك بـەڵکو ئاوات خواستن و داواکردنی نیعمەتێکی تایبەتییە کە دەیەوێ بۆ ئەو بێ. کەوابوو داوا کردنی ئەوە کە ئەوەی خەڵك هەیەتی تۆش بتبێ نەی لێکراوەو دروست نیە بۆ ئادەمیزاد کە بڵێ: (اللهم أعطني دارا مثل دار فلآن ولا ولدا مثل ولـــده) بـەڵکو پێویستە نزاکەی ئاوا ئاراستە بکا بڵێ: (اللهم أعطني ما يكون صلاحا لي في ديني و دنياي ومعادي و معاشي) خودایە شتێکم بدەرێ کە بگونجێ بۆ دیـن و دونیـام بـۆ قیامەت و بۆ ژیانی ئێستام.

بـەکورتی پـەروەردگار نـەی لـەوە کـردووە کـە ئـادەمیزاد ئاواتـەخواز و تەمەنناکار بێ کە ئەوەی خودا داویەتی بە کەسانی تر بدرێ بە ئەو. بـەڵکو واجبـە لەسەری کە بە گوێرەی تاقەت و توانا کۆشش بکا و هەوڵ بدا ئەو کاتە ﴿للرجـــال نصيب مما اكتسبوا وللنساء نصيب مما اكتسبن﴾ پیاوان بەشی خۆیـان هەیـە لـەوە کە بەرەنجی شان و عەرەقی ناوچەوان پەیدای دەکەن، ئافرەتانیش بەگوێرەی هـەوڵ و تێکۆشانیان بەشی دیـاری خۆیـان هەیـە، هـەردوولایان لـە بـەرووبوومی خـەبات و تێکۆشانی خۆیان دەخۆن.

پەروەردگار ئەوەی کە دیاری کردووە بۆ ئافرەت و پیاو لە بەرزی و نزمی لە هەژاری و سامانداری کردوویەتی بە بەرووبوومی خۆیان، ئەو کردارانـەی تایبەتـە بـە پیاوەوە پاداشتی خۆی هەیە، ئافرەت تێیدا هاوبەش نیە، ئەو کردارانەی تایبەتە بە ئافرەتەوە پاداشتی خۆیان هەیە و پیاو بەشداریان نین.

واتە: پاداشتی کردەوەو کرێی کار بەگوێرەی گونجانە لەگەڵ سروشتی هەر یەکێکیان و هەمووشی حیکمەت و دانایی تێدایە. ئیبنوعـەبباس دەڵـێ: مەبەست بەوە میراتە، مانای (إكتساب)؛ (إصابة) دەبێ.

ئەمجار پەروەردگار دەیەوێ سەرنجی بـەندەکانی بـۆ ئـەوە رابکێشـێ: کـە کان و سەرچاوەی هەموو فەضڵ و چاکەیەك خودایەو فەرموی: ﴿واسألوا الله مـــن فضله﴾ داوا لە پـەروەردگار بکـەن ئیحسـان و نیعمـەتی خۆیتـان بەسـەردا برێـژێ،

چیتان دەوێ داوای لێ بکەن، ئەگەر مەیلی لـێ بـێ دەتـانداتێ، گەنجینـەی خـودا پڕەو هیچ کاتێ خالی نابێ، ئاواتە خوازی ئەوە مەبن بەش و باری خەڵکی تر بدرێ بە ئێوەو حەسوودی بە کەس مەبەن، ئاواتە خوازی ئەوە مەبن کە ناز و نیعمەتێ کە دراوە بە کەسانی تر بدرێ بە ئێوە، چونکە تەمـەنناو ئاواتـە خـوازی هیـچ سـوود و قازانجێک نابەخشێ.

تیرمذی و ئیبنو مەردەوەیهی لە عەبدوڵلای کـوڕی مەسـعوودەوە دەڵـێ: پێغەمبەر دەفەرموێ: **((سلوا الله من فضله فإن الله يحب أن يسأل، وإن أفضل العبادة إنتظار الفرج))** داوا لە خودا بکەن فـەضل و نیعمـەتی خۆیتـان بەسـەردا بڕژێ، چونکە خودا پێی خۆشە داوای لێ بکرێ، بێگومان گەورەترین خوداپەرستی و عیبادەت چاوەڕوانی لابردنی بەڵاو نارەحەتی و هەڵهاتنی ئاسـۆی رزگـار بوونـە.. ئیبنوماجە لە ئەبوهورەیرەوە دەگێڕێتەوە دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ فەرموی: **((مـن لم يسأل الله يغضب عليه))** کەسێک داوا لە خودا نەکا خودا رقی لێی دەبێتەوە.

﴿إن الله كان بكل شيء عليمــــا﴾ بێگومـان پـەروەردگار زانـاو ئاگـادارە بەسەر هەموو شتێک دا، دەزانێ کێ شیاوی ئەوەیە مـاڵ و سـامان و پلـەو پایـەی دونیای بدرێتێ، کێ شیاوی ئەوەیە هەژار بێ، کێ شیاوی ئەوەیـە کە پلـەو پایـەی رۆژی قیامەتی بدرێتێ و رام بکرێ بۆ کـارکردن بـۆ بەدەسـت هێنـانی پلـەو پایـەی قیامەت، کێ شیاوی ئەوەیە ریسوا بکـرێ و هـەوڵ و تەقـەڵلای کـاری خـێر نـەدا، لەبەر ئەوە برێ ئادەمیزاد بەسەر برێکیان دا تەفضیل دراون، بەگوێرەی ئامادەباشی و جوداوازی پلـەو پایـەیان، جوداوازییەکـە لایـەنی جەسـتەیی و لایـەنی ئـەدەبی و زانیاری و شکۆمەندی دەگرێتەوە.

هەموو میراتگریک دەبێ بەشە میراتی خۆی بدرێتێ

﴿وَلِكُلٍّ جَعَلْنَا مَوَالِيَ مِمَّا تَرَكَ الْوَالِدَانِ وَالْأَقْرَبُونَ ۚ وَالَّذِينَ عَقَدَتْ أَيْمَانُكُمْ فَآتُوهُمْ نَصِيبَهُمْ ۚ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلَىٰ كُلِّ شَيْءٍ شَهِيدًا ﴿٣٣﴾﴾

﴿ولكل جعلنا موالي مما ترك الوالدان والأقربون﴾ دەربارەی هاتنە خوارەی ئەم ئایەتە، ئەبوداوود لە سونەنەکەی دا لە داودی کوڕی جوهەینییەوە دەگێڕێتەوە کە دەڵێ: ئەم ئایەتە دەربارەی ئەبوبەکر و کوڕەکەی هاتۆتە خوارێ، کە کوڕەکە یاخی بووبوو بە هیچ شێوەیەک موسوڵمان نەدەبوو ئەبوبەکریش سوێندی لێ خوارد کە میراتی نەداتێ و لە میرات بێ بەری بێ، جا کە موسوڵمان بوو فەرمانی پێ کرا کە بەشی خۆی بداتێ. سەعیدی کوڕی موسوییەب دەڵێ: ئەم ئایەتە دەربارەی ئەوانە هاتۆتە خوارێ کە کوڕی خەڵکی تریان دەکردنە کوڕی خۆیان و میراتیان دەدانێ، پەروەردگار فەرمانی پێ کردن کە بە وەصیەت شتێکیان بۆ دابنرێ و میراتەکەی بدرێ بە خزمی میراتگری! ئەوەی لێ قەدەغە کردن کە میرات بدرێ بەو کەسانەی کە بە ئیدیعاو هەوانتە کراون بە کوڕ، بەڵام لە وەصیەتدا بەشی بۆ داناون.

پەیوەندیی ئەم ئایەتە لەگەڵ ئایەتی پێشوو ئەوەیە: لە ئایەتی پێشوودا خودا نەهی لە خواردنی ماڵ کرد بە بەتاڵ و ناحەق. هەروەها نەهی لێ کردن لە حەسوودی و ئاواتە خوازی و چاو لە ماڵی خەڵک بوون!!

ئایەتی پێشوو قاعیدەیەکی گشتی دانا بۆ سامان کۆ کردنەوە: کە ئەویش کاسبی کردنە! ئەم ئایەتەش یاسایەکی تری خستەڕو بۆ سامانداری کە ئەویش میراتگرتنە فەرموی: ﴿ولكل جعلنا موالي مما ترك الوالدان والأقربون﴾ بۆ هەر

یەکێ لە ژن و پیاو میراتگرمان بۆ دیاری کردوون، خزم و کەس و کاری ئـەوەی کـە جێی دیلێ بە میرات دەیبەن.

﴿والذين عقدت أيمانكم فآتوهم نصيبهم﴾ ئەوانەی کە سوێند خۆریان بوون و پێش هاتنی ئیسلام لە گـەڵیان دا پـەیمانتان بەستووە کـە مـیرات لـە یـەکتری بگرن، ئەوە بەشی خۆیان بدەنێ چۆنتان پەیمان لەگەڵ بەستوون ئەنجامی بدەن.

﴿إن الله كان على كل شيء شهيدا﴾ دڵنیا بن خودا ئاگاداری ئەو پەیمان و بەڵێنانەی ئێوەیە و چاودێرتانە.

شەرع زانان دەڵێن: ئەم یاسایە لە سەرەتای پەیدا بوونی ئیسـلام دا بـووە و دوایی بە ئایەتی ﴿وأولوا الأرحام بعضهم أولى ببعض﴾ ئەو حوکمە هەڵوەشایەوە.

لە لایەکی ترەوە دوای کۆچکردنی پێغەمبەر ﷺ بـۆ مەدینـە مـیرات لێـک گرتن بەهۆی بەستنی برایەتی لە نێوان کۆچکران و یـاریدەدەران بـاو بـوو، ئـەوەبوو کۆچکار (مهاجر) میراتی لە یاریدەدەر دەگرت نەک خزم و کـەس و کـاری. بـەڵام ئەم یاسایە بە ئایەتی ﴿ولكل جعلنا موالي﴾ واتە میرات گرتن بە سوێند و پـەیمان بەستن و برایەتی گرتنی هەڵوەشایەوە و میرات تەرخان کرا بۆ میراتگران لە خزم و کەس و کار..

راڤەکەرانی قورئان لە شی کردنەوەی مانای ئەم ئایەتەدا چوار رایان هەیە:

١- هەموو ئادەمیزادێکی میرات لێ گیراو میراتگری هەیە بۆ وەرگرتنـی ئەو ماڵ و سامانەی کە بە جێی دیلن.

٢- بۆ هـەموو ئـادەمیزادیکی کـە بـاوک و دایـک و خـزم بـەجێیان دیلـن کردوومانن بە میرات لێ گیراو.

٣-بۆ هەموو گەل و هۆزێک کە کردوومانن بە میراتگر بەشیان هەیـە لـەو ماڵ و سامانەی کە باوک و دایک و خزم و کەس و کاریان بەجێ دیلن.

٤- بۆ هەموو ماڵێکێ کە باو کێ و دایکێ و خزم بەجیٚی دیٚلن میراتگرمان بۆ دیاری کردوون.

دیارە بە گوێرەی ماناکان دەبیٚ هەموو جاریٚکێ ئیعرابی رستەکە بە شیٚوەیەکێ بکریٚ کە لەگەڵ ماناکەدا بگونجیٚ. کەسیٚکێ بیەویٚ لەم بارەوە قوڵبیٚتەوە با بگەڕیٚتەوە بۆ تەفسیرە گەورەکان.

دەربارەی مەبەست بە **﴿والذين عقدت أيمانكم﴾** راڤەکەرانی قورئان چەند رایەکیان هەیە.

١-دەڵێن مەبەست ئەوانەن کە بە سوێند خواردن بوونە هاوەڵ و پەیمانیان لەگەڵ یەکتری دا بەستووە، ئەوانە بەشیان لە میرات دا هەبوو، دوایی بە ئایەتی **﴿وأولوا الإرحام بعضهم أولى ببعض﴾** الأنفال/٧٥ هەڵوەشایەوە.

٢- دەڵێن مەبەست بەوانە ئەو کوڕانەن کە بە ئیدیعا دەکران بە کوڕ، ئەمانە میراتیان دەگرت دوایی بە ئایەتەکەی سورەتی ئەنفال هەڵوەشایەوە.

٣-مەبەست پێیان برای بە برا کردن (مواخاة)ە ئەوانەی کە پێغەمبەر ﷺ لەسەرەتای چوونی بۆ مەدینە برایی دەخستە نێوان کۆچکار و یاریدەدەرانەوەو میراتیان لە یەکتر دەگرت دوایی بە ئایەتی ئەنفال ئەم حوکمە هەڵوەشایەوە.

٤-مەبەست پێیان بەلای ئەبو عەلی جەبائییەوە هاوپەیمانە، رستەی (والذين عقدت) عەطفە بۆ سەر رستەی (الوالدان والأقربون) واتە: بۆ هەر شتێکێ لەو شتانەی باوکێ و دایکێ و خزم بەجیٚی دیٚلن هەروەها ئەو شتەی هاوپەیمانەکانتان جیٚی دیٚلن میراتگر (موالي) خۆی هەیەو هەر کەسە بە گوێرەی خۆی بەشی خۆی بدەنیٚ. ماڵەکە هەموو مەدەنە هاوپەیمانەکە.

٥- مەبەست پێیان بەلای ئەبو موسلیمی ئیصفەهانییەوە مێردەکانە (الأزواج) چونکە مارە کردن پیٚی دەگوتریٚ (عقد).

٦- مەبەست پێیان هاوپەیمانە بەشی خۆیان لە یارمەتیدەران و ئامۆژگاری و هاوسێیەتی دەدریٚتیٚ، بە وەصیەتیش دەتوانریٚ بریٚ ماڵیان بۆ دیاری بکریٚ،

واتە: بە وەصییەت بەشیان دەدرێ و میرات ناگرن. ئەم رایە لە ئیبنوعەبباسەوە گێردراوەتەوە.

خاوەنی تەفسیری مونیر دەڵێ: رای یەکەم پەسەندە!! بە کورتی ئایەتەکە ئەوە دەچەسپێنێ کە هەموو ئادەمیزادێک کە دەمرێ میراتگر و هاوپەیمانی هەیە، با هەر کەسە بە گوێرەی خۆی بەشی خۆی بەرێ و ئاواتە خوازی ماڵی خەڵکی تر نەبێ.

طەبەری و بوخاری لە ئیبنوعەبباسەوە دەگێڕنەوە دەفەرموێ: رستەی (والذين عقدت أيمانكم) دامەزراو و موحکەمە ئەو حوکمەی هەڵنەوەشاوەتەوە، پەروەردگار فەرمانی بە موسوڵمانان کردووە کە هاوپەیمانان بەشی خۆیان بدرێتێ لە کۆمەکی پێ کردن و ئامۆژگاری کردن و لە وەصییەت دا بەشی خۆیان بۆ دیاری بکرێ بەڵام لە میراتدا نا. واتە: میرات دەدرێ بە میراتگر؛ ئەوانەی خودا لە سورەتی (النساء) ئایەتی ١١-١٢، ١٧٦-دا دیاری کردون، جگە لەوان کەسی تر بە میراتگر حسێب ناکرێ، بەڵام ئەگەر بە وەصییەت شتێکیان بۆ دیاری بکرێ ئەوە قەی ناکا. جا ئەوانە هاوپەیمان و سوێند خۆری سەردەمی پێش ئیسلام بن یان برای بە برا کراو بێ بە گوێرەی یاسای (المؤاخاة) یان کوڕی بە کوڕ کراو بێ بە (تبني).

حەنەفییەکان ئایەتی ﴿والذين عقدت أيمانكم﴾ یان کردووە بە بەڵگە لەسەر ئەوە کە سوێند خۆرو هاوپەیمان میرات دەگرن و ئایەتەکە موحکەمە و حوکمەکەی بە ئایەتی ﴿وأولوا الإرحام بعضهم أولى ببعض﴾ هەڵنەوەشاوەتەوە، بەڵکو هەر ئەوەندە دەگەیەنێ ﴿وأولوا الإرحام﴾ لەپێش ترن بۆ میرات گرتن، ئەگەر ﴿وأولوا الإرحام﴾ نەبوون میراتەکە بۆ سوێند خۆرەکەیە. هەروەها بەڵگەیان بە حەدیثی تەمیمی (الداري) هێناوەتەوە کە پرسیاری لە پێغەمبەر ﷺ کرد وتی: قوربان! رێ و رەسمی ئیسلامی چیە بۆ کەسێک کە لەسەر دەستی موسوڵمانێک موسوڵمان ببێ؟؟ پێغەمبەر ﷺ فەرموی: ((هو أولى الناس بمحياه ومماته))

زانایانی حەدیث وتویانە: مانای وایە ئەو کابرایە موسوڵمانە بۆ ئەو تازە موسوڵمان بووە لە هەموو کەس لە پێش ترە کە میراتیٖ لێ بگرێ.

جەماوەری زانایان دەفەرمون میراتی هاوپەیمان (مولی الموالاة) بۆ موسوڵمانانە واتە: ئەگەر کەسێک لەسەر دەستی موسوڵمانێک موسوڵمان بوو پەیمانی لەگەڵ بەست و سوێندیان بۆ یەکتری خوارد و دوایی ئەو کابرا مرد و کەس میراتگری نەبوو جگە لەو کەسەی کە موسوڵمانی کردووە، ئەوا میراتەکەی بۆ موسوڵمانانە؛ چونکە ڕێنمایی ئایەتەکە بۆ ئەوە کە سوێند خۆر و هاوپەیمان میرات لە یەکتر بگرن پەیوەستە بە (٣)سێ بەشەوە:

یەکەم: دەبێ مەبەست بە ﴿والذين عقدت أيمانكم﴾ سوێند خۆر بێ.

دووەم: دەبێ مەبەست بە (نصيب) بەشە میرات بێ.

سێیەم: دەبێ ئایەتەکە حوکمەکەی هەڵنەوەشابێتەوە.

دەی ڕاڤەکەرانی قورئان لەمەدا ڕایان جوداوازە.

حەدیثەکەی تەمیمی (الداري) نەص نیە لە میرات دا، بەڵکو دەگونجێ مانای وابێ ئەو موسوڵمانە لە هەموو کەس بۆی لە پێش ترە بۆ چاودێری کردن و پاراستنی لە ژیان و دوا مردنی زیاد لەوەش دژایەتی هەیە لەگەڵ ئەو فەرمودەیەی کە موسلیم/نەسائی لە جوبەیری کوڕی موطعیم لە پێغەمبەرەوە ریوایەتی کردووە کە فەرمویەتی: ((**لا حلف في الإسلام وايما حلف كان كان في الجاهلية لم يزده الإسلام إلا شدة**)) جا کە حەدیثەکان دژایەتیان لە بەینا ببێ و ئایەتەکەش زیاد لە مانایەک هەڵبگرێ، باشتر وایە ڕووبکەینە ئەو ڕایەی کە پێشینە ڕاستاڵەکان (السلف الصالح)ی وەکوو ئیبنو عەبباس و موجاهید و قەتادە کە فەرمویانە حوکمی ئایەتەکە بە ئایەتی ئەنفال هەڵوەشاوەتەوە.

پیاوسالاری بەسەر ژن دا، ریگا چارەی کیشەی نیوان ژن و میرد

ٱلرِّجَالُ قَوَّٰمُونَ عَلَى ٱلنِّسَآءِ بِمَا فَضَّلَ ٱللَّهُ بَعْضَهُمْ عَلَىٰ بَعْضٍ وَبِمَآ أَنفَقُواْ مِنْ أَمْوَٰلِهِمْۚ فَٱلصَّٰلِحَٰتُ قَٰنِتَٰتٌ حَٰفِظَٰتٌ لِّلْغَيْبِ بِمَا حَفِظَ ٱللَّهُۚ وَٱلَّٰتِى تَخَافُونَ نُشُوزَهُنَّ فَعِظُوهُنَّ وَٱهْجُرُوهُنَّ فِى ٱلْمَضَاجِعِ وَٱضْرِبُوهُنَّۖ فَإِنْ أَطَعْنَكُمْ فَلَا تَبْغُواْ عَلَيْهِنَّ سَبِيلًاۗ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلِيًّا كَبِيرًا ﴿٣٤﴾ وَإِنْ خِفْتُمْ شِقَاقَ بَيْنِهِمَا فَٱبْعَثُواْ حَكَمًا مِّنْ أَهْلِهِۦ وَحَكَمًا مِّنْ أَهْلِهَآ إِن يُرِيدَآ إِصْلَٰحًا يُوَفِّقِ ٱللَّهُ بَيْنَهُمَآۗ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلِيمًا خَبِيرًا ﴿٣٥﴾

﴿الرجال قوامون...﴾ ئیبنو ئەبی حاتەم لە حەسەنی بەصرییەوە دەگێڕێتەوە دەڵێ: لەسەردەمی پێغەمبەردا ئافرەتێک هاتە خزمەتی ﷺ سکاڵای ئەوەی کرد؛ کە مێردەکەی بە مستەکۆڵە لێی داوە، ئەویش فەرموی: تۆڵەی لە مێردەکەی بستێنن: ئیتر ئەم ئایەتە هاتە خوارێ؛ ئافرەتەکە بەبێ ئەوەی تۆڵەی بۆ بستێندرێ گەڕایەوە.

(موقاتل)یش حەدیسێکی لەم جۆرە دەربارەی هاتنە خوارەوەی ئایەتەکە ریوایەت کردووە.

جا وەکوو زانیمان پەروەردگار لە ئایەتەکانی پێشوودا بەشە میراتی پیاو و ئافرەتی دیاریی کرد، نەهی ئەوەشی لە پیاو و ئافرەت کرد کە تەمەنناو

ئاواتەخوازی ئەوە بن، ئەوەی دراوە بە لایەکیان بدرێ بەو لایەکەی تریشیان، بەڵکو فەرمانی پێ کردن، کە هەر کەسە بە بەش و باری خۆی شکور بێ و، چاو نەبڕێتە ئەو فەضڵو ڕێزەی دراوە بەوی تریان! ئەمجار دێ هۆی لێپرسراوی پیاو بۆ ئافرەت و هۆی ئەوەی کە نێرینە دوو چەندانەی مێیینە لە میرات دا دەبا روون دەکاتەوەو، دەفەرموێ: ﴿الرجال قوامون علی النساء﴾ پیاوان باڵا دەستن بەسەر ژنان دا، پیاو لێپرسراوی ئافرەتە، سەرۆک و بەڕێوەبەریەتی، سەرپەرشتیارو پارێزەر و بەخێوکەریەتی، تێکۆشان و جیهاد لەسەر پیاوە، لەسەر ئافرەت نیە، پیاو دووچەندانەی ئافرەت میرات دەبا، چونکە پیاو بەرپرسیاری بەخێوکردن و بژێوی ئافرەتە. هۆی ئەم لێپرسراوییە دوو شتی سەرەکییە:

﴿بما فضل الله بعضهم علی بعض﴾ یەکەمیان ئەو زێدە ڕێز و فەضڵەی کە خودا خۆی داویەتی بە پیاو، کە لە بارەی فیسیۆلۆجییەوە، لە پێک هاتنی جەستەو لەش و لاردا، زێدەی بەسەر ئافرەت دا هەیە، تەن قایم و دەمار گشت و ماسولکە قەوی و بیر تیژترە، خۆڕاگر و عاقڵ تر و لەش ساغ ترە، لە سۆز و عاطیفەدا مامناوەندی و لەبەرامبەر کارەساتی ڕۆژگاردا بە پشوترە.

لەبارەی ورەبەرزی و هۆشمەندی و هێزو تواناوە، پیاو زێدەی هەیە، بۆیە چەند پلەو پایەیەک هەیە، تایبەتە بە پیاو، وەکوو پێغەمبەرایەتی و فەرمانڕەوایی موسوڵمانان و قازییەتی و بانگدان و قامەت کردن و وتار خوێندنەوەی ڕۆژی جومعە، تەڵاقیش بەدەست پیاوە، پیاو بۆی هەیە ئەگەر مەرجی خۆی تێدا هاتنە جێ. زیاد لە ژنێک مارە بکا تا چوار، شایەتیدانی قەزیەی جینایات و تۆڵە ساندن تایبەتە بە پیاو، بەشە میراتیشی لە ژن زیاترە.

دووەم: ﴿وبما أنفقوا من أموالهم﴾ بەهۆی ئەوەی کە پێویستە پیاو بژێوی خێزانی خۆی و ئاتاجانی کەس و کاری خۆی وەکوو باوک و مام و باپیرەو دایک و خوشک و پورو نەنک بدا، هەروەها پێویستە پیاو مارەیی بدا بە ژن، وەکوو ڕێز لێنانێک بۆ ئافرەت.

هەروەها زۆر ئەركی كۆمەلایەتی تر هەیە كەلەسەر پیاوە لەسەر ژن نیە، وەكێ سەربازیی، جگە لەم جۆرە شتانە كە زۆربەیان لە قازانجی ئافرەتە لە ماف و ئەركێ دا پیاو و ئافرەت یەكسانن، ئەمەش لایەنێكی ئیجابی ئیسلامە و هیچ ئایینێكێ بەو جۆرە بەرژەوەندیی ئادەمیزادی لە هەردوو توخم لە خۆنەگرتووە، هیچ ئایینێكێ وەكوو ئیسلام مافی ئافرەتی نەپاراستووە، خودا دەفەرموێ: **﴿ولهن مثل الذي عليهن بالمعروف، وللرجال عليهن درجة﴾** البقرة/٢٢٨

ئەمجار پەروەردگار لە ژیانی خێزانیی دا ئافرەت دەكاتە دوو جۆر:

جۆری یەكەم: ئافرەتی راستاڵ و (صالحة)ن ئەوانەی گوێ بیستی فەرمانی مێردەكانیان؛ وەكوو دەفەرموێ: **﴿فالصالحات قانتات حافظات للغيب﴾** چاكانی ژنان ئەوانەن كە خودا پەرست و فەرمانبەر دار و پارێزەری نامووس و حەیای خۆیانن. كاتێ مێردەكانیان لە ماڵ نەبن پارێزگاری خۆیان و ماڵ و منداڵیان بەو پەڕی دڵسۆزییەوە دەكەن، كاتێكیش مێردەكانیان لە ماڵ بن دیارە باشتر ئەركی ژنیەتی خۆیان ئەنجام دەدەن ئەم پارێزگاری كردنەیان لە دیار و نادیار **﴿بما حفظ الله﴾** بەهۆی ئەوەوەیە كە خودا ئەوانی پاراستووە، بەهۆی ئەوەوە كە تەوفیقی پێ داون كە فەرمانەكانی خودا لەم بارەیەوە جێبەجێ بكەن! جا لە بەرامبەر ئەم فیداكاری و پارێزگاری و خزمەتكردنەی ئافرەت بۆ مێردی، پێویستە مێردەكەی نەفەقەی بكێشێ، مارەیی بداتێ، هەڵس و كەوتی باشی لەگەڵ دا بكاو ڕێزی لێ بگرێ و، مافی پێشێل نەكا! خوداش مزگێنی داوە بە ئافرەتی پارێزگار و بەحەیا، وە هەڕەشەی لە ئافرەتی داوێن پیس و خیانەتكار كردووە!!

پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: باشترین ژن ئەو ژنەیە كە سەیرت كرد، دڵت خۆش بكا، ئەگەر فەرمانت پێ كرد بە گوێت بكا، ئەگەر لێی دوور كەوتییەوە نامووس و ماڵت بپارێزێ: (تاج/٣ل-٥٧ فەرمودەی/٧)

جۆری دووەم: ئافرەتی ناچێزەو خۆ بەزلزان و لاسارن، گوێ بە یاساو داب و نەریتی ژن و مێردایەتی نادەن، ئەركێ و مافی خۆیان ڕەچاو ناكەن، ئەم جۆرە ژنانە خودا چۆنیەتی هەڵس و كەوت لەگەڵ دا كردنیانی روون كردۆتەوەو دەفەرموێ:

﴿واللاتي تخافون نشوزهن فعظوهن واهجروهن في المضاجع، واضربوهـــن﴾ ئەو ژنانەی لە مێردەکانیان هەڵدەگەڕێنەوە و ناچیزە دەبن، یان دیاردەی ناچیزە بوونیان لێ دیاری دەدا، ئەوە دەبێ بە گوێرەی پێویست بە چەند قۆناغێ مامەڵەیان لەگەڵ دا بکرێ:

١- ئامۆژگاری کردن و پەند دادان: وەکوو ئوە نەصیحەتی بکاو پێی بڵێ: ئافرەت لە خودا بترسە، من مافم بەسەرتەوە هەیە، واز لە کەللە رەقی خۆت بێنە، پێویستە بە گوێی من بکەی، خۆت گوناهباری دیوانی خوانەکەی، ئەمجار هەڕەشەی ئەوەی لێ بکا کە بەردەوام بوون و سەرپێچی کردنی ئاکامی زیان دەبێ، بۆ خۆی و بۆ منداڵ و کەس و کاری! هێلانەی ژن و مێردایەتیان تێک دەچێ و تووشی سەرگەردانی و ماڵ وێرانی دەبن، ئەگەر وازی نەهێنا ئەمجار پەنا دەباتە بەر ڕێگا چارەی دووەم کە ئەویش لەگەڵ نەنووستنە.

٢- لەگەڵ نەنوستن و جێ لێ جیاکردنەوە:

بەم جۆرە لەگەڵی نەخەوێ و، لەسەر سەرینێک لەگەڵیدا نەنوێ! بەڵام زیاد لە سێ رۆژ دروست نیە دەنگی لێ داببڕێ! ئەم هەڵس و کەوتە زۆر کاریگەرە لە دەروونی ژن دا، لەوانەیە هەڵوێستی خۆی بگۆڕێ و بیر لە دوا رۆژی خۆی بکاتەوە، ئەمجار ئەگەر ئەوەش دادی نەدا، پەنا دەباتە بەر ڕێگا چارەی سێیەم.

٣- لێدانێک کە ئازاری پێ نەگەیەنێ: لێدانی بە ئەسپایی وەکوو ئەوە سووک سووک بە دەست لەسەر شانی بدا، یا بە سیواکێ، یا بە شوولکێ بۆ تەمێ کردن لێی بدا، نەک بۆ ئێش پێ گەیاندن و داخی دڵ پێ رشتن، چونکە مەبەستەکە ئێش پێ گەیاندن نیە، بەڵکو مەبەست ئیصلاح کردنە، تەنانەت ئەگەر مێرد زیادەڕەوی کرد و بەلێدانەکە ئافرەتەکە مرد! ئەوە پیاوەکە بکوژەو سزای بکوژی لێ دەستێندرێ، هەروەکوو چۆن مامۆستا ئەگەر لە قوتابی دا و بە لێدانەکە قوتابیەکە مرد. مامۆستاکە دەستەبەر دەبێ و بە بکوژ حسێب دەکرێ!! پێویستە لێدانەکە هەمووی ئاراستەی یەک شوێن نەکرێ لە جێگە ناسک و بەرێزەکانی نەدرێ، وەکوو

دەم و چاو و شەرمگاو سەرپەنجەکان بە گۆچان و عەصا لێی نەدا! بە ئەسپایی لێی بدا و کەر کوژی تێی نەسرەوێنێ!

جا هەرچەندە لێدان لەسەر ئەم شێوەیەو کاتی ناچێژەیی داو بەس لە ئافرەت دروستە، بەڵام زانایان پێیان وایە تەرک کردنی باشترە.

جابیری کوڕی عەبدوڵلا دەگێڕێتەوە، دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ لە کێوی عەرەفات لە شیوەکەی دا وتاری خوێندەوەو فەرموی: (دەربارەی ئافرەتانیش لە خودا بترسن و بێ دادی و ناهەقیان لێ مەکەن رەفتارتان جوان بێ لەگەڵیان، چونکە ئەوان ئەمانەت و سپاردەی خودای گەورەن لای ئێوە، پیاو هەر خیانەت بکا نابێ خیانەت لە ئەمانەتی خودای خۆی بکا. وە ئەوان لەسەر فەرمودەی خوداو بەپێی قسەی شەریعەتی ئەو حەڵاڵ بوون بۆ ئێوە و دێنە باخەڵتانەوەو دەچنە لایان وە مافی ئێوە لەسەر ئەوان ئەوەیە: ئەو کەسەی ئێوە حەزی لێ ناکەن نەیهێننە سەر بەرەتان و نەهێڵن بێنە ماڵتان، جا ئەگەر شتی وایان کرد کە بە دڵی ئێوە نەبوو، ئەوا تا دەتوانن چاوپۆشیان لێ بکەن و بە نەرم نیانی لەگەڵیان دا بجووڵێنەوە، بەبێ هۆیەکی رەوا تەلاقیان مەدەن، بەڵام ئەگەر بەم شێوە شیرینەش چاریان نەکرا، ئەوا شەریعەت رێگەتان دەدا بە ئەسپایی لێیان بدەن.

ئیبنو سەعید و بەیهەقی لە ئوممو کەلثوم -کچی ئەبوبەکری صدیق- دەگێڕنەوە دەڵێ: پیاوان لێدانی ئافرەتانیان لێ قەدەغە کرابوو لای پێغەمبەر ﷺ سکاڵای خۆیان لە دەست ژنەکانیان کرد، پێغەمبەر رێگای پێدان کە لێیان بدەن، دوایی فەرموی ((ولن یضرب خیارکم)) ئەوەی لە ئێوە پیاوی باش بێ لە ژنی خۆی نادا!

لە حەدیسێکی تر هاتووە؛ کە پێغەمبەر ﷺ بەسەر سوڕمانەوە فەرمویەتی: **((أیضرب احدکم إمرأته کما یضرب العبد؟ ثم یضاجعها في آخر الیوم!))** (تاج/٣/ل-١٣٢ ف/١).

ئایا یەکێک لە ئێوە لە خێزانی دەدا وەکوو لە کۆیلە دەدا؟ پاشانیش ئێوارە لەگەڵی رادەکشێ و کاری شەرعی لەگەڵ دەکا؟ ئەم فەرمودانە بە تێکڕا، ئەوە دەگەیەنن کە لێدانی ژن باش نیە و وا باشە وازی لێ بهێنرێ: قورئانیش دەفەرموێ: ﴿**فإمساك بمعروف أو تسريح بإحسان**﴾ البقرة/٢٢٩.

جا ﴿**فإن أطعنكم فلا تبغوا عليهن سبيلا**﴾

ئەگەر فەرمانبەردار بوون و بە قسەیان کردن، ئیتر رێگا چارەی تر مەگرنە بەرو بە شێوەیەکی تر سزایان مەدەن ﴿**إن الله كان عليا كبيرا**﴾ بێگومان خودا بالا دەستەو بە تواناو دەسەلاتە، ئەگەر ستەم لە ئافرەتان بکەن و بەهێزو بازووی خۆتان بنازن، خودا تۆڵەتان لێ دەستێنێ و سزاتان دەدا، ئەمە هەڕەشەیەکی توندە لە پیاوان داکۆکی کردنە لە مافی ژنان. بڕێکیش پێیان وایە ئایەتەکە هەڵنانی تێدایە بۆ مێردەکان کە تۆبە لە خێزانەکانیان قبووڵ بکەن، واتە: لەکاتێکدا خودای بالادەست و بەتوانا، تۆبەی تاوانبار قبووڵ دەکا، ئێوە دەبێ زیاتر ئامادەباشیتان تێدا بێ بۆ تۆبە وەرگرتن و لێبووردوویی.

٤- جا ئەگەر ئەم رێگا چارانە کاریگەر نەبوون؛ پەنا دەبرێ بۆ رێگا چارەی چوارەم کە دەفەرموێ ﴿**وإن خفتم شقاق بينهما فابعثوا حكما من أهله وحكما من أهلها**﴾ ئەگەر زانیتان کە کێشەو ناخۆشی لە نێوان ژن و مێردەکەدا هەیە و گەیوەتە پلەیەک کە لە ناو خۆیاندا بۆیان حەل ناکرێ، ئەوا دادوەرێک لە خزمی مێرد و دادوەرێک لە خزمی ژنەکە بنێرنە لایان، بۆ ئەوەی لە نزیکەوە لە کێشەکەیان بکۆڵنەوە، هۆی ناکۆکییەکەیان دەست نیشان بکەن ﴿**إن يريدا إصلاحا يوفق الله بينهما**﴾ ئەگەر ویست و نیازیان پاک بێ و بەدڵسۆزی بە پیر کێشەکەوە بچن و ئامۆژگاری کردنیان بۆ خودا بێ، خودا کۆششیان بە پیرۆز دەگێرێ، یارمەتیان دەدا، ئاکامی باش بەدەست دێنن و رێکیان دەخەنەوەو خۆشەویستی دەکەوێتەوە نێوانیان ﴿**إن الله كان عليما خبيرا**﴾ بێگومان خودا هەمیشە زانایەو دەزانێ چۆن و بەچی ئاشت دەبنەوەو خۆشەویستی دەکەوێتەوە ناویانەوە!

ئەمجار ئایا فەرمانی (فابعثوا) بۆ وجووبە، یان بۆ ئەدەبە ئیمامی شافیعی -رەزای خوای لێ بێ- دەفەرموێ: فەرمانەکە بۆ وجووبە، چونکە هۆکاریٚ لابردنی زوڵم و ستەمەو فەرزی کیفایە و ئەرکێکی پێویستی سەر شانی قازییە.

بەڵام ئایا مەرجە (حەکەم) ناوبژیکەرەکان خزم وکەس و کاری ژن و مێردەکە بن یا نا؟؟ ئەوە مەرج نیە، بەڵکو وا باشە خزمیان بن، ئەگەر بێگانەش بن قەی ناکا، چونکە ئەوان کارەکەیان دەرخستنی هۆی کێشەکەیەو ئەمجار ناوبژیکردن و رێکخستنی نێوانیانە و شایەتی دانە لەسەر ستەمکار و خەتاباریان، ئەویش بە بێگانە دەست بەر دەبێ، وەکوو چۆن بە خزم دەستەبەر دەبێ. بەڵام چاکٚ وایە ناوبژیکەرەکان لە خزمی ژن و مێردەکە بن، بۆ ئەوەی نهێنی نێوان ژن و مێردەکە زیاتر بپارێزرێ و ناویان نەزرێندرێ، هەروەها چونکە خزم ئاگادار ترن بە حاڵ و چۆنیەتی ژن و مێردەکەو باشتر گرنگی بە رێککەوتنەوەیان دەدەن و کۆڵی پێوە هەڵدەگرن، جێگای بروای ژن و مێردەکەن.

ئەرکٚ و دەسەڵاتی ناوبژیکەرەکان بەلای ئیمامی مالیکٚ و شەعبی و -بەپێی گێرانەوەیەکیش لە ئیمامی عەلی و لە ئیبنوعەبباسەوە- ئەوەیە کە حەکەمەکان دەتوانن: دوای لێکۆڵینەوە بڕیار بدەن بە یەکٚ خستنەوەیان یان بە لێکٚ جیا کردنەوەیان و هیچ پێویست بە رەزامەندی ژن و مێردەکە ناکا؟! چیان بە لاوە باش بوو بەرژەوەندی ژن و مێردەکەیان تێدا ببینن دەتوانن بڕیاری لەسەر بدەن و دەسەڵاتێکی شەرعی و قەضائی خۆیانە بەڵام هەر دەتوانن یەکٚ تەڵاقی بدەن، بە بینوونەی صوغرا، واتە: جیابوونەوەی بچووکٚ.

ئیبنوعەرەبی دەڵێ: (حكما من أهله وحكما من أهلها) بە ئاشکرا ئەوە دەگەیەنێ: کە ئەو دوو حەکەمە بریکار (وەکیل) نین بەڵکو قازی و دەسەڵاتدارن و دەتوانن حوکم بکەن بەیەکٚ کەوتنەوەیان، یا بەلێکٚ جیابوونەوەیان! شافعی و حەنبەلی یەکان دەڵێن: حەکەمەکان بەبێ رەزامەندیی ژن و مێردەکە، ناتوانن بڕیاری لێکٚ جیا بوونەوەیان بۆ بدەن، چونکە ئەوان (وەکیل)ن نەکٚ قازی.

حەنەفی‌یەکان دەڵێن: ئاکامی لێکۆڵینەوەکەیان ئەوەیە: بیروڕای خۆیان بەرامبەر بە کێشەکەیان دەکەنە راپۆرت و بەرزی دەکەنەوە بۆ بەردەم قازی و لەبەر رۆشنایی راپۆرتەکەی ئەوان دا قازی فەرمانی تەلاق دەردەکا!

واتە: حەکەمەکان دەسەلاتی تەلاقیان نیە، مەگەر قازی بە رەسمی ئەو دەسەلاتەیان بداتێ: کەوابوو رای حەنەفی‌یەکانیش هەروەکوو رای شافیعی و حەنبەلی‌یەکانە.

ئایەتەکە شتێکی وای تێدا نیە، پشتگیری رایەکێ لەم رایانە بکا، بەڵکو بۆ هەر یەکێ لەو رایانە دەتوانین تێلنیشان و ئاماژەی لێ دەربێنین.

رای یەکەم پشت بەوە دەبەستێ، دەڵێ: قورئان ناوبژێکارەکانی ناو ناوە حەکەم، (حەکەم)یش حاکم و دادوەرە دادوەریش دەسەلاتی بڕیار دانی هەیە!

رای دووەم لەم روانگەوە بۆ باسەکە دەچێ؛ دەڵێ ئایەتەکە تەنها دەسەلاتی ئیصلاح و رێکخستنەوەی پێداون و جگە لەوە دەسەلاتی تریان نیە. جا هەر چەند مەسەلەکە ئیجتیهادی و جێگای لێکۆڵینەوەیە، هەر رایەش بەڵگەو تێڕوانینی خۆی هەیە، بەلام رای دووەم ویچوتر دێتە بەر چاو، چونکە ژن و مێردەکە پێش ناردنی حەکەمەکە ناچار نین کە تەلاق و فیدیە رەچاو بکەن، دوای ناردنی حەکەمەکانیش لەو بارەوە ناچار ناکرێن. کەوابوو خستنی تەلەق‌لە مێردەکەو ماڵ پێدان لە لایەن ئافرەتەکەوە پێویستی بە رەزامەندیی هەردووکیان هەیەوە دەسەلاتی حەکەمەکان نیە. ئەمجار ئەگەر حەکەمەکان خۆیان کێشەیان لەناودا پەیدا بوو، ئەوە قسەی هیچ لایەکیان وەرناگیرێ هەر شتێک هەردوو لایان لەسەری کۆک نەبن بە هیچ حسێب دەکرێ.

رەوایە بۆ ژن و مێردەکە کە یەک کەس بکەن بە حەکەم و لە پێشەوە بە بڕیارەکەی رازی بن، ئەو کاتە ئەو چی بڕیار دا دەربارەیان حوکمەکەی رەوایەو دەبێ جێ بەجێ بکرێ.

ڕەوشتی قورئانی: یەکتاپەرستی، چاکە کردن لەگەڵ باوک و دایک و خزم و دراوسێ دا، ماڵ بەخشین بۆ ڕیابازی ناپەسەندە

﴿وَٱعْبُدُواْ ٱللَّهَ وَلَا تُشْرِكُواْ بِهِۦ شَيْـًٔاۖ وَبِٱلْوَٰلِدَيْنِ إِحْسَٰنًا وَبِذِى ٱلْقُرْبَىٰ
وَٱلْيَتَٰمَىٰ وَٱلْمَسَٰكِينِ وَٱلْجَارِ ذِى ٱلْقُرْبَىٰ وَٱلْجَارِ ٱلْجُنُبِ وَٱلصَّاحِبِ
بِٱلْجَنۢبِ وَٱبْنِ ٱلسَّبِيلِ وَمَا مَلَكَتْ أَيْمَٰنُكُمْۗ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ مَن كَانَ
مُخْتَالًا فَخُورًا ﴿٣٦﴾ ٱلَّذِينَ يَبْخَلُونَ وَيَأْمُرُونَ ٱلنَّاسَ بِٱلْبُخْلِ وَيَكْتُمُونَ
مَآ ءَاتَىٰهُمُ ٱللَّهُ مِن فَضْلِهِۦۗ وَأَعْتَدْنَا لِلْكَٰفِرِينَ عَذَابًا مُّهِينًا ﴿٣٧﴾ وَٱلَّذِينَ
يُنفِقُونَ أَمْوَٰلَهُمْ رِئَآءَ ٱلنَّاسِ وَلَا يُؤْمِنُونَ بِٱللَّهِ وَلَا بِٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِۗ
وَمَن يَكُنِ ٱلشَّيْطَٰنُ لَهُۥ قَرِينًا فَسَآءَ قَرِينًا ﴿٣٨﴾ وَمَاذَا عَلَيْهِمْ لَوْ
ءَامَنُواْ بِٱللَّهِ وَٱلْيَوْمِ ٱلْءَاخِرِ وَأَنفَقُواْ مِمَّا رَزَقَهُمُ ٱللَّهُۚ وَكَانَ ٱللَّهُ بِهِمْ
عَلِيمًا ﴿٣٩﴾

ئەمجار وەکوو زانیمان هەر لە سەرەتای سورەتەکەوە ئایەتەکان دەربارەی ڕێکخستنی خێزان دەدوێن و پەیوەندی نێوان ئەندامەکانی دیاریی دەکەن و، شێوەی هەڵس و کەوت لەگەڵ یەکتریی‌دا ڕوون دەکەنەوە وەکوو تاقی کردنەوەی هەتیوو منێ کردنی گێل و نەزان لە سەوداو مامەڵە کردن و چۆنیەتی مامەڵەو ڕەفتار کردن لەگەڵ ئافرەتدا، کەوابوو گونجاوە خوای گەورە بڕێ مافی گشتی و بەهێز کردنی پەیوەندی خزمایەتی و هاوسێییەتی و دۆستایەتی و چۆنیەتی ماڵ خەرج کردن

و ماڵ بەخشین لە ڕێگای خوادا دەست نیشان بکاو ڕوونیان بکاتەوە، ماڵ بەخشینێک پەسندە بۆ ڕیابازی و ناو و شۆرەت نەبێ، ئەم ئامۆژگارییانەی بە فەرمان کردن بە خودا پەرستی دەست پێ کردوو فەرموی:**﴿واعبدوا الله ولا تشركوا به شيئا﴾** پاش ئەوەی پەروەردگار ژن و مێردی ئامۆژگاری کردن کە لەگەڵ یەکتری مامەڵەیان باش بێ، فەرمانی بە حەکەمەکان کرد کە هەوڵی ڕێکخستنەوەی ژن و مێردی لێک زوویر بوو بدەن و کێشەکەیان بۆ حەل بکەن، ئەمجار دێ ڕێنومایی ئادەمیزادان بە گشتی دەکا بۆ پەیڕەو کردنی چەند ڕەفتارێکی جوان کە لە کاتی مامەڵەو پەیوەندی کردن بە یەکترەوە پابەندی بن و خۆیانی پێ ئارایشت بدەن، وە یەکە یەکە باسیان دەکەین:

١-**﴿واعبدوا الله﴾** بەندایەتی خودا بکەن، دەستە گوڵی هەمویان خودا پەرستی‌یە، واتە: ئەوپەڕی گەردنکەچی بۆ خودای گەورە نیشان بدەین، هەرچی فەرمانێکی پێمان کردووە بە جوانی ئەنجامی بدەین، وە نەی لە هەرچی کردووە لیێ دوور بکەوینەوە.

٢-**﴿ولا تشركوا به شيئا﴾** دووەمیش پەروەردگار فەرمانمان پێ دەکا: کە کەس مەکەن بە هاوەڵ و هاوتای و جگە لە خودا کەسی تر بەخودا مەزانن. دیارە شەریک بۆ خودا قەرار دان چەند جۆرێکی هەیە؛ جۆرێکیان وەکوو ئەوەی کە عەرەبەکانی سەردەمی نەزانی بتیان دەپەرستن و بە خەیاڵی خۆیان ئەو بتانە لە خودایان نزیک دەکەنەوە، وەکوو قورئان دەربارەیان دەفەرموێ: **﴿ويعبدون من دون الله مالا يضرهم ولا ينفعهم، ويقولون هؤلاء شفعاؤنا عند الله، قل أتنبئون الله بما لا يعلم في السموات والأرض، سبحانه وتعالى عما يشركون﴾** یونس/١٨

جۆرێکی تری شەریک بۆ خودا قەرار دان ئەوەیە کە خودا لە مەسیحی‌یەکانەوە بۆمان دەگێڕێتەوە؛ کە ئەوان عیسایان بە خودا زانیوە، دەفەرموێ: **﴿إتخذوا أحبارهم ورهبانهم أربابا من دون الله، والمسيح بن مريم وما أمروا إلا ليعبدوا إلها واحدا لا إله إلا هو سبحانه عما يشركون﴾** التوبة/٣١

چەند جۆرێکی تریشی هەیە لە شوێنی تایبەتی خۆی دا باس کراوە.

٣-﴿وبالوالدين إحسانا﴾ چاکە کردن لەگەڵ باوک و دایک دا، پەروەردگار لەچەند شوێن دا چاکە کردنی لەگەڵ باوک و دایک جوت کردووە بە عیبادەت کردنی خۆی و یەکتاپەرستی، وەکوو ئەم ئایەتەی ئێرەو ئایەتی **﴿وقضى ربك ألا تعبدوا إلا إياه وبالوالدين إحسانا﴾** الإسراء/٢٣

یان ئایەتی: **﴿أن اشكر لي ولوالديك إليّ المصير﴾** لقمان/١٤

چاکە لەگەڵ دایک و باوک بریتییە لە بەگوێ کردنیان و خزمەت کردنیان و هەوڵ دان بۆ دابین کردنی پێداویستیان و خۆ پاراستن لە هەر شتێک کە زیانیان پێ بگەیەنێ! چونکە ئەوان هۆی دیاری سەبەب ظاهیر-ین بۆ پەیدا بوونی منداڵ و ئەوان ئێمەیان پەروەردە کردووەو بەخێویان کردووین و باوەشی سۆز و خۆشەویستیان بۆ کردووینەوە.

ئیبنو عەرەبی دەڵێ: چاکە کردن لەگەڵ دایک و باوک دا پایەیەکی ئایینە چاکە کردن لەگەڵیان دا بە گوفتار و کردار دەبێ، نابێ لە روویاندا وشەیەک بڵێین دڵیان ئازاری پێ بگا؛ وەکوو قورئان دەفەرموێ: **﴿ولا تقل لهما أف ولا تنهرهما﴾** الإسراء/٢٣

٤-﴿وبذي القربى﴾ چاکە کردن لەگەڵ خزم و کەس و کاردا بەجێ هێنانی صیلەی رەحم لەگەڵ براو خوشک و مام و خاڵ پور و مناڵەکانیان دا. پەیوەندی و هاموشۆکردن و دڵدانەوەیان لە کاتی ناخۆشی دا، یارمەتی دان و بە پیرەوە چوونیان لە کاتی پێویستی دا، ئەمەش سەردەکێشێ بۆ پتەوبوونی پەیوەندی خێزان و دڵ بەیەکتر خۆش کرن و یەک گرتنی کۆمەڵ و پێشکەوتنی وڵات. هەروەکوو، چۆن لە سەرەتای ئەم سورەتەدا فەرموی **﴿واتقوا الله الذي تساءلون به والأرحام﴾**.

٥-﴿واليتامى﴾ چاکە کردن لەگەڵ هەتیوان و بێ باوکان.. پەروەردگار لە سەرەتای ئەم سورەتەو لە شوێنی تریش دا فەرمانی پێ کردوین کە چاومان لە

هەتیوان بـێ و چاکـەیان لەگـەڵ دا بکـەین، چونکـە ئـەوان بـاوکێ کـە پشـتیوان و یارمەتیدەری ئینسانە لە ژیانی دا- نەیان ماوە، دەبێ وا هەڵس و کەوتیان لەگـەڵ دا بکەین کەلێنی بێ باوکیان بۆ پڕ بکەینەوە!!

ئیبنو عەبباس دەڵـێ: چاکـە کـردن لەگـەڵ هـەتیو دا ئەوەیـە بـە هێـدی و هێمنی لەگەڵیدا بجوڵێیەوەو بە جوانـی بـەخێوی بکـەی و ئەگـەر سەرپەرشـتیاری بووی و ماڵ و دارایی باش بپارێزی.

٦-﴿والمساكين﴾ چاکە کردن لەگەڵ هەژاران دا ئەوانەی کە نـاتوانن بژێـوی خۆیان دابین بکەن، چاکە کردن لەگەڵ ئەوان دا بەوە دەبێ خێریـان پـێ بکـەی یـان بەشێوەیەکی جوان بەڕێیان بکەی وەکـوو دەفـەرموێ: ﴿وأما السائل فلا تنهر﴾ الضحى/١٠ ئەمەش لـە بنـەما سـەرەکیەکانی یاسـای هاریکـاری (التكـافل)ی کۆمەلایەتیە لە ئیسلام دا.

٧- ﴿والجار ذي القربى﴾ چاکە کردن لەگەڵ دراوسێی نزیک یان دراوسێی خـزم یـان هاوسـای هاوئـایین (هاوسـێی وا هـەیـە هـەر سـێ جۆرەکـەی تیـادا کۆدەبێتەوە) چاکە کردن لەگەڵ هاوسێ دا بناغەی یارمەتیدان و بەستنی پەیوەندی و دروست بوونی خۆشەویستی هەست کردن بە کامەرانیە.

٨-﴿والجار الجنب﴾ چاکە کردن لەگەڵ هاوسێی دوور یان هاوسـێیەک کـە خزم نەبێ.. بێگومان ئایینی ئیسلام موسوڵمانانی هەڵناوە بـۆ چاکـە کـردن لەگـەڵ هاوسێ دا تەنانەت ئەگەر ئەو هاوسێیە موسوڵمانیش نەبێ، ئەوەتا پێغەمبـەر ﷺ سەردانی جولەکەیەکی هاوسێی کرد کە نەخۆش بوو! عەبدوڵلای کوڕی عومـەر ﷺ مەڕێکی سەربڕی دوو سێ جـار لـە خزمەتکارەکـەی دووبـارە کـردەوە پـێی گـوت: بەشی ماڵە جولەکەکەی هاوسێمانتان نارد؟!

ئیبنو عومەر و عائیشە رەزای خوایان لێ بێ- فەرموویان: پێغەمبـەر ﷺ فەرموی: (جوبرائیل ئەوەندە بەزۆری ئامۆژگـاری و راسـپێری کـردم، سـەبارەت بـە مـافی دراوسێ لەسەر دراوسێ، تەنانەت وام زانی کـە دراوسـێ کەلـەپوور و مـیرات دەگرێ (ریاض/١ل-٣١٣)

موسلیم و بوخاری فەرمودەیەک دەگێڕنەوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی ((من كان يؤمن بالله واليوم الآخر فليكرم جاره)) واتە: هەرکەسێ باوەڕی ساغی بە خوداو بەرۆژی دوایی هەیە با ڕێزی دراوسێی بگرێ)) ئەمجار ماوەتەوە ئەوە بزانین کێ بە دراوسێ دەژمێردرێ؟ ئەوەعورف و عادەتی وڵات دیاری دەکا، حەسەنی بەصری دەڵێ: تا چل ماڵ لە هەرچوار لاوە بە هاوسێ حسێب دەکرێ!

ڕێزگرتنی هاوسێ زۆر جۆری هەن وەکوو یارمەتیدان و کۆمەکی پێ کردنی، ئەگەر هەژار بێ، وەکوو مامەڵەو هەڵس و کەوتی جوان لەگەڵ دا کردنی و ئەزیەت نەدانی و زیان دوور خستنەوە لێی! دیاری بۆ ناردن و بانگ کردنی بۆ نان خواردن و دیدەنی کردن و چوون بۆ لای نەخۆشی، ئەگەر نەخۆشیان هەبوو.

٩-﴿والصاحب بالجنب﴾ چاکە کردن لەگەڵ هاوڕێ، هاوڕێش جۆری زۆرە، وەکوو هاوڕێی خوێندن و هاوڕێی سەفەر و کار و پیشە، هاوڕێی مزگەوت و کۆڕ و کۆمەڵ، ئیمامی عەلی دەفەرموێ: مەبەست بە ﴿والصاحب بالجنب﴾ حەلاڵ و هاوسەرە کەوا لە پاڵتا.

١٠-﴿وابن السبيل﴾ چاکە کردن لەگەڵ ڕێبوار، واتە: کەسێک کە لە ماڵ و نیشتمانی خۆی دوور کەوتبێتەوە یارمەتی بدەی بگاتەوە وڵاتی خۆی، یان یارمەتی بدرێ بگاتە مەبەستی خۆی.

١١-﴿وما ملكت أيمانكم﴾ چاکە کردن لەگەڵ کۆیلەکان چ مێیینە بن و چ نێرینە، ئەوەبوو پێغەمبەر ﷺ لەسەرەمەرگا لە دوا ئامۆژگارییەکەیدا، داوای لە موسوڵمانان کرد کەلەگەڵ کۆیلەکاندا مامەڵەو ڕەفتاریان جوان بێ، بەگشتی ئامۆژگاری پێغەمبەر ﷺ لەسەرەمەرگ دا ئەوە بوو فەرموی: **((الصلاة وما ملكت ايمانكم))** ((ئاگاداری نوێژ بکەن و چاوی خێرتان لەژێر دەستەکانتان بێ!)).

ئیمامی بوخاری و موسلیم فەرمودەیەک دەگێڕنەوە کە پێغەمبەر ﷺ دەربارەی کۆیلەکان فەرمویەتی: **((هم إخوانكم وخولكم، جعلهم الله تحت ايديكم))**.

١٢،١٣- حەرامی خۆ بە زلزانی و خۆهەڵنانەوەو لە خۆبایی بوون ﴿إن الله لا يحب من كان مختالا فخورا﴾ بێگومان خودا كەسێكی خۆش ناوێ كە دەعیە كەر و خۆ بادەر و خۆبەزلزان و خود پەسەند بێ.

بە تەكەببورو فیزو دەعیە ناژمێردرێ: كەسێك ویقاری خۆی بگرێ و رێز بۆ خۆی دانێ، نەفس بەرز بێ، لەگەڵ ئەدەب و حیشمەت دا، ماڵ و خانوو بەرەی خۆی برازێنێتەوە، خۆشرۆ (سەیارە)و پۆشاكی جوان و نایابی هەبێ، ئەبو داوود و تیرمذی لە ئیبنو مەسعوود دەگێرنەوە دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی ((لا يدخل الجنة من كان في قلبه مثقال ذرة من كبر)) واتە: ((كەسێ بە قەد تۆسقاڵێ فیز و دەعیەی لە دڵ دابێ ناچێتە بەهەشت)) پیاوێكیش عەرزی كرد وتی: قوربان! هەیە پێی خۆشە پۆشاكی خاوێن بێ، پێڵاوی جوان بێ ئەی ئەوە چۆنە، پێغەمبەر ﷺ فەرموی: ((إن الله جميل يحب الجمال)).

واتە: ((ئەوە دانانرێ بە فیز و دەعیە، ئەوە خۆ جوان كردنە بە یەكێ لە نیشانەو سیفەتەكانی خودا، خودا خۆشی جوانە و جوانیی پێ خۆشە)).

ئەمجار پەروەردگار رەوشتی لوتبەرز و خۆبەزلزان و لەخۆرازییانمان بۆ روون دەكاتەوە دەفەرموێ: ﴿الذين يبخلون ويأمرون الناس بالبخل ويكتمون ما آتاهم الله من فضله﴾ ئەوانەی بەخیلی لە ماڵ و دارایی خۆیان دا دەكەن و وەكوو خودا فەرمانی پێ كردوون لێی نابەخشن، چاكەی پێ لەگەڵ باوك و دایك دا ناكەن، یارمەتی خزم و هەتیو هەژار و هاوسێیانی پێ نادەن زەكاتی شەرعی لێ دەرناكەن سەرەڕای ئەوەیش ئامۆژگاری خەڵكی تر دەكەن كە رژدو چرووك بن. ئەو ماڵ و سامانەی هەیانە دەیشێرنەوەو نیشانەی نیعمەتی خودایان لەسەر دەرناكەوێ، دڵیان نایێ بۆ خودی خۆشیان خەرجی بكەن، هەمیشە خۆیان بە هەژار دەخەنە بەرچاو، هەروا هەموو بەهرەو چاكەیێ كە خودا داوێتی پێیان دەشارنەوە، وەك زانست و دەسەڵات و توانایی و شتی تری وا.

ئیبنو ئیسحاق و ئیبنو جەریر لە ئیبنو عەبباسەوە دەگێڕنەوە دەڵێ: کۆمەڵێک لە جوولەکەکان دەچوونە لای چەند کەسێک لە یاریدەدەران (الأنصار) و ئامۆژگاریان دەکردن کەماڵ و دارایی خۆیان نەبەخشن دەیانگوت: دەترسین ئێوە هەژار ببن، پەلەپەل مەکەن لە ماڵ بەخشین دا کێ دەزانێ رۆژگار چۆن دەبێ؟ کێ دەڵێ: ئێوەش هەژار نابن. ئیتر ئەم ئایەتە هاتە خوارێ ﴿**الذین یبخلون تا- وکان الله به علیما**﴾. پێغەمبەریش ﷺ دژی بەخیلی بووە فەرمویەتی ((**وأي داء أدوأ من البخل**)) واتە: ((چ دەردێ هەیە کە لە دەردی رەزیلی کوشندە تر بێ!))؟ ئەبو داوود و حاکم لە عەبدوڵلای کوڕی عومەرەوە فەرمودەیەک دەگێڕنەوە کە پێغەمبەر فەرمویەتی: ((**إیاکم والشح، فإنه هلك من کان قبلکم بالبخل، أمرهم بالبخل فبخلوا، وأمرهم بالقطیعة فقطعوا، وأمرهم بالفجور ففجروا**)) بۆ هەموو رەوشتێک لەو رەوشتە ناشیرینانەی بەخیلی پەروەردگار تۆڵەی بە ئێشی ئامادە کردووەو دەفەرموێ: ﴿**وأعتدنا للکافرین عذابا مهینا**﴾ ئامادەمان کردووە بۆ ئەوانە بە هۆی لوتبەرزی و بەخیلی و ناشکوری کردنیان سزایێ کە سەرباری ئێش و ئازاری زۆری- سووکایەتی پێ کردنیشی تیادایە، ئەو سزایە پڕاوپڕی کردەوە ناپەسەندەکانیانە، خودا ئەو لە خۆڕازی و بەخیلانەی بەکافر ناو بردوە، چونکە کردەوەکانیان کردەوەی کافرانە، نەک هی موسوڵمان، هەروەها چونکە (کفـر) بەمانا داپۆشین و شاردنەوە هاتووە، بەخیلیش نیعمەتی خودا دەشارێتەوەو ئینکاری دەکا. پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ((**إن الله تعالی یحب أن یری أثر نعمته علی عبده**)) واتە: ((خودای گەورە پێی خۆشە کە نیشانەی ناز و نیعمەت و چاکەی خودا لەگەڵ بەندەی خۆیدا بە بەندەکەوە دیار بێ)).

(تیرمذی و حاکم لە ئیبن عومەرەوە گێڕاویانەتەوە) پێغەمبەر ﷺ کە دەپاڕایەوە دەیفەرمو: ((**واجعلنا شاکرین لنعمتك مثنین بها علیك، قابلیها، وأتممها علینا**)). خودایە! بمانکە بە سوپاسگوزاری بەهرەکانت، بیانکەین بە مایەی وەسپ و ستایشی تۆ، پێیان رازی بین و لەقەیان لێ نەدەین، خودایە!

تەواویان بکە بۆمان)) هەندێ لە زانایانی سەلەف فەرمویانە مەبەست لەو بەخیلی‌یەی ئایەتەکە باسی دەکا شاردنەوەی ئەو زانیاری‌یە بوو کە جوولەکەکان دەربارەی رەوشت و نیشانەی پێغەمبەر لایان بوو دەیانشاردنەوە، بۆیە بە کافری ناوبردن و فەرموی: ﴿وأعتدنا للكافرين عذابا مهينا﴾ جاوەکوو ئاشکرایە ئەهلی فەخر و لەخۆرازی بوو دوو جۆرن جۆرێکیان ئەوەبوو باسمان کردن کە رژدو بەخیل و چاوچنۆکن، ناز و نیعمەتێک کە خودا پێی داون دەیشێرنەوە، جۆرێکی تر ماڵ و دارایی خۆیان دەبەخشن بۆ ریابازی و ناووشۆرەت ئەم تاقمەش لە تاقمی پێشوو باشتر نین و بۆیە دوا بە دوای کۆمەڵی پێشوو باسی ئەمانی کردووە، فەرموی: ﴿والذين ينفقون أموالهم رئاء الناس ولا يؤمنون بالله ولا باليوم الآخر﴾ ئەوانەی ماڵ و دارایی خۆیان دەبەخشن بۆ ریابازی و ناووشۆرەت،مەبەستیان بە ماڵ بەخشینەکە، رەزامەندی خودا نیە، بڕوایان بە خوداو زیندوو بوونەوەی رۆژی قیامەت نیە، باوەڕیان بە حیساب و لێکۆڵینەوەی رۆژی قیامەت نیە.

لە فەرموودەی چەسپاو لە پێغەمبەرەوە هاتووە کە سێ کەس یەکەم جار ئاگری دۆزەخیان پێ دادەگیرسێ زاناو غەزاکەر و بەخشندە- ئەوانەی بەکارەکەیان ریابازی دەکەن، جا بەخشندە دەڵێ: خودایا من لە دونیادا هەر شتێکی تۆ پێت خۆش بووبێ ماڵی تێدا ببەخشم ماڵم تێدا بەخشیوە پەروەردگار دەفەرموێ: درۆ دەکەی: تۆ بۆیە ماڵت بەخشیوە تا پێت بڵێن: سەخی و دڵ فراوان، ئەوەشیان پێ گوتوی و لە دونیادا پاداشتی خۆتت وەرگرتۆتەوە، ئەو ریابازانە نە بڕوایان بە خودا هەیە، نە بڕوایان بە رۆژی دوایی هەیە. ئەوانە شەیتان هەڵی خەڵەتاندوون و لە خشتەی بردوون! ﴿ومن يكن الشيطان له قرينا فساء قرينا﴾ کەسێک شەیتان رێ پیشاندەر و هاوڕێی بێ ئەوە هاوڕێیەکی خراپی هەیە، واتە: ئەوەی کە ئەوانی هەڵناوە بۆ بەخیلی و رژدی، بۆ خراپە کردن و ریابازی شەیتانە و شەیتانیش هاوڕێ و مامۆستایەکی خراپەو ئەوانەی بەگوێی دەکەن، لە شەڕ و نەگبەتی دا حاڵیان لە حاڵی شەیتان خراپترە!

ئەمە ئاماژەی ئەوەشی تێدایە کە پێویستە ئینسان خۆی لە هاوڕێی خراپ دوور بخاتەوەو هەوڵ بدا برادەری صالح و باش بۆ خۆی پەیدا بکا.

﴿وماذا علیهم لو آمنوا بالله والیوم الآخر وأنفقوا مما رزقهم الله﴾ ئەوانە چ زیانێکیان تووش دەبوو ئەگەر بەڕاستی بڕوایان بە خودا بکردایە و ڕۆژی قیامەتیان بە حەق بزانیایە و کاریان بۆ ئەو ڕۆژە سامناکە بکردایە، لەو ماڵ و دارایی‌یەی کە خودا پێی داون بەخشندە بوونایە و لەبەر خاتری خوداو بەدەست هێنانی ڕەزامەندی ئەو کاریان بکردایە، ئاوا خەسارەتمەندی دونیاو قیامەت نەدەبوون!! ﴿وکان الله بهم علیما﴾ خودا ئاگاداری نیازونیەتی باش و خراپی ئەوانەیە، دەزانێ کێ شیاوی تەوفیق و یارمەتی دانە دەیخاتە سەر ڕێگای ڕاست؛ کێ شیاوی نەفرەت لێ کردنە وازی لێ دێنێ و بەری بۆ بەرەڵلا دەکا، ئەمجار لە قیامەت دا پاداش و سزای هەموو کەسێ بەپێی کردەوەی خۆی دەداتەوە، هیچی لێ هون نابێ و هەموو کردەوەیەکێ پاداشی خۆی دەدرێتەوە، کەوابوو پێویستە موسوڵمان کردەوەو گوفتاری ساخ بۆ خودا بێ و هەر لە ئەویش چاوەڕوانی پاداش بێ

هەڵنان بۆ فەرمانبەرداری خوداو پێغەمبەر، ترساندن لەسەر پێچی کردنی فەرمانەکانیان

إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَظۡلِمُ مِثۡقَالَ ذَرَّةٖۖ وَإِن تَكُ حَسَنَةٗ يُضَٰعِفۡهَا وَيُؤۡتِ مِن لَّدُنۡهُ أَجۡرًا عَظِيمٗا ﴿٤٠﴾ فَكَيۡفَ إِذَا جِئۡنَا مِن كُلِّ أُمَّةِۭ بِشَهِيدٖ وَجِئۡنَا بِكَ عَلَىٰ هَٰٓؤُلَآءِ شَهِيدٗا ﴿٤١﴾ يَوۡمَئِذٖ يَوَدُّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ وَعَصَوُاْ ٱلرَّسُولَ لَوۡ تُسَوَّىٰ بِهِمُ ٱلۡأَرۡضُ وَلَا يَكۡتُمُونَ ٱللَّهَ حَدِيثٗا ﴿٤٢﴾

پوختەی مانای ئەم ئایەتانە بریتی‌یە لە هەڵنانی خودایی بۆ بەندەکانی کە پابەندی فەرمانی خودا بن و ئەو شتانەی نەهییان لێ کراوە نزیکی نەکەونەوە، واتە: هەڵنانی ئادەمیزادانە بۆ پابەند بوون بەو فەرمان و نەهییانەی لە ئایەتەکانی پێشوودا ئاماژەیان بۆ کرا. دەفەرموێ:

﴿إن الله لا يظلم مثقال ذرة وإن تكن حسنة يضاعفها ويؤت من لدنه أجرا عظيما﴾ دڵنیا بن: کە خودا قەت زۆروستەم لەکەس ناکا، ئەگەر چی بەقەد دەنکە خەرتەلەیەکیش بێ، یا لەوەیش کەمتر بێ، تەنانەت بەقەد سەنگی گەردیلەیێ ناهەقی لە کەس ناکا، وەکی تریش ئەگەر چاکە بەقەد تۆسقاڵێکیش بێ، خودا بەرەکەتی تێ دەخا و پاداشی خاوەنەکەی دووچەندانە و چەند چەندانە دەداتەوە، وەکوو لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێ: **﴿ونضع الموازين القسط ليوم القيامة فلا تظلم نفس شيئا وإن كان مثقال حبة من خردل أتينا بها وكفى بنا حاسبين﴾** الأنبياء/٤٧ یان لەم ئایەتەی تردا لەسەر زوبانی لوقمان دەفەرموێ: **﴿يابني إنها إن تك مثقال حبة من خردل فتكن في صخرة أو في السموات أو في**

الأرض یأت بها الله إن الله لطیف خبیر﴾ لقمان/١٦ لە حەدیثی شەفاعەت دا کە موسلیم و بوخاری لە ئەبو سەعیدی خودرییەوە هێناویانە حەدیثەکە دوور و درێژە ئەمەی تێدایە:

((**فیقول الله عز وجل! ارجعوا فمن وجدتم في قلبه مثقال حبة من خردل من إیمان فأخرجوه من النار))** لە گێڕانەوەیەکی تردا هاتووە: **((ادنی أدنی مثقال ذرة من إیمان فأخرجوه من النار))** ئیتر زۆر خەڵک لە دۆزەخ دەردەهێنن جا ئەبو سەعیدی خودری وتی: بۆ زیادە دڵنیایی بچن ئایەتی: **﴿إن الله لا یظلم مثقال ذرة ...﴾** بخوێننەوە بۆ پشتیوانی ئەم فەرموودەیە.

بە پوختی مانای ئایەتەکە ئەوە دەگەیەنێ کە پەروەردگار لە پاداشی کردەوەی هیچ کەسێک تەنانەت ئەگەر زۆر کەمیش بێ- کەم ناکاتەوە! بەناڕەواش سزای کەس نادا، چونکە ستەم نیشانەی ناتەواوی ستەمکارە، خوداش لە ناتەواوی بە دوورەو کەماڵی موطلەقی هەیە.

ئەگەر کەسێک دوای ئەوەی کە خودا عەقڵ و هۆشی داوەتێ تاوانێک بکا ئەوا بۆ خۆی کردوە **﴿وما ربك بظلام للعبید﴾**- فصلت/٤٦ جالەگەڵ ئەوەدا پەروەردگار پاداشی هیچ کردەوەیەکی باش کەم ناکاتەوە تەنانەت ئەگەر بە ئەندازەی گەردیلەیەکیش بێ- پاداشی چاکە دووچەندانەو چەند چەندانە دەکاتەوە تا دەگاتە دە هێندە و حەوت سەد هێندە و زیاتریش، بەڵام خراپە هەر بە ئەندازەی خۆی سزای لەسەر دەدرێتەوە، وەکوو دەفەرموێ: **﴿من جاء بالحسنة فله عشر أمثالها ومن جاء بالسیئة فلا یجزی إلا مثلها وهم لا یظلمون﴾** الأنعام/١٦٠

کە لە کۆتایی ئایەتەکەدا دەفەرموێ: **﴿ویؤت من لدنه أجرا عظیما﴾** ئەمەش زیادە فەزڵێکە، کەهەر بەوەندە ناوەستێ پاداشی دووچەندانە بکاتەوە وبەس، بەڵکو پاداشی بێ بەرامبەریش دەدا واتە: پاداشی تریش دەدا بەبێ ئەوەی

کابرا چاکەی لەبەرامبەری دا هەبێ! خودا خەزێنەی رەحمەتی فراوان و پڕە، چەندێکی لێ ببەخشێ لێی کەم نابێتەوە.

دەی کە ئەمە یاسای پاداش بێ و خودا ئەوەندە بە رەحم و سۆز بێ بۆ بەندەکانی، جێی خۆیەتی کە بەشێوەیەکی تەعەجوب دەفەرموێ: ﴿فكيف إذا جئنا من كل أمة بشهيد وجئنا بك على هؤلاء شهيدا﴾!! واتە: ئەو بێبڕواو جوولەکەو گاور و خوانەناسانەی کە سەرپێچی‌یان لە فەرمانەکانی پەروەردگاری بەرەحم و دادپەروەری خۆیان کردووە، دەبێ حاڵیان چۆن بێ لەو رۆژەدا کەهەڵەی خۆیان بۆ دەردەکەوێ و رووبەڕووی سزاو تۆڵەی سەختی تاوانی خۆیان دەبنەوە بەتایبەتی پاش ئەوە کە پێغەمبەری هەموو نەتەوەیێ، بە فەرمانی ئێمە دێ و دەبێ بە شایەت لەسەریان، ئەوجا تۆیش دێنن ئەی موحەممەد! دەبی بە شایەت بۆ پێغەمبەران کە ئەوان ئەرکی سەرشانی خۆیان بەجێ هێناوە، جا نەتەوەکە چیان کردووە پێغەمبەرەکەیان شایەتیان لەسەر دەدا وەکوو لەسەر زوبانی عیسا دەفەرموێ: ﴿وكنت عليهم شهيدا ما دمت فيهم﴾ المائدة/١١٧.

ئەمجار ئەی موحەممەد! تۆ دێنین و دەتکەین بە شایەت بەسەر ئەو خوا نەناسانەوە.. عەبدوڵلای کوڕی مەسعوود دەڵێ: سورەتی (النساء)م بۆ پێغەمبەر خوێندەوە تا ئەوەی کە دەفەرموێ: ﴿وجئنا بك على هؤلاء شهيدا﴾ ئیتر پێغەمبەر گریاو فەرموی: (حسبنا) ئەمەمان بەسە.. ئەمە ئاماژەو بەڵگەیە لەسەر ئەوە کە کردەوەی گەل و نەتەوەکان بەسەر پێغەمبەرەکانیان دا رادەنوێندرێ. هەر لە مانای ئەم ئایەتەدا ئایەتێکی تر هەیە کە دەفەرموێ: ﴿وكذلك جعلناكم أمة وسطا لتكونوا شهداء على الناس ويكون الرسول عليكم شهيدا﴾ البقرة/١٤٣.

واتە: ئەم گەلی ئیسلامە بەڕەوشتی جوان و ئیمانی پتەوو بوونیان بە دوا گەل و ئاخر نەتەوەی بڕوادار، کە خاوەن عەقیدەیەکی پاک و پیرۆزی مام ناوەندی بن، بوون بە شایەت لەسەر گەل و پێشینەکان و چاودێرن بەسەریانەوە کە ئەوانە لە رێبازی پێغەمبەرەکانیان لایان داوە، پێغەمبەری ئیسلامیش لە روانگەی رەفتاری بەرز و ژینامەی پاک و سوور بوونی لەسەر هەڵوێستی راست و حەق، بەڵگەیە

لەسەر ئەوانەی کە ڕێبازی ئەویان گوم کردووە؛ جا ئەو ڕۆژە کە ئێمە ئەوان ڕاپێچی دەشتی مەحشەر دەکەین، پێغەمبەران دەبنە شایەت بەسەر گەلەکانیانەوە، موسوڵمانان دەبنە شایەت بەسەر نەتەوە پێشینەکانەوە.

پێغەمبەری ئیسلام دەبێتە شایەت بەسەر ئەوانەی کە لە ڕێبازی ئەو لایان داوە، ﴿يومئذ﴾ ڕۆژێکە ﴿يود الذين كفروا وعصوا الرسول لو تسوى بهم الأرض﴾ ئەوانەی کافر بوون و سەرپێچی فەرمانی پێغەمبەرەکەیانیان کردووە جا لەو ڕۆژەدا پەشیمان دەبنەوە، حاڵی شڕی خۆیانیان بۆ ئاشکرا دەبێ، کافر و بێ بڕواو سەرپێچکەران لە فەرمانی خواو پێغەمبەران خۆزگە دەخوازن کە وەک مردووی ناو گۆڕ بنێژرێن و ببنەوە بە خاک، هەتا لەو ڕۆژە ڕەشە ڕزگاریان ببێ، بەڵام بۆ خۆیان دەڵێن! یان مانای وایە ئاواتە خوازی ئەوەن کە هەر زیندوو نەکرانایەوە، هەر لەژێر خاک دابوونایە، وەکوو لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿ويقول الكافر ياليتني كنت ترابا﴾ النبأ/ ٤٠ ئەوانە تاوانیان کردووەو تاوانەکەیان بۆ ئاشێردرێتەوە ﴿ولا يكتمون الله حديثا﴾ ناتوانن تاوانەکانیان لە خودا بشارنەوە، چونکە ئەندامەکانیان شایەتیان لەسەر دەدەن، ناتوانن درۆ بکەن، خۆ ئەگەر درۆ بکەن خودا دەمیان مۆر دەکاو ئەو کاتە ئەندام و دەست و قاچیان دێنە قسەو شایەتیان لێ دەدەن و بەدرۆیان دەخەنەوە،جا لەبەر سامناکی ئەو وێستگەیە ئاواتە خوازی ئەوەن کە ببنەوە بە خاک و خۆڵ و دووچاری ئەو زەحمەت و مەینەتە نەبن.

پرسیار لە ئیبنو عەبباس کرا: چۆن تەوفیق لە نێوانی ئەو دوو ئایەتەدا دەکرێ، کە یەکێکیان بە دەق دەفەرموێ درۆ لەگەڵ خودادا دەکەن و دەڵێن ﴿والله ربنا ما كنا مشركين﴾ ئەوی تریشیان دەفەرموێ: ناتوانن شت لە خودا بشارنەوەو درۆیان لەگەڵ خوادا پێ ناکرێ؟

لە وەڵامدا فەرمووی: کاتێک کافرەکان دەبینن کە هەر موسوڵمان و خودا ناس دەچنە بەهەشتەوە دەیانەوێ بەدرۆو دەلەسە خۆیان ڕزگار بکەن و دەڵێن:

﴿والله ربنا ما كنا مشركين﴾ ئیتر ئەو كاتە خودا دەمیان مۆر دەكاو زمانیان دەبەستێ، دەست و قاچیان شایەتیان لەسەر دەدەن و ئیتر لەوە دوا هیچیان لە خودا بۆ حەشار نادرێ.

یاساغ كردنی نوێژ كردن بە سەر خۆشی، كە ئاو نەبوو بۆ دەست نوێژ تەیەمموم دەكرێ

يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَا تَقْرَبُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ وَأَنتُمْ سُكَـٰرَىٰ حَتَّىٰ تَعْلَمُوا۟ مَا تَقُولُونَ وَلَا جُنُبًا إِلَّا عَابِرِى سَبِيلٍ حَتَّىٰ تَغْتَسِلُوا۟ ۚ وَإِن كُنتُم مَّرْضَىٰٓ أَوْ عَلَىٰ سَفَرٍ أَوْ جَآءَ أَحَدٌ مِّنكُم مِّنَ ٱلْغَآئِطِ أَوْ لَـٰمَسْتُمُ ٱلنِّسَآءَ فَلَمْ تَجِدُوا۟ مَآءً فَتَيَمَّمُوا۟ صَعِيدًا طَيِّبًا فَٱمْسَحُوا۟ بِوُجُوهِكُمْ وَأَيْدِيكُمْ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَفُوًّا غَفُورًا ﴿٤٣﴾

پەیوەندی ئەم ئایەتە بە ئایەتەكانی پێشوو ئەوەیە: لەوەپێش پەروەردگار نەهی لە شەریك دانان بۆ خودا كرد، ئادەمیزادانی هەڵنان بۆ پابەند بوون بە فەرمان و نەهی‌یەكانی یەزدان، ئەمجار لێرەدا نەهی لەوە كرد كە نوێژ لە حاڵەتی سەرخۆشی دا، یان لە حاڵەتی لەش پیسی دا ئەنجام بدرێ! چونكە نوێژ خۆی لە خۆیدا عیبادەتێكی یەكتاپەرستی‌یە!

رووی خیطابی ئایەتەكە بۆ موسوڵمانانە، پێش سەرخۆش بوونیان، بۆ ئەوەی خۆیان لە عەرەق خواردنەوە بپارێزن، لە نوێژەكانیان دا بە تەواوی ئاگاداری و عاقڵ مەندی و هۆشداری‌یەوە رووبكەنە پەروەردگار و ئەو ئەركە پیرۆزە ئەنجام بدەن، هەروەها جەستەو پۆشاك و بەرماڵیان لە هەموو پیسی و پۆخلەواتێكی ماددی و مەعنەوی پاك كرابێتەوە. ﴿يا أيها الذين آمنوا لا تقربوا الصلاة وأنتم

سکاری......﴾ ئەبو داود و تورموزی و نەسائی و حاکم لــە ئیمـامی عەلی‌یـەوە دەگێڕنــەوە دەڵــێ: عــەبدولرەحمانی کــوڕی عــەوف خواردنــی بــۆ دروســت کردیــن و داوەتی کردین و عەرەقی دەرخوارد دایـن و سـەرخۆش بویـن ئەمـە پێش یاساغ کردنی عەرەق بوو- وەختی نوێژ هــات و منیـان کـردە پێـش نوێـژ خوێـن لـە دوای فاتیحە سورەتی ﴿قل یا أیها الکافرون﴾م خوێند و وتم: (قل یاأیها الکـــافرون، لا أعبد ما تعبدون ونحن نعبد ما تعبدون...) ئیتر خودا ئایەتی ﴿یا أیها الذین آمنـوا لا تقربوا الصلاة وأنتم سکاری حتی تعلموا ما تقولـون﴾ی نـاردە خـوارێ. ئیبنـو جەریر لە ئیمامی عەلی‌یەوە دەگێڕێتەوە دەفەرموێ پێش نوێژ خوێن عەبدورەحمان بوو، نوێژەکەشی نوێژی شێوان بوو، ئەمە پێش حەرامبوونی عەرەق بوو.

لە ئایەتەکانی پێشوودا پەروەردگار نەهی لە هاوەڵ پەیدا کـردن بـۆ خـودا کرد و موسوڵمانانی هەڵنا بۆ ئەوەی پابەندی فەرمانی خودا بن و خـۆ بپـارێزن لـە شتە یاساغ کراوەکانی،، لێرەدا نەهی لە موسوڵمانان کرد کە لە کـاتی سەرخۆشـی دا توخنی نوێژ کردن نەکەون، چونکە نوێـژ گەردنکەچی‌یـەکی تایبەتییـە بـۆ خـوداو نابێ بەسەر خۆشی ئەنجام بدرێ.

خیطابەکە روو دەکاتە موسوڵمانان لەپێش سـەرخۆش بـوون دا بـۆ ئـەوەی خۆیانی لێ بپارێزن و فەرموی: ﴿یا أیها الذین آمنوا لا تقربـــوا الصـــلاة وأنتـــم ســـکاری﴾ ئـەی ئـەو کەسـانەی بڕواتـان بـە پـەیامی ئیسـلام کـردووە! لەحاڵـەتی سەرخۆشی دا نزیکێ نوێژ کردن مەبنەوە، واتـە: لـەپێش نوێـژدا خۆتـان لـە عـەرەق خواردنەوە بپـارێزن، وامەکـەن کـاتێ کـاتی نوێـژ دێ ئێـوە سـەرخۆش بـن، چونکـە بەسەرخۆشی ئاگاتان لە خۆتان نیە و نازانن دەڵێـن چـی، نوێژیـش راز و گفتوگـۆی بەندەیە لەگەڵ خوای خۆی دا، دەبێ بەباشی دڵی لەلای بـێ، کەواتـە: هـەر لـەپێش کاتی نوێژەوە خۆتان لەسەرخۆشی بپارێزن ﴿حتی تعلموا ما تقولون﴾ تـابزانن لـەناو نوێژەکەدا چی دەڵێن ﴿ولا جنبا إلا عابري ســبیل﴾ بەلـەش پیسـی نزیـکێ شـوێنی نوێژ کردن کەمزگەوتە مەکەونەوە مەگەر وەکێ رێبوار بەسـەر پێـوە بـەناویا، بـەبێ

راوەستان گوزەر بکەن، سەرەڕێگاتان بێ و لەم دەرگاوە تێی بچن و لەو دەرگاوە دەرچن! واتە: چوونە ناو مزگەوت و مانەوە تێیدا بەلەشی پیسەوە لێتان قەدەغەیە، تا خۆتان دەشۆن و غوسڵ لە خۆتان دەردەکەن. ﴿حتى تغتسلوا﴾ هەتا لەش پیسی لەسەر خۆتان لا دەبەن. بێگومان ئەم نەهی‌یە کاری لە هاوەڵانی پێغەمبەر کرد، وە وای تێگەیشتن کە ئەوەی لێیان یاساغە نوێژ کردنە بەسەرخۆشی: جابەرەبەرە خۆیان لە بادە نۆشی دەکێشایەوە، چونکە تەنیا لە دوا نوێژی خەوتنان مەودای ئەوەیان مابوو کەشتێ بخۆنەوە، بۆ کەسێ مەیلی خواردنەوەی هەبوایە، جالەم بارودۆخە ناسکەدا ئیمامی عومەر لە خودا پاڕایەوە گوتی: (اللهم بين لنا في الخمر بيانا شافيا) (خودایە! لەبارەی بادەنۆشی‌یەوە ڕوونکردنەوەیەکی تێروتەسەڵمان بۆ ڕوون بکەرەوە) ئیتر ئایەتی **﴿إنما الخمر والميسر والأنصاب والأزلام رجس من عمل الشيطان فاجتنبوه لعلكم تفلحون﴾** المائدة/٩٠ هاتە خوارەوە، ئیتر بەیەکجاری وازیان لە بادەو مەی خواردنەوە هێنا.

زۆربەی زۆری ڕاڤەکەرانی قورئان لەسەر ئەوەن کە وشەی (الصلاة) لە ئایەتەکەدا مەبەست پێی مانای حەقیقی خۆیەتی کە نوێژ کردنە، واتە: کەویستتان نوێژ بکەن سەرخۆش مەبن، نوێژ مەکەن لە حاڵەتێک دا کە ئێوە سەرخۆش بن.

مامۆستا (شێخ محمد عبده) دەفەرموێ (وأنتم سكارى) ڕستەیەکە و بووەتە حاڵ، ئەوەی لێ وەردەگیرێ کە نەهی‌یەکە لەسەرخۆش بوونێکە کە درێژە دەکێشێ تا وەختی نوێژەکەو وا دەکا کابرا بەسەرخۆشی نوێژەکەی ئەنجام بدا! واتە خۆ بپارێزن لەوە کە نوێژ بکەن لە کاتی سەرخۆشی دا. پابەند بوون بەم نەهی‌یە ئەوە دەخوازێ خۆیان لەسەر خۆشی بپارێزن لە کاتی نوێژداو لەکاتی نزیکی پێش نوێژیش دا. واتە دەبێ خۆیان لە عەرەق خواردنەوە بپارێزن لەپێش نوێژی بەیانی‌یەوە تا دوا نوێژی خەوتنان.

بەم پێیە زۆربەی کات عەرەق خواردنەوەیان لێ قەدەغە بووە، ڕێ خۆشکەرەو ڕام کردن بووە بۆ یاساغ کردنی سەرتاسەری! ئەمەش پلەی یەکەمە لەو سێ قۆناغانەی کە عەرەقی تێدا حەرام کراوە.

شافیعی و ئیبنو عەبباس و ئیبنو مەسعوود و حەسەنی بەصری پێیان وایە: وشەی (الصلاة) لەم شوێنەدا مەبەست لێی مەعنای حەقیقی خۆی نیە کە نوێژە، بەڵکو حەزفی موضافی تێدایە، واتە: (مکان الصلاة) یان (مواضع الصلاة) کە مەبەست مزگەوتە بەڵگەشیان ئەوەیە؛ کە ئیبنو عەبباس وشەی (وصلوات) لە ئایەتی (٤٠)ی سورەتی حەج دا بەکەنیشتەی جوولەکە مانای لێک داوەتەوە.

کە جێگە نوێژی میللەتی جوولەکەیە وەک مزگەوتی خۆمان. وە دەفەرموون: چونکە ئەگەر مانای (الصلاة) بەمەجاز لێ نەدەینەوە ئیستثنای (إلا عابري سبيل) ناگونجێ!

لەلایەکی ترەوە ئەگەر مەبەست بە (الصلاة) حەقیقەتی نوێژ بێ و مەبەست مزگەوت نەبێ دووبارە بوونەوە لە نێوان رستەی ﴿إلا عابري سبيل﴾ وە رستەی ﴿وإن كنتم مرضى أو على سفر﴾ روو دەدا.

بۆیە دەبێ مانای وشەی (الصلاة) بە (مواضع الصلاة) لێ بدەینەوە؛ وەک گوترا (کەلام لە حەذفی موضاف بێ).

دووبارە بوونەوە لە نێوان رستەی ﴿إلا عابري سبيل﴾ وە رستەی ﴿وإن كنتم مرضى أو على سفر﴾ روو دەدا.

بۆیە دەبێ مانای وشەی (الصلاة) بە (مواضع الصلاة) لێ بدەینەوە؛ وەک گوترا: (کەلام لە حەذفی موضاف بێ).

پوختەی قسە ئەوەیە: ئایین داوای ئەوەی کردووە، کە نوێژ کردن دەبێ لە کاتی تێگەیشتن و لەسەرەخۆیی و ئاگاداری و هەبوونی هۆشی تەواودا ئەنجام بدرێ، ئەمەش ئەوە دەخوازێ نوێژکەر خۆ لەسەرخۆشی بپارێزێ؛ هەروەکوو چۆن داوای ئەوەی کردووە جەستەی پاک و پەنیشات بێ، ئەوەش داخوازی کە لەش گران نەبێ و لەش پیسی لەسەر خۆی لابەرێ.

جا لەکاتێکا نوێژ پێویستی یەکی سەرەکی ئایینی یە و کاتی دیاری کراوی خۆی هەیەو نابێ کەمتەرخەمی تێدا بکرێ، خۆشۆردنی لەشگرانی لەبڕێ کات و

شوێن دا ئەرکێکی گرانەو بەزەحمەت هەڵدەسوڕێ و لەبڕێ حاڵدا هەر هەڵناسوڕێ!! پەروەردگار ڕێگای پێ داوین کە هەوڵی بەکار هێنانی ئاو وازلێ بێنین و لەباتی ئاو بە خۆڵی پاکێ تەیەمموم بکەین و فەرموی: ﴿وإن كنتم مرضى﴾ ئەگەر نەساغ بوون، نەخۆشی یەکتان پێوە بوو، بە بەکارهێنانی ئاو ترسی ئەوەتان هەبوو زیاد بکا؛ وەکوو نەخۆشی پێست و خروێلکەو ئاوەڵە و سورێژە و ئەو جۆرە نەخۆشی یانە! ﴿أو على سفر﴾ یان لەسەفەر دابوون و لەماڵ و شوێنی خۆتان دوور کەوتبوونەوە ﴿أو جاء أحد منكم من الغائط﴾ یان کەسێکتان لەسەراو کردن گەڕایەوە، لە پێشەوە یان لە پاشەوە دەست نوێژی شکابوو ﴿أو لامستم النساء﴾ یان لەگەڵ خێزانەکانتاندا جوت بوون ﴿فلم تجدوا ماء﴾ ئاوتان دەست نەکەوت ﴿فتيمموا صعيدا طيبا﴾ ئەوە قەستی گڵ و خۆڵێکی پاکێ بکەن و لەباتی دەست نوێژ تەیەممومی پێ بکەن واتە: هۆی ڕەوا بوونی تەیەمموم چوار شتن:

نەخۆشی، سەفەر، دەرچوونی شت لە پاش و پێش، جوت بوون.

هەرکاتێ یەکێکێ لەم هۆیانە یان زیاتر هەبوون ئەوە بەگڵ و خۆڵی پاکی ڕووی زەوی تەیەمنموم بکەن: دەم و چاو و هەردوو دەستتان تا ئەنیشکێ بە گڵ و خۆڵی پاکێ مەسح بکەن و ئەمجار نوێژ بکەن.

ئەم ئاسان کردن و روخصەتە بۆ ئێوە لەبەر ئەوەیە ﴿فامسحوا بوجوهكم وأيديكم﴾ بەو خۆڵە پاکە مەسحی دەم و چاو و دەستتان بکەن تا ئانیشکێ، ﴿إن الله كان عفوا غفورا﴾ کە بێگومان پەروەردگار خاوەن عەفوو لێخۆشبوون و لێبووردنە، گوناە دادەپۆشێ، زۆر جار وا دەبێ سزای گوناهبار نادا لەسەر گوناهەکانیان! تێبینی ئەوە دەکرێ کە ڕستەی ﴿فلم تجدوا ماء﴾ ڕوودەکاتە﴿أو جاء أحد منكم من الغائط أو لامستم النساء﴾ کەوابوو عوزری تەیەمموم سێ شتن:

سەفەر و نەخۆشی و نەبوونی ئاو بۆ کەسێ لەسەفەر نەبێ. سەفەر عوزری تەواوە بۆ تەیەمموم جا ئاو هەبێ یان نەبێ!

هەڵس و کەوتی جوولەکەکان (ئایەتی ٤٤-٤٦)

أَلَمْ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ نَصِيبًا مِّنَ ٱلْكِتَٰبِ يَشْتَرُونَ ٱلضَّلَٰلَةَ وَيُرِيدُونَ
أَن تَضِلُّوا۟ ٱلسَّبِيلَ ﴿٤٤﴾ وَٱللَّهُ أَعْلَمُ بِأَعْدَآئِكُمْ ۚ وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ وَلِيًّا وَكَفَىٰ
بِٱللَّهِ نَصِيرًا ﴿٤٥﴾ مِّنَ ٱلَّذِينَ هَادُوا۟ يُحَرِّفُونَ ٱلْكَلِمَ عَن مَّوَاضِعِهِۦ
وَيَقُولُونَ سَمِعْنَا وَعَصَيْنَا وَٱسْمَعْ غَيْرَ مُسْمَعٍ وَرَٰعِنَا لَيًّا
بِأَلْسِنَتِهِمْ وَطَعْنًا فِى ٱلدِّينِ ۚ وَلَوْ أَنَّهُمْ قَالُوا۟ سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا وَٱسْمَعْ
وَٱنظُرْنَا لَكَانَ خَيْرًا لَّهُمْ وَأَقْوَمَ وَلَٰكِن لَّعَنَهُمُ ٱللَّهُ بِكُفْرِهِمْ
وَلَٰكِن لَّعَنَهُمُ ٱللَّهُ بِكُفْرِهِمْ فَلَا يُؤْمِنُونَ إِلَّا قَلِيلًا ﴿٤٦﴾

دوای ئەوە پەروەردگار لە ئایەتەکانی پێشوودا ئامادەمیزادانی هەڵنان بۆ خودا پەرستی و پابەند بوون بە ئەحکامی شەرعیەوە، سەرپێچیکارانی بە سزا ترسان، باسی حاڵ و چۆنیەتی برێ خاوەن نامەکانی کرد، ئەوانەی پابەندی ئەحکامی ئایینی خۆیان نەبوون گۆڕانکاریان لە کتێبە ئاسمانییەکەیان کرد و گومڕاییان کڕی بە هیدایەت، بۆیەش ئەم باسانەی هێنایە پێشەوە بۆ ئەوەی موسوڵمانان هۆشیار بکاتەوە کە پێویستە پابەندی ئەو فەرمانانە بن کە پێیان کراوە، ترساندنی لەوە کە ئەگەر ئەوانیش ئەحکامەکانی ئایینەکەیان پاش گوێ بخەن، هەمان سزای کە ئامادە کراوە بۆ جوولەکەکان ئەوانیش دەگرێتەوە، ئەوانیش ڕۆژی قیامەت ئاواتە خوازی ئەوە دەبن کە ژێر خاک بکرێن و ئەو سزایە نەبینن.

﴿ألم تر إلى الذين أوتوا نصيبا من الكتاب..﴾ هەندێک دەڵێن: ئەم ئایەتە دەربارەی جوولەکەکانی مەدینە هاتۆتە خوارێ، ریفاعەی کوڕی زەید یەکێک بوو لە پیاو ماقوڵانی جوولەکە ئەگەر پێغەمبەر ﷺ وتاری بدایە ئەم زمانی بادەدا دەیگوت ئەی (محمد!) چاوت لە ئێمە بێ، وا قسە بکە ئێمەش تێت بگەین. ئەمجار تانەی لە ئیسلام دەداو عەیبی لێ دەگرت ئیتر ئەم ئایەتە هاتە خوارێ.. راڤەکەرانی تری قورئانیش دەڵێن: (کەعبی کوڕی ئەشرەف) کە یەکێک بوو لە مالومەکانی جوولەکە، پاش روودانی جەنگی ئوحود لەگەڵ حەفتا کەس دا چوو بۆ مەککە بۆ ئەوەی لەگەڵ قورەیشی‌یەکان پەیمان لە دژی پێغەمبەر ببەستن و ئەو پەیمانەی کە لە نێوان پێغەمبەر و جوولەکەکان دا بوو هەڵی وەشێننەوە، کەعب کە چوو بۆ مەککە میوانی ئەبو سوفیان بوو، ئەبو سوفیان پیێ گوت: تۆ پیاوێکی زاناو تەورات خوێنی، ئێمە نەخوێندەوار و نەزانین، پێمان بڵێ: ئێمە لەسەر حەقین یان محمد؟! کەعب وتی: ئادەی ئایینی خۆتانم بۆ باس بکەن! ئەبو سوفیان گوتی ئێمە بۆ حاجیان ووشتری دوکێ گەورە سەر دەبڕین، ئاویان دەدەینێ. دەعوەتی میوان دەکەین، دیل بەرەڵلا دەکەین، صیلەی رەحم بەجێ دێنین، حەج و عومرە دەکەین، تەوافی کەعبە دەکەین و خاوەنی (حەرەم)ین. محمد ئایینی باوک و باپیری خۆی واز لێ هێناوە، صیلەی رەحمی بڕیوە لە مەککە دوور کەوتۆتەوە، ئایینی ئێمە کۆنە ئایینی (محمد) تازەیە، ئیتر کەعب سوێندی خوارد و وتی (واللە) ئایینی ئێوە راستترەو ئێوە لەسەر حەقن!! ئیتر پەروەردگار ئەم ئایەتەی ناردە خوارێ ﴿ألم تر إلى الذين...﴾ مەبەستی ئایەتەکە کەعب و هاوەڵەکانی‌یەتی[٢].

﴿ألم تر إلى الذين أوتوا نصيبا من الكتاب﴾ ئەتۆ ئەی محمد! ناڕوانی بۆ ئەوانەی کە بەشێکیان لە کتێبی ئاسمانی دراوەتێ ﴿يشترون الضلالة﴾ گومڕایی دەکڕن و کوفر هەڵدەبژێرن ئیمان و هیدایەت پاشگوێ دەخەن، روو وەردەگێڕن لەو

---

[٢] أسباب النزول الواحدة ص/٨٩ .

پەیامەی کە خودا بۆ پێغەمبەری خۆی ناردویەتی، ئەو حوکم و یاسایانەی لایانە پاشگوێ دەخەن، فەرمانیان پێ کراوە درۆ نەکەن، ئەزیەتی خەڵکی نەدەن، سوود نەخۆن، بەڵام ئەوان پابەندی ئەو حوکمانە نابن، زانیارییان دەربارەی رەوشت و ئایینی پێغەمبەر هەیە، دەی شێرنەوە بۆ ئەوەی برێ کاڵای پرپووچی دونیایی پێ بکرن ﴿ويريدون أن تضلوا السبيل﴾ دەیانەوێ ئێوەش لەگەڵیانا گومرا ببن و رێگەی راستتان لێ هون ببێ، کافر ببن بەو نامە پیرۆزەی کە بۆتان نێردراوە کە قورئانە، ئەو زانیاری و شارەزایی و بەختەوەری یەی هەتانە لە کیستان بچێ و سەرتان لێ بشێوێ.

﴿والله أعلم بأعدائكم وكفى بالله وليا وكفى بالله نصيرا﴾ ئەی گرۆهی موسوڵمانان! خودا لە ئێوە باشتر دوژمنانتان دەناسێ و دەتانترسێنێ لێیان، ئێوە خوداتان بەسەو پارێزگاری ئەوتان هەبێ پێویستتان بە هیچی تر نیە،

پارێزگاری خودا قەڵایە بۆ کەسێک پەنای بۆ بەرێ، کەسێک خودا یامەتیدەر و هاریکاری بێ بەسیەتی! بێگومان پەروەردگار ئێوە شارەزای رێگایەک دەکا کە سەرفیرازی و خێر و خۆشی ئێوەی تێدایە، هەر ئەو بەسەر دوژمنانتان دا سەرتان دەخاو یارمەتیتان دەدا بۆ کردارێک کە بەرژەوەندی ئێوەی تێدا بێ، رێنومایتان دەکا بۆ وەدەستهێنانی هۆکارەکانی سەرکەوتن لە هاریکاری و ئامادە کردنی چەک و پێداویستی یەکانی شەڕ و بەرگری، کەوابێ جگە لە خوا لە کەسی تر داوای یارمەتی مەکەن و کەسی تر جگە لە خودا بە خودا مەزانن!!!

ئەمجار پەروەردگار مەبەست لەو کتێب پێ دراوانەمان بۆ روون دەکاتەوەو دەفەرموێ: ﴿من الذين هادوا﴾ لەوانەی کە جوولەکەن، ﴿يحرفون الكلم عن مواضعه﴾ئەوانە گەل و نەتەوەیەکن ئاڵ و گۆڕ بەووشەو رستە نێردراوانە دەکەن کە خودا لە تەوراتدا ناردوونی، لە شوێنی خۆیان لایان دەدەن، جا لادانەکەیان بەوە دەبێ کە مانای مەبەست لە رستەو وشەکان بشێرنەوەو مانای تاقولاو نادروستیان بۆ دیاری بکەن، وەکوو لادانی ئەو مزگێنی و بەڵێن و دیاردانەی کە دەربارەی پێغەمبەری ئیسلام هاتوون، یان لادانی ئەو دەقانەی دەربارەی عیسی ی کوڕی



مەریەم هاتوون و دەیبڕن بەسەر کەسێکی ترداو، بەقسەی خۆیان دەڵێن: گوایە هەتا ئێستاش ئەو پێغەمبەرە رەوانە نەکراوەو تا ئێستایش هەر چاوەڕوانی هاتنین!! یان لادانەکە بەوە دەبێ کە وشەیەک یان رستەیەک لە شوێنی خۆی هەڵبگری و بیبەیتە شوێنێکی تر، وەکوو ئەوەی ئەو نووسراوانەی لە موسا بەجێ مابوو تێکەڵاو بەو نووسراوانەیان کردن کە زۆر دووا. موسا نووسرابوونەوە، هەروەکوو قسەی نووسەرانی تەوراتیان تێکەڵ بە فەرمایشتەکانی خودی تەورات کردووە!! کە بە ئیعترافی خۆیان لەباتی تەوراتی فەوتاو نووسیویانەتەوە.

بە خەیاڵی خۆیان بەم گۆڕانکاریە، ئیصلاحی تەوراتیان دەکرد ئەم گۆڕانکاریە لەوەوە سەری هەڵداوە کە دوای فەوتانی نوسخە ئەصلیەکەی تەورات چەند پارچە کاغەزێ تەوراتیان لەسەر نووسرابوو مابوون، مالمەکانیان ویستیان لەم کۆتە کاغەزە تێکەڵ و پێکەڵانە، تەورات بنووسنەوە ئیتر زیادەو دووبارە بوونەوەو کەم و کوڕی تێیدا پەیدا بووە. ئەمە راستیەکی مێژوویی چەسپاوو حاشا هەڵنەگرە، مێژوو نووسان و لێکۆڵەرەوان ئەم راستیەیان چەسپاندووە.. لەراستیدا ئەو هۆزی جووە یاری کردن بە وشەو دەستکاری کردنی ئایەتەکانی خوداو بێ رێزی کردن بە خوداو بەرنامەی و بە پێغەمبەرانی، پیشەی هەمیشەیی یانە تێکەڵاوی خوێن و مۆخیان بووە، بۆیان تەرک ناکرێ، ئەوەتا جوولەکەکان سەردەمی تۆیش ئەی موحەممەد! یاری بە وشە دەکەن و وەک پێشینانیان و دژ بە تۆ، رووبەروو بە تۆ دەڵێن: ﴿ويقولون سمعنا وعصينا﴾ قسەکەتمان بیستو سەرپێچی فەرمانەکەت دەکەین.

موجاهید دەڵێ: بە پێغەمبەریان گوت: قسەکەتمان بیست بەلام بە گوێت ناکەین. هەروەها لەم روانگەیەوەو لە روانگەی حەسوودی و رق لێبوونیان. لە پێغەمبەر دەیانگوت: ﴿واسمع غير مسمع﴾ واتە: خودا قسەت لێ نەبیسێ و دوعات گیرا نەکا. هەروەها لە هەمان رووانگە و سۆنگەوە ﴿وراعنا﴾ لە کاتی گوتنی ئەم وشەیەدا زمانیان بۆ خوار دەکردەوە بە جۆرێک دەهاتە بەر گوێچکەکە بە زمانی عیبری جنێو بگەیەنێ، چونکە وشەی (راعنا) وەرگیراوە لە (رعونة) کە

بەمانا گێلی و گەوجی‌یە، ئەم نامەردانە بە ناپاکی ئەم جۆرە وشانەیان بەکار دەهێنا، کە بە دیمەن قسەیەکی ئاسایی باشە، بەڵام بە مەبەست و مەعنا جنێو و ناماقوڵی‌یە، چونکە بە دیمەن مەبەستیان لە (غیر مسمع) دوعای خێری (لا سمعت مکروها) بوو لە (راعنا) (انظرنا)یە کە بەمانا چاوی خێرت لێمان بێ جا بۆیە پەروەردگار وتی ئەو ووشانەی لە موسوڵمانان قەدەغە کردو بە دەقی ئەم ئایەتەو ئەو ئایەتەی تریش کە دەفەرموێ: ﴿**یا أیها الذین آمنوا لا تقولوا راعنا وقولوا أنظرنا**﴾ البقرة/١٠٤

ئەم سێ تاوانەیان لەگەڵ پێغەمبەردا دەکرد، جا یان لە کۆڕ و کۆبوونەوەداو بەرەو رووی خۆی، یان لە پاش ملەو لە دووری پێغەمبەر! وەک گوتمان بە مەبەستی گاڵتە کردن بە پێغەمبەر و تانە دان لە ئایین دەهاتن وشەیەکیان بەکار دەهێنا دومانای هەڵبگرتایە، مانایەکی جنێو و سوکایەتی پێ کردن، مانایەکی ڕێز و ئیحتیرام، ئەوان مەبەستیان جنێو دان و سوکایەتی پێ کردن بوو نەک ڕێز و ئیحتیرام ﴿**لیا بألسنتهم**﴾ زمانیان خوار دەکردەوەو، وشەکەیان دەگورمان، بۆ ئەوەی لە مانای خێر و ڕێزی لای بدەن و مانای شەڕ و جنێو بگەیەنێ.. واتە: ئەوان بە زمان بادانەکەیان وشەکەیان وا لێ دەکرد، مانای جنێو ئامێزەکە بگەیەنێ: کەلەدڵ دا ئەوەیان مەبەست بوو! ﴿**وطعنا في الدین**﴾بۆ ئەوەی تانە لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام بدەن و سوکایەتی پێ بکەن، بەڕواڵەتیش گوایە مانای ڕێز و ئیحتیرامەکەیان مەبەستە، هەر بەم نیازە پیسە لە کاتی سڵاو کردنیشا لە حەزرەت زمانیان خوار دەکردەوەو لە جیاتی (السلام علیکم) دەیانگوت: (السام علیکم) واتە: مردن لەسەر ئێوە بێ، بۆیە پێغەمبەریش ﷺ لە وەڵامیان دا دەیفەرموو: (وعلیکم) و بەس واتە: (ئەوەی دەیڵێن لەسەر خۆیشتان بێ).

ئیبنو عەطییە دەڵێ: تا ئێستاش جولەکەکان منداڵەکانیان فێری ئەو ووشانە دەکەن کە دوومانایان هەیە، مانایەکی ڕێز و باش، مانایەکی جنێو وشەڕ، بۆ ئەوەی وت و وێژیان لەگەڵ موسوڵمانان پێ ئەنجام بدەن و لە پەنا ئەم وشە دوو مانایانەدا تانەو تەشەر لە موسوڵمانان بدەن، پەروەردگار ئەم بۆنەیە بە هەڵ دەزانێ

و شێوه‌و شێوازی گفتوگۆ و وتو وێژی پڕ له ڕێز و سۆز فێری موسوڵمانان ده‌كاو ده‌فه‌رمویێ:

﴿ولو أنهم قالوا سمعنا وأطعنا واسمع وانظرنا﴾ئه‌گه‌ر ئه‌وان بیانگوتایه بیستمان و فه‌رمانبه‌ر دارین، گوێ بگره بۆمان چیت پێ ده‌ڵێین و مۆڵه‌تمان بده‌و په‌له‌مان لێ مه‌كه با تێت بگه‌ین و بزانین ده‌ڵێی چی ﴿لكان خيرا لهم وأقوم﴾ ئه‌وه ئه‌و گوفتاره خێر ئامێز بوو بۆیان و وه هه‌نگاوێكی راست و دروست ده‌بوو سوود و ئه‌ده‌بیشی تێدا ده‌بوو ﴿ولكن لعنهم الله بكفرهم فلا يؤمنون إلا قليلا﴾ به‌لام به هۆی به‌رده‌وامی یان له‌سه‌ر كوفر و بێ باوه‌ڕی كه له پێشینانه سه‌ركه‌شه‌كانیانه‌وه به میراتی بۆیان ماوه‌ته‌وه، نایه‌نه سه‌ر ڕێگه‌ی راست و دینی ئیسلام قه‌بووڵ ناكه‌ن له‌به‌ر ئه‌وه شایانی نه‌فره‌ت و له‌عنه‌تن و ڕیسوای دونیاو قیامه‌تن! چونكه ئه‌وان كافرن و كوفریش ده‌بێته له‌مپه‌ر له به‌رده‌م ئاده‌میزادا و ناهێڵێ بیر بكاته‌وه‌و فێری ئه‌ده‌ب و ره‌وشتی باش و قسه‌كردنی عاقلانه ببێ. ئه‌وان بڕوایه‌كی كه‌م و بێ بایه‌خ نه‌بێ وه‌ده‌ستی ناهێنن، دڵیان له خێر و چاكه بێزاره‌و لێی دووره په‌رێزن! بیر و باوه‌ڕێكی باشی سوود به‌خشیان ناچێته ناو دڵه‌وه كه بیرو باوه‌ڕی باشیان نه‌بوو هیوای كرده‌وه‌ی چاكیان لێ ناكرێ و عه‌قڵیان مشت و ماڵ نابێ و مێشكیان زاخاو نادرێ و دڵ و ده‌روونیان پاك نابێته‌وه!

پەروەردگار فەرمان بە خاوەن نامەکان دەکا ئیمان بە قورئان بهێنن

يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلْكِتَـٰبَ ءَامِنُواْ بِمَا نَزَّلْنَا مُصَدِّقًا لِّمَا مَعَكُم مِّن قَبْلِ أَن نَّطْمِسَ وُجُوهًا فَنَرُدَّهَا عَلَىٰٓ أَدْبَارِهَآ أَوْ نَلْعَنَهُمْ كَمَا لَعَنَّآ أَصْحَـٰبَ ٱلسَّبْتِ ۚ وَكَانَ أَمْرُ ٱللَّهِ مَفْعُولًا ﴿٤٧﴾

ئیبنو ئیسحاق لە ئیبنو عەبباسەوە دەگێڕێتەوە دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ قسەی لەگەڵ سەران و ماڵمەکانی جوولەکە کرد، کە لە ناویان دا عەبدوڵڵای صوریا و کەعبی کوڕی ئەسەدیان تێدا بوو پێغەمبەر ﷺ پێی فەرموون: ئەی کۆمەڵی جوولەکە! لە خودا بترسن، خۆتان لە سزای بە ئێشی بپارێزن! سوێند بە خودا ئێوە دەزانن کە ئەو ئایینەی من هێناومە راست و دروست و حەقە! وتیان ئەی (محمد!) شتی وامان نەبیستووە، ئاگامان لە پێغەمبەرایەتی تۆ نیە. ئینکاری زانیاری خۆیان کرد و سوور بوون لەسەر کوفری خۆیان و جا پەروەردگار ئەم ئایەتەی ناردە خوارێ و فەرمووی: ﴿یا أیها الذین أوتوا الکتاب﴾ ئەی ئەو کەسانەی نامەی ئاسمانیتان بۆ نێردراوە! کە تەورات و ئینجیلە، هەرچەندە لە جیاتی هیدایەت گومڕاییتان هەڵبژاردووە برێ لە ئایاتی نامەی خۆتان فەوتاندووەو برێکتان گۆڕیوە، ئێستاش دەرگای تۆبەو گەڕانەوەتان بۆ والآیە هەبوونی ئیمانتان بە تەورات و ئینجیل دەبێ سەربکێشێ بۆ بڕوا هێنان بەو کتێبەی کە پشتگیری‌یان لێ دەکا، کە قورئانەو بۆ محمد نێردراوە، کەوابوو ﴿آمنوا بما نزلنا مصدقا لما معکم﴾ ئیمان بێنن بەو کتێبەی کە ناردوومانە بۆ محمد و پشتگیری کتێبی ئێوەو کتێبە ئاسمانی‌یەکانی پێش خۆی دەکاو لە بنەما سەرەکی‌یەکاندا لەگەڵ ئەواندا یەک دەگرێتەوە، هەرچەند

لەگەڵ کتێبی دەست لێدراوی ئێستای ئێوە دا جیاوازی هەیە، بەڵام لەگەڵ ناوەڕۆک و بنەماسەرەکی‌یەکانی هەموو کتێبە ئاسمانی‌یەکاندا یەک دەگرێتەوە کە بریتین لە یەکتاپەرستی و دوور بوون لە هاوەڵ پەیداکردن بۆ خوداو خۆپاراستن لە تاوانی ئاشکراو نهێنی و پشتگیری ئەو هەواڵانەی کە موژدەی هاتنی پێغەمبەری ئیسلامیان لە خۆ گرتووە ئەمانەش بنەماو ئامانجی سەرەکی ئایینی خودان بە گشتی.

قورئان لێرەدا روو دەکاتە خاوەن نامەکان لەم رووەوە کە نامەی ئاسمانییان دراوەتێ، هاتوون هەندێکیان گۆڕیوەو هەندێکیان فەوتاندووە، کەوابوو نامە ئاسمانی‌یەکەی خۆیان لەسەر دەقی خۆی نەماوە، تەزوییرە، ئەمەش داخوازی ئەوەیە کە بڕوا بە قورئان بکەن و هەوڵ بدەن چی زووە تۆبە بکەن و بگەڕێنەوە بۆ لای خودا، چونکە ئەوان دەربارەی تەورات کەمتەرخەمییان کردووەو شیاوی سزان.

لەلایەکی ترەوە ئەوەی کە داخوازی ئیمان هێنانیانە بە پێغەمبەری ئیسلام ئەوەیە: کە هەموو ئایینە ئاسمانی‌یەکان لەسەر بنەما سەرەکی‌یەکان کۆکن! هەموویان بانگەوازی دەکەن بۆ یەکتاپەرستی و شەریک بۆ خودا قەرار نەدان و ئەخلاق بەرزی و دوور کەوتنەوە لە تاوان بە نهێنی و بە ئاشکرا.

قورئانی پیرۆز جەختی لەسەر پێغەمبەرایەتی داود و سلێمان و موساو عیساو ئیبراهیم و نوح و پێغەمبەرەکانی تریشی کردووەو وەسپی داون، دەی چۆن شوێنکەوتوانی ئەو پێغەمبەرانە ئیمان بە قورئان و پێغەمبەرایەتی محمد ناهێنن؟؟ لە کاتێکا قورئان پشتگیری ئایین و پێغەمبەرایەتی ئەوان دەکاو یەکسانە لەگەڵ ئایینی ئیبراهیم، کە لەسەر بنەمای یەکتاپەرستی دامەزرابوو

ئەی محمد! پێیان بڵێ: ئیمان بهێنن بەو کتێبەی ناردومانەتە خوارێ کە قورئانە، هەموو کتێبە ئاسمانی‌یەکان لەیەک سەرچاوە هەڵگیراون و یەک ئامانجیان هەیە!

ئەمجار هەڕەشەیان لێ دەکاو دەفەرموێ: ﴿من قبل أن نطمس وجوهـا فنردها على أدبارها﴾ ئیمان بهێنن پێش ئەوەی دەم و چاویان بگوێڕین، نیشانەی دەم و لێوو چاوو لوتیان بکوژێنینەوەو وەکوو پشتە ملیان ساف و بێ نیشانە بێ.

هیچ شوێنەواری دەم و لوت و گوێچکەیان نەمێنێ! ﴿أو نلعنهم كما لعنا أصحاب السبت﴾ یان بە هیلاکیان بەرین و بیان فەوتێنین، یان سزایان بدەین بە مەسخ کردن و گۆڕینیان بە بەراز و مەیمون، وەکوو چۆن نەیبیمان لێ کردن کە لە ڕۆژی شەممەدا ڕاوە ماسی نەکەن، کەچی ئەوان پێچیان لێ دا و لە جومعەدا دەچوون گۆماویان پڕ دەکردن و کە دەریا شەپۆلی دەهێنان و دەبردن گۆلەوەکان ماسییان تێ دەچوون، دوایی کە ئاوەکە دەکشایەوە ماسییەکان لە گۆلاوەکاندا دەمانەوە، ئەمجار ڕۆژی یەکشەممە دەچوون ماسییەکانیان ڕاو دەکردن ئێمەش لە تۆڵەی ئەم لاساریيانەیان دا مەسخمان کردن و کردمانن بە مەیمون و بەراز و نەفرینمان لێ کردن ﴿وكان أمر الله مفعولا﴾ فەرمانی خودا کە بە وشەی (کن فیکون): (ببەو دەبێ) دێتە کایەوە جێ بەجێ کراو و ئەنجام دراوەو کەس ناتوانێ ببێتە لەمپەر و پێشگیری لێ بکا. کە فەرمانی کرد کەس نیە بڵێ نابێ ببێ! یان مەرجی بۆ دانێ! کەوابێ بترسن لە هەڕەشەیی و خۆ بپارێزن لە سزای! خودا دەسەڵات و توانای ڕەهایە، هەرکە ویستی شتێک ببێ، دەبێ.

ئیبنو عەبباس دەڵێ مانای وایە کەس نیە حوکمی خودا ڕەت بکاتەوە، فەرمانی هەڵبوەشێنێتەوە، ئەگەر ئیمان نەهێنن یەکێ لەو دوو سزایە ڕوویان تێ دەکا. بێگومان ئەم هەڕەشەیە لە سەردەمی پێغەمبەردا هاتە دی، ئەوە بوو (بەنی نەضیر) تووشی نەهامەتی هاتن و لە ماڵ و حاڵی خۆیان وەدەر نران، بەنو قورەیظەش بە هیلاک بران!

موبەرید دەفەرموێ: ئەو هەڕەشەیە بەردەوامەو چاوەڕوان کراوە، دەبێ پێش ڕۆژی قیامەت جولەکە ئەم طەمس و مەسخەیان بەسەر بێ. بەکورتی پێیان دەڵێ: ئێوە دەزانن کە خودا دەرحەقی گەلە پێشینەکان هەڕەشەکانی هێناوەتە جێ ئێوەش بترسن و ئاگادار بن نە هەڕەشەکانی ئەمین نەبن.

ئەوەی خودا چاوپۆشی لێ دەکاو ئەوەی چاوپۆشی لێ ناکا

إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغْفِرُ أَن يُشْرَكَ بِهِۦ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُ ۚ وَمَن يُشْرِكْ
بِٱللَّهِ فَقَدِ ٱفْتَرَىٰٓ إِثْمًا عَظِيمًا ﴿٤٨﴾

دوای ئەوەی پەروەردگار هەڕەشەی لە خاوەن نامەکان کردو ترساندنی لەوە کە ئەگەر ئیمان نەهێنن ئەو هەڕەشەیەی لێ‌ی کردوون ئەنجامی دەدا.

ئەمجار ئەوە روون دەکاتەوە کە ئەو هەڕەشە کردنە لەسەر کوفری صەریح و شەریک بۆ خودا قەرار دانە، بەڵام تاوانەکانی تر وێ دەچێ خودا لێیان خۆش ببێ بۆیە دەفەرموێ: **﴿إن الله لا يغفر أن يشرك به ويغفر ما دون ذلك لمن يشــاء﴾** بێگومان پەروەردگار خۆش نابێ لە کەسێک شەریک بۆ خودا دابنێ، خودا خۆش نابێ لە بەندەیەک بە موشریکی مردبێ، مەبەست بە شیرک کوفری گشتی‌یە کە شێوەی کوفری جولەکەکانیش دەگرێتەوە، جگە لە تاوانی شیرک بەم مەبەستە گشتی‌یە ئەگەر خوا مەیلی لێ بێ لە تاوانەکانی تر خۆش دەبێ، کەسێک هاوەڵ بۆ خودا دابنێ تاوانی گەورەی ئەنجام داوەو ئەگەر لەسەر ئەو حاڵەتە بمرێ خودا لێ‌ی خۆش نابێ.

طەبەری دەڵێ: ئەم ئایەتە ئەوەی روون کردۆتەوە کە هەر کەسێک تاوانی گەورەی لە دەست قەومابێ دەکەوێتە بەر ئارەزووی خودا خۆی، مەیلی لێ بێ لێ‌ی خۆش دەبێ و مەیلی لێ بێ سزای دەدا بەمەرجێ تاوانەکەی هاوەڵ دانان بۆ خودا نەبێ.

﴿ومن يشرك بالله فقد افترى إثما عظيمـا﴾ هەرکەسێک هاوەڵ بۆ خودا دابنێ، پێ‌ی وابێ جگە لە خودا کەسێکی تریش بەدیهێنەرە، یاسادانەرە، حەرام و

حەڵاڵ دەست نیشان دەکا، ئەوە تاوانێکی گەورەی ئەنجام داوەو تاوانەکانی تر لە ئاستیا خۆ بە بچووک دەنوێنن.

پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکرێ کە هاوەڵ بۆ خودا دانان دوو جۆرە:

یەکەم: شەریک بۆ دانان لە خودایەتی (الألوهیة)دا، وەکوو ئەوەی یەکێکی تر بکەی بە هاوەڵی خوداو دەسەڵاتی هەڵسوڕان و بەدیهێنەری بۆ دیاری بکەی.

دووەم: شەریکی لە ربوبییەت دا وەکوو ئەوە دەسەڵاتی یاسا دانان و دەست نیشان کردنی حەڵاڵ و حەرام جگە لە خودا بۆ یەکێکی تریش بە ڕەوا دابنێی و پێت وابێ کە جگە لە خودا بەبێ وەحی و نیگای خودا کەسێکی تر هەیە دەتوانێ شەریعەت دابنێ و حەڵاڵ و حەرام دیاری بکا.

بەڵام ئەمە مانای وا نیە کە دەوڵەتی ئیسلام بۆی نیە یاسای مەدەنی دابنێ بۆ بەڕێوە چوونی کاروباری گەلی ئیسلام، بەمەرجێ ئەو یاسا شارستانیانە لە جەغزی ئیسلام دەرنەچن و بۆ بەرژەوەندی گەلی ئیسلام بن و دژی دەقی قورئان و صەحیحی سوننەت و نەبن، وەک یاسای هاموشۆی ڕێگاوبان و خانووبەرە دروست کردن و ژن هێنان و کڕین و فرۆشتن و هتد.

قورئان دەربارەی ئەهلی کیتاب دەفەرموێ:**﴿اتخذوا أحبارهم ورهبانهم أربابا من دون الله والمسيح ابن مريم﴾** التوبة/٣١

پێغەمبەر ﷺ ڕاڤەی ئەم ئایەتەی وا کردووە کە ئەوانە مالم و قەشەکانی خۆیانیان کردبوو بە یاسا دانەر و فەرمانڕەواو، وەکوو خودا بە گوێیان دەکردن و شوێنیان دەکەوتن و ئەحکامی حەڵاڵ و حەرامیان لێ وەردەگرتن. ئایەتەکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکا کە خاوەن نامەکان بۆیە بە موشریک حسێب کراون چونکە عوزەیر و عیسایان بە خودا داناوەو دەسەڵاتی بەدیهێنەریان بۆ چەسپاندوون ئولوهییەتیان بۆ قەرارداون. بۆ مالم و قەشەکانیشیان دەسەڵاتی حەڵاڵ کردن و حەرام کردنیان دابوونێ!

بۆیەش شیرک ئەوەندە قێزەونە چونکە درۆیەکی پەتییە بوختانێکی بێ پەردەیەو، هێلانەی هەموو شتێکی پڕوپووچ و بەتاڵە، هەموو تاوانێک لەوەوە سەر

هەڵدەدا، ژیانی تاک و کۆمەڵ دەڕوخێنێ، لەگەڵ عەقڵ و هۆش دا دژایەتی هەیە، لەگەڵ دڵ و دەروونی پاک دا ناگونجێ و ناهێڵێ نووری ئیمان بچێتە ناو دڵەوە.

بەپێچەوانەشەوە یەکتاپەرستی دەروون بەرزی و سرووشتپاکی تێدایەو ئادەمیزاد لە بەندایەتی کردن بۆ ئادەمیزاد رزگار دەکاو بەرزی دەکاتەوە بۆ پایەی پیرۆزی خودا پەرستی و پشت بەستن بە خوداو ئیخلاصی بۆ زاتی پاکی، ئەمانەش هەموو ئارامی بە دڵ و دەروون دەگەیەنن! روح مشت و ماڵ دەکەن و چرای دڵ رۆشن دەکەن و وا لە ئادەمیزاد دەکەن یارمەتی خودای دەست بکەوێ و پشت بە سەرچاوەی هێز و دەسەڵات ببەستێ و لە تەنگ و چەڵەمەی دونیاو قیامەت رزگاری ببێ.

زانایان دەڵێن: ئەم ئایەتە موخەصیص و تایبەتکارە بۆ ئایەتی سورەتی (الزمر) کە دەفەرموێ: **﴿قل يا عبادي الذين أسرفوا على أنفسهم لا تقنطوا من رحمة الله إن الله يغفر الذنوب جميعا إنه هو الغفور الرحيم﴾** الزمر/٥٣.

دەڵێن: کە ئەم ئایەتەی سورەتی (الزمر) هاتە خوارێ پێغەمبەر ﷺ چووە سەر دوانگەو بەسەر خەڵکەکەدا خوێندییەوە پیاوێک هەستایە سەرپێ و وتی ئەی پێغەمبەری خودا! شەریک بۆ خودا دانانیش لێخۆشبوونی هەیە؟؟ پێغەمبەر بێ دەنگ بوو، ئەمجار پیاوێکی تر هەستاو وتی ئەی رەوانە کراوی خودا! هاوەڵ پەیدا کردن بۆ خوداش لێخۆشبوونی هەیە؟؟ پێغەمبەر بێ دەنگ بوو دوو جار یان سێ جار ئەم پرسیارەی ئاڕاستە کرا ئیتر ئایەتی **﴿إن الله لا يغفر أن يشرك به...﴾** هاتە خوارێ.

چەند نموونەیەکی تری خاوەن نامەکان و سزای ئەو کردەوانە

أَلَمْ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ يُزَكُّونَ أَنفُسَهُم ۚ بَلِ ٱللَّهُ يُزَكِّى مَن يَشَآءُ وَلَا يُظْلَمُونَ
فَتِيلًا ﴿٤٩﴾ ٱنظُرْ كَيْفَ يَفْتَرُونَ عَلَى ٱللَّهِ ٱلْكَذِبَ ۖ وَكَفَىٰ بِهِۦٓ إِثْمًا مُّبِينًا
﴿٥٠﴾ أَلَمْ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ نَصِيبًا مِّنَ ٱلْكِتَـٰبِ يُؤْمِنُونَ بِٱلْجِبْتِ
وَٱلطَّـٰغُوتِ وَيَقُولُونَ لِلَّذِينَ كَفَرُوا۟ هَـٰٓؤُلَآءِ أَهْدَىٰ مِنَ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟
سَبِيلًا ﴿٥١﴾ أُو۟لَـٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ لَعَنَهُمُ ٱللَّهُ ۖ وَمَن يَلْعَنِ ٱللَّهُ فَلَن تَجِدَ لَهُۥ
نَصِيرًا ﴿٥٢﴾ أَمْ لَهُمْ نَصِيبٌ مِّنَ ٱلْمُلْكِ فَإِذًا لَّا يُؤْتُونَ ٱلنَّاسَ نَقِيرًا ﴿٥٣﴾
أَمْ يَحْسُدُونَ ٱلنَّاسَ عَلَىٰ مَآ ءَاتَىٰهُمُ ٱللَّهُ مِن فَضْلِهِۦ ۖ فَقَدْ ءَاتَيْنَآ ءَالَ
إِبْرَٰهِيمَ ٱلْكِتَـٰبَ وَٱلْحِكْمَةَ وَءَاتَيْنَـٰهُم مُّلْكًا عَظِيمًا ﴿٥٤﴾ فَمِنْهُم مَّنْ
ءَامَنَ بِهِۦ وَمِنْهُم مَّن صَدَّ عَنْهُ ۚ وَكَفَىٰ بِجَهَنَّمَ سَعِيرًا ﴿٥٥﴾

ئیبنو ئەبی حاتەم لە ئیبنو عەبباسەوە دەگێڕێتەوە دەڵێ: جوولەکەکان منداڵەکانیان پێش دەخستن نوێژیان پێ دەکردن و پێیان وابوو بێ گوناهن و تاوانیان لەسەر نیە، ئیتر پەروەردگار ئەم ئایەتەی ناردە خوارێ.

کەلبی دەڵێ: ئەم ئایەتە دەربارەی چەند کەسێکی جوولەکە نازل بووە کە منداڵەکانیان هێنایە لای پێغەمبەر ﷺ وتیان: ئەی محمد! ئایا ئەم منداڵە بچکۆلانەی ئێمە گوناهیان لەسەرە؟ پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: نەخێر، وتیان:

سوێندمان بەو کەسەی سوێندی پێ دەخۆین ئێمەش وەکوو ئەوان بێ گوناهین!! هەر گوناهێکی بە رۆژ بیکەین شەو لەسەرمان رەش دەکرێتەوە، هەر تاوانێکی بەشەو بیکەین بەرۆژ لەسەرمان رەش دەکرێتەوە. ئەمەیە کە پاکانەیان بۆ خۆیان کردووە.

حەسەنی بەصری و قەتادە دەڵێن: ئەم ئایەتە دەربارەی جوولەکەو فەلە هاتۆتە خوارێ کە گوتیان ﴿**نحن أبناء الله وأحباؤه**﴾ المائدة/١٨ یان کە دەیانگوت: ﴿**لن يدخل الجنة إلا من كان هودا أو نصارى**﴾ البقرة/١١١

بەهەر حاڵ هۆی هاتنە خوارەوە، رێ لە گشتایەتی و عومومییەتی دەق ناگرێ وەکۆ زانایانی تەفسیر و ئوصووڵ دەفەرموون: (عیبرەت بە مانای گشتی دەقە، نەک بە هۆی هاتنی!)

ئیتر بۆ رەتدانەوەی ئەو خاوەن نامانە پەروەردگار فەرمووی: ﴿**ألم تر إلى الذين يزكون أنفسهم**﴾ئایا نابینی تۆ ئەی محمد! سەیری حاڵ و چۆنیەتی ئەوانە ناکەی؟ کە مەدحی خۆیان دەکەن و لافی رەوشت و رێزێک بۆ خۆیان لێ دەدەن و کە تێیان دا نیە، دەڵێن: ئێمە کوڕی خوداین، خۆشەویستی خوداین، دەڵێن ئێمە گەل و نەتەوەی هەڵبژاردووی خوداین، دەڵێن: کەسێک جوولەکە یان مەسیحی نەبێ ناچێتە بەهەشتەوە، دەڵێن کوڕەکانمان مردوون بۆمان بوونە قوربانی، باوک و باپیرمان شەفاعەتمان بۆ دەکەن و پاکانەمان بۆ دەکەن، چونکە لای خودا رێزدارن و قسەیان وەردەگیرێ! پەروەردگار رەدیان دەداتەوەو دەفەرموێ: ﴿**بل الله يزكي من يشاء**﴾ پاکانە کردن بۆ خۆیان هیچ نرخ و بەهایەکی نیە، پاکانە کردن بە قسە نابێ، دەبێ بە کردەوە بێ، خودا کەسێکی بوێ پاکی دەکاتەوە، یارمەتی دەدا بۆ ئەنجام دانی کردەوەی باش، هیدایەتی دەدا بۆ بیروباوەڕی راست و ئەخلاق و رەوشتی بەرزی فێر دەکا ﴿**ولا يظلمون فتيلا**﴾ پەروەردگار هیچ شتێک لە پاداشی کردەوەی باشی ئەو پاکانە کەرانە کەم ناکاتەوە پاداشی خۆیان بە تەواوی دەداتەوە

ئایەتەکە دوو شتی سەرەکی لێ وەردەگیرێ:

١- پەروەردگار پاداشی کردەوەی کردار باشان دەداتەوە تەنانەت ئەگەر موشریک و خوانەناسیش بن! چونکە ئەو کردەوە باشە کاریگەری لە دڵ و دەروونی خاوەن کردەوەکەدا هەیە و شایانی پاداشە، لە دۆزەخ دا بەهۆی کردەوەی باشەوە سزای لەوانی تر سووکترە! لە فەرموودەی پێغەمبەر دا هاتووە کە بڕێ لە موشریکەکان بەهۆی کردەوەی باشیانەوە لە دۆزەخ دا سزایان لەسەر سووک دەکرێ:

حاتەمی طائی بەهۆی سەخاوەتەوە، ئەبو طالیبی مامی پێغەمبەر بە هۆی پشتگیری و سەرپەرشتیاری کردنی بۆ پێغەمبەر ﷺ ئەبو لەهەب، چونکە کاتێ کە جاریەکەی کە ناوی (ثووەیبە) بوو مزگێنی لە دایک بوونی پێغەمبەری پێ دا (ثووەیبە)ی ئازاد کرد.

٢-موسوڵمانان دەترسێنی لەوە کە بە ئایینی خۆیان نەنازن و وەکوو خاوەن نامەکان نەکەن، خۆیان بپارێزن لە پاکانە بۆ خۆکردن و قسە زلی و کەش و فش. ئەوەش بزانن کە خودا محابات بۆ کەس ناکاو منەتی لەکەس نیە، نە موسوڵمان و نە جوولەکە و نە مەسیحی! ئەی ئەوە نەبوو سەروەری پێغەمبەران، خۆشەویستی خودا؛ حەزرەتی محمد لە جەنگی ئوحود سەری شکا، ددانی شکاو کەوتە چاڵەوەو تووشی نارەحەتی و ناخۆشییەکی تەواو هات بە هۆی کەمتەرخەمی بڕێ لە جەنگاوەرانی، کە قسەو ئامۆژگاری پێغەمبەریان شکاند و سەنگەرەکانی خۆیان چۆل کرد! هەروەها داوا لە موسوڵمانان دەکا کە قورئان بکەنە مەشخەڵی ڕێگای ژیانیان و شوێن وەسوەسەو چاووراوی دەجال و ڕەفتار ججاڵەکان و هەلپەرست و لە خشتەبەران نەکەون.

ئەمجار پەروەردگار سەرسوڕمان لە حاڵەتی ئەوانی دووبارە کردەوە، ئەو حاڵەت و چۆنیەتیە سەرنج ڕاکێشەی کە لە ئایەتی پێشوو وەرگیرا دووبارەی کردەوەو فەرمووی: ﴿انظر كيف يفترون على الله الكذب﴾سەیر بکە: چۆن بەدەم

خوداوە درۆ هەڵدەبەستن و پاکانە بۆ خۆیان دەکەن! پێیان وایە زێدە رێزیان بەسەر خەڵکی ترەوە هەیە. ﴿وكفى به إثما مبينا﴾ بەسە بۆ تاوانباری و خوانەناسییان ئەم درۆو قسە هەڵبەستنە ئاشکرایەیان، چونکە خودا هیچ کاتێک عادەتی وا نیە کە گەل و نەتەوەیەکی تایبەتی مامەڵەیەکی تایبەتی بۆ بکا، بەڵکو خودا پاداش و سزا بە گوێرەی کردەوە دەداتەوە هەرگیز سەیری ئەوە ناکا ئاخۆ لە چ گەل و نەتەوەیەکەو کوڕی کێیەو کچی کێیە!﴿وان ليس للإنسان إلا ما سعى﴾

ئیبنو عەبباس دەڵێ: هەندی مالمی جوولەکە هاتنە لای قورەیشی‌یەکان، پیاوانی قورەیش وتیان ئەمانە زاناو شارەزای ئایین و کتێبە ئاسمانی‌یەکانن لێیان بپرسن ئاخۆ ئایینی ئێمە باشترە یان ئایینی محمد؟

پرسیاریان لێ کردن، مالمەکان وتیان: ئایینی خۆتان باشترە لە ئایینی محمد، ئەو ڕێگایەی ئێوە لەسەرینی لە ڕێبازی محمد ڕاست ترە، ئیتر ئەم ئایەتە هاتە خوارێ کە دەفەرموێ:

﴿ألم تر إلى الذين أوتوا نصيبا من الكتاب يؤمنون بالجبت والطاغوت﴾

بڕوانە ئەوانەی کە بەشێکیان لە کتێبی ئاسمانی پێ دراوەو تەورات دەخوێنن چۆن ماستاو بۆ کافرەکانی قورەیش دەکەن و ئیمان بە بت و سەنەم دێنن، یارمەتی کافرەکان دەدەن، دژی موسوڵمانان، هەموو پێداویستی‌یەکیان بۆ دابین دەکەن، شایەتی بە درۆیان بۆ دەدەن.

﴿ويقولون للذين كفروا هؤلاء أهدى من الذين آمنوا سبيلا﴾ دەڵێن: کافرو موشریکەکان ئایینەکەیان ڕاستەو حەق ترە لە ئایین و ڕێبازی ئەوانەی ئیمانیان بە پەیامی محمد هێناوە، بەڕاستی ئەو خاوەن نامانە، ئەو مالم و خۆ بەزانا زانایانە لە ڕێنومایی عەقڵ بێ بەش بوون، بناخەی ئایینی خۆیان ڕووخاند لە حەق لایان داوە، بانگی ستەمکارییان هەڵدا کاتێک بوونە پاڵپشت و یارمەتی دەری شیرک و بتپەرستی و خوداو پێغەمبەریان بە درۆ خستەوەو نەهاتنە سەر ئایینی ڕاست و خوایان بە حەق نەناسی!!

﴿أولئك الذین لعنهم الله ومن یلعن الله فلن تجد له نصیرا﴾ ئەوانە ئەو تاقم و کۆمەڵەن کە خودا نەفرینی لێ کردوون و لە ڕەحمەت و بەخششی خۆی دوری خستوونەوە، کەسێکیش خودا نەفرینی لێ بکا کەسی دەست ناکەوێ یارمەتی بدا، بێ پشتیوان و پشتگیر دەمێنێتەوە!

﴿أم لهم نصیب من الملك فإذا لا یؤتون الناس نقیرا﴾ئەوان هیچ بەش بارێکیان لە پادشایی و فەرمانڕەوایی دانیە چونکە ستەمکار و ملهوڕ و ڕژد و چروکن، خود پەسەند و خۆ خۆشەویستن، بە سرووشت خۆ پەرست و ماددە پەرستن، لەخۆڕازی و درۆزن و بەخیلن! خۆ ئەگەر شتێکیان بەدەست بێ بە ئەندازەی (نەقیرێک) توێکڵی ناوکی دەنکە خورمایەکی لێ نادەن بە کەس، دەی خۆ فەرمانڕەوایی و پادشایی پێویستی بە نەفس بەرزی و خۆ نەویستی و خۆ بەخت کردن و یارمەتیدانی خەڵک و جێ بەجێ کردنی کاری لێقەوماوان و ئاتاجان هەیەو دەبێ گیانی تەضحیەو فیداکاری و جوامێری تێدا بێ!

﴿أم یحسدون الناس علی ما آتاهم الله من فضله﴾ ئەمجار لۆمەیان دەکا لەسەر ئەو حەسوودی و چاو برینەیان لە ماڵی خەڵک کە زۆر لە چروکی‌یەکەیان خراپترە، ئەوان ئەوەندە حەسوودن ئاواتە خوازی ئەوەن کە خێروبێری جیهان هەمووی بۆ ئەوان بێ، دەیانەوێ ناز و نیعمەت هەمووی هەر بۆ ئەوان بێ، نایانەوێ کەسی تر نازو نیعمەت و ڕێزێکی هەبێ، ئەوانە کۆمەڵێکی خۆپەرست و ئەنانین، دڵ پیس و حەسوودن، بۆیە حەسوودی بە پێغەمبەری ئیسلام (محمد) دەبەن کە خودا ڕێزی پێغەمبەرایەتی و زانست و فەرمانڕەوایی و دۆست و یار و یاوەری زۆر داونێ. جا باش بزانن کە دەسەڵات و فەرمانڕەوایی، ماڵ و دارایی و ڕێز و پلەو پایەی پێغەمبەرایەتی تایبەت نیە بە ئەوانەوەو پەروەردگار بە ئارەزووی خۆی دەیدا بە هەرکەسێک شایانی بێ.

﴿فقد آتینا آل إبراهیم الکتاب والحکمة وآتیناهم ملکا عظیما﴾ئەوانە بەهەڵە چوون ناشێ حەسوودی بە محمد بەرن، چونکە وێنەی محمد زۆرن، بێگومان پەروەردگار پلەو پایەی پێغەمبەرایەتی و ڕێز و نرخی داوە بە خانەوادەی

ئیبراهیم کە عەرەبە قورەیشی‌یەکان لە نەوەی ئەون، پەروەردگار کتێبی ئاسمانی داوە بە ئیبراهیم کە شەریعەت و یاسای تێدا بوو، حیکمەت و تێگەیشتنی تەشریعی، پێغەمبەرایەتی بۆ خۆی و کوڕ و نەوەکانی، ملک و سەڵتەنەتی بەرفراوان بۆ کوڕ و نەوەکانی! ئەمەش ئاماژە بۆ ئەوە دەکا کە موسوڵمانان موڵک و دەسەلات و سەڵتەنەتێکی گەورەیان دەست دەکەوێ! ئەمە جگە لەوەی کە بەرزترین پلەوپایەو بەهرە کە پێغەمبەرایەتی و قورئان و حیکمەتە دراوە بە پێغەمبەرەکەیان!

﴿فمنهم من آمن به ومنهم من صد عنه وكفى بجهنم سعيرا﴾ ئەو پێغەمبەرە پێشینانە وەکوو ئیبراهیم و نەوەکانی لەگەڵ ئەوەشدا کە خانەوادەی پێغەمبەرایەتی بوون و موڵک سەڵتەنەتیان درابوویە کەچی گەلەکانیان هەموویان بڕوایان بە پێغەمبەرایەتی‌یەکەیان نەهێناوە، بەڵکو هەیان بوو ئیمانیان پێ هێنان و هەیان بوو پشتیان هەڵکردوو لەسەر کوفر و بێدینی خۆیان مانەوە، کەوابێ سەرت سوڕ نەمێنێ ئەی (محمد!) لە هەڵوێستی قەومەکەت، ئەمە داب و نەریتی گەل و نەتەوەکانە لەگەڵ پێغەمبەرەکانیان دا ئەمەش دڵدانەوەیە بۆ پێغەمبەر ﷺ بۆ ئەوەی صەبرو ئارامی بەهێز تر بێ بەرامبەر بە ئازاردانی گەلەکەی و نائومێد نەبێ لە ئیمان هێنانیان.

قورطوبی دەفەرموێ: ﴿فمنهم من آمن به﴾واتە: هەندێکیان ئیمانیان بە پێغەمبەر هێنا، ﴿ومنهم من صد عنه﴾ واتە: هەندێکیان ئیمانیان پێ نەهێنا.. بڕێکیش دەڵێن: ضەمیرەکەی (بە) دەگەڕێتەوە بۆ ئیبراهیم، بڕێکیش دەڵێن: دەگەڕێتەوە بۆ (الكتاب).

جا ئەو گومڕایانەی کە نایەنە سەر ڕێگای ڕاست ئەگەر لەم دونیایەش دا سزایان وێ نەکەوێ ئەوا سزای قیامەتیان بەسەو ئاگری دۆزەخ کیفایەتیانە.

سزای کافران و پاداشتی موسوڵمانان

إِنَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُواْ بِـَٔايَـٰتِنَا سَوْفَ نُصْلِيهِمْ نَارًا كُلَّمَا نَضِجَتْ جُلُودُهُم بَدَّلْنَـٰهُمْ جُلُودًا غَيْرَهَا لِيَذُوقُواْ ٱلْعَذَابَ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَزِيزًا حَكِيمًا ﴿٥٦﴾ وَٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّـٰلِحَـٰتِ سَنُدْخِلُهُمْ جَنَّـٰتٍ تَجْرِى مِن تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَـٰرُ خَـٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدًا لَّهُمْ فِيهَآ أَزْوَٰجٌ مُّطَهَّرَةٌ وَنُدْخِلُهُمْ ظِلًّا ظَلِيلًا ﴿٥٧﴾

ئەمجار لەم دوو ئایەتەی دوایی دا سزاو پاداشی هەردوو تاقمی باسکراو لە ئایەتەکانی پێشوو دا روون دەکاتەوەو دەفەرموێ: ﴿**إن الذين كفروا بآياتنا سوف نصليهم نارا**﴾ ئەوانەی کافر بوون بەو ئایات و بەڵگانەی ناردوومانە بۆ سەر پێغەمبەران بەتایبەتی ئەوانەی بڕوایان بە قورئان نەکردو گوێیان بۆ ئەحکام و ئامۆژگاری‌یەکانی شل نەکرد، کە دوا کتێبی تەواوو بێ خەوش و نێردراوی خودایی‌یە بۆ سەر ئادەمیزاد، لە ئاییندەدا دەیانخزێنینە ناو ئاگری سوتێنەری دۆزەخەوە، ئەم سزاو سوتاندنەیان هەمیشەیی و بەردەوامە ﴿**كلما نضجت جلودهم بدلناهم جلودا غيرها**﴾هەر کاتێ پێستیان سوتاو وای لێ هات هەستی ئازار نەگوێزێتەوە بۆ دەماغ، ئەوا پێستی تازەیان بۆ دروست دەکەینەوە کە هەست بە ئازار بکەن.

پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ((**تبدل جلودهم كل يوم سبع مرات**)) هەموو رۆژێ حەوت جار پێستیان دەگۆڕدرێ.

خوالێخۆش بوو دکتۆر عەبدولعەزیز ئیسماعیل پاشا لە کتێبی (الإسلام والطب الحدیث)دا دەفەرموێ: حیکمەت لە گۆڕینی پێستەکانیان دا ئەوەیە: ئەو رەگانەی ئازار دەگوێزنەوە بۆ سەنتەری هەست لە مێشکدا لە تـوێی پێست دان، بەڵام ماسولکەو ریشاڵەکانی ژێر پێست هەست کردن بە ئازار تێیان دا کەمە. بۆیە پزیشکەکان دەڵێن: سوتانی وا کە لە پێست تێپەڕ نەکا ئازاری زۆرە بە پێچەوانەوە سوتانی زۆر قووڵ کە بگاتە ماسولکەو ریشاڵەکان هەرچەندە سامناکەو ترسی مردنی لێ دەکرێ ئەو ئازارەی نیە.

گۆڕین و تازە کردنەوەی پێستەکانیان ﴿لیذوقوا العذاب﴾ بۆ ئەوەیە ئازارەکەیان بەردەوام بێ و کۆتایی پێ نەیە، بەمەش ئەو وەهم و خەیاڵەی لابرد کە بگوترێ: ئەوانە لەگەڵ ئازارەکەدا رادێن و ئازارەکەیان بەلاوە ئاسایی دەبێ.

ئەمجار پەروەردگار جەخت لەسەر هۆی سزادان و بە توانایی خودا لەسەر ئەنجامدانی ئەو سزادانە دوبارە دەکاتەوە دەفەرموێ: ﴿إن الله كان عزيزا حكيما﴾ دڵنیا بن کە خودا باڵادەست و زاڵ و بە توانایە بەسەر ئەنجامدانی هەر سزایەک کە بیەوێ بیسەپێنێ بەسەر تاوانباراندا، دادوەرو دانایە دادوەرانە سزای تاوانباران دەدا. بەگوێرەی حیکمەت و دانایی نەبێ سزای کەس نادا، عەدل و دادیش ئەوە دەخوازێ کە کوفر و تاوان ببنە هۆی تۆڵەو سزای دۆزەخ؛ ئیمان و کردەوەی چاکیش ببنە هۆی دەستە بەرکردنی نازو نیعمەتی خودایی و چوونە ناو بەهەشت، هەموو کردەوەیەک سزاو پاداشی شیاوی خۆی هەیە، بۆیە لێرە پاداشی کردەوەی باشی موسوڵمانانی خستە پەنا سزای کردەوەی کافران بۆ جیاوازی خستنە نێوانیان و فەرموی: ﴿والذين آمنوا وعملوا الصالحات﴾ ئەوانەی ئیمانیان هێناوە و بڕوایان هەیە و کردەوەی چاک دەکەن ﴿سندخلهم جنات تجري من تحتها الأنهار﴾ بەزوویی دەیانخەینە ناو باغ و باغاتی بەهەشتەوە کە بەژێر دارەکانیان دا جۆگەو جۆبار دەکشێن و جوانی پڕ لە ئەفسوناوی دەبەخشن، خۆشی و لەززەت و رابواردنەکەیان بۆ قەشەنگ دەبێ، ئەم ناز و نیعمەتە کاتی و دەمدەمی نیە بەڵکو

﴿خالدين فيـــــها أبـــدا﴾ بـه هه‌میشـه‌یی تێیـدا ده‌مێننـه‌وه، بـه‌جێ‌ی نـاهێڵن و نایگوێزنه‌وه، دڵیان پێ‌ی خۆشه هه‌وڵی گواستنه‌وه‌و لێ ده‌رچـوون لێ‌ی نـاده‌ن، لـێ وه‌رز بوون و دۆش دامانی تێدا نابینن،

ئه‌مه پاداشی باوه‌ڕ و کرده‌وه‌ی چاکیانه وێڕای ئـه‌و جـێ و شـوێنه رازاوه‌و هه‌بوونی ئه‌و که‌شه خۆش و هه‌وا سازگار و دیمه‌نه دڵرفێنانه، ﴿لهم فيـــــها أزواج مطهرة﴾ خێزانی بێ عه‌یب و نه‌نگیان هه‌یه، پاکن له نه‌نگی جه‌سته‌یی و به ده‌روون له خه‌وشی ره‌وشتی و سرووشـتی، شـتێک نیـه حاڵـه‌تی کـه‌یف خۆشـییان لابـه‌رێ، کۆنترۆڵی ته‌ندروستی تێک بدا، ﴿وندخلهم ظلا ظليـــــلا﴾ ده‌یانبه‌ینـه شـوێنێکی سێبه‌ری فێنکی دڵڕفێن و خۆش و سـازگاری وا کـه نه‌سـه‌رمای لـێ بـێ نه‌گـه‌رما، ئه‌مه‌ش ئه‌وپه‌ڕی خۆش رابواردن و ناز و نیعمه‌تی رازاوه‌یه!

تێبینی ئه‌وه ده‌کرێ تـه‌عبیری قورئـان لـێره‌دا بـۆ سـزای کافره‌کـان وشـه‌ی (سوف)ه‌ی بـه‌کار هێنـاوه کـه لـه زمـانی عـه‌ره‌باندا بـۆ ئـاینده‌ی دووره، وه بـۆ پاداشتی موسوڵمانانیش وشه‌ی (س)ی به‌کار هێناوه که لـه زمـانی عـه‌ره‌باندا بـۆ ئاینده‌ی نزدیکه، وه‌ک ئه‌وه فه‌رمووی: (س-ندخلـــــــهم) ئه‌مـه‌یش ئاماژه‌یـه بـۆ گه‌یاندنی ئه‌م مه‌به‌سته ناسک و نازداره که هه‌ر زوو ده‌ستیان ده‌کـه‌وێ و ده‌خرێنـه به‌هه‌شته‌وه‌و به‌و شوێنه شاد ده‌بن، به‌ڵام وێ ده‌چێ کافره‌کان له ده‌شتی مه‌حشه‌ردا بۆ ماوه‌یه‌ک بمێننه‌وه، گه‌رچی ناره‌حه‌تی و غه‌م و په‌ژاره‌ی ده‌شتی مه‌حشه‌ریش بۆ خوانه‌ناسان زۆر ناخۆشه به‌ڵام له‌چاو سزای دۆزه‌خ دا، قه‌تره به ده‌ریایـه، جـا پـاش مه‌ینه‌ت و سه‌خڵه‌تی ده‌شتی مه‌حشه‌ر ره‌هه‌نه‌ی ناو ئـاگر ده‌کرێـن و ده‌خرێنـه نـاو دۆزه‌خه‌وه!! خوا په‌نامان بدا!

یاسای حوکمرانی لە ئیسلام دا؛ گەڕانەوەی سپاردەو مافەکان بۆ لای خاوەنەکانیان عەدالەتکاری، فەرمانبەرداری خوداو پێغەمبەر

﴿إِنَّ ٱللَّهَ يَأۡمُرُكُمۡ أَن تُؤَدُّواْ ٱلۡأَمَٰنَٰتِ إِلَىٰٓ أَهۡلِهَا وَإِذَا حَكَمۡتُم بَيۡنَ ٱلنَّاسِ أَن تَحۡكُمُواْ بِٱلۡعَدۡلِۚ إِنَّ ٱللَّهَ نِعِمَّا يَعِظُكُم بِهِۦٓۗ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ سَمِيعَۢا بَصِيرٗا ٥٨ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَطِيعُواْ ٱللَّهَ وَأَطِيعُواْ ٱلرَّسُولَ وَأُوْلِي ٱلۡأَمۡرِ مِنكُمۡۖ فَإِن تَنَٰزَعۡتُمۡ فِي شَيۡءٖ فَرُدُّوهُ إِلَى ٱللَّهِ وَٱلرَّسُولِ إِن كُنتُمۡ تُؤۡمِنُونَ بِٱللَّهِ وَٱلۡيَوۡمِ ٱلۡأٓخِرِۚ ذَٰلِكَ خَيۡرٞ وَأَحۡسَنُ تَأۡوِيلًا ٥٩﴾

ئەمجار دوای ئەوەی پەروەردگار لە ئایەتی پێشوودا پاداشی چاکەکارانی دیاری کرد، موناسیب و گونجاوە کە هەندێ لە کردەوە سەرەکی‌یەکانیان دەست نیشان بکا کە بریتین لە پایە گرنگەکانی پرۆگرام و دەستووری حوکم لە ئیسلام داو فەرمووی: ﴿إن الله يأمركم أن تؤدوا الأمانات إلى أهلها﴾ پەروەردگار فەرمانتان پێ دەکا کە ئەمانەتەکان بگێڕنەوە بۆ خاوەنەکانیان، ئەم ئایەتە هەرچەندە هۆی نازلبوونەکەی هۆیەکی تایبەتییە، بەلام وەکوو دەلێن: لە هەموو ئایەتەکانی قورئاندا (عیبرەت بە مانا گشتی‌یەکەی وشەکەیە نەک بە تایبەتمەندی هۆکارەکەی) کەوابوو ئایەتەکە فەرمانێکی گشتی‌یە بە موسوڵمانان کە سپاردەکان بدەنەوە بە خاوەنەکانیان، هەر سپاردەیەکت لە ژێر دەست دابوو دەرحەق بە خودی

خۆت، دەرحەق بە بەندەکانی خودا، دەرحەق بە پەروەردگار پێویستە بیگەڕێنیەوەبۆ خاوەنەکەی!

ریعایەت کردنی ئەمانەت دەرحەق بە پەروەردگار ئەوەیە: پابەندی فەرمانەکانی بین، خۆمان لە نەهی‌یەکانی بپارێزین، جەستەو ئەندام و هەست و شعورەکانمان لەو شتانە بەکار بهێنین کە دەبنە جێگای رەزامەندی ئەو.

ئەبو نەعیم لە (ئەلحولیەدا) حەدیسێکی مەرفوعی لە عەبدوللای کوڕی مەسعوود کە لە پێغەمبەرەوە ﷺ بە مەرفوعی ریوایەتی کردووە، دەگێڕێتەوە دەڵێ: فەرمویەتی **((القتل في سبيل الله يكفر الذنوب كلها))** یان فەرمووی **((كل شيء إلا الأمانة))**.

واتە: شەهید بوون لە پێناوی خودادا هەموو تاوان و گوناهێ دەسڕێتەوە، جگە لە ناپاکی لە سپاردە! خیانەت کردن لە ئەمانەت ئەوەندە تاوانێکی گەورەیە، تەنانەت شەهید بوونیش نایشۆرێتەوە، سپاردە جۆری زۆرە وەک:

ئەمانەت لە نوێژدا، ئەمانەت لە رۆژوودا، ئەمانەت لە ئاخاوتن و گفتوگۆدا لە هەمووانیش گرنگتر سپاردەی عادەتی‌یە، بەڵگەی ئەم فەرمایشتەیش ئەوەیە کە کۆمەڵێک لە هاوەڵانی پێغەمبەر (عەبدوللای کوڕی مەسعوود و بەررائی کوڕی عازیب و عەبدوللای کوڕی عەبباس و ئوبەی کوڕی کەعب) فەرموویانە: ئەمانەت لە هەموو شتێک دا هەیە: لە دەست نوێژ دا، لە نوێژدا، لە زەکات دا، لە لەش پیسی دا، لە رۆژوودا، لە پێوان و کێشان دا لە سپاردەدا، ئیبنو عەبباس فەرموویەتی: پەروەردگار رێگەی نەداوە نە بۆ دەوڵەمەند نە بۆ هەژار کە سپاردە داگیر بکا، عەبدوللای کوڕی عومەر فەرموویەتی پەروەردگار کە شەرمگای بۆ ئادەمیزاد دروست کردووە فەرموویەتی ئەوە سپاردەیە لە تۆم دا شاردۆتەوە پارێزگاری بکەو مافی خۆی بدەرێ، پارێزگاری ئەمانەت دەرحەق بە خودی ئادەمیزاد خۆی ئەوەیە: کە شتێک بکا سوودی دین و دونیاو قیامەتی هەبێ.! خۆی لە هۆکارەکانی نەخۆشی بپارێزێ، بەپێی یاسای زانستی پزیشکی رەفتار بکا،

چونکە پێغەمبەر ﷺ وەکوو ئەحمەد و بوخاری و موسلیم و ئەبو داود و تیرمذی لە عەبدوڵلای کوڕی عومەرەوە گێڕاویانەتەوە: فەرمویەتی: **((کلکم راع وکلکم مسؤول عن رعیته))** هەموتان وەک شوان چاودێرن و هەموتان بەرپرسیارن لە چاودێرکراوانی خۆتان. یان دەفەرموێ: **((إن لنفسك علیك حقا))** لە راستی دا خودی خۆشت مافت هەیە لەسەر خۆت، وەک خەو و خواردن و ئەمانە.

ریعایەت کردنی ئەمانەت دەرحەق بە نادەمیزادانی تر گێڕانەوەی سپاردەکانیانە بۆیان، فێڵ نەکردنە لەگەڵیان لە مامەڵە و کاروکاسبی دا، تێکۆشان لەگەڵیان و ئامۆژگاریکردنیانە، نهێنی پاراستن و عەیب داپۆشین و ناو نەزڕاندنیانە!

دەربارەی سپاردەو ئەمانەت ئایەتی زۆر هەن کە جەختیان لەسەر پاراستنی کردووە؛ وەکوو دەفەرموێ: **﴿إنا عرضنا الأمانة على السموات والأرض والجبال فأبین أن یحملنها وأشفقن منها وحملها الإنسان..﴾** الأحزاب/٧٢

یان دەفەرموێ: **﴿والذین لأماناتهم وعهدهم راعون﴾** المؤمنون/٨ یان دەفەرموێ: **﴿یاأیها الذین آمنوا لا تخونوا الله والرسول وتخونوا أماناتكم وأنتم تعلمون﴾** الأنفال/٢٧

پێغەمبەریش ﷺ دەفەرموێ: **((لا إیمان لمن لا أمانة له، ولا دین لمن لا عهد له))** ناپاکی لە سپاردە چەپی لە بێ ئیمان کەمترە، بێ پەیمانیش وەک بێ دینی وایە. ئەحمەد و ئیبنوحەببان لە ئەنەس گێڕاویانەتەوە. موسلیم و بوخاری و تیرمذی و نەسائی لە ئەبو هورەیرەوە فەرمودەیەکیان گێڕاوەتەوە کە فەرمویەتی: **((آیة المنافق ثلاث إذت حدث كذب، وإذا وعد أخلف، وإذا ائتمن خان))**. نیشانەی مرۆی ناپاک و دووڕوو ئەم سێ رەوشتەیە: لەکاتی گفتوگۆدا درۆزن بێ، لە بەڵێنی خۆی پاشگەز بێتەوە، گزی و ناپاکی لە ئەمانەت بکا.

کەوابوو گەڕاندنەوەی ئەمانەت پێویست و جەخت لەسەر کراوە بە تایبەتی کاتێ خاوەنەکەی داوای بکاتەوە، کەسێکیش ئەمانەتی لا بێ و لە دونیادا

نەیداتــەوە لــە قیامــەت حــەقی ئــەوەی لیّ دەســێنرێتەوە! چونکــە چەســپاوە کــە پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: ((لتؤدن الحقوق الى أهلها حتى يقتص للشاة الجماء من القرناء)). واتە: هەموو مافیّ دەدرێتەوە بە خاوەنی، هەقی کەس لەسەر کەس نامێنیّ تەنانەت مافی بزنی کۆڵ لە بزنی شاخدار دەستێنریّ!، رواه أحمد والبخاري في الأدب، ومسلم والترمذي عن أبي هريرة.

هــەرکاتێکیش سپاردەکە فــەوتا وەکـ ئــەوە دزرا ئەگــەر کەمتەرخــەمی سپاردەلادانداری تێدا بوو، ئەوە بەرپرسیارە و دەبیّ بیبژێریّ ئەگینا نا.

ئەمجار دەفەرمویّ: ﴿وإذا حكمتم بين الناس أن تحكموا بالعدل﴾ ئەگــەر لە نێوان ئــادەمیزاداندا دادوەریتــان کــرد و فــەرمانڕەوا بــوون بــا بڕیــاردان و حوکــم کردنتان دادوەرانە بیّ.

دانەوەی سپاردەو پارێزگاری کردنی بناغەی یەکەمی حوکمی ئیسلامی یە، دادپەروەری بناغەی دووەمی یەتی. خیطابە کە روو دەکاتە جەماوەری گەل، ئەگــەر فەرمانڕەوا ناعەدل بــوو گــەل بەرپرســیارە، دەبــیّ بــەرەنگاری ببنــەوە. عەدالــەت و دادپەروەری بناغەی فەرمانڕەوایی یــە، ئــاوەدانی و پێشــکەوتن و شارســتانیەت بــیّ دەستەبەر کردنی عەدالەت نایەنە دی، عەقڵ داخوازییەتی و بانگەوازی بــۆ دەکــا، یەکێکە لە بنەما سەرەکی یەکانی حوکم لە ئیسلام دا، کۆمەڵگا بــە بــیّ عەدالــەت بەڕێوە ناچیّ، لەرێگای عــەدالەتەوە لاواز و زەبــوون مافیــان پێشــێل نــاکریّ، زۆردار ستەم لە بیّ دەسەڵات ناکا! بەهۆی عــەدالەتەوە ئاســایش و نیظــام بەرقــەرار دەبــن، هــەموو ئاینــە ئاسمانی یــەکان جــەختیان لەســەر کــردووە، ئــەرکی سەرشــانی فــەرمانڕەواو کاربەدەســتانی یەتی کــە پابــەندی عەدالــەت بــن، بــۆ ئــەوەی هــەموو کەسێکـ مافی خۆی بدرێتیّ، کەس مافی پێشێل نەکریّ!

بێگومان قورئانی پیرۆز لەزۆر ئایەت دا فەرمانی بە موســوڵمانان کــردووە کە عادل رەوشت بن و عــەدالەت لەسەر زەوی دا بەرقەرار بکەن وەکــوو دەفــەرمویّ: ﴿إن الله يـأمر بـالعدل والإحسـان﴾ النحــل/ ٩٠ یــان دەفــەرمویّ: ﴿وإذا قلتــم

فاعدلوا ولو كان ذا قربى﴾ الأنعام/١٥٢ یان دەفەرموێ: **﴿إعدلوا هو أقرب للتقوى﴾** المائدة/٨ یان دەفەرموێ: **﴿كونوا قوامين لله شهداء بالقسط﴾** المائدة/٨ قسط واته:عدل

یان دەفەرموێ: **﴿يا داود إنا جعلناك خليفة في الأرض فاحكم بين الناس بالعدل﴾** ص/٢٦

پێغەمبەریش فەرمویەتی: **((لا تزال هذه الأمة بخير، ما إذا قالت صدقت، وإذا حكمت عدلت، وإذا استرحمت رحمت)).**

ئەم نەتەوەی ئیسلامە بەختەوەرە هەتا لە قسەکردن دا راستگۆین، ئەگەر حوکمیان کرد دادپەروەر بن، ئەگەر داوای رەحم و بەزەییان لێ کرا بەبەزەیی بن.

بە پێچەوانەوە قورئان لە زۆر شوێن دا هەڕەشە لە ستەمکاران دەکاو لە ئاکامی زوڵم و زۆر دەیانترسێنێ! وەکوو دەفەرموێ: **﴿ولا تحسبن الله غافلا عما يعمل الظالمون﴾** إبراهيم/٤٢، یان دەفەرموێ: **﴿احشروا الذين ظلموا وأزواجهم﴾** الصافات/٢٢ سامناکترین شێوەی ستەمکاریش کارنەکردنە بە شەریعەتی خوداو زوڵم و زۆری فەرمانڕەوایە، ئەگەر حاکم ستەمکار بوو ولات دەشێوێ، ئاوەدانی نامێنێ، کۆمەڵ تێک دەچێ شار و دێهات وێران دەبێ **﴿فتلك بيوتهم خاوية بما ظلموا﴾** النحل/٥٢ هەروەها خەتەرترین زوڵم، زوڵمی قازی و دادوەرە! بۆیە ئەرکی سەرشانی قازییە، کە بە جوانی لە بابەتەکە حاڵی ببێ، لە هەموو ڕوویەکەوە لێی وورد ببێتەوە، لایەنگیری یەکێ لە دوولایەنی کێشەکە نەکاو شارەزای حوکمی شەرعی بێ و بزانێ خودا چۆنی فەرمان پێ کردووە ئاوا رەفتار بکا، هەروەکوو پێویستە پیاوی زاناو لێهاتوو بکرێن بە قازی.

کە دەفەرموێ: ﴿وإذا حكمتم بين الناس﴾ ئاماژەیە بۆ ئەوە کە پێویستە موسوڵمانان فەرمانڕەوا بۆ خۆیان دیاری بکەن، تا بە حەق و عەدالەت لە ناویان دا حوکم بکا.

ئەمجار پەروەردگار سوودی فەرمان بە عەدالەت و گەڕاندنەوەی سپاردەکان بۆ خاوەنیان روون دەکاتەوە بۆمان و دەفەرموێ: ﴿إن الله نعما يعظكم به﴾بێگومان ئەو شتانەی خودا ئامۆژگاریتان پێ دەکاو هەڵتان دەنێ بۆ دەستەبەر کردنی باشترین شتەو هەمیشە هەوڵ بدەن بۆ دەستەبەر کردنیان، چونکە خودا شتێکتان پێ ناڵێ: کە سوودی دونیاو قیامەتی ئێوەی تێدا نەبێ، ﴿إن الله كان سميعا بصيرا﴾ واتە: پێویستە پابەندی فەرمانی خودا بن بەگوێرەی ئامۆژگاری ئەو هەڵس و کەوت بکەن، چونکە خودا لە ئێوە زاناترە بە هەموو شتێک، ئەگەر دادپەروەرانە حوکمتان کرد خودا ئاگادارە و دەیبیسێ، ئەگەر سپاردەتان گێڕایەوە بۆ خاوەنی خودا، دەیبینێ! کەوابوو ئەمە وەعد و بەڵێنی خودای مەزنە بۆ ئەوانەی پابەندی فەرمانی خودان و هەڕەشەیەکی گەورەشە بۆ ئەوانەی سەرپێچی دەکەن، پێغەمبەریش ﷺ دەفەرموێ: ((أعبد الله كأنك تراه فإن لم تكن تراه فإنه يراك)) (بەجۆرێ خودا بپەرستن وەک خودا بەسەر سەرتەوە راوەستابێ و چاوت لێی بێ، خۆ ئەگەر تۆیش خودا نابینێت، خودا چاوی لە تۆیە) ئایەتەکە ئاماژەی ئەوەشی تێدایە کە دەبێ گرنگی بدرێ بە حوکم و بڕیاری قازی و فەرمانڕەوایان، چونکە بەرژەوەندی ئادەمیزادانیان خراوەتە ژێر دەست.

ئەمجار دوای ئەوەی پەروەردگار فەرمانی کرد بە گەڕاندنەوەی سپاردە بۆ خاوەنەکانیان، فەرمانی کرد کە دادپەروەرانە حوکم لە نێوان خەڵک دا بکەن و رووی خیطابەکەشی لە جەماوەری گەل بوو، فەرمانیان پێ دەکا کە ملکەچی فەرمانی خوداو پێغەمبەرو فەرمانڕەوابن، چونکە بە بێ پابەند بوون بە فەرمانەکانیانەوە بەرژەوەندی خەڵکی ناپارێزێ. فەرمووی: ﴿يا أيها الذين آمنوا أطيعوا الله﴾ ئەی ئەو کەسانەی ئیمانتان هێناوە فەرمانبەرداری یەزدان بن! پەیڕەوی پەیامی پیرۆز و قورئانی مەزنی بکەن و بیکەنە پرۆگرامی ژیانتان، ﴿وأطيعوا الرسول﴾ گوێ بیسی پێغەمبەر بکەن، چی پێ گوتن پابەندی بن، چونکە پێغەمبەر روونکەرەوەی نیگای خودایەو ئەحکام و یاسای قورئانێتان بۆ شی دەکاتەوە،

سونەتی خودا واداهاتووە کە پێغەمبەران شەریعەتی خودا بە خەڵکی رابگەیەنن و پێویستی سەرشانی ئیمەش ئەوەیە ملکەچ و پابەندی ئامۆژگاریەکانیان بین. ﴿وأولي الأمر منكم﴾ گوێڕایەڵ و فەرمانبەرداری خاوەن بڕیار بن کە بریتین لە فەرمانڕەوایان و حاکم و زاناو لێپرسراوی لەشکر و باقی سەرکردەو فەرماندەکانی تر، ئەوانەی کاروباری خەڵکیان بەدەستە، ئامادەمیزادان دەچنە لایان بۆ بەجێ هێنانی کاروباریان، ئەم لێپرسراوانە ئەگەر لەسەر رایەک، لەسەر حوکم و بڕیارێک یەکدیگیربوون و حوکمیان کرد، پێویستە فەرمانبەرداریان بکرێ بەمەرجێ دڵسۆزو ئەمین بن و سەرپێچی فەرمانی خوداو ڕێبازی پێغەمبەر نەکەن و سەرفیراز و ئازاد بن لە وەرگرتنی هەڵویست و بڕیاریان دا!

بەڵام چۆنیەتی ئەنجام دانی عیبادەت و چەندیەتی و هەرشتێک کە پەیوەندی هەبێ بە عەقیدەوە ئەوە بەس لە خوداو پێغەمبەر وەردەگیرێ و کەسی تر بۆی نیە لەم جۆرە شتانەدا رای خۆی دەربڕێ و فەرزی بکا:

ئەهلی حیلل و عەقد لە موسوڵمانان ئەگەر کۆک بوون لەسەر کارێک لە بەرژەوەندی موسوڵمانان و دەقێکی شاریع لەو بارەوە نەبوو، سەربەست و ئازادیش بوون لە رادەربڕین و کەس زەختی لێ نەکردن و بڕیارێکیان دا، ئەوە بە قسەکردنیان پێویستە، وەکوو ئیمامی عومەر مەشۆرەتی بە ئەهلی حیلل و عەقدی هاوەڵان کرد دەربارەی دروست کردنی دیوانەکانی دەوڵەت کەلەسەردەمی پێغەمبەردا نەبوون، کەسیش لە زانایانی هاوەڵان بەرهەڵستیان نەکرد.

جا ﴿فإن تنازعتم في شيء فردوه إلى الله والرسول﴾ واتە: ئەگەر دەربارەی ئەو حوکمە لە قورئان و حەدیثدا دەقێک نەبوو ئەهلی حیلل و عەقد تێی دەفکرن ئەگەر لەسەر شتێک پێک هاتن و ئیجماعیان بەست پێویستە کار بەو حوکمە بکەن کە ئەوان لەسەری پێک هاتوون، ئەگەر کێشەیان تێ کەوت پێویستە ئەو حوکمە رانوێنن بەسەر قورئان و حەدیثدا و حوکمە گشتیەکانیان دا هەرچی لەگەڵ ئەوان یەکی گرتەوە، ئەوە وەردەگیرێ و کاری پێ دەکرێ، ئەو حوکمەی لەگەڵ ئەوان دا

نەگونجا پاشگوێ دەخرێ، بەمەش کێشەی ناو موسوڵمانان بنبڕدەکرێ، یەکێتی و یەکڕایی موسوڵمانان دەچەسپێ!

لەمەوە بۆمان دەردەکەوێ کە ئایەتەکە بنەما ئایینیەکان لە دەوڵەتی ئیسلامی دا دەست نیشان دەکا کە ئەمانەن:

١- بنەمای یەکەم قورئانی پیرۆزە کە کار پێ کردنی تاعەتی پەروەردگارە.

٢- بنەمای دووەم سوننەتی پێغەمبەر کە بریتی یە لە فەرموودەو رەفتار و رەزا لەسەر بوونی پێغەمبەر ﷺ کە کارپێ کردنی تاعەت و بەگوێ کردنی پێغەمبەرە.

٣- بنەمای سێیەم ئیجماعی ئەهلی حیلل و عەقدە: کە تاکە تاکەو هەڵبژاردەی کۆمەڵن؛ لە زانایان و سەرکردەو پیاو ماقوڵ و سەرەک حیزب و گرۆو لێپرسراوی وڵات؛ تاعەت و بە قسەکردنیان تاعەتی (أولوا الأمر)ە.

٤- بنەمای چوارەم رانواندن و بەرامبەر کردنی حوکمە جیاجیاو کێشە تێکەوتوەکانە بە قورئان و سوننەت.

ئەم چوار بنەما سەرەکیانە سەرچاوەی شەریعەتی ئیسلامین و پێویستە تاقمێک هەبێ مەسەلە کێشە تێکەوتووەکان بەسەر قورئان و سوننەت دا رابنوێنن، ئەو تاقمە لە لایەن ئەهلی حیلل و عەقدەوە هەڵدەبژێردرێن، پێویستە کاربەدەست و فەرمانڕەواکان بڕیارەکانی ئەو کۆمەڵە زاناو پسپۆرە جێ بەجێ بکەن.

کەوابێ دەوڵەتی ئیسلامی لە دوو تاقم پێک دێ تاقمێک ئەحکام و یاساکان روون دەکەنەوە، ئەوانە ئێستا پێیان دەگوترێ (الهيئة التشـــريعية) تاقمی دووەم کۆمەڵی فەرمانڕەواو قازی و دادوەرو کار بەدەستەکانە ئەمانەش ئێستا پێیان دەگوترێ: (الهيئة التنفيذيـة) پێویستە موسوڵمانان بە تێکڕا ئەم حوکمانە وەربگرن، بە نهێنی و ئاشکرا گەردن کەچ بن بۆیان، چونکە ئەمانە هەموویان حوکمی خوداو پێغەمبەری خودان، یان حوکمی نەتەوەیە و کۆمەڵی زاناو پسپۆرو لێهاتوو ئەوانەی گەل سیقەی پێیانەو کردونی بە نوێنەری خۆی، ئەو جوکمەیان هەڵبژاردووەو بەلایانەوە گونجاوە بۆ کۆمەڵ و لەبەر رۆشنایی قورئان و حەدیث و

یاسا گشتی‌یەکانیان دا دەستنیشان کراوە. ئەو مەسەلەی کێشەتان تێیدا پەیدا دەبێ رابنوێنرێن بەسەر قورئان و حەدیسی پێغەمبەردا ﴿إن كنتم تؤمنون بالله واليوم الآخر﴾ ئەگەر ئێوە بە راستی باوەڕتان بە خوداو بەڕۆژی دوایی هەیە و پێتان وایە زیندوو بوونەوەو لێپرسینەوەی رۆژی قیامەت دێتە رێتان. چونکە موسوڵمان هیچ حوکمێک پێش حوکمی خودا ناخاو زۆرتر هەوڵی دەستەبەرکردنی پێداویستی‌یەکانی رۆژی قیامەت دەداو هەموو کاتێ قیامەتی لا مەبەست ترە لە دونیا. ئەمە هەڕەشەیە لەوانەی کە لە رێبازی خوداو پێغەمبەر لادەدەن و سەرپێچی فەرمانەکانیان دەکەن و حوکم ناگێڕنەوە بۆ لای قورئان و سوننەتی پێغەمبەر.

وەکوو دەفەرموێ ((فلا وربك لا يؤمنون حتى يحكموك فيما شجر بينهم)) بوخاری و موسلیم حەدیسێک لە ئەبو هورەیرەوە دەگێڕنەوە کە پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی ((من أطاعني فقد أطاع الله، ومن عصاني فقد عصى الله، ومن يطع اميري فقد اطاعني ومن يعص أميري فقد عصاني)) کەواتە هەرکەسێک شوێن کەوتنی قورئان و سوننەتی پێغەمبەر پێش هەواو هەوەسی خۆی نەخا موسوڵمانی راست نیە. ﴿ذلك خير وأحسن تأويلا﴾ ئەو رانواندنەو پەیڕەوکردنەی کیتاب و سوننەتە باشترە بۆ ئێوەو ئاکامی باشتر بەدەست دێنێ..

پاش ئەوەی لە ئایەتی پێشوودا پەروەردگار فەرمانی کرد بە موسوڵمانان و لەسەری پێویست کردن کە تاعەتی خوداو پێغەمبەر بکەن و گوێڕایەڵی فەرمانڕەوای خۆیان بن. لەم ئایەتەی دوایی دا هەڵوێستی دوو رووەکان روون دەکاتەوە، ئەوانە دڵ و دەروونیان نەخۆشە، ئیطاعەی پێغەمبەر ناکەن، رازی نابن بە حوکم و بڕیاری خوداو پێغەمبەر! بەڵکو دەیانەوێ جگە لە پێغەمبەر- دەست بڕو ملهوڕ حوکم و بڕیاریان بۆ دەربکەن.

بیروبۆچوونی دووڕووەكان و هەڵویستیان

أَلَمْ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ يَزْعُمُونَ أَنَّهُمْ ءَامَنُواْ بِمَآ أُنزِلَ إِلَيْكَ
وَمَآ أُنزِلَ مِن قَبْلِكَ يُرِيدُونَ أَن يَتَحَاكَمُوٓاْ إِلَى ٱلطَّـٰغُوتِ وَقَدْ أُمِرُوٓاْ
أَن يَكْفُرُواْ بِهِۦ وَيُرِيدُ ٱلشَّيْطَـٰنُ أَن يُضِلَّهُمْ ضَلَـٰلًۢا بَعِيدًا ﴿٦٠﴾ وَإِذَا
قِيلَ لَهُمْ تَعَالَوْاْ إِلَىٰ مَآ أَنزَلَ ٱللَّهُ وَإِلَى ٱلرَّسُولِ رَأَيْتَ ٱلْمُنَـٰفِقِينَ
يَصُدُّونَ عَنكَ صُدُودًا ﴿٦١﴾ فَكَيْفَ إِذَآ أَصَـٰبَتْهُم مُّصِيبَةٌۢ بِمَا قَدَّمَتْ
أَيْدِيهِمْ ثُمَّ جَآءُوكَ يَحْلِفُونَ بِٱللَّهِ إِنْ أَرَدْنَآ إِلَّآ إِحْسَـٰنًا وَتَوْفِيقًا ﴿٦٢﴾
أُوْلَـٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ يَعْلَمُ ٱللَّهُ مَا فِى قُلُوبِهِمْ فَأَعْرِضْ عَنْهُمْ
وَعِظْهُمْ وَقُل لَّهُمْ فِىٓ أَنفُسِهِمْ قَوْلًۢا بَلِيغًا ﴿٦٣﴾

ئیبنو جەریر لە (الشعبي)یەوە دەگێڕێتەوە دەڵێ: لە نێوان پیاوێكی جوولەكەو پیاوێكی دووڕوودا كێشەیەك رووی دا، كابرای یەهودی وتی: دادگایی دەكەین بە گوێرەی ئایینی خۆتان، یان وتی دەچینە لای پێغەمبەر دادگاییمان بكا، چونكە دەیزانی كە پێغەمبەر ﷺ بەرتیل وەرناگرێ، لەسەر ئەوە رێك نەكەوتن دوایی هاتنە سەر ئەوەو بڕیاریان دا كە بچنە لای كاهینێكی جوهەینەیی، ئیتر ئەم ئایەتە هاتە خوارێ كە دەفەرموێ: ﴿ألم تر إلى الذين يزعمون أنهم آمنوا بما أنزل إليك وما أنزل من قبلك﴾ئەمە نارەزایی دەربڕینی پەروەردگارە بەرامبەر كەسێك لافی ئەوە لێ دەدا كە بڕوای هەیە بە قورئان و ئەو نامە ئاسمانییانەی پێش ئەو بۆ

پێغەمبەرە پێشینەکان نێردراون کەچی لەگەڵ ئەوەدا دەیەوێ بۆ برینەوەی کێشەوبەرە پەنا بۆ غەیری کیتابی خوداو سوننەتی پێغەمبەرەکەی بەرێ!

جاوەکوو چەند جاری دی گوتراوە: هەرچەند هۆی هاتنە خوارەوەی ئایەتەکە تایبەتە، بەلام بایەخ بە واتای گشتیی دەقە و لۆمەی هەموو ئەوانە دەکا: کە لە ڕێبازی قورئان و سوننەت لادەدەن و بۆ دادگایی و کێشە حەل کردن پەنا بۆ شتی بەتاڵ و پڕوپووچ دەبەن دەیانەوێ طاغوت و ملهوڕ حوکمیان بکەن.

واتە: ئەی محمد! سەیری ڕەفتاری ناهەمواری ئە تاقمە بکە؛ کە بە قسەی خۆیان ئیمانیان بە پێغەمبەرایەتی تۆ هێناوە هەروەها باوەڕیان بە پێغەمبەرە پێشینەکانیش هێناوە، ئیمانی راست و تەواویش بە پێغەمبەران و نامەئاسمانییەکان دەبێ سەر بۆ ئەوە بکێشێ کار بە شەریعەتی خودا بکرێ، کە بە هۆی پێغەمبەر بە ئادەمیزادان دەگا. هەر کاتێ لەوە لایان دا بە موسوڵمانی راست حسێب ناکرێن سەیریان بکە چەندە کرداریان دژی گوتاریانە، ئەوەتا ئەو دووڕووانە ﴿يريدون أن يتحاكموا إلى الطاغوت﴾کە رازی نابن بۆ حوکم و بڕیار بچنە لای پێغەمبەر ﷺ دەچن دادگایی خۆیان دەبەنە لای طاغوت و گومڕایانی وەکوو ئەبو بەرزەی ئەسلەمی کاهین، یان کەعبی کوڕی ئەشرەفی جوولەکە، کەلەبەر زیاد ڕەویی لە گومڕایی و لادان لە ڕێبازی راست و دژایەتی کردنی پێغەمبەرﷺ نازناوی طاغوتی بەسەر دابڕا ﴿وقد أمروا أن يكفروا به﴾وەلحاڵ لە قورئاندا فەرمانیان پێ کراوە کە خۆ لە طاغوت بپارێزن و هیچ شتێکی بە قسە نەکەن، جا ئەوان ئەگەر ئەو فەرمانە وەرنەگرن و پابەندی نەبن، نیشانەی ئەوەیە باوەڕیان نیە، بەدەم لافی ئیمانداری لێ دەدەن و بە کردەوە کافرن، دەڵێن: بڕوامان بە خوداو بە پێغەمبەرە، کەچی حوکم و بڕیار لە طاغوت وەردەگرن، ئەمەش نیشانەی ئاشکراو روونە کە ئەوانە موسوڵمان نین: فەرمانێک لە فەرمانەکانی قورئان دەربارەی دوورە پەرێزی و خۆپاراستن لە طاغوت ئەوە کە دەفەرموێ: ﴿**ولقد بعثنا في كل أمة رسولاً أن اعبدوا الله واجتنبوا الطاغوت**﴾ النحل/٣٦ یان کە دەفەرموێ: ﴿**ومن يكفر بالطاغوت ويؤمن بالله فقد استمسك بالعروة الوثقى**﴾ البقرة/٢٥٦.

ئەوانە کەوا پابەندی حوکم و بڕیاری طـاغوتن دەبـن بـە قوتـابی شـەیتان و ﴿ويريد الشيطان أن يضلهم ضلالا بعيدا﴾ شەیتانیش دەیـەوێ ڕێگایـان لـێ هـون بکاو گومڕایان بکاو لە خشتەیان بەرێ و مەسافەیەکی دوورو درێژ لە ڕێگای ڕاست دووریان بخاتەوە بە جۆرێک نەتوانن بگەڕێنەوە سەر ڕاستە ڕێگا.

بەڵگە لەسەر ئەو هەڵوێستەیان ئەوەیە ﴿وإذا قيل لهم تعالوا إلى ما أنـزل الله وإلى الرسول رأيت المنافقين يصـدون عنـك صـدودا﴾ ئەگـەر بـەو بـەناو ئیماندارانە بگوترێ: وەرن با حوکم بە قورئان و سوننەتی پێغەمبـەر بکـەین، ئـەوە بەرنامەو پرۆگرامی بێ خەوش و ڕێگای ڕاست و ڕەوان! ئەی محمد ئـەو دووڕووانـە دەبینی روت لێ وەردەگێڕن و گوێچکەیان لە ئاستی بانگەوازییەکـەت دەهـاخنن و حوکمی تۆیان ناوێ و سورن لەسەر گومڕایی و بێدینی، بە ئەنقەست خۆیـانی لـێ لا دەدەن!

مانای ئەم ئایەتە وەکـوو تـەئکید و جـەخت کردنـەوە وایـە لەسـەر مانـای ئایەتی پێشوو، چونکە کەسێک ڕوو لە حوکمی خودا وەرگێڕێ، بەبێ گومان دووڕوو و بێ باوەڕە!

﴿فكيف إذا أصابتهم مصيبة بما قدمـت أيديـهم﴾حاڵ و وەزعـی ئـەو دووڕووانە چۆن دەبـێ؟ ئەگـەر خـودا بەسـەر هەڵوێستیاندا ئاگـادارت بکـاو پشـت هـەڵکردن و ڕووەرگێڕانیـان لـە حوکمـی خوداو پێغەمبـەریانت پـێ ڕابگەیـەنێ و ئەمجار لە ئاکامی تاوانەکانیان تووشی ئاستەنگ و ناخۆشی ببن، بـەهۆی کـرداری ناشیرین و هەڵوێستی بێ شەرمانە و نالەباریان بکەونەگێژاوی ڕووداوی ناخۆشـەوەو ناچار بن بگەڕێنەوە بۆ لای تۆو سکاڵای خۆیانت بۆ بکەن ﴿ثم جاءوك يحلفون بـالله إن أردنا إلا إحسانا وتوفيقا﴾ ئـەمجار سـوێند دەخـۆن و دەڵێـن: ئێمـە بـەو پـەنا بردنەمان بۆ حوکمیطاغوت مەبەستمان چاکــەو ڕازی کردنـی دڵـی دوژمنـەکانمان بووە، ویستوومانە ئاشتی و تەبایی لە نێوان خۆمان و ئەوان دا بچەسپێنین!

یان عوزر خواهی دەکەن و سوێند دەخۆن و دەڵێن: ئێمـە بـە چوونمـان بـۆ لای ئەوان مەبەستمان مەداراو لاواندنەوە بوو، ئـەگینا بـە دڵ بڕوامـان بـە حوکـم و

بڕیاری ئەوان نیە، چوونەکەمان بۆ لای ئەوان کارێکی رواڵەتکاری و سیاسەت ئامێزە، ﴿أولئك الذين يعلم الله ما في قلوبهم﴾.

ئەم جۆرە ئادەمیزادانە کە تاقمی دووڕووەکانن خودا دەزانێ چییان لە دڵ دایەو سزایان دەداتەوە، بێگومان هیچ شتێک لە خودا گوم نابێ، ئەو زاناو ئاگادارە بە ئاشکراو نهێنیان! ئەتۆ ئەی محمد! ﴿فأعرض عنهم وعظهم وقل لهم في أنفسهم قولا بليغا﴾ گوێیان مەدەری، گرنگیان پێ مەدە، لەسەر ئەو بیروباوەڕەی کە لە دڵیان دایە قسەی رەقیان لەگەڵ مەکە، ئامۆژگارییان بکەو لایەنی دووڕوویی و نیاز خراپیان لێ ببڕەوە، بە ئاخاوتنی رەوان و کاریگەر و دڵتەزێن قسەیان لەگەڵ دا بکە، ئەوەیان تێبگەیەنە ئەوەی کە لە دڵیان دایە لە دووڕووی و نیاز پیسی لە پەروەردگار شاراوە نیە، ئەوانە هیچ جیاوازیەکیان لەگەڵ کافر دا نیە، ئەوان کە شەڕیان لەگەڵ دا ناکرێ لەبەر ئەوەیە کە بە رواڵەت ئیمانیان هێناوە، جا ئەگەر ئەوان هەر لەسەر هەڵوێستی خۆیان بەردەوام بن و زیان بە کۆمەڵگای ئیسلام بگەیەنن و دەوڵەتی ئیسلامی بخەنە خەتەرەوە ئەوە دوور نیە کە بە شمشێر هەڵس و کەوتیان لەگەڵ دا بکرێ و لە ملیان بدرێ.

ئایەتەکە ئاماژە بە فەرمانڕەوایی و بە توانایی پێغەمبەر ﷺ لە ئاخاوتن و قسە کاریگەری دا دەکا، ئەوە دەچەسپێنێ کە پێغەمبەر لە فەصاحەت و بەلاغەت دا گەیشتۆتە سەر ترۆپکی وێژەو وێژەری! ئایەتەکە سێ پلەی رەفتار کردنی بۆ پێغەمبەری لەگەڵ دووڕووەکان دا دیاری کردووە:

یەکەم گوێ پێ نەدان و پشت تێ کردن و بەهەند هەڵنەگرتنیان، دووەم ئامۆژگاری کردنیان بە خێر و چاکە بەڵکو دڵیان بگۆڕێ و واز لە نیاز خراپی خۆیان بێنن و دڵیان نەرم ببێ، سێیەم ئاراستە کردنی قسەی بەلیغ و کاریگەر بۆ ناو دڵیان جارێک بە هەڵنانێک بۆچاکەو جارێک بە ترساندنیان لە خراپە، (ترغیب و ترهیب)یان لەگەڵ دا بەکار بێ، لە هەموو روویەکەوە بەهانەیان نەمێنێ و بوڕ بدرێن.

بەگوێکردنی فەرمانی پێغەمبەر ﷺ پێویستە

وَمَآ أَرْسَلْنَا مِن رَّسُولٍ إِلَّا لِيُطَاعَ بِإِذْنِ ٱللَّهِ ۚ وَلَوْ
أَنَّهُمْ إِذ ظَّلَمُوٓا۟ أَنفُسَهُمْ جَآءُوكَ فَٱسْتَغْفَرُوا۟ ٱللَّهَ وَٱسْتَغْفَرَ لَهُمُ
ٱلرَّسُولُ لَوَجَدُوا۟ ٱللَّهَ تَوَّابًا رَّحِيمًا ﴿٦٤﴾ فَلَا وَرَبِّكَ لَا يُؤْمِنُونَ
حَتَّىٰ يُحَكِّمُوكَ فِيمَا شَجَرَ بَيْنَهُمْ ثُمَّ لَا يَجِدُوا۟ فِىٓ أَنفُسِهِمْ
حَرَجًا مِّمَّا قَضَيْتَ وَيُسَلِّمُوا۟ تَسْلِيمًا ﴿٦٥﴾

لە ئایەتەکانی پێشوودا هەرەشەی لە دووڕووەکان کردو تاوانباری کردن بەوە کە مل بۆ حوکمی خودا نادەن و پەنا دەبەنە بەر حوکمی طـــاغوت، ئـەمجار لـەم ئایەتەی دوایی دا دێتــە سـەر چەسپاندنی بنەمایـەکی گشـتی ئـەویش گوێڕایـەڵی کردنی فەرمانی پێغەمبەرە ﷺ، چونکە ئەو لە خوداوە قسە دەکا بەگوێکردنی ئـەو بە گوێ کردنی فەرمانی خودایە، کە سێک لــە پێغەمبـەر ﷺ یاخی بێ لـە خـودا یاخی دەبێ! بۆیە دەفەرموێ: ﴿وما أرسلنا من رسول إلا ليطاع بـإذن الله﴾ ئێمـە هەرە پێغەمبەرێکی ناردومانە بۆ سەر گەل و نەتەوەیـەک بـە پێویستمان دانـاوە لەسەر ئەو گەل و نەتەوانە کە گوێڕایەڵی فەرمانی پێغەمبەرەکەیان بکەن و شوێنی بکەون، ئەو پێغەمبەرە بۆیە رەوانە کراوە کە قسەی وەربگـیرێ و طاعـەتی بکـرێ، لەم رووەوە کە پەروەردگار ئیزنی داوە کە بەگوێی بکرێیان کە خـودا توفیقـی داوە بۆ طاعەت کـردن.. موجـاهید دەڵـێ: مانـای (بــإذن الله) ئەوەیـە! کـەس نـاتوانێ طاعـەتی پێغەمبەر بکاو گوێڕایەڵی فەرمانەکانی بێ بەبێ رەزامەندی خواو هۆکـار سازدان بۆی. هەرکەسێ خودا تۆفیقی نـەدا نایەتـە سـەر ڕێگـای ڕاست. وەکـوو لـە ئایەتێکی تردا دەفەرموێ:

﴿لقد صدقكم الله وعده إذ تحسونهم بإذنه﴾ آل عمران/١٥٢ ئه‌مجار په‌روه‌ردگار رێنمونی یاخی بوان و تاوانباران ده‌کا که هه‌ڵه‌یه‌کیان لێ روودرا په‌نا ببه‌نه به‌ر پێغه‌مبه‌ر و داوای لێ خۆش بوونی خودا بکه‌ن له خزمه‌تیا ﴿ولو أنهم إذ ظلموا أنفسهم جاءوك فاستغفروا الله واستغفر لهم الرسول لوجدوا الله توابا رحيما﴾ ئه‌گه‌ر ئه‌وان له‌و کاته‌دا ئه‌گه‌ر هه‌ڵه‌و تاوانیان کردو روویان له حوکمی تۆ وه‌رگێڕا په‌نایان برده به‌ر طاغوت، بهاتنایه لای تۆو بپاڕانایه‌وه له خودا داوایان بکردایه له پێغه‌مبه‌ر که دوعایان بۆ بکا بۆیان له خودا بپاڕێته‌وه که په‌روه‌ردگار لێیان خۆش بێ، ئه‌وان ئه‌گه‌ر ئه‌وه‌یان بکردایه خودا لێیان خۆش ده‌بوو ره‌حمی پێ ده‌کردن و ده‌یانزانی په‌روه‌ردگار چه‌ند تۆبه وه‌رگر و لێبورده‌یه! ئه‌مه ئاماژه‌یه بۆ ئه‌وه که هه‌رکه‌سێک تۆبه‌ی راست و دروست بکا و هه‌ڵ و مه‌رجی پێویست له تۆبه‌که‌ی دا هه‌بن، واته دوای تاوانه‌که په‌شیمان ببێته‌وه، وا بڕیار بدا جارێکی تر بۆ ئه‌و تاوانه ناگه‌ڕێته‌وه، به‌دڵ ژیوان بێته‌وه‌و راستاڵانه تۆبه‌که‌ی بکا.

به‌ڵام تۆبه‌ی سه‌رزاره‌کی و بێ سه‌روبه‌ر، بێ ئه‌وه‌ی له ناخه‌وه سه‌رچاوه هه‌ڵبگرێ هیچ سودێکی تێدا نیه! په‌روه‌ردگار له ئایه‌ته‌که‌دا به‌گوێ نه‌کردنی فه‌رمانی پێغه‌مبه‌ری داناوه به سته‌م کردن له خۆ، به چه‌واشه کردن و شێواندنی دڵ و ده‌روونی حسێب کردووه، ئه‌مجار جه‌ختی له‌سه‌ر ئه‌وه کردووه که گوێڕایه‌ڵی پێغه‌مبه‌ر پێویسته‌و نابێ نکۆڵی لێ بکرێ، فه‌رموی: ﴿فلا وربك لا يؤمنون حتى يحكموك فيما شجر بينهم﴾ ئه‌ی پێغه‌مبه‌ر سوێند به خودای تۆ ئه‌و دوو رووه سه‌رلێشێواوانه‌ی که بۆ بڕیار و حوکم نایه‌نه لای تۆو په‌نا بۆ طاغوت ده‌به‌ن ئیمانی ته‌واویان نیه و به موسوڵمانی راستاڵ حسێب ناکرێن، هه‌تا سێ مه‌رجیان تێدا نه‌یه‌ته جێ:

١- پێغه‌مبه‌ر بکه‌ن به حاکم و دادوه‌ر بۆ حه‌ل کردنی نیزاع و کێشه‌ی نێوانیان، که‌س ئیمانی نیه و به موسوڵمان حسێب ناکرێ هه‌تا له هه‌موو کاروبارێکی‌دا پێغه‌مبه‌ر نه‌کا به حاکم و رێبازی ئه‌و نه‌کاته به‌رنامه‌ی ژیانی،

هەرچی پێغەمبەر حوکمی پێ کرد ئەوەی بەلاوە راست بێ و بە نهێنی و بە ئاشکراپابەندی فەرمان و بڕیاری ئەو بێ.

٢- ﴿ثم لا يجدوا في أنفسهم حرجا مما قضيت﴾ ئەمجار هیچ دڵە راوكێ و شكێ و گومانێكیان نەبێ دەربارەی ئەو بڕیارەی تۆ بۆت داون، بەدڵ ملكەچی فەرمانەكانت ببن و رەزامەندی تەواو و قبوڵ كردنی بێ مەرج و موطلەقیان لا پەیدا ببێ.

٣-﴿ويسلموا تسليما﴾گەردەن كەچی تەواو و بەپیرەوە چوون و تەسلیم بوون بۆ ئەو حوكم و بڕیارانەی بەسەریان دا دەدرێ، بە نهێنی و بە ئاشكرا، بەبێ منجە منج و خۆ گرتنەوە، بەبێ بەرهەڵستی و دژایەتی كردن! ئەمە پلەی تەنفیذ و جێبەجێ كردنە دەبێ بە كردەوە بیسەلمێنێ كە پابەند و ملكەچە، جاری وا دەبێ كابرا حوكمی بەسەردا دەدرێ حوكمەكەشی بەلاوە حەقە، بەلام خۆ لە تەنفیذی دەدزێتەوە، ئەمە پێی ناگوترێ پابەند بوون!!

خۆشویستنی نیشتمان و پابەند بوون بە فەرمانی خوداو پێغەمبەرەوە

وَلَوْ أَنَّا كَتَبْنَا عَلَيْهِمْ أَنِ اقْتُلُوا أَنفُسَكُمْ أَوِ اخْرُجُوا مِن دِيَارِكُم مَّا فَعَلُوهُ إِلَّا قَلِيلٌ مِّنْهُمْ ۖ وَلَوْ أَنَّهُمْ فَعَلُوا مَا يُوعَظُونَ بِهِ لَكَانَ خَيْرًا لَّهُمْ وَأَشَدَّ تَثْبِيتًا ﴿٦٦﴾ وَإِذًا لَّآتَيْنَاهُم مِّن لَّدُنَّا أَجْرًا عَظِيمًا ﴿٦٧﴾ وَلَهَدَيْنَاهُمْ صِرَاطًا مُّسْتَقِيمًا ﴿٦٨﴾

پاش ئەوەی پەروەردگار لە ئایەتەكانی پێشوودا ئەوەی روون كردەوە كە ئیمان تەواو نابێ هەتا بۆ هەموو كێشەو نیزاعێك پێغەمبەر نەكەنە حەكەم و

دادوەر، ئەمجار کەمتەرخەمی و تەقصیری زۆرینەی خەڵک دەچەسپێنێ بە هۆی ئەوەوە کە بیروباوەڕیان لاوازە.

وەکوو دەڵێن: ثـابیتی کوڕی قەیسی کوڕی شەمماس لەگەڵ کابرایەکی جولەکەدا شانازیان بەسەر یەکتردا دەکرد کابرای جولەکە، وتی: خودا فەرمانی پێ کردین کە خۆمان بکوژین خۆمان کوشت! ثابیتیش وتی: ئەگەر خودا فەرمانمان پێ بکا خۆمان بکوژین خۆمان دەکوژین ئیتر پەروەردگار ئەم ئایەتەی نازڵ کرد کە دەفەرموێ: ﴿ولو أنا كتبنا عليهم أن اقتلوا أنفسكم أو اخرجوا من دياركم ما فعلوه إلا قليل منهم﴾ئەگەر ئێمە لەسەر ئەوانەمان پێویست بکردایە کە واز لەو هەڵوێست و کردارانە بهێنن کە لێیان یاساغ کراوە گوێڕایەڵ نەدەبوون و وازیان لێ نەدەهێنان، چونکە سرووشتیان وایە: حەز بە سەرپێچی کردن دەکەن، ئەگەر پەروەردگاریان لەسەری پێویست بکردنایە کە خۆیان بکوژن وەکوو فەرمانی بە نەتەوەی ئیسرائیل کرد کە بۆ پاساودانەوەی پەرستنی گوێرەکە تێک بەربن و لێک راکێشن و خۆیان بکوژن بۆ ئەوەی تۆبەیان لێ وەربگیرێ! ئەگەر لەسەرمان پێویست بکردنایە کە زێدی خۆیان جێ بێڵن و لەرێگای خودا کۆچ بکەن، کۆمەڵێکی کەم نەبێ، ئەو ئەرکە ئەنجام نادەن و پابەندی فەرمانەکە نابن!

﴿ولو أنهم فعلوا ما يوعظون به لكان خيرا لهم وأشد تثبيتا﴾ ئەگەر ئەوان پابەندی ئەو نەصیحەت و ئامۆژگارییانە بوونایە: کە ئاڕاستەیان دەکرێ و فەرمانەکانیان جێ بەجێ بکردایە و لە شتە یاساغ کراوەکان دوور بکەوتنایەوە ئەوە بۆ ئەوانە باشتر بوو، شیاو تر بوو، چاکتر لەسەر ئایین و بیروباوەڕ راگیری دەکردن، چونکە کردەوەیەکە: رەوشت دەچەسپێنێ.. بۆ نموونە ماڵبەخشین نیشانەی بیروباوەڕە، هەتا پەرەی پێ بدرێ و تێیدا قوڵ بێتەوە زیاتر بیروباوەڕ پتەو دەکا..

﴿وإذا لأتيناهم من لدنا أجرا عظيما﴾ واتە: ئەگەر ئەوانە ئەم کارەباشانەیان ئەنجام بدانایە، پابەندی فەرمانی خودا بوونایە، بە ئیخلاصو لێبووردوویی کاریان بکردایە، بێگومان پاداشی باش و ناز و نیعمەتی زۆر و زەبەندەمان دەدانێ، ئەو پاداشە باشەش بەهەشتی پان و بەرین و رازاوەو قەشەنگە،

وەکوو پێغەمبەر ﷺ دەربارەی بەهەشت فەرمویەتی: ((في الجنة مالا عين رأت، ولا اذن سمعت، ولا خطر على قلب بشر)).

واتە: نازونیعمەتی وا خۆش و باش لە بەهەشتا هەیە، کە لە دنیادا شتی وا نەبینراوەو نەبیستراوەو نە بەخەیاڵی کەسدا هاتووە.

﴿ولهديناهم صراطا مستقيما﴾ شارەزامان دەکردن بۆ ڕێگەی ڕاست لە دونیاو قیامەت دا ئەویش بریتی‌یە لە کردەوەیەک کە سەر دەکێشێ بۆ خۆشبەختی دونیاو قیامەت و چوونە ناو بەهەشت و کامەرانی هەتا هەتایی!

پاداشتی گوێڕایەڵی بۆ فەرمانی خوداو پێغەمبەر ﷺ

وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَٱلرَّسُولَ فَأُوْلَٰٓئِكَ مَعَ ٱلَّذِينَ أَنۡعَمَ ٱللَّهُ عَلَيۡهِم مِّنَ ٱلنَّبِيِّـۧنَ وَٱلصِّدِّيقِينَ وَٱلشُّهَدَآءِ وَٱلصَّٰلِحِينَۚ وَحَسُنَ أُوْلَٰٓئِكَ رَفِيقٗا ﴿٦٩﴾ ذَٰلِكَ ٱلۡفَضۡلُ مِنَ ٱللَّهِۚ وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ عَلِيمٗا ﴿٧٠﴾

ئەمجار پەروەردگار پاداشی پابەند بوون بە فەرمانی خوداو پێغەمبەر دەست نیشان دەکا، کە ئەوەش هیواو ئاواتی هەرە بەرزی خودا پەرستانە و نەفسی ئادەمیزاد هەوڵی بۆ دەدا!

لە دایکی موسوڵمانان خاتوو عائیشەوە دەگێڕنەوە دەڵێ: پیاوێک هاتە خزمەتی پێغەمبەر و وتی ئەی پێغەمبەری خودا تۆ لە لام لە خۆم خۆشەویست تری، تۆ لە لام لە کوڕەکەم خۆشەویست تری، من لەماڵەوە یادت دەکەم خۆڕاناگرم تا نەیەمە خزمەتت و نەتبینم کە یادی مردنی خۆم و جەنابت دەکەمەوە دەزانم تۆ جێگاو پلەو پایەت بەرزەو لەگەڵ پێغەمبەران دا بەرز دەکرێیەوە بەڵام من ئەگەر بشچمە بەهەشتەوە، پلەو پایەم زۆر دوور دەبێ لە تۆ، لەبەر ئەوە هەر لە ئێستاوە خەم دایگرتووم، دەترسم لە قیامەت دا بە دیدارت شاد نەبم؟!

پێغەمبەر ﷺ وەڵامی نەدایەوە تا ئەم ئایەتە هاتە خوارێ کە دەفەرموێ:

﴿ومن یطع الله والرسول فأولئك مع الذین أنعم الله علیهم﴾ هەر کەسێک ئیطاعەی فەرمانی خوداو پێغەمبەر بکاو پابەندی فەرمان و نەهی‌یەکانیان بێ، ئەوە خودا دەیخاتە ناو بەهەشتی بەرینەوەو دەیکاتە هاوەڵی ڕێزلێنراوانی خۆی، ئەوانەی نازونیعمەتی بەسەردا ڕشتوون و پلەو پایەی بەرزیان دراوەتێ ئەوانیش چوار تاقمن ﴿من النبیین والصدیقین والشهداء والصالحین﴾ پێغەمبەران، ڕاستگۆیان، شەهیدان، ڕاستاڵان. کەسێک لە جیهان دا ملکەچی فەرمانی خوداو پێغەمبەر بێ لە قیامەت دا لە بەهەشتی ڕازاوەو قەشەنگ دا لەگەڵ ئەو چوار جۆرە خودا پێداوانە ژیان بەسەر دەبەن، بە بینینیان شادمان دەبن، لەگەڵیان دا ئامادەی کۆڕ و کۆمەڵی ئەوان دەبن، بەڵام لە پلەو پایەدا یەکسان نابن، چونکە گومان لەوەدا نیە پلەو پایەی بەهەشتییا جیاجیایە، بەرز و نزمی هەیە، هەرکەسەو بە گوێرەی کردارو بیروباوەڕو تێکۆشانی خۆی پلە و پایەی دەدرێتێ،، بەڵام یەکتر بینین و دیدەنی کردنی یەکتریان هەیە و هەر کەسەش بە پلەو پایەی خۆی ڕازییە. ﴿وحسن أولئك رفیقا﴾بەڕاستی ئەوان باش هاوەڵ و هاوڕێن، هەریەکەیان هاوڕێی چاک و باش و بێ خەوشە!

ئەوەی کە پاڵپشتی ئەم ڕاڤەیە دەکا، فەرموودەیەکی پێغەمبەرە ﷺ کە طبەرانی بە مەرفوعی ڕیوایەتی دەکا دەفەرموێ: ((من أحب قوما حشره الله معهم)) یان ئەو حەدیثەی کە موسلیم و بوخاری لە ئەنەسەوە دەیگێڕنەوە دەفەرموێ: ((المرا مع من احب)). ((مرۆڤ لە قیامەت دا لەگەڵ خۆشەویستانی خۆی دەبێ!)). خۆشەویستی خوداو پێغەمبەرەکان ئەوەیە: سەر بکێشێ بۆ ئیطاعەو بەگوێکردنیان.. دەفەرموێ: ﴿قل إن کنتم تحبون الله فاتبعوني یحببکم الله﴾ آل عمران/٣١.

﴿ذلك الفضل من الله وکفی بالله علیما﴾ ئەم پاداشە گەورە و بە نرخە کە دانراوە بۆ ئەوانەی کە پابەندی فەرمانی خوداو پێغەمبەرن، فەضل و بەخششێکی

خودایی‌یە، خودا بۆ خۆی لە هەموو کەس باشتر دەزانێ کێ شیاوی پاداشتە، کێ تەقواکارو خواپەرستە، بەسە کە خودا بۆ خۆی هەموو شتێکێ دەزانێ و ئاگاداری هەموو چاکەو خراپەیەکە، دەزانێ کێ تەقواکارو پابەندە، کێ لادەرو ریباکارو دوورووە، ئەم ئایەتە ئاماژە بۆ ئەوە دەکا کە بەهەشتی‌یەکان ئەو پلەو پایەی بەهەشتیان بە طاعەت و خوداپەرستی رووت دەست نەکەوتووە، بەلکو بە فەضلو بەخششی خودا دەستیان کەوتووە، بەلام گومان لەوە دانییە کە بەخشش و بەهرەی خودا بۆ ئەهلی ئیمانە، بۆ ئەهلی کوفر نیە.

کەوابێ با ئەو دوورووانە بیر لە حالی خۆیان بکەنەوە، ئاکامی بەدبەختی و چارەرەشی خۆیان بهێننە بەرچاو و واز لە هەلویستی نا دروستیان بهێنن، با موسولمانانیش دل پر لە هیواو ئاوات بن، ئەوانەی موسولمان و راستال و پابەند و راستگۆو تەقواکارن.

قورطوبی ئەم ئایەتەی کردووە بە بەلگە لەسەر راستی و شەرعییەتی جێ نشینی‌ی حەزرەتی ئەبو بەکر، دەلێ: پەروەردگار لە قورئان دا پلەی خۆشەویستانی خۆی دەست نیشان کردن لە بەرەوژوورەوە پێدا هات و یەکەمجار پێغەمبەرانی هێنان، ئەمجار لە پلەی دووەمدا راستگۆیانی هێنان، لە نێوان پێغەمبەران و راستگۆیان ناوەندی دانەنا هەموو موسولمانانیش رایان وایە: کە ئەبو بەکر نازناوی صدیق بووە (محمد)یش (رسول)بووە، دەی کە رەسولی پێغەمبەر و صدیقی‌ی ئەبوبەکر چەسپاو سەلمێندرا، دەردەکەوێ کە ئەبو بەکر لە پلەی دووەم دایە، کەواتە: نابێ دوا پێغەمبەر کەسی تر ببێتە جێنشین.. هەتا ئەو هەبێ کەسی تر شایانی جێ نشینی نیە.

یاسای شەڕ لە ئیسلام دا

يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ خُذُواْ حِذْرَكُمْ فَٱنفِرُواْ ثُبَاتٍ أَوِ
ٱنفِرُواْ جَمِيعًا ﴿٧١﴾ وَإِنَّ مِنكُمْ لَمَن لَّيُبَطِّئَنَّ فَإِنْ أَصَٰبَتْكُم
مُّصِيبَةٌ قَالَ قَدْ أَنْعَمَ ٱللَّهُ عَلَىَّ إِذْ لَمْ أَكُن مَّعَهُمْ شَهِيدًا ﴿٧٢﴾
وَلَئِنْ أَصَٰبَكُمْ فَضْلٌ مِّنَ ٱللَّهِ لَيَقُولَنَّ كَأَن لَّمْ تَكُنۢ بَيْنَكُمْ
وَبَيْنَهُۥ مَوَدَّةٌ يَٰلَيْتَنِى كُنتُ مَعَهُمْ فَأَفُوزَ فَوْزًا عَظِيمًا ﴿٧٣﴾
۞ فَلْيُقَٰتِلْ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ ٱلَّذِينَ يَشْرُونَ ٱلْحَيَوٰةَ ٱلدُّنْيَا بِٱلْءَاخِرَةِ
وَمَن يُقَٰتِلْ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ فَيُقْتَلْ أَوْ يَغْلِبْ فَسَوْفَ نُؤْتِيهِ أَجْرًا عَظِيمًا
﴿٧٤﴾ وَمَا لَكُمْ لَا تُقَٰتِلُونَ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ وَٱلْمُسْتَضْعَفِينَ مِنَ ٱلرِّجَالِ
وَٱلنِّسَآءِ وَٱلْوِلْدَٰنِ ٱلَّذِينَ يَقُولُونَ رَبَّنَآ أَخْرِجْنَا مِنْ هَٰذِهِ ٱلْقَرْيَةِ ٱلظَّالِمِ
أَهْلُهَا وَٱجْعَل لَّنَا مِن لَّدُنكَ وَلِيًّا وَٱجْعَل لَّنَا مِن لَّدُنكَ نَصِيرًا ﴿٧٥﴾ ٱلَّذِينَ
ءَامَنُواْ يُقَٰتِلُونَ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ ۖ وَٱلَّذِينَ كَفَرُواْ يُقَٰتِلُونَ فِى سَبِيلِ
ٱلطَّٰغُوتِ فَقَٰتِلُوٓاْ أَوْلِيَآءَ ٱلشَّيْطَٰنِ ۖ إِنَّ كَيْدَ ٱلشَّيْطَٰنِ كَانَ ضَعِيفًا ﴿٧٦﴾

پاش ئەوەی پەروەردگار موسوڵمانانی ترساند لە هەڵویست و پیلانی دووڕووەکان و فەرمانی کرد کە پێویستە پابەندی فەرمانی خوداو پێغەمبەر بن، ئەمجار فەرمانی بە پەیڕەوانی ڕێبازی ئیسلام کرد، کە لە ڕێگای خوداداو بۆ

بەرزکردنەوەی ئالآی ئیسلام تێبکۆشن و جیهاد بکەن و هەمیشە حازر و ئامادەباش بن بۆ بەرگری لە خۆیان وبەرپەرچدانەوەی پەلاماری دوژمن و ئەمجار حاڵ و چۆنیەتی برێ لەو دووڕووانەی بەیان کرد کە خەریکی ئەوەن موسوڵمانان لە جیهاد سارد بکەنەوە ئەمەش وەرچەرخانە لە رامیاری کۆمەڵایەتیەوە بۆ رامیاری جەنگی، گواستنەوەی تێکۆشانە لە گۆڕەپانی ناوخۆیی‌یەوە بۆ مەودا دیارییەکانی کۆمەڵگای ئیسلامی، ئەوەتا لەم ئایەتانەی دوایی دا داب و نەریت و یاسای جەنگ لە ئیسلام دا روون دەکاتەوە، هەڵویستی نەگۆڕێ دەوڵەتی ئیسلامی دەربارەی پەیوەندی‌یەکانی بە وڵاتانی دەرەوە لە کاتی جەنگ دا دیاری دەکا، دەفەرموێ:

﴿یا أیها الذین آمنوا خذوا حذرکم﴾ ئەی خاوەن باوەڕان! وریاو ئاگادار بن! لە دوژمنتان ئەمین مەبن، هەمیشە حەزەری لێ وەربگرن، هەمیشە ئامادەی بەرەنگار بوونەوەی دوژمن بن، چونکە ئێوە هەمیشە چاوەڕوانی ئەوەتان لێ دەکرێ: کە دوژمن پەلامارتان بدا، شەڕی دژوار و چارەنووس ساز یەخەتان بگرێ، بۆیە پێویستە هەموو دەم خەریکی دابین کردنی کەرەسەو پێویستیاتی بەرگری بن، بەگوێرەی رۆژگار چەک و تەقەمەنی بەدەست بێنن، قەڵاو سەنگەر و سپێر دروست بکەن، جەنگاوەران فێری مەشق و راهێنان و بەکار هێنانی چەک بکەن، لە بەرامبەر دوژمندا ورە بەرز و چاونەترس و مەرد و نەبەرد بن.

حەزرەتی ئەبو بەکر لە شەڕی یەمامەدا بە خالیدی کوڕی وەلیدی فەرموو: شەڕیان لەگەڵدا بکە بەو چەکەی شەڕت پێ لەگەڵ دەکەن! شمشێر بە شمشێر و رمب بە رمب ، هەروا لە هەموو سەردەم و چەرخێکدا پێویستە موسوڵمانان بە گوێرەی پێویست چەک و تەقەمەنی دابین بکەن ﴿فانفروا ثبات أو انفروا جمیعا﴾ کۆمەڵ کۆمەڵ بەرەو مەیدانی جەنگ راچن، پەل پەل و کەرت کەرت بەرەو بەرەنگاری کردنی دوژمن بکەونە رێ، هەموتان پشتی یەکتر بگرن و یەک دەست و یەک هەڵویست بن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە پێویستە گەلی موسوڵمانان هەموو کات ئامادە باش بن بۆ جیهاد و بەرگری، وەکوو لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێ:

﴿واعدوا لهم ما استطعتم من قوة ومن رباط الخيل ترهبون به عدو الله وعدوكم﴾ الأنفال/ ٦٠

بەهیچ جۆرێک نابێ موسوڵمان لە چوونە ناو شەڕ بترسێ؛ چونکە مەرگی ئادەمیزاد ساتێک پاش و پێش ناکەوێ، پێویستە موسوڵمانان هۆکارەکانی هێز و توانا دابین بکەن! قەزاو قەدەر نەکەنە بەهانەی تێشکان و نسکۆ، نابێ نائومێدییان تێدا دروست بکا.

ئەو حەدیثەی حاکم لە عائیشەوە دەیگێڕێتەوە کە دەفەرموێ: **((لا حذر من قدر))** دژایەتی لەگەڵ **((خذوا حذركم))** ناگەیەنێ چونکە حەزەر و وریایی بەشێکە لە قەدەر، چونکە قەزاو قەدەر بریتییە لە رابوونی کارەکان بەگوێرەی هۆکارەکان، واتە: موسوبەب بەرواڵەت بەگوێرەی سەبەب دێتە کایەوە، کەوابێ حەزەر بەشێکە لە ئەسباب و کارکردنە بە گوێرەی قەزاو قەدەر!!

﴿وإن منكم لمن ليبطئن﴾ بەڵام بڕێک لە ئێوە لە گۆڕەپانی بەرەی ناوخۆییدا لە جیهاد و تێکۆشان دوا دەکەوێ، یان کۆسپ و تەگەرە دەخاتە بەردەم رۆیشتنی جەنگاوەران، یان وادەبێ هەوڵ دەدا جەنگاوەران لە چوون بۆ شەڕ سارد بکاتەوە، ئەوانە دووڕوو و بڕوا لاواز و ترسنۆکن.

دووڕووەکان بۆ خۆیان نایانەوێ بچن بۆ جەنگ و شەڕ بکەن، چونکە ئەوان ئایین و بڕوادارانیان خۆش ناوێن، بە سرووشت دژی سەرکەوتنی موسوڵمانانن و نایانەوێ سەرکەوتن بەدەست بێنن! بڕوا لاواز و ترسنۆکەکانیش سەرکەوتنی موسوڵمانانیان پێ خۆشە بەڵام بۆ خۆیان دوو دڵن لە هاوبەشی کردن لە جیهاد و بەرامبەری کردنی دوژمن، چونکە ترسنۆک و ورە نزم و دونیا خۆشویستن. ئەوانە لە ناوی لیل و قوڕاودا ماسی دەگرن! وەکوو دەفەرموێ: **﴿وإن منكم لمن ليبطئن﴾** هی وا هەیە بەرواڵەت بە گرۆهی ئێوە حسێب دەکرێ لە ریزی موسوڵمانان دەژمێردرێ بەڵام لە چوون بۆ شەڕ و جیهاد خۆپاش دەدا و خاوەخاوە دەکا، وەکوو عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەی و دووڕوو و هاوەڵانی چاوەڕێی ئاکام و نەتیجەی شەڕەکە

دەکەن جا ﴿فإن أصابتكم مصيبة قال قد أنعم الله علي إذ لم أكن معهم شـــهيدا﴾ ئەگەر تووشی بـەلاو تێشـکان بـوون، لێتـان/کـوژرا، بـە ناچـاری تووشـی هـەلاتن و پاشەکشێ بوون، کەیف خۆش دەبن بەوەی کە ئـەوان لەگـەڵ نـەبوون و تووشـی ئـەو ناخۆشی و کوشتن و بریندار بوونە نەهاتن و بە ئاشکرا دەڵێن: ئۆخەی کە ئامادەی جەنگی خۆ بە کوشت دان نەبووین و تووشی ئـەو چەرمەسـەرییە نـەهاتوین، پێیـان وایە: ئەوە نیعمەتی خودایە بەسەریاندا رژاوە، نازانن کـە چ زەرەرو زیانێکیـان لـێ کەوتووە، کە پاداشتی خۆڕاگری و ناڕەحەتی‌و شەهید بوونیان لە کیس چووە ئەگـەر بکوژرانایە!

﴿ولئن أصابكم فضل من الله ليقولن - كأن لم تكن بينكم وبينه مـودة - يا ليتني كنت معهم فـــأفوز فـــوزا عظيمـــا﴾ ئەگـەر خێروبێرێکتـان تـووش بـێ، سەرکەوتن و دەستکەوتی جەنگتان دەست کەوێ، دەڵێن: هەروەکوو لە گرۆهی ئێوە نەبن و لە ریزی ئێوە نەبن-خۆزگە هاوبەشی جەنگمان بکردایە بۆ ئەوەی بەشێکمان لە تالان و دەستکەوتی جەنگ بەریکەوتایە! گەشەو نەشەی سەرکەوتنمان بە خۆوە ببینیایە و لافی ئازایەتی و نەبەردی و مەردایەتیمان لێ بدایە؛ ئەوانـە لـە هـەردوو حاڵەتەکەدا عەقڵ سووک و کورت بین و بڕوا لاواز و ترسنۆکن، بۆیە پەروەردگار بە رستەیەکی پڕ ماناو کاریگەر لۆمەی کردن و ئەوەی گەیاند کە ئەوانـە پـەیوەندییان بە کۆمەڵی موسوڵمانانەوە نیە.. فەرموی: ﴿كأن لم تكن بينكم وبينه مودة﴾ ئەمە رستـەیەکی کاریگـەرە لـە دڵ و دەروونـی بیسـەردا و هەسـت دەوروژێنـێ، چونکـە دەیخاتە سەر ئەوە بیر لە حاڵی خۆی بکاتەوەو عەیب و لەکەی خۆی بزانێ.

ئەمجار پەروەردگار لە باس و چۆنیەتی ورە لاواز و تەمبەڵ و ترسنۆکەکان دەگوێزێتەوە دێتە سەر باسی کۆمەڵی ورە بەرز و ئازاو مەرد و نەبەردان، ئەوانـەی لە بازنەی دواکەوتن و خۆپاشدان دەردەچن و دەچنە پلەوپایەی ریز داران و خۆیەخت کەران و دڵ و دەروونی خۆیان لە تاوانی نـەچوون بـۆ شـەڕ و بـەرگری نـەکردن پـاک دەکەنەوە، ئەوەتا لەم ئایەتەی دواییدا بەندە موسوڵمانەکانی هەڵدەنێ بۆ جیهاد و کۆشش کردن لە رێگای خودادا، بۆ رزگار کردنی ئەو ژن و منداڵ و بێ دەسـەلات و

هەژارانەی کە لە مەککە مابوونەوە، هەروا بۆ رزگار کردنی موسوڵمانانی بێ دەسەڵات و نەدارا لە هەر شوێنێک بن، دەفەرموێ: ﴿فليقاتل في سبيل الله الذين يشرون الحياة الدنيا بالآخرة﴾ با خاوەن باوەڕان شەڕ بکەن، لە ڕێگای خودادا بۆ بەرز کردنەوەی ئاڵای ئیسلام و کەلیمەی (لا إله إلا الله) با ئەوانەی ژیانی دونیای بێ بەقا دەفرۆشن بە ژیانی جاویدانی نەبڕاوەی قیامەت، لە پێناو ئایینی خودادا بجەنگێن، بۆ سەرخستنی ئایین و چەسپاندنی یەکتاپەرستی و عەدل و سەرفیرازی و ئازادی و سەربەستی خۆیان بەخت بکەن، وشەی ئیسلام سەربخەن و وشەی کوفر داگرن. ئەوانەی لە ڕێگەی ئایینی خودادا دەجەنگێن چ سەربکەون یان تێبشکێن بە مراز گەیشتوو بەختەوەرن، چونکە ﴿ومن يقاتل في سبيل الله فيقتل أو يغلب فسوف نؤتيه أجرا عظيما﴾ کەسێک شەڕ بکا لە پێناو ئاییندا و لەڕێگەی خودادا، دوژمن بەسەریدا زاڵ بێ یان ئەو بەسەر دوژمندا سەربکەوێ،، ئەوە بێگومان خودا لە هەردوو حاڵەتەکەدا پاداشی گەورەو زۆرو نەبڕاوەی پێ دەبەخشێ؛ کە بریتیە: لە بەهەشت و پاداشی باش.

ئەمە بەڵگەیە لەسەر گرنگی جیهاد و تێکۆشان، هەتا موسوڵمانان گیانی خۆ بەخت کردن و جیهادیان تێدا بێ، دوژمن لێیان دەترسێ، وڵاتیان پارێزراو و ئایینیان گەشەدار و شەریعەتیان کار پێ کراو و چەسپاوە؛ هەر کاتێکیش وازیان لە جیهاد هێنا، دوژمن تەماعیان تێ دەکاو وڵاتیان داگیر کراو و شەریعەتیان لەبیر کراوە، شان و شەوکەتیان نەماوەو ژێر دەستەو چەوساوەن!

ئەمجار پەروەردگار زیاتر جەختی لەسەر گرنگی جیهاد کردو فەرموی: ﴿وما لكم لا تقاتلون في سبيل الله والمستضعفين من الرجال والنساء والولدان﴾ چی دەبێتە کۆسپ و تەگەرە ناهێڵێ ئێوە جیهاد بکەن؟ چ عوزرو بەهانەیەکتان بەدەستەوەیە؟ کە ناچن لە پێناو ئایینی خودادا بجەنگێن؟ بۆچی هەوڵ نادەن یەکتاپەرستی لە شوێن هاوەڵ دانان بۆ خودا بچەسپێنن؟ خێر لە شوێن شەڕ و داد و بەزەیی لە جێی ستەم و دڵڕەقی دەستەبەر بکەن؟؟

چی دەستی ئێوەی بەستووە؟ بچن هەژار و لێقەوماوان؛ ژن و منداڵ و پیاوە موسوڵمان و ژێر دەستە بەجێماوەکانی مەککە لە چنگی کافرەکانی قورەیش رزگار بکەن، کە ناهێڵێن کۆچ بکەن، هەمیشە زەختیان لێ دەکەن لە ئیسلام ژێوان بینەوە ،﴿الذين يقولون ربنا أخرجنا من هذه القرية الظالم أهلها﴾ ئەو لێقەوماو و لاوازانە یارمەتدەر و پشتیوانیان لە کیس چووە، ئەوان لە ژێر زەختی چەوساندنەوەدا ، لەبەر ئازار و ئەشکەنجە دەڵێن: خودایە! لەم شارە رزگارمان بکە کە مەککەیەو دانیشتوانی کافرن، ستەم لە بەندە بێ دەسەڵاتەکان دەکەن و گەردن بۆ زاتی پاکت کەچ ناکەن و هاوەڵت بۆ دادەنێن ﴿واجعل لنا من لدنك وليا واجعل لنا من لدنك نصيرا﴾ خودایە! سەرکردەیەکمان بۆ بڕەخسێنە سەرپەرشتیمان بکاو کاروبارمان بەدەستەوە بگرێ؛ لەم جەور و ستەمە رزگارمان بکا، گیان و ناموسمان بپارێزێ، یارمەتیدەرێکمان بۆ بنێرە ستەم و زۆرمان لەسەر لابەرێ و بەسەریان دا سەرمان بخا ،کۆمەکیمان بکا بۆ کۆچ کردن و رزگاربونمان لەم ناخۆشییە. تەنها قاپی تۆمان هەیەو هەر تۆ فریارەسمانی پشت و پەنای لێقەوماو و هەژارانی. ئەمجار پەروەردگار لە ئایەتی داهاتوودا موقارەنەو بەرامبەری یەک ساز دەدا مەبەستی هەردوو لایەنی کێشەو ئاکامی شەڕەکە دیاری دەکاو دەفەرموێ: ﴿الذين آمنوا يقاتلون في سبيل الله﴾ ئەوانەی خوناس و موسوڵمانن لە پێناو ئایینی خودادا شەڕ دەکەن، بۆ بەرز کردنەوەی وشەی (لا إلـه إلا الله) جیهاد دەکەن و تێدەکۆشن، بۆ چەسپاندنی عەدل و دادپەروەری خەبات دەکەن، دەیانەوێ گەل و نەتەوەکان لە چەوساندنەوەو ژێر دەستەیی رزگار بکەن مەبەستیان تالان و داگیر کردن و چەوساندنەوەی گەلان نیە، نایانەوێ زوڵم و ستەم لە کەس بکەن، ماڵ و سامانی کەس چەپاو بکەن (وەکوو ئێستا باوە).

﴿والذين كفروا يقاتلون في سبيل الطاغوت﴾ بەڵام ئەوانەی کافرو خوانەناسن شەڕ دەکەن لە پێناو طاغوت دا بۆ مەبەستی خەیاڵی و بێ سەروبەر، بۆ بەدەست هێنانی شتی ماددی کاتی و پڕوپووچ کۆشش دەکەن، دەیانەوێ بە پێی

ویستی شەیتان هەڵس و کەوت بکەن، بت پەرستی پەرە پێ بدەن، یارمەتی کوفر و بێدینی بدەن، یان دەیانەوێ تالان و برۆ بەدەست بێنن، یان بۆ شانازی و خۆ هەڵنانەوەو بەخۆنازین و بزەو نەشەی سەرکەوتن و هەست بە ئازایی و دەرکردنی ناوو شۆرەت لەناو هۆز و گەلان دا.

بەڵام سەرەنجام و ئاکام سەرکەوتنی حەق و راستی‌یە بەسەر بەتاڵ دا؛ چونکە حەق و راستی هەمیشە بەهێز و پتەو و دامەزراوە، رێرەوانی خۆگر و کۆڵنەدەرن، بەتاڵ بێ هێز و تێشکاوە، رێرەوانی زەبوون و ترسنۆکن، هەمیشە حەق سەرکەوتووە، هیچ شتێکێ بەسەری دا سەرناکەوێ، بۆیە پەروەردگار فەرمانی بە موسوڵمانان کرد و فەرموی: ﴿فقاتلوا أولياء الشيطان إن كيد الشيطان كان ضعيفا﴾ ئەی کومەڵی موسوڵمانان! شەڕ لەگەڵ کافرو پەیڕەوانی شەیتان بکەن؛ ئەوانەی شەیتان هەڵی خەڵەتاندوون و وای تێگەیاندون کە زوڵم و ستەم و وێران کردنی وڵات سەروەرییەو پلەو پایە دەدا بە ئادەمیزاد!!

ئەی گرۆهی موسوڵمانان! با هێز و تواناو ژمارەی زۆر و زۆری چەکێ و ئامێری جۆراو جۆریان ئێوە لە خشتە نەبا، چونکە ئەوە فێڵ و تەڵەکەی شەیتانە، پیلان و وەسوەسەی ئەوە، فێڵ و تەڵەکەی شەیتانیش لای هۆشمەندان و روناکبیران و خاوەن باوەڕان لاواز و بێ نرخە، شەیتان و پیلانی هاوەڵ و رێڕەوانی هەمیشە تێشکاو و ژێر کەوتوون. بەڵام ئێوە ئەی کۆمەڵی موسوڵمانان! سەرپەرشتیار و گەورە و یارمەتدەرتان خودای زاناو دانایە، ئەو پشت و پەناتانە، لەشکر و سەربازانی رێبازی خودا هەمیشە سەرکەوتوون حیزب و پارتی خودا سەرفیراز و بە مراز گەیشتوون.

حاڵ و چۆنیەتی ئادەمیزادەکان لە کاتی فەرض کردنی جەنگ دژی کافران

أَلَمْ تَرَ إِلَى ٱلَّذِينَ قِيلَ لَهُمْ كُفُّوٓاْ أَيْدِيَكُمْ وَأَقِيمُواْ ٱلصَّلَوٰةَ
وَءَاتُواْ ٱلزَّكَوٰةَ فَلَمَّا كُتِبَ عَلَيْهِمُ ٱلْقِتَالُ إِذَا فَرِيقٌ مِّنْهُمْ يَخْشَوْنَ ٱلنَّاسَ
كَخَشْيَةِ ٱللَّهِ أَوْ أَشَدَّ خَشْيَةً ۚ وَقَالُواْ رَبَّنَا لِمَ كَتَبْتَ عَلَيْنَا ٱلْقِتَالَ لَوْلَآ
أَخَّرْتَنَآ إِلَىٰٓ أَجَلٍ قَرِيبٍ ۗ قُلْ مَتَٰعُ ٱلدُّنْيَا قَلِيلٌ وَٱلْءَاخِرَةُ خَيْرٌ لِّمَنِ ٱتَّقَىٰ
وَلَا تُظْلَمُونَ فَتِيلًا ﴿٧٧﴾ أَيْنَمَا تَكُونُواْ يُدْرِككُّمُ ٱلْمَوْتُ وَلَوْ كُنتُمْ
فِى بُرُوجٍ مُّشَيَّدَةٍ ۗ وَإِن تُصِبْهُمْ حَسَنَةٌ يَقُولُواْ هَٰذِهِۦ مِنْ عِندِ ٱللَّهِ ۖ
وَإِن تُصِبْهُمْ سَيِّئَةٌ يَقُولُواْ هَٰذِهِۦ مِنْ عِندِكَ ۚ قُلْ كُلٌّ مِّنْ عِندِ ٱللَّهِ ۖ فَمَالِ
هَٰٓؤُلَآءِ ٱلْقَوْمِ لَا يَكَادُونَ يَفْقَهُونَ حَدِيثًا ﴿٧٨﴾ مَّآ أَصَابَكَ مِنْ حَسَنَةٍ فَمِنَ
ٱللَّهِ ۖ وَمَآ أَصَابَكَ مِن سَيِّئَةٍ فَمِن نَّفْسِكَ ۚ وَأَرْسَلْنَٰكَ لِلنَّاسِ رَسُولًا ۚ وَكَفَىٰ
بِٱللَّهِ شَهِيدًا ﴿٧٩﴾

﴿ألم تر إلى الذين قيل لهم...﴾ دەربارەی هۆی هاتنە خوارەوەی ئەم ئایەتە نەسائی و حاکم لە ئیبنو عەبباسەوە دەگێڕنەوە دەڵێ: (عەبدولرەحمان)ی کوڕی عەوف و چەند هاوەڵێکی هاتنە خزمەت پێغەمبەر ﷺ وتیان: قوربان! ئێمە پێش ئەوەی موسوڵمان ببین لەو پەڕی هێز و تواناداا بووین، کە موسوڵمان بووین تووشی زەلیلی و چەوساندنەوە بووین، پێغەمبەر ﷺ فەرموی مـن فەرمانم پێ کراوە بە

لێبوردن و لاشەڕی، دەبێ خۆتان بگرن و شەڕ لەگەڵ قورەیشی یەکان نەکەن، کاتێ موسوڵمانەکان کۆچیان کرد بۆ مەدینە فەرمانیان پێ کرا بە شەڕ کردن لەگەڵ کافران برێکیان خۆیان پەناداو ئامادەی جیهاد نەبوون؛ ئیتر پەروەردگار ئەم ئایەتەی نارده خوارێ.

حەسەنی بەصری دەڵێ: دەربارەی موسوڵمانان هاتۆتە خوارێ، موجاهید دەڵێ دەربارەی جولەکە هاتۆتە خوارێ، برێکیش دەڵێن: دەربارەی دووڕووەکان هاتۆتە خوارێ. بەهەر حاڵ رای حەسەنی بەصری رایەکی لاوازە، چونکە لە مێژووی هاوەڵانی پێغەمبەر دا نەبیستراوە کە سەرپێچی لە ئەنجام دانی حوکمێکی قورئان بکەن و رەخنە بگرن و بەو شێوە زەقە هەڵوێستی ئاوا نالەبار بنوێنن!

پەیوەندی ئەم ئایەتە بە ئایەتەکانی پێشەوە ئەوەیە: لەوە پێش پەروەردگار فەرمانی بە موسوڵمانان کرد خۆ ئامادە بکەن بۆ شەڕ لەگەڵ کافران دا باسی ئەوانەی کرد کە خۆ لە چوونە شەڕ پاش دەدەن، فەرمانی پێ کردن کە لە رێگای خوادا شەڕ بکەن و موسوڵمانە لێقەوماوەکانی مەککە لە دەستی قورەیشی یەکان رزگار بکەن. ئەمجار لەم ئایەتەدا باسی حاڵ و چۆنیەتی کۆمەڵێک دەکا: کە پێش کۆچ کردن ویستویانە شەڕ لەگەڵ قورەیشی یەکان بکەن لە مەککەدا، کاتێک پاش کۆچ کردن شەڕ کردنیان لەسەر واجیب کرا پێیان ناخۆش بوو، ئیتر پەروەردگار سەرکۆنەی کردن و فەرمووی: ﴿ألم تر الى الذين قيل لهم كفوا أيديكم﴾ ئەتۆ سەیر ناکەی بۆ ئەو کەسانەی لە مەککە لە سەرەتای ئیسلام دا پێیان گوترا: ئاشتی بپارێزن، خۆتان لە تێوە گلانی شەڕ بپارێزن. لەبەر چەند هۆیەک بارو دۆخ لەبار نەبوو بۆ شەڕ کردن کە هۆیەک لەوانە کەمی موسوڵمانان و زۆری کافرەکان بوو، هەروەها شوێنەکەشی شاری مەککە بوو: کە (بلد الحرام)ە رێزدارترین شوێنی سەر زەوی یە، شەڕ کردن تێیدا قەدەغەیە! لەبەر ئەوە فەرمانیان بە جیهاد پێ نەکرابوو تا کۆچیان نەکرد بۆ مەدینە رێگای شەڕ کردنیان پێ نەدرا، کەچی کە فەرمانیان پێ کراو جیهادیان لەسەر فەرز کرا ترس دایگرتن و لێوە لەرەیان پێ کەوت!! بۆیە خوا بەو شێوە سەرزەنشت کردنە هەڵوێستەکەیانیان دەگێڕێتەوە، دەفەرموێ: ئەو

کاتە پێیان گوترا: ئاشتی بپارێزن و خۆتان لەشەڕ دوور بگرن ﴿وأقیموا الصـــلاة﴾ نوێژ بەجێ بێنن بەرێکێ و پێکی ئەنجامیان بدەن ﴿وآتوا الزکاة﴾ زەکاتی مـاڵ و داراییتان دەربکەن کە سەردەکێشێ بۆ پەیدا بوونی خۆشەویستی لـە نێـوان خـەڵکێ دا، عەرەبەکان وەکوو هەموو گەلانی دور لە خواپەرسـتی- لەسـەردەمی نـەزانی دا زۆر جار بە بروبیانووی پروپووچ شەڕیان هەڵدەگیرساند، دڵیان پڕبوو لە رقەبـەری و دژایەتی و دوژمنایەتی کردنی یەکتری، کەچی ﴿فلما کتب علیهم القتال إذا فریق منهم یخشون الناس کخشیة الله أو أشد خشیة﴾کە لە دوای کۆچ کردنی بۆ مەدینە شەڕیان لەسەر پێویست کرا کۆمەڵێک لە دووڕووەکـان و موسوڵمانە ترسنۆکەکان بوون پێیان ناخۆش بوو، ترسان لەوە کە کافرەکان شەڕیان لەگەڵ بکەن و بکوژرێن، وەکـوو چۆن لـە سـزای خـودا دەترسـێن بـەڵکو زیـاتر لـەوان دەترسـان. تەنانـەت ترسانەکەیان بەرێژەیـەکێ بـوو؛ کـە خۆیـان پـێ نـەگیراو بانگیـان لـێ بـەرز بـووەوە ﴿وقالوا ربنا لم کتبت علینا القتال﴾گوتیان: پەروەردگارا! بۆچی شـەڕکردنت لەسـەر پێویست کردین؟ بۆ لێمان ناگەڕێی بۆ خۆمان بە مردنی سرووشتی خۆمـان بمرێـن ﴿لولا أخرتنا إلی أجل قریب﴾ بۆچ پێویست کردنی شەڕ لەسەرمان بۆ ماوەیەکی تر دوات نەخست، شەڕ کارێکی خراپە، خوێـن رشـتنی تێدایـە، منـداڵ هـەتیو دەبـن، دایکێ و باوکێ جەرگێ سوتاو دەبن.

ئەمجار پەروەردگار فەرمان بە پێغەمبـەر ﷺ دەکـا کـە شـوبهەکەیان رەت بکاتەوە دەفەرموێ: ﴿قل متاع الدنیا قلیـــل﴾ داواکردنتـان بـۆ دواخسـتنی شـەڕ و خۆپاشدان و خۆشاردنەوەتان لە چوون بۆ شـەڕ لـە ترسـی مـردن لـەوەوە سـەرچاوەی گرتووە کە حەزتان لـە کـالای دونیایی‌یـەو دونیـا پەرسـتن! لـە کـاتێکێ دا هـەموو لەززەت و خۆشی دونیا هیچ و پووچ بڕاوەو روو لـە نەمانـەو لـە ئاسـت نیعمـەت و لەززەتی قیامـەت دا بە هیـچ و بـێ بایـەخ دەژمـێردرێ، دوارۆژی خـوا پـەرست زۆر باشترە لە جیـهانی بـێ بـەقا، نیعمەتـەکانی دونیـا کـەم و فـەوتاون، نیعمەتـەکانی قیامـەت زۆر و بەردەوام و بێ ئەرکێ و بێ نارەحەتییە، کەسـێکێ تـەقوا کـارو خـودا

پەرست نەبێ بەو لەززەت و خۆشی‌یە ناگا! کەوابێ پابەندی فەرمانی خودا بن و خۆ بپارێزن لەسەرپێچی کردنی فەرمانەکانی، ﴿والآخرة خير لمـــن اتقـــى﴾ قیامەت باشترە بۆ تەقواکاران ﴿ولا تظلمون فتيـــلا﴾ هیچ شتێک لە کردەوەکانیان کەم ناکرێتەوە، ئەگەر بە ئەندازەی داوە دەزووی درزی دەنکە خورماش بێ! پاداشیان دەدرێتەوەو پاش گوێ ناخرێ!

مردنیش کارەساتێکی گشتی‌یەو هەموو کەس دەگرێتەوەو کەس لێی رزگار نابێ ﴿أينما تكونوا يدرككم الموت ولو كنتم في بروج مشـــيدة﴾ لەهەر شوێنێک بن مردن دەستی پێتان دەگا و یەخەتان دەگرێ! تەنانەت ئەگەر لە قەلاو بالەخانەی قایم و پتەویش دابن، چونکە فریشتەی مەرگ هاوەر (عـــيز قائيل) هیچ لەمپەرێک بەری ناگرێ و هیچ شتێک نایگێڕێتەوە، وەکوو خودا دەفەرموێ: ﴿كل نفس ذائقة الموت﴾ آل عمـــر ان/ ١٨٥ چە یان دەفەرموێ ﴿كل من عليها فان﴾ الرحمن/ ٢٦ چە یان دەفەرموێ ﴿وما جعلنا لبشر من قبلك الخلد أفإن مت فهم الخالدون﴾ الأنبياء/ ٣٤ی.

جا ئەگەر مردن سەرەنجام و ئاکامی هەموو زیندەوەرێک بێ و هەرکەسە بەمەرگی دیاری کراوی خۆی بمرێ، ساتێک پاش و پێش نەکا! هەر کەسێک کە ئاکام (ئەجەل)ی هات دەبێ بمرێ! ئیتر دەبێ بۆچی ئادەمیزاد لە مردن بترسێ، چونکە ئینسان بچێتە گۆڕەپانی شەڕ، یان نەچێ تەمەنێکی دیاری کراوی هەیە چوونە شەڕ یان نەچوون بۆ شەڕ هیچ لە مەرگ و کۆتایی ژیان ناگۆڕێ! وەکوو خالیدی کوڕی وەلید لەسەرەمەرگا لەسەر نوێنی مردن فەرمووی: ئەو هەموو شەڕ و جەنگەم بینین، شوێنێک لە جەستەم دا نیە کە سەرە ڕم و سەرە تیری پێوە نەبێ، کەچی ئەوەتا وا دەمرم لە ناو نوێن دا. یاخوا ترسنۆکان خەویان لێ نەکەوێ و داوەشێن!!

ئەمجار پەروەردگار باسی شتێک دەکا کە ئادەمیزاد سەری لێ سوڕدەمێنێ بەهۆی وتەو قسەو چاوڕاوی ئەو دووڕووانە کە هەرگیز هەڵوێستێکی هۆشمەندانە نانوێنن و قسەیەکی ڕاست ناکەن ﴿وإن تصبهم حسنة يقولوا هذه من

عند الله﴾ ئەگەر خۆشی و کامەرانی‌یەکیان پێ بگا، غەنیمەت و هەرزانی و رزق و ڕۆزی‌یەکیان دەست بکەوێ، کشتوکاڵ و بەروبوومیان باش بێ، کوڕ و کچیان ببێ دەڵێن: ئەمانە لە خوداوە دەستمان کەوتووە، دەستی کەسی تێدا نیە و خودا پێی بەخشیوین ﴿وإن تصبهم سيئة يقولوا هذه من عنــــدك﴾ ئەگەر بەلاو نەخۆشی ڕوویان تێ بکا، تێشکانیان بەسەردابێ، گرانی و نەبوونی ژیانیان بەسەر دابێ، بەروبووم و کشتوکاڵیان کەم بێ، بەری ڕەزیان بەر لافاو و تەرزە بکەوێ، منداڵیان نەبن، یان بمرن، ئاژەڵ و ماڵ و سامانیان بفەوتێ، دەڵێن: ئەمانە بە هۆی تۆوە تووشمان هاتوون، ئەی محمد! بەهۆی شوێن کەوتنمان بۆ ئایینەکەی تۆ تووشی ئەم هەموو نەهامەتی‌یە هاتووین، وەکوو چۆن دارو دەستەی فیرعەون هەمان هەڵویستیان بەرامبەر بە موسا هەبوو **﴿فإذا جاءتهم الحسنة قالوا لنا هذه وإن تصبهم سيئة يطيروا بموسى ومن معه ألا إنما طائرهم عندالله﴾** الأعر ال/ ١٣١

یان دەفەرموێ **﴿ومن الناس من يعبد الله على حرف﴾** الحج/ ١١، هەر بەو جۆرە دووڕووە جوولەکەکان کە بەرواڵەت موسوڵمان بووبوون و لەڕاستی دا دژی ئایینی ئیسلام بوون، ئەگەر تووشی بەلاو ناخۆشی‌یەکێ ببوونایە، دەیاندایە پاڵ ئەوەی کە پەیڕەوی ئایینی ئیسلام دەکەن، پەیڕەوی (محمد)یان دەکرد بە مایەی ڕەشبینی و دەیانگوت: ئەی موحەممەد ئەمەمان بە هۆی تۆوە تووش هاتووە! واتە: بەهۆی واز هێنانمان لە ئایینی خۆمان و شوێنکەوتنی ئایینی تۆ تووشی ئەوە هاتووین! ئیتر پەروەردگار ڕەددی دانەوەو فەرموی: **﴿قل كل من عنــــد الله﴾** ئەی محمد! پێیان بڵێ! ئەو بۆچوونەتان هەڵەیە، ئەو ڕووداوانە لەلایەن خوداوەیە، هەموو شتێ بە قەزاو قەدەری خودایە، قەزاو قەدەری خودا لەهەموو شتێکێ دا کاریگەرە، چاکەو خراپە، خۆشی و ناخۆشی بۆ موسوڵمان، بۆ کافر، بەپێی قەزاو قەدەرە.

﴿فمال هؤلاء القوم لا يكادون يفقهون حديثا﴾ ئەوە ئەو خەڵکە چییان لێ قەوماوە؟ عەقڵ و هۆشیان تووشی چ شلەژانێ بووە؟ بۆچی تێناگەن و بەهۆش

خۆیانەوە نایەنەوە؟ بۆ لەو ئاخاوتن و وت وێژە حالی نابن کە ئاراستەیان دەکرێ؟ بۆ ئەوەندە کەودەن و نەفام و نەزانن؟!

﴿ما أصابك من حسنة فمن الله﴾ ئەی محمد: مەبەستیش هەموو ئادەمیزادە هەر چاکەو خێر و خۆشی و هەرزانی و لەش ساغی‌یەک تووشتان دێ ئەوە لە خوداوەیە، ئەوە لە فەضل و گەورەیی و رەحمەتی خوداوەیە بۆ ئێوەی ئادەمیزاد بەهۆی ئەوەوەیە: کە تۆفیقی داون بۆ ئەوەی رێگای سەرکەوتن و خێر و خۆشی بگرنە بەر ﴿وما أصابك من سيئة فمن نفسك﴾ ئەو بەلاو تەنگێ و چەلەمانەی تووشت دێن ئەوە بەهۆی هەلویست و کرداری خۆتەوەیە، لەم رووەوە کە رێبازی عەقل و حیکمەتت نەگرتۆتەبەرو بە گوێرەی یاسای یەزدانی و بەگوێرەی زانیاری و تاقی کردنەوەی زانستی هەنگاوت نەناوە! تەنانەت دەلێن: نەخۆشی بەهۆی هەلس و کەوتی نالەباری ئادەمیزاد خۆیەتی وەکوو خودا دەفەرموێ: ﴿ما أصابكم من مصيبة فبما كسبت أيديكم ويعفوا عن كثير﴾ الشوری/ ٣٠

زۆر فەرمودە لە پێغەمبەر و فەرمایشت لە خواناسانەوە گێردراونەوە کە تاعەت کردن بۆ خودا دەبێتە هۆی نیعمەت و خۆشی هەردوو جیهان و سەرپێچکردنی بەلاو موسیبەت ئاوەرە، تاعەتی خودا بەوە دەبێ کە بە گوێرەی یاسای نێردراو ودانراوی ئەو رەفتار بکەی، هەموو شتێ لە جێگەی سرووشتی خۆی دابنرێ و بەکار بهێنرێ، ئەم ئایەتە بنەمایەکە لە بنەماکانی زانیاری کۆمەلایەتی و دەروون ناسی، دەرمانی دەردی خەرافاتی نەزانی و بت پەرستی‌یەو، رێز لێنانە بۆ خودی ئادەمیزاد. ﴿وأرسلناك للناس رسولا﴾ ئێمە تۆمان ناردووە ئەی موحەممەد! بۆسەر ئادەمیزاد بە پێغەمبەر، پێغەمبەریش بەس راگەیاندن و بانگەوازی لەسەرە، ئەوە بەدەست تۆ نیە کە خەلک تووشی خۆشی و ناخۆشی دەبن! ئەتۆ چ دەسەلاتێکت لەوە دانیە، کە ئەوان تووشی باشە دەبن یان تووشی ناخۆشی دێن ئەتۆ رەهبەری و شەرعی خودا بەو مەردومگەلە رادەگەیەنی، ئەوەیان تێ دەگەیەنی کە خودا پێی خۆشە یان پێی ناخۆشە ﴿وكفى بالله شهيدا﴾ بەسە بۆ تۆ کە خودا شایەد و گەواهیدەرە کە تۆ پێغەمبەرو رەوانە کراوی زاتی پاکی ئەوی،

ئاگاداره بەوەی کە روودەدا لە نێوان ئەتۆو ئەوان دا، زانایە بەوەی پێیان رادەگەیەنی و بە هەڵوێستی بەرامبەری ئەوان و سەر رەقی و دژایەتیکردنی ئەوان بۆ پەیامەکەت. تۆ هەر راگەیاندن و بانگەوازیت لەسەره، خێر و شەڕ هەمووی بەدەستی خودایە لەرووی خەلق و ئیجادەوه، شەڕ و نەگبەتیش لە ئادەمیزاد خۆیەوەیەتی لەرووی کەسب و ئیختیارەوه!! بەکورتی پێویستە ئێمەی ئادەمیزاد دوو شت بزانین:

یەکەم: هەموو شتێک لە خواوەیە، واتە: خودا بەدیهێنەری هەموو شتێکە هەر ئەوە نیظام و یاسای بوونەوەری داناوە بۆ ئەوەی ئینسان بەهەوڵ و کۆششی خۆی کاریان تێدا بکا.

دووەم: هەر شەڕ و خراپەیەک کە تووشی ئادەمیزاد دەبێ بەهۆی کەمتەرخەمی و پەیڕەو نەکردنی یاسای بوونەوەر و نەزانین و پیڕەو نەکردنی ڕێگای راست و دروست تووشی دەبێ!

چ دژایەتیەک لە نێوان ئایەتی ﴿كل من عند الله﴾واتە: هەموو چاکەو خراپەیەک لە خوداوەیەو ئایەتی ﴿وما أصابك من سيئة فمن نفسك﴾ دا نیە چونکە ئایەتی یەکەم واتەی دروست کردن و بەدیهێنانی لێ وەردەگیرێ واتە: چاکەو خراپە خودا دروستیان دەکاو بەدییان دەهێنێ، ئایەتی دووەم مەبەست لێی هۆیەتی و ئەنجام دانە واتە: خراپەو ناخۆشی‌یەک کە تووشت دەبێ بەهۆی تاوان و کورت بینی خۆتەوەیە ئەی ئادەمیزاد! کە کۆڵەواری لە تێگەیشتنی یاساو دەستووره گشتی‌یەکان!

گوێڕایه‌ڵی فه‌رمانی پێغه‌مبه‌ر گوێڕایه‌ڵی فه‌رمانی خودایه

مَّن يُطِعِ ٱلرَّسُولَ فَقَدْ أَطَاعَ ٱللَّهَ ۖ وَمَن تَوَلَّىٰ فَمَآ أَرْسَلْنَـٰكَ عَلَيْهِمْ حَفِيظًا ﴿٨٠﴾ وَيَقُولُونَ طَاعَةٌ فَإِذَا بَرَزُوا۟ مِنْ عِندِكَ بَيَّتَ طَآئِفَةٌ مِّنْهُمْ غَيْرَ ٱلَّذِى تَقُولُ ۖ وَٱللَّهُ يَكْتُبُ مَا يُبَيِّتُونَ ۖ فَأَعْرِضْ عَنْهُمْ وَتَوَكَّلْ عَلَى ٱللَّهِ ۚ وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ وَكِيلًا ﴿٨١﴾ أَفَلَا يَتَدَبَّرُونَ ٱلْقُرْءَانَ ۚ وَلَوْ كَانَ مِنْ عِندِ غَيْرِ ٱللَّهِ لَوَجَدُوا۟ فِيهِ ٱخْتِلَـٰفًا كَثِيرًا ﴿٨٢﴾

﴿من يطع الرسول... الآية﴾

پەیوەندی ئەم ئایەتە لەگەڵ ئایەتەکانی پێش دا ئەوەیە: لێرەدا پەروەردگار جەخت لەسەر فەرمانەکەی پێشوو دەکاتەوە کە فەرمانی کرد بە پابەند بوون بە فەرمانی خوداو پێغەمبەر و ئەوە روون دەکاتەوە کە بەگوێ کردنی فەرمانی پێغەمبەر لەڕاستی دا بەگوێکردنی فەرمانی پەروەردگارە.

هۆی هاتنە خوارەوەی ئەم ئایەتە وەکوو موقاتیل دەگێڕێتەوە دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ دەیفەرموو: ((**من أحبني فقد أحب الله ومن أطاعني فقد أطاع الله**)) دووڕووەکان گەزافیان کێشاو گوتیان: نابیسن ئەم پیاوە چ دەڵێ؟ ئەوەتا نزیکە خۆ بکا بە خودا، لەکاتێک دا خودا نەهی لێ کردوین و داوامان لێ دەکا کە جگە لە خودا کەسی تر نەپەرستین، کەچی ئەم دەیەوێ بیکەین بە خودا وەکوو چۆن مەسیحی‌یەکان عیسایان کردووە بەخودا، ئیتر ئەم ئایەتە هاتە خوارێ:

﴿من يطع الرسول فقد أطاع الله﴾لەم ئایەتە پیرۆزەدا پەروەردگار دەربارەی بەندەو رەوانە کراوی خۆی حەزرەتی (محمد) دەفەرموێ هەرکەسێک بەقسەی بکا مانای وایە بە قسەی خودای کردووە. کەسێک لێی یاخی بێ ئەوە لە خودا یاخی بووە، چونکە (محمد) پێغەمبەری خودایە، قسەی لە هەواو ئارەزوو و خەیاڵ سەرچاوە هەڵناگرێ بەڵکو هەرچی دەیڵێ بە نیگاو سرووشی خودایی یە، پیرانی فەرمووده: موسلیم و بوخاری لە ئەبو هورەیرەوە فەرموودەیەک دەگێڕنەوە: دەفەرموێ: پێغەمبەر ﷺ فەرموی ((**من أطاعني فقد أطاع الله، ومن عصاني فقد عصى الله، ومن أطاع الأمير فقد أطاعني ومن عصى الأمير فقد عصاني**)) کەسێک بەگوێی من بکا، ئەوا پابەندی فەرمانی خودایە، کەسێک لە من یاخی بێ، ئەوا لە خودا یاخی بووە، کەسێک بە گوێی فەرمانڕەوای موسوڵمانان بکا بەگوێی فەرمانی منی کردووە، کەسێک لە فەرمانڕەوایی موسوڵمان یاخی ببێ لە من یاخی بووە!

پوختەی قسە ئەوەیە: ئایەتەکە مانای وایە: هەر کەسێک بە گوێی پێغەمبەر ﷺ بکاو پابەندی فەرمانەکانی بێ، ئەوا لەڕاستی دا پابەندی فەرمانی خودایە، چونکە لەڕاستی و حەقیقەتدا خودا فەرمان دەر و نەهیکەرە، پێغەمبەر ﷺ راسپێراوو راگەیەنەرە، بەڵام برێ کاری دونیایی هەیە، پێغەمبەر فەرمانمان پێ دەکا، وەکوو پەیوەندی کردنی دارخورمای مێ لە تۆوی دارخورمای نێر، کە بە عەرەبی ئەمە دەگوترێ: (تأبير) هەتا بەری باش بگرێ، کە جارێ پێغەمبەر ﷺ بەیارانی فەرموو: (ئەگەر نەیشی کەن قەیناکا) دوایی خورماکەیان خراپ دەرچوو، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: ((**انتم اعلم بشؤون دنياكم**)) واتە: خۆتان لە کاروباری جیهانیتان باشتر دەزانن.

یان خواردنی زەیت و خۆچەور کردن پێی، یان پێوانی خواردەمەنی وەکوو گەنم و شتی تر لەکاتی هاڕین و کردنی بە هەویر، ئەوە زۆربەی ئەم جۆرە گوتار و کردارانە بیرو بۆچوونێکی روتی دونیایی پێغەمبەرەو پابەند بوونی موسوڵمانان

پێی واجب نیە! هەندێک جار هاوڕێیانی پێغەمبەرﷺ کە فەرمانێکی پێغەمبەریان بە بۆچوونی خۆی بزانیایە، بۆ ئەوەی بزانن: کە ئەو فەرمانە گوفت و گۆو موناقەشە هەڵ دەگرێ، عەرزیان دەکرد: ئەمەی دەیفەرمووی: ڕاو وبۆچوونی خۆتە، یا سروشەو لە خوداوە هاتووە؟؟

جا ئەگەرفەرمانەکە نیگای خودایی بوایە، بەبێ ئەملا و ئەولا پابەندی دەبوون.. ئەگەر بیروبۆچوونی پێغەمبەر ﷺ خۆی بوایە، ئەوە ڕایەکی باشتریان دەردەبڕی و داوایان لێ دەکرد کە لەراکەی خۆی دابەزێ؛! وەکوو لە غەزای بەدر و ئوحود دا ڕوویدا.. گەلێ جاری وایش بووە پێغەمبەر هاتۆتە سەر ڕای ئەوان.

﴿ومن تولى فما أرسلناك عليهم حفيظا﴾ هەرکەسێک ڕوو وەرگێڕێ لە فەرمانەکانی تۆ ئەی (محمد!) خەسارەتمەندو ماڵ وێرانە، تۆ بەرپرسیاری تاوانی ئەوان نی، ڕێگای ئەوەشت نیە کە بەزۆر ویستی خۆتی بەسەردا بسەپێنی، تۆ بەس پێ ڕاگەیاندنت لەسەرە و زۆرو ملێت نیە، زۆری پێ ناچێ زەرەرو زیانی سەرپێچی کردنەکەی خۆیانیان تووش دەبێتەوە، وەکوو لە حەدیثی صحیح دا هاتووە ((من يطع الله ورسوله فقد رشد ومن يعص الله ورسوله فإنه لا يضر إلا نفسه))، ((کەسێ فەرمانی خوداو پێغەمبەری جێ بەجێ بکا، سەرفیراز دەبێ، کەسێکیش سەرپێچی لەفەرمانەکانی خواو پێغەمبەری بکا، ئەوە زیانەو بەخۆی دەگەیەنێ))

ئەمجار پەروەردگار پەردە لەسەر پیلان و فێڵ و تەلەکەی دووڕووەکان هەڵدەتاوەو دەفەرموێ: ﴿ويقولون طاعة﴾ لەلای خۆت دەڵێن: فەرمانت بەجێیە، قسەت بیسراو لەسەر چاوە، کە ئەمەش دەڵێن: بەڕاستیان نیە و بەدووڕوویی و نیفاقە ﴿فإذا برزوا من عندك﴾ کە لەلای تۆ ڕۆیشتن و لە تۆ هون بوون ﴿بيت طائفة منهم غير الذي تقول﴾ئەمو لەناو خۆیاندا ڕایەکی تر، جیاواز دەدرکێنن و هەڵوێستێکی تر وەردەگرن پابەندی وادەو پەیمانی خۆیان نین.

ئیبنو جەریری طەبەری لە ئیبنو عەبباسەوە دەگێڕێتەوە دەڵێ: ئەوانە واتە: دووڕووەکان- کەسانێکن لای پێغەمبەر دەڵێن بڕوامان بە خوداو پێغەمبەری خودا

هەیە، بۆ ئەوەی ماڵ و گیانیان پارێزراو بێ، کەلای پێغەمبەر دەردەچن بە پێچەوانەی ئەوەی گوتویانە لای پێغەمبەر قسە دەکەن و هەڵویستی جوداوازیان هەیە؛ بۆیە پەروەردگار لۆمەو سەرزەنشتیان دەکا. ﴿والله یکتب ما یبیتون﴾خودا دەزانێ بەشەو چ قسەو باسێک دەکەن و چ پیلان و هەڵویستێکیان هەیە، لەسەریان تۆمار دەکا بە فەرمانی خودا فریشتەی چاودێر هەموو هەڵس و کەوتیان تۆمار دەکەن. واتە: خودا بەم هەڕەشەیە ئەوە رادەگەیەنێ کە خۆی ئاگادار و زانایە بەو مەبەست و هەڵویستەی کە لە دڵیان دایەو لەناو خۆیان دا ئاشکرای دەکەن و ئەوەی بەشەو لەسەری رێک دەکەون لەبارەی دژایەتی کردنی پێغەمبەرو لێ یاخی بوونی، هەرچەندە بە رواڵەت لای خۆی ملکەچی نیشان دەدەن و گوێڕایەڵی بۆ پێغەمبەر رادەگەیەنن.. بێگومان خودا لەسەر ئەم دووڕوویی و نیفاقەیان سزایان دەدا!! تۆش ئەی محمد دڵگران مەبەو بە هێدی و لەسەر خۆیی هەڵویست بنوێنە ﴿فأعرض عنهم﴾ گرنگیان پێ مەدە، لەبەرامبەر ئەم هەڵویستەو هەڵس و کەوتەیان دا بە ئارام و خۆڕاگر و لەسەر خۆ بە، سزایان مەدە، گرنگی بە پیلانەکانیان مەدە، ئەم حەقیقەتەیان بۆ خەڵکی ئاشکرا مەکەو هیچ لێیان مەترسێ، ﴿وتوکل علی الله وکفی بالله وکیلا﴾پشت بە خودا ببەستە، ئیشی خۆت بەئەو بسپێرە، لەهەموو کاروبارێک دا ثیقەت بەئەو بێ، خودات بەسەو پێویستت بەکەسی تر نیە، ئەو لە سرو پیلانی ئەو دووڕووانە دەتپارێزێ، کەسێک پشت بە خودا ببەستێ خودای بەسە بۆ یارمەتیدان و بەهانا چوونی!!

ئەمجار پەروەردگار فەرمانیان پێ دەکا کە لە قورئان وورد ببنەوەو دەفەرموێ: ﴿أفلا یتدبرون القرآن﴾ ئەوە بۆ چی لە قورئان وورد نابنەوە؟ بۆ لەمانا بەرز و وشەرەوانەکانی تێ نافکرن؟؟ قورئان بەسیانە بۆ راست کردنەوەی بیرو بۆچوون و بەرنامەو پرۆگرامیان، پێیان رادەگەیەنێ کە قورئان نوسراوێکی بێ خەوشە، چەواشەیی و دژایەتی تێدا نیە، چونکە فەرمایشتی خوداوەندی داناو زانا و بالا دەستە، قورئان حەقەو لە حەقەوە نێردراوە، بۆیە پەروەردگار دەفەرموێ: ﴿أفلا یتدبرون القرآن أم علی قلوب أقفالها﴾ محمد/٢٤ چونکە کەسێک چاوی

کرابێتەوە و دەرگای دڵێ دانەخرابێ، قورئان کاری تێ دەکاو رەفتار و کردار و گوتاری رێک و پێک دەکا ﴿ولو كان من عند غير الله لوجدوا فيه اختلافا كثيرا﴾ئەگەر ئەم قورئانە دروست کراوو دەست کرد و دەست هەڵبەست بوایە، وەکوو دووڕوو و خوانەناسەکان وا دەڵێن، چەواشەیی و جوداوازییەکی زۆریان تێدا دەدۆزییەوە! دەی خۆ قورئان ئەو جوداوازی و دژایەتییەی تێدا نیە، کەوابوو کەلامی خودایە کەلامی یەکێکی تر نیە.

ئەگەر قورئان کەلامی خودا نەبوایە، دەبوو دیاردەی چەواشەیی و دژایەتی لەرێز بەندی وشەکانیدا، یان لە مەبەست و ماکانیان دا ببوایە.

لەرێز بەندی وشەکانی دا بەم جۆرە هەندێ ئایەت و سورەتی بگەنە ئەندازەی ئیعجاز و هەندێکی تریان نەگەنە ئەو پلەیە. لە ماناکانیشی دا بەم جۆرە هەندێ شوێنی مانای دروست و رەوان بن و هەندێ شوێنیش مانای ناڕێک و پێک بێ. بەڵام ئەگەر بە ئینصافەوە لە قورئان وورد ببینەوە دەبینین ئەم دیاردانەی تیادا نین! ئەوەتا قورئان هەرچەند پارچە پارچەو بەش بەش بۆ پێغەمبەر هاتووە، بەگوێرەی رووداو و پێویست، لە ماوەی بیست و سێ ساڵ دا نێردراوەتە خوارێ، کەچی ئەو پەڕی رێک و پێکی و وشەبەندی و رەوانی تێدایە، چونکە هەر ئایەتێک یان سورەتێک یان بەشێک کە دەهاتە خوارێ پێغەمبەر ﷺ دەیفەرموو: بیخەنە فلان شوێن، فلان ئایەت بخەنە شوێنی فلان سورەتەوە!

پێغەمبەریش بۆ خۆی قورئانی لەبەر بوو، شوێنی هەموو ئایەت و سورەتێکی دەزانی قەت چەواشەیی و تێکەڵاو بوون و سەرلێ شێوان بەسەر لەبەر بوونەکەی دا نەهاتووە، هیچ کاتێک وشەیەکی لێ تێک نەچووە و لەبیری نەچۆتەوە! قەت رستەیەکی لێ پاش و پێش نەبووە، وەک تۆمار لەناو دڵی دا دەقی بەستووە خودا دەربارەی ئەمە دەفەرموێ:﴿سنقرئك فلا تنسى﴾ الأعلى/٦ واتە: خۆمان قورئانت پێ لەبەر دەکەین و چۆنیەتیی خوێندنەکەیت فێر دەکەین ئیتر لەبەر ئەوە قەت لە یادت ناچێ.

مەبەست لە ﴿إختلافاً كثيراً﴾ جوداوازی شێوەی خوێندنەوەی خوێنەرانی قورئان نیە کە چەند قیرائەتێکی تێدایە! جوداوازی ئەندازەی کورت و درێژی ئایەت و سورەتەکان نیە، ئەمانە لایەنی ئیجابین بۆ پتەوی و توند و تۆڵی قورئان! بەڵکو مەبەست لە ﴿إختلافاً كثيراً﴾ دژایەتی و جوداوازێ لە ڕێژەی ڕەوانبێژی و داڕشتنی سەرئاسایی‌یە، جوداوازی و دژایەتی لە فیکرە و ماناکانی دا لە هەواڵ و نهێنی‌یەکانی کە ئاماژەی بۆ کردوین، لە دەستوور و یاسای ژیاندا کە چەسپاندونی! دەی تۆ لە سەرانسەری قورئان وورد ببەرەوە.. هیچ جۆرە دژایەتی‌یەکێ و جوداواز ییەکێ لەم بارەوەی تێدا نیە: کە ئەوە دەچەسپێنێ کە کەلامی خودایەو وشەیەکی بێ ماناو حیکمەتی تێدا نیە، کتێبێکی بێ خەوش و بێ وێنەو سەرئاسایە، لە ترۆپکی بەلاغەت و فەصاحەت دایە، بەرەوانبێژی و ڕەوانی و پاراوی خۆی، هەموو رۆشنبیر و ڕەوانبێژ و قسەزانانی عەرەب و ناعەرەبی سەرسام کردوە. ڕاستی‌یەکان وەکوو خۆیان دەخاتە روو، بەڕاستگۆیی ڕووداوەکانی مێژووی کۆنی زۆر کۆن دەگێڕێتەوە ڕۆژ دوای ڕۆژ ئەو ڕاستی‌یانەی ئەو ئاماژەیان بۆ دەکا زانست و تاقی کردنەوەو لێکۆڵینەوە، دەیانچەسپێنن و ڕاستیان ئاشکرا دەکەن.

باسی جیهانی ئێستاو مەبەستە نهێنی‌یەکانی ناو دەروون دەکا، بەشێوەیەکی وا بیسەر و خوێنەر سەرسام دەکا، زمانی ڕەخنە لاڵ دەکا. باسی بڕێ ڕووداوی داهاتووی کردووە ڕووداوەکان دەقاودەق واهاتوونەتە دی! بنەمای بیروباوەڕ و یاساو تەشریعی بەشێوەیەکی گشتی و تایبەتی لەخۆ گرتووە، باری رامیاری و جۆری هەڵس و کەوت کردنی گەل و هۆز و نەتەوەکان لەگەڵ یەکتریداو بەرژەوەندی ئادەمیزادی لەخۆ گرتووە، بەجۆرێکێ داینا‌ون و ئاڕاستەی کردوون تا ئێستا هیچ یاساو نیظامێکێ هیچ دەستوور و تەشریعێکێ نەیگەیشتۆتێ! تا زانست و زانیاری پێش بکەوێ، تا تیۆر و تاقی کردنەوەی زانستی سەر هەڵدەن و پەیدا ببن، ڕاستی و حەقانیەتی باشتر و زیاتر دەردەکەوێ، جیهانی غەیب و مەشهەدەکانی ڕۆژی قیامەتی بۆ ڕەنگێ کێشاوین هەر دەڵێی جیهانی ماددی و شتی بەبەرچاوەوەن، ئەوەندە سەرنج ڕاکێشە لە زەین داو نەخشە دەبەستێ و ئەوەندە کاریگەر و

واقیعی‌یە لە زەین دا ناسڕدرێتەوە وەکوو لــە شـوێنێکی تـردا لـە وەسـپ و سـەنای قورئان دا دەفەرموێ:

﴿الله نزل أحسن الحديث كتاباً متشابهاً مثاني تقشعرّ منه جلود الذين يخشون ربهم ثم تلين جلودهم وقلوبهم الى ذكر الله﴾ الزمر/٢٣.

بەڵام بەداخەوە لە کاتێکا کە موسوڵمانان ئەمە پرۆگـرام و بەرنامەیانـە، ئەمە تەشریع و دەستوور و یاسای ژیانیانە، کەچی ئەوە حاڵیانە کە دەبینـین، خـۆ موسوڵمانان تۆزێک گوڕ بدەنە خۆیان و راببن تۆزی دیلی و ژێر دەستەیی لە خۆیان بتەکێنن سەر لە نوێ پێشڕەوی جیهان وەردەگرنەوە، ئـەوەی کـە دوێنـێ رووی داوە دەشێ ئەمڕۆ و سبەینێ روو بداتەوە!!

ئەگەر موسوڵمانان وێژدانیان ببوایە ئاوا قورئانیـان پاشـگوێ نەدەخـست و یاساکانیان لە کـار نەدەخستن! ئەگـەر بـە ووردی لـە قورئـان وورد بوونایـەوە لـەو بەرنامە ژیانـەی کـە بـۆی نەخشـەکێش کـردون تـێ بگەیشـتنایە! ئـاوا توشـی ئـەم شکستی‌یە نەدەبوون، ئاوا پارچە پارچەو پەرتەوازە نەدەکران!!

بێگومان قورئان مەشخەڵی رێگای شارەزایی و هیدایەتــە، رۆشـنایی‌یە بـۆ گەل و نەتەوە، رێبازی راسـتی خوداوەنـدە، کلیلـی دەرگـای خۆشـبەختی و رێگـای دەستەبەر کردنی بەرژەوەندی ئـادەمیزادە، دروسـتکەری گـەل و بنیاتنـەری ژیـار و شارەستانییە! بۆیە پەروەردگار دەفەرموێ: **﴿إن هذا القرآن يهدي للتي هي أقــوم ويشر المؤمنين الذين يعملون الصالحات أن لهم أجرا كبيرا﴾** الإسراء/٩.

بڵاو کردنەوەی هەواڵی جم و جۆڵی سوپای ئیسلام بە بێ لێ وورد بوونەوە یاساغە

وَإِذَا جَآءَهُمۡ أَمۡرٞ مِّنَ ٱلۡأَمۡنِ أَوِ ٱلۡخَوۡفِ أَذَاعُواْ بِهِۦۖ وَلَوۡ رَدُّوهُ إِلَى ٱلرَّسُولِ وَإِلَىٰٓ أُوْلِي ٱلۡأَمۡرِ مِنۡهُمۡ لَعَلِمَهُ ٱلَّذِينَ يَسۡتَنۢبِطُونَهُۥ مِنۡهُمۡۗ وَلَوۡلَا فَضۡلُ ٱللَّهِ عَلَيۡكُمۡ وَرَحۡمَتُهُۥ لَٱتَّبَعۡتُمُ ٱلشَّيۡطَٰنَ إِلَّا قَلِيلٗا ﴿٨٣﴾

ئەمجار پەروەردگار سەرزەنشتی کۆمەڵێک دەکا لەوانەی بیروباوەڕی لاوازیان هەبوو، ئەزموون و خیبرەی تەواویان بەبارو زورووف نەبوو، دووربین و کار قاییم نەبوون هەر کە هەواڵێکیان دەربارەی سەربازان و لەشکری ئیسلام دەزانێ خێرا بڵاویان دەکردەوە، هیچ لە هەواڵەکان ورد نەدەبوونەوە، ئاکام ڕەنگدانەوەی هەواڵەکە لەسەر موسوڵمانان چی دەبێ و چۆن دەبێ، بەرچاو نەدەگرت. بەمەش زیانی گەورەیان بە دەوڵەتی ئیسلام دەگەیاند! بۆیە دەفەرموێ: ﴿وإذا جاءهم أمر من الأمن أو الخوف أذاعوا به﴾ کە هەواڵێکیان دەربارەی ئاساییش و شەڕ و ڕووداوەکان پێ دەگەیشت خێرا بڵاویان دەکردەوە! ئەمە سەرزەنشتی پەروەردگارە بۆ هەر کەسێک کە بەبێ چوونە بنج و بناوان، بەبێ لێکۆڵینەوەو تێ فکرین هەر هەواڵێک دەبیسێ خێرا بڵاوی دەکاتەوە! وا دەبێ هەواڵەکە ڕاست نابێ وا دەبێ ئەو هەواڵەی دەربارەی ئەمن و ئاساییش یان ترس و شەڕ لە سەرچاوەی ناڕاستەوە دەگاتە بڕێ نەفام و دووڕوو و موسوڵمانی هەرزەو بڕوا لاواز و بێ ئەزموون ئەوانیش خێرا بڵاوی دەکەنەوەو پڕوپاگەندەی بۆ دەکەن بەمەش زەرەرو زیان بە بەرژەوەندی موسوڵمانان و دەوڵەت و سوپای ئیسلام دەگەیەنن.

بۆیە پێویستە ڕاگەیاندنی هەواڵ لەم بارانەوە بگەڕێندرێتەوە بۆ سەرکردەی موسوڵمانان: کە پێغەمبەرە ﷺ یان بۆ لای فەرمانڕەوایان و پسپۆڕێ بانگەشەو دیعایەو پیاو ماقوڵ و کاربەدەستانی تایبەت بە بەرژەوەندی رامیاری ﴿ولو ردوه إلى الرسول وإلى أولي الأمر منهم لعلمه الذين يستنبطونه منهم﴾ ئەگەر ئەوانە هەواڵەکان وا بەسادەیی نەگرن و بیگێڕنەوە بۆ لای پێغەمبەر ﷺ و بۆ لای فەرمانڕەواو کاربەدەستانی تایبەت، ئەوە ئەوان دەیانتوانی هەواڵەکە بەڕاستی و بەگوێرەی پێویست بلاویکەنەوە، وای ئاڕاستە بکەن کە سوودی ئیسلامی تێدا بێ و زیان بە کاروباری دەوڵەتی ئیسلامی نەگەیەنێ، چونکە پێویستە هەواڵەکان کەو بێژنگ بکرێن و لێک هەڵهاوێردرێن، کورد گوتەنی (هەموو قسەیەک قسەی کردن نیە!!)

چونکە گێڕانەوەو بلاو کردنەوەی هەر هەواڵێک کە دەبیسرێ بەبێ لێکۆڵینەوەو وورد بوونەوە زیانێکی گەورە بە دەوڵەت دەگەیەنێ! بۆیە ئێستا دەوڵەتانی هاوچەرخ چاودێری جۆراوجۆر دەخەنە سەر هەواڵ و ڕۆژنامەو رادیۆ و تەلەفزیۆن، بۆ ئەوەی شتێک بلاو نەکرێتەوە زیان بەبەرژەوەندی گەل و نیشتمانەکەیان بگەیەنێ.

ئەمجار پەروەردگار منەت دەکا بەسەر خاوەن ئیمانی ڕاست و پتەودا کە لە هەڵخلیسکان پاراستونی دەفەرموێ: ﴿ولولا فضل الله عليكم ورحمته لاتبعتم الشيطان إلا قليلا﴾ ئەگەر بەهۆی فەضل و گەورەیی خودا نەبوایە کە بەزەیی پێتان دا هاتۆتەوەو شارەزای ڕێگای ڕاستی کردوون و تۆفیقی داون بۆ بەگوێ کردنی خوداو پێغەمبەر و ڕێنومایی کردون بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ سەرچاوەی زانستی ڕاست کە پێغەمبەری ئیسلام و عاقڵ مەند و زاناو دانای موسوڵمانن؛ ئەگینا لەوانە بوو شوێن وەسوەسەی شەیتان بکەون، یان هەر لەسەر بیروباوەڕی نەزانیو خوانەناسی بەردەوام بونایە.

ئایەتەکە بە ڕوونی جەخت لەسەر ئەوە دەکا پێویستە دەزگایەک هەبێ ئەرکی بلاو کردنەوەی هەواڵ لە ئەستۆ بگرێ، پێش بلاوکردنەوەی هەر هەواڵێک

لە سەرچاوەو چۆنیەتی بلاو کردنەوەکـە بکۆلدریتـەوە، لایـەنی ئیجـابی و سـەلبی هەلبسـەنگێندرێ، بۆ ئەوەی پڕوپاگـەندەی دوژمـن هـەلی بـۆ نەڕەخسـێ و دەسـتی خۆی بوەشـێنێ، هـەروەها بـۆ ئـەوەی هـەوالی گرنـگ و کاریگـەر دەسـت دوژمـن نەکەوێ و بیقۆزێتەوە و نهێنی حکومەتی ئیسلامی دەربکەوێ. پێویستە ئەو دەزگا ئیعلامی‌یـە ئینسـانی لێـهاتوو و زانـاو دانـا کـاری تێـدا بکـەن و نەدرێتـە دەسـت یەکێکی بودلەی هیچ لەبارا نەبوو!

هەلنانی موسولمانان بۆ جیهاد

فَقَـٰتِلْ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ لَا تُكَلَّفُ إِلَّا نَفْسَكَ ۚ وَحَرِّضِ ٱلْمُؤْمِنِينَ ۖ عَسَى ٱللَّهُ أَن يَكُفَّ بَأْسَ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ ۚ وَٱللَّهُ أَشَدُّ بَأْسًا وَأَشَدُّ تَنكِيلًا ﴿٨٤﴾

ئەی محمد! تۆ تەنیا پشت بە خودا ببەستە هێز و توانـای سـەرکەوتن لـەو داوا بکە ﴿فقاتل في سبيل الله﴾پەروەردگار فەرمان بە بـەندەو رەوانـە کـراوی خـۆی حەزرەتی محمد دەکا کە بە خـودی خـۆی شـەڕ بکـا، لەگـەل کـافران دا بجـەنگێ! دەفەرموێ ئەی محمد! لە پێناوی ئایینی خوادا شەڕ لەگەل خوانەناسان بکـە هـەتا تۆ ببی بەسەر مەشق و پێشەوا بۆ موسولمانان و ئەوانیش چاو لە تۆ بکەن و بلێن: ئەی پێغەمبەری خوا بەسەر و بەمال یارمەتیت دەدەین، ئێمـە لـە تـۆ زیـاتر نـین، بەلکو تۆ بمێنی باشترە هەتا ئێمە.

﴿لا تكلف إلا نفسك﴾ بزانن کارەکە زۆر گرنگە، ئەی موحەممەد! ئەوەی لەسەر تۆیە راگەیاندنە و بەس، تۆ بەس بەرپرسیاری لە خودی خۆت کـە ئـەم کـارە بەجێ بهێنی ئەگەر دنیا بوو کەس هاوبەشی نـەکردی، بەتـەنیا خـۆت مایتـەوە تـۆ بەتەنیا خۆت خەباتی خۆت بگێـڕە و شـەڕ لەگـەل دوژمنـانی خـودادا بکـە، بـەلام بەزۆرە ملێ کەس مەبە بۆ شـەڕ، خـودا یارمەتیدەرتـە، نـەک جـەنگاوەران؛ ئەگـەر

خودا مەیلی لێ بێت بەتەنیاش بیت یارمەتیت دەدا، وەکوو چۆن تۆ لەسەرتاوە بەتەنیا خۆت بوویت!

بەڵێ وەکوو چۆن ئەگەر بەهەزارانت لەگەڵ دابێ، خودا مەیلی لێ بێ سەرکەوتن بەدەست دینی، ئەگەر بەتەنیاش بیت خودا مەیلی لێ بێ سەردەکەوێ!! جا ئەوانەش کە سکالایانە لەشەڕ و دەڵێن: بۆچی شەڕ کردنمان لەسەر فەرز کراوە؟ بەڕواڵەت و سەرزارەکی پابەندی فەرمانەکانتن و بەنهێنی هەڵوێستی تر وەردەگرن، ئەوە لێیان گەڕێ ئێمە لە ڕێزەیان دێین و سزای ئەو هەڵوێست و کردەوانەیان دەدەینەوە.

﴿وحرض المؤمنين﴾ موسوڵمانان هەڵبنێ بۆ شەڕ کردن تۆ هەر هەڵنان و تەشجیع کردنت لەسەرە، زۆرەملێ و زەختیان لێ مەکە ﴿عسى الله أن يكف بأس الذين كفروا﴾ ئومێدە کە خودا شەڕو خراپەی کافرەکانی قوڕەیشت لێ دوور بخاتەوە، ﴿والله أشد بأسا وأشد تنكيلا﴾خودا لە قوڕەیش و لە هەموو دوژمنێکی ئیسلام بەهێز ترە، سزاو عیقابی بەئێش ترە، بالا دەستە بەسەریان داو لە دونیاو قیامەت دا، دەتوانێ سزایان داو تۆڵەیان لێ بستێنێ، چونکە کافر و سەرکەشن.. چاو نەترسی بۆ جەنگاوەر ڕەوشتێکی چاکە، ئاوا بەڕاشکاوی بێ شەرمانە دژی ئایینی حەق دەوەستن!! بێگومان ئەم بەڵێنە خودایی‌یە هاتە دی و پەروەردگار پێغەمبەر و موسوڵمانانی لەشەڕی قوڕەیش پاراست، ئەوەبوو: ئەبوسوفیان دوای ڕووداوی ئوحود داوای ئامادە بوون بۆ شەڕی کرد، وتی: ساڵی داهاتوو لە بەدردا ئامادە بن بۆ شەڕ لەگەڵمان، پێغەمبەر ﷺ فەرمووی باشە، کاتێک وادەی بەدری بچووک هات، پێغەمبەر ﷺ سوور بوو لەسەر دەرچوون بۆ شەڕ فەرمووی ((والذي نفسي بيده لاخرجن ولو وحدي)) سوێندم بەو کەسەی گیانی منی بەدەستە ئەگەر هەر خۆم بەتەنیا چووم دەچم، جا پێغەمبەر ﷺ دەرچوو حەفتا کەسیشی لەگەڵ دابوو، سەرکەوتن بۆ موسوڵمانان بوو، چونکە ئەبو سوفیان وای بە باش زانی

نەچێتە بەدر، پێی وابوو: ساڵەکە بۆ ئەوان نەهاتە، خواردەمەنی پێویستیشیان پێ نەبوو، لەڕێگادا گەڕایەوە!

ئایەتەکە ئەوپەڕی هەڵنانی تێدایە بۆ جیهاد و شەڕ کردن لەگەڵ کافران دا، تەنانەت ئەوە دەگەیەنێ ئەگەر پێغەمبەر بە تەنیا مایەوەو کەسی لەگەڵ نەچوو بۆ شەڕ، پێویستە پێغەمبەر بە تەنیا دژی کافران بجەنگێ و واز لە جیهاد نەهێنێ! چونکە خودا بەڵێنی سەرکەوتنی پێ داوە؛! ئەوەشی تێدایە کە پێغەمبەر ﷺ لە هەموو کەس ئازاتر و نەبەرد تر و مەرد تر بووە، ئیمامی عەلی دەفەرموێ: کە شەڕ گەرم دەبوو و تین دەهات ئێمە خۆمان دەخستە پەنا پێغەمبەرەوە، کەس بە ئەندازەی ئەو لە دوژمن نزیک نەدەبووەوە و لە جەنگا نەبەرد و بە هەڵمەت و دلێر بوو!!

باسی شەفاعەت کردن و وەڵام دانەوەی سڵاو و سەلماندنی زیندووبوونەوەو تاک و تەنیایی خودا

مَّن يَشْفَعْ شَفَٰعَةً حَسَنَةً يَكُن لَّهُۥ نَصِيبٌ مِّنْهَا ۖ وَمَن يَشْفَعْ شَفَٰعَةً سَيِّئَةً يَكُن لَّهُۥ كِفْلٌ مِّنْهَا ۗ وَكَانَ ٱللَّهُ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ مُّقِيتًا ﴿٨٥﴾ وَإِذَا حُيِّيتُم بِتَحِيَّةٍ فَحَيُّوا۟ بِأَحْسَنَ مِنْهَآ أَوْ رُدُّوهَآ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ عَلَىٰ كُلِّ شَىْءٍ حَسِيبًا ﴿٨٦﴾ ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ۚ لَيَجْمَعَنَّكُمْ إِلَىٰ يَوْمِ ٱلْقِيَٰمَةِ لَا رَيْبَ فِيهِ ۗ وَمَنْ أَصْدَقُ مِنَ ٱللَّهِ حَدِيثًا ﴿٨٧﴾

ئەمجار دوای ئەوەی پەروەردگار فەرمانی بە پێغەمبەر کرد کە موسوڵمانان هەڵنێ بۆ شەڕ کردن لەگەڵ کافران دا، ئەوەی ئاشکرا کرد کە ئەوان لەسەر ئەو فەرمانبەرداری‌یەی تۆ خێروبێرێکی زۆریان تووش دەبێ، تۆش ئەی پێغەمبەر! لەو خێروبێرە بەشی خۆت هەیە، چونکە هەڵنەر و ڕێپیشان دەریان

بووی، دەفەرموێ: ﴿من يشفع شفاعة حسنة يكن له نصيب منها﴾ هەرکەسێک لە کارێکی باش دا کۆشش بکا و بەهۆی ئەوەوە خەڵک تووشی خێرو خۆشی ببن، حەق بەسەر بەتاڵ دا سەربکەوێ ئەوا ئەو رێ پێشان دەرە بەشێکی لەو خێروبێرە هەیە، لای خودا پلە و پایەی پێ بەرز دەبێتەوە، بەشی لەو رێز و پلەو پایە دونیایی‌یەدا هەیە کە ئەوان بەدەستی دێنن هاوبەشی دەستکەوت و غەنیمەتیانە، بەشی لە پاداش و دەستکەوتی قیامەتیش دا هەیە، هەروەها ﴿ومن يشفع شفاعة سيئة يكن له كفل منها﴾ کەسێک هەوڵ بدا لە کارێکی خراپ دا، خەڵکی بۆ بانگەشە بکاو هەڵیان نێ بۆ ئەو کارە، ئاکامی تاوانی کۆشش و هەڵدانەکەی لەسەریەتی و لە دونیاو لە قیامەت دا بەشی خۆی لە سزای پێویست وەردەگرێ! شەفاعەت کە خۆی بریتی‌یە لە هەوڵدان و یارمەتیدانی کەسێکی تر لە کارێک دا دوو جۆری هەیە، شەفاعەتی چاک و شەفاعەتی خراپ.

شەفاعەتی چاک بریتی‌یە لەو هەوڵ و تێکۆشانەی کە مرۆڤێکی موسوڵمان لە کاری مرۆڤێکی تری موسوڵمان دا دەیدا بەمەرجێ مافی ئەو موسوڵمانە لەبەر چاو بگرێ؛ واتە: شەڕ و خراپەی لێ دوور بخاتەوە یان خێر و خۆشی بۆ وەدەست بێنێ و مەبەستیشی رەزامەندی خودا بێ و بەرتیلی لەسەر وەرنەگرێ! وەکارەکەش کارێکی رەوا بێ، دەربارەی لابردنی حەددێکی شەرعی وانەبێ کە گەیشتبێتە لای قازی و مەودای شوبهەی تیادا نەبێ و مافی یەکێکی تر پێشێل نەکرێ[٣]!

برێ پێیان وایە؛ شەفاعەتی حەسەنە بریتی‌یە لە نزاو پاڕانەوە لای خودا بۆ برای موسوڵمانت، چونکە ئەمەش لە راستی دا شەفاعەتە پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: ((ومن دعا لأخيه المسلم بظهر الغيب، استجيب له وقال الملك: ولك مثل ذلك))[٤].

---

[٣] سەیری تاجولئوصول جـ/٣/ل٢٦٠-٢٦٢ فەرموودەی ژمارە/٥-٦ بکە.

[٤] موسلیم و ئەبو داود لە ئەبو دەرداوە گێڕاویانەتەوە بەڵام رستەکەی ((ومن دعا لأخيه المسلم بظهر الغيب قال الملك الموكل به: أمين ولك بمثله)).

واتە: کەسێک پاشملە دوعا بۆ برای موسوڵمانی خۆی بکا، نزاکەی گیرا دەبێ و فریشتەی تایبەت پێی دەڵێن: بۆ تۆش بە ئەندازەی ئەو پاداش هەیە.

شەفاعەتی خراپ و ناڕەوا ئەوەیە: کە پێچەوانەی شەفاعەتی چاک و حەسەنە بێ، بەداخەوە و ئەو ڕاستییەو پشت گرتنەی کە ئەمڕۆ باوە زۆربەی شەفاعەتی سەییئەیە، زۆربەی پێشێل کردنی مافی موسوڵمانانە، بەرتیل و بەرتیلکارییە، داگیر کردنی ماڵ و سامانی خەڵکی ترە، بەشێوەیەکی ناڕەواو روون و ئاشکرا!!

﴿وكان الله على كل شيء مقيتا﴾ پەروەردگار بەسەر هەموو شتێک دا ئاگادارە، یان بە تواناو بە دەسەڵاتە، یان لەسەر هەموو شتێک حیساب لەگەڵ خەڵک دەکا، واتە: پەروەردگار زاناو ئاگادارە بەسەر مەبەستی شەفاعەتکاران دا، هەریەکە بە گوێرەی مەبەستی خۆی پاداشیان دەداتەوە، تواناو دەسەڵاتی هەیە بۆ ئەوەی هەرکەسە بە ئەندازەی خۆی سزاو پاداشتی بداتەوە.

ئەمجار پەروەردگار ئادەمیزادان فێری سەلام و دابو نەریتەکانی چاک و چۆنی دەکا، سەلام کردن لە یەکتری وەکوو شەفاعەتی حەسەنە دەبێتە هۆی پتەو کردنی پەیوەندی کۆمەڵگاو نزیک خستنەوەی ئادەمیزادان لە یەکتری. بنەمای سەلام کردن بریتییە لە ئاواتەخوازی ژیان بەسەر بردن بە ساغ و سەلامەتی بۆ خەڵکی تر واپەسەندە بە ڕستەی (السلام عليكم...) دەستی پێ بکرێ. دەفەرموێ: ﴿وإذا حييتم بتحية فحيوا بأحسن منها﴾ئەگەر موسوڵمانێک سەلامی لێ کردن، ئێوەش وەڵامی سەلامەکەی بدەنەوە بە باشتر، یان کە هیچگە نەبێ بە ئەندازەی خۆی، زێدە وەڵام دانەوە باشترە، بە ئەندازەی سەلام کەر وەڵام دانەوە پێویست و فەرزە، ئەگەر یەکێک گوتی (السلام عليكم) سەلام لێکراو دەبێ بڵێ: (وعليكم السلام) یان (وعليكم السلام ورحمة الله) ئەگەر زیادی کرد و گوتی (وبركاته) ئەوە باشترە و بەهەموو وشەیەک دە چاکەی بۆ دەنووسرێ، واباشە بە ڕوویەکی خۆشەوە وەڵامەکەی بدەینەوە.

ئیبنو جەریر لە سەلمانی فارسی‌یەوە دەگێڕێتەوە دەڵێ: پیاوێک هاتە لای پێغەمبەر ﷺ وتی: (السلام علیك یا رسول الله) پێغەمبەر ﷺ فەرموی: (وعلیك السلام و رحمة الله) پیاوێکی تر هات وتی: (السلام علیك یا رسول الله ورحمة الله) پێغەمبەر پێی فەرموو: (وعلیك السلام ورحمة الله وبركاته) پیاوێکی تر هات وتی: (السلام علیك یا رسول الله ورحمة الله وبركاته) پێغەمبەر ﷺ فەرموی (وعلیك) پیاوەکە وتی: قوربان فلان و فلان هاتن و سەلامیان لێ کردی وەلامی سەلامەکەت بۆ ئەوان لە هیمن زیاتر بوو! پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: تۆ کە سەلامەکەت کرد زیدەت بۆ نەهێشتینەوە تا بۆت زیاد بکەین خودا دەفەرموێ: **﴿وإذا حییتم بتحیة فحیوا بأحسن منها أوردوها﴾** ئێمەش بە ئەندازەی خۆی وەلاممان دایتەوە.

﴿إن الله كان على كل شيء حسیبا﴾ دڵنیا بن خودا لەسەر هەموو شتێک سلام کردن و شتی تر- حیسابتان لەگەڵ دەکا: ئەمە جەخت کردن و پێ لەسەر داگرتنی پێویستی وەڵام دانەوەی سەلامە، ئەبو داود لە ئەبوهورەیرە دەگێڕێتەوە دەڵێ: پێغەمبەر فەرموی: **((والذي نفسي بیده لا تدخلوا الجنة حتى تؤمنوا ولا تؤمنوا حتى تحابوا أفلا أدلكم على أمر إذا فعلتموه تحاببتم: أفشوا السلام))**[٥].

ئەمجار پەروەردگار ئەوە روون دەکاتەوە: کە ئادەمیزادان پاداشیان دەدرێتەوە لەسەر رۆژباشی و چاکوچۆنی و تێکۆشان و جیهاد و کاری تری چاکەو شەفاعەت کردن و فەرموی: **﴿الله لا إله إلا هو لیجمعنكم إلى یوم القیامة﴾**.

پەروەردگار تەنیا خۆی خودایە، جگە لە زاتی پاکی هیچ خودای تر نین، گەڕانەوەی هەموو ئادامیزاد بۆ لای خودای تاک و تەنیایە، زیندوو بوونەوەو سزاو پاداش وەرگرتنەوە لە قیامەت دا شتێکی چەسپاوو حاشا هەڵنەگرە، پەروەردگار لە رۆژی قیامەت دا ئادەمیزادان زیندوو دەکاتەوە، بۆ حیساب و تۆڵە ستاندنەوەو

---

[٥] ریاض الصالحین (وەرگێڕدراو بۆ کوردی) ب٢/٧٠٤.

پاداش وەرگرتنەوە ﴿لا ريب فيه﴾ هاتنی رۆژی قیامەت شكٔ و گومانی تێدا نیە و راستی‌یەكی حاشا هەڵنەگرە. ﴿ومن أصدق من الله حديثا﴾ كێ بە ئەندازەی خـودا وادەو بەڵێن و قسەی راستە؟ واتە: كەس بە ئـەندازەی پـەروەردگار هـەواڵی راسـت نین، وادەو بەڵێن و هەڕەشەی كەس وەكوو هی خودا نایەنە جـێ! هیـچ خـودا نـین جگە لە زاتی پاكی، پەروەردگار هـەر خۆیـەتی و بـەس! زانسـت و زانیـاری بەسـەر هەموو بوونەوەردا هەیە، رابووردوو و داهاتووی ئاگا لێیەو هیچـی لـێ هـون نـابێ وەكوو لە شوێنێكی تردا دەفەرمووێ: **﴿لا يضل ربي ولا ينسى﴾** طه/٥٢.

ئـەمجار دەگەڕێتـەوە بـۆ سـەر روونكردنـەوەی هەڵوێســت و چـاو و ڕاوی دووڕووەكان و رۆڵی ریسوا ئامێزیـان، سەرزەنشتی موسـوڵمانان دەكـا لـەوەدا كـە بوونە دووبەش و دەربارەی موونافیقەكان دووڕایان هەیە، لەگەڵ ئـەوەدا كوفرەكـەیان ئاشـكراو نمایانـە، موسـوڵمانان بـە یـەكڕایی بـە كافریـان دانـانێن!! دەفـــەرمویێ: پێویستە بەبێ سێ و دوو بـە كافریـان بزانـن و شـەڕیان لەگـەڵ بكـەن؛ ئایەتـەكانی پێشوو ژمارە ٦٠-٦٣و ٧٢-٧٣ ئەو ئایەتانەی كە لەمـــەودوا دێـن وەكـوو ئایـەتی ١٤٢-١٤٣ هــەموویان دەربــارەی هەڵوێســت و هـــەڵس وكـــەوتی مونـــافیق و مونافیقەكانن، هەڕەشەو تووڕە بوونی یەزدانن لێیان!

رەوشتی دووڕووەکان و چاووڕاویان، چۆنیەتی مامەڵە لەگەڵ کردنیان

﴿فَمَا لَكُمْ فِي الْمُنَافِقِينَ فِئَتَيْنِ وَاللَّهُ أَرْكَسَهُم بِمَا كَسَبُوا ۚ أَتُرِيدُونَ
أَن تَهْدُوا مَنْ أَضَلَّ اللَّهُ ۖ وَمَن يُضْلِلِ اللَّهُ فَلَن تَجِدَ لَهُ سَبِيلًا (٨٨) وَدُّوا
لَوْ تَكْفُرُونَ كَمَا كَفَرُوا فَتَكُونُونَ سَوَاءً ۖ فَلَا تَتَّخِذُوا مِنْهُمْ أَوْلِيَاءَ
حَتَّىٰ يُهَاجِرُوا فِي سَبِيلِ اللَّهِ ۚ فَإِن تَوَلَّوْا فَخُذُوهُمْ وَاقْتُلُوهُمْ
حَيْثُ وَجَدتُّمُوهُمْ ۖ وَلَا تَتَّخِذُوا مِنْهُمْ وَلِيًّا وَلَا نَصِيرًا (٨٩)
إِلَّا الَّذِينَ يَصِلُونَ إِلَىٰ قَوْمٍ بَيْنَكُمْ وَبَيْنَهُم مِّيثَاقٌ أَوْ جَاءُوكُمْ حَصِرَتْ
صُدُورُهُمْ أَن يُقَاتِلُوكُمْ أَوْ يُقَاتِلُوا قَوْمَهُمْ ۚ وَلَوْ شَاءَ اللَّهُ لَسَلَّطَهُمْ
عَلَيْكُمْ فَلَقَاتَلُوكُمْ ۚ فَإِنِ اعْتَزَلُوكُمْ فَلَمْ يُقَاتِلُوكُمْ وَأَلْقَوْا إِلَيْكُمُ السَّلَمَ
فَمَا جَعَلَ اللَّهُ لَكُمْ عَلَيْهِمْ سَبِيلًا (٩٠) سَتَجِدُونَ آخَرِينَ يُرِيدُونَ
أَن يَأْمَنُوكُمْ وَيَأْمَنُوا قَوْمَهُمْ كُلَّ مَا رُدُّوا إِلَى الْفِتْنَةِ أُرْكِسُوا فِيهَا ۚ
فَإِن لَّمْ يَعْتَزِلُوكُمْ وَيُلْقُوا إِلَيْكُمُ السَّلَمَ وَيَكُفُّوا أَيْدِيَهُمْ فَخُذُوهُمْ
وَاقْتُلُوهُمْ حَيْثُ ثَقِفْتُمُوهُمْ ۚ وَأُولَٰئِكُمْ جَعَلْنَا لَكُمْ عَلَيْهِمْ سُلْطَانًا مُّبِينًا
(٩١)

جاوەکوو موسلیم و بوخاری لە زەیدی کوڕی ثابیتەوە دەگێڕنەوە دەڵێ: کە پێغەمبەر ﷺ لەگەڵ هاوەڵانیا بەرێ کەوت بۆ ئوحود کۆمەڵێک لە دووڕووەکان لە نیوەی رێ گەڕانەوە، هاوەڵانی پێغەمبەر ﷺ دەربارەیان دوو جۆر هەڵویستیان هەبوو کۆمەڵێکیان وتیان: شەڕیان لەگەڵ دەکەین و دەیانکوژین وەکوو کافر مامەڵەیان لەگەڵ دەکەین! بڕێکیشیان وتیان نەخێر وا ناکەین! ئیتر پەروەردگار ئایەتی ﴿فما لكم في المنافقين فئتين...﴾ نارده خوارێ.

ئیبنو جەریر لە ئیبنو عەبباسەوە دەگێڕێتەوە دەڵێ: چەند کەسێک لە مەککە بەڕواڵەت موسوڵمان بووبوون، کەچی زیارەتی کافرەکانیان دەکرد، لە دژی موسوڵمانەکان! موسوڵمانان دەربارەیان دوو ڕایان هەبوو؛ تێیان دا کەوتنە دەمە قاڵێ: ئەم ئایەتە هاتە خوارێ کە دەفەرموێ: ﴿فما لكم في المنافقين فئتين والله أركسهم﴾ ئەوە چییە بۆ ئێوە؟ ئەی موسوڵمانینە! چیتان لێ قەوماوە؟ دوو هەڵوێست و ڕاتان بەرامبەر بە کوفری دووڕووەکان هەیە، خۆ بەڵگەی کوفر و خودانەناسینیان روون و ئاشکرایە، ئەوە چیتانە دەربارەیان بوون بە دوو کۆمەڵ؛ کۆمەڵێکتان پاکانەیان بۆ دەکەن و شایەدی خێر و باشەیان بۆ دەدەن وە کۆمەڵێکیشتان تانەیان لێ دەدەن و شایەدی ئەوەیان لەسەر دەدەن کە کافرن! ئەم دووبەرەکییە چییە کەوتۆتە نێوانتانەوە؟ خۆ ئەوانە بە ئاشکرا کوفرەکەیان دیارە، خودا لە ڕێگای حەق لایداون و خستوونیە گومڕاییەوە ئەوانە بەهۆی یاخی بوون و سەرپێچی کردنی ئامۆژگاری پێغەمبەر و شوێن کەوتنیان بۆ ڕێبازی بەتاڵ و هیچ و پووچ و دژایەتی کردنیان بۆ موسوڵمانان و پیلان گێڕان لێیان و خۆپاشدان و کۆچ نەکردنیان بۆ مەدینە دەڵێی لەسەر روو بە کێشیان دەکەن و سەر شۆڕ و ڕیسواو بەد سرووشتن... وەکوو لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿**أفمن يمشي مكباً على وجهه أهدى أمن يمشي سويا على سراط مستقيم**﴾ الملك/٢٢ واتە: ئەوانە بەهۆی هەڵگەڕانەوەیان لە ڕیزی موسوڵمانان و پەیوەندی کر دنیان بە سوپای کوفرەوەو، فێڵ کردنیان لە پێغەمبەر ﷺ حوکمی کافریان بەسەردا دەدرێ و لە ڕیزی موسوڵمانان حیساب ناکرێن﴿أتريدون أن تهدوا من أضل الله؟﴾ ئایا دەتانەوێ

ئەوانە بگێڕنەوە بۆ سەرشەقامە ڕێگای ئیسلام؟ لە کاتێکا ئەوانە بە ئەنقەست و بەدەستی خۆیان خۆیان گومڕا کردووە،﴿ومن یضلل الله فلن تجد لە سبیلاً﴾ کەسێکێ خودا بەهۆی کردەوەو هەڵوێستی خۆی ڕێگای لێ هون بکاو گومڕا بووبێ، تازە نایەتەوە سەر ڕێبازی ئیسلام و ڕێگای هیدایەت نادۆزنەوەو کەسیشیان دەست ناکەوێ لەم گومڕاییەیە ڕزگاریان بکا، چونکە ڕێگای حەق ئاشکراو نمایانە، پابەند بوونە بە پرۆگرامی سرووشت و ڕێنومایی کردنی عەقڵی تەواو و کامڵ و بیر کردنەوەی زانستی و بێ لایەن و حەق خوازی، دەی کە ئەوان ئەو هۆیانە بەکار نەهێنن و پابەند نەبن پێیانەوە هەرگیز لە گومڕایی ڕزگاریان نابێ.

ئەمجار پەروەردگار هەڵوێستێکی تریان ڕوون دەکاتەوە ئەویش ئەوەیە

﴿ودوا لو تکفرون کما کفروا فتکونون سواء﴾ ئاواتە خوازی ئەوەن کە ئێوەش گومڕا ببن و سەرتان لێ بشێوێ و بچنە خانەی ئەوانەوە لە کوفرو بێدینی دا یەکسان ببن و ئایینی ئیسلام لەناو بچێ، ئەم ئاواتەشیان لەوەوەیە: کە زۆر رقیان لێتانە و دوژمنی بابەکوشتەتانن و بەتەواوەتیش لە گومڕایی و کوفردا ڕۆچوون! ئەوە هەر بەوە ڕازی نابن کە بۆخۆیان کافرن و گومڕان دەیانەوێ خەڵکی تریش وەکوو خۆیان ماڵ وێران بن! بۆیە پەروەردگار موسوڵمانانی وریا کردەوە و ترساندنی لە فێڵ و تەڵەکەی ئەوانە لە هەوڵ و تێکۆشانیان بۆ ئەو کارە ناپەسەندە.

﴿فلا تتخذوا منهم أولیاء حتی یهاجروا في سبیل الله﴾ کەوابێ تا لە بیروباوەڕیان دڵنیا نەبن دۆستایەتیان لەگەڵ دا مەگرن،، تا بەڵگەی بێ گومان و ساختان دەست نەکەوێ لەسەر موسوڵمانەتیان و کۆچ نەکەن بۆ مەدینەو بۆ خزمەتی ئیسلام لێ نەبڕێن، ئێوە پێیان باوەڕ مەکەن و هاوکارییان لەگەڵ دا مەکەن. ﴿فإن تولوا فخذوهم واقتلوهم حیث وجدتموهم﴾ ئەگەر بە ئاشکرا پشتیان لە ئایین هەڵکرد و لە پێناو ئایینی خودادا کۆچیان نەکرد بۆ مەدینەو لە شوێنی خۆیان مانەوە ئەوە بیانگرن و لێیان بدەن و بیانکوژن، لەهەر کات و

شوێنێکێ دەستتان گەیشتنێ کۆیان لێ مەکەن و دەستیان لێ مەپارێزن، لەحەرەم دا بن یان لە دەرەوەی حەرەم بن، هیچ کـارگێڕی و لێپرسراوەتییان مـەدەنێ و بەسـەر کاروباری دەوڵەت دا ئاگاداریان مەکەن ﴿ولا تتخذوا منهم وليـــا ولا نصـــيرا﴾ مەیانکەنە یارمەتدەری خۆتان بۆ لێدانی دوژمنی ترتـان؛ پشتیان پـێ مەبەسـتن و بڕوایان پێ مەکەن! ئەمجار پەروەردگار دووجۆر ئادەمیزادی لەوانە ئیستیثنا کردووە. فەرموی: ﴿إلا الذين يصلون إلى قوم بينكم وبينهم ميثاق﴾

یەکـەم ئەوانـەی پـەیوەندییان بـەگرۆ و تاقمێکـەوە هەیـە، کەلەگـەڵ موسوڵمانان دا هاوپەیمان و سوێند خۆرن! پـەنا دێننـە بـەر ئـەو کەسانەی لەگـەڵ ئێوەدا عەهدو پەیمانیان هەیـە، ئەوانـە حوکمیـان وەکـوو حوکمـی پـەیمان لەگـەڵ بەستووەکانتانن، ئەمەش وەکوو ئەو بەندانە وایە کـە لـە پـەیمان و رێـکـ کـەوتنی حودەیبییـە دا هـاتووە کـە دەڵـێ: (کەسـێکـ دەیـەوێ بچێتـە نـاو پـەیمانی قوڕەیشی‌یەکانەوە با بچێ، کەسێکیش دەیەوێ بچێتە نێو پەیمان و صولحی محمد و هاوەڵانییەوە با بچێ!).

ئەبو بەکری رازی دەڵێ: ئەگەر ئیمام پەیمانێکی لە نێوان خۆی و کافران دا بەست هەر کەسێکـ پەیوەندی بەوانەوە هەبێ بە خزمایەتی یـان بـە هاوپـەیمانی و سوێند خواردن و یارمـەتیدەر، ئـەو پەیمانـە دەیگرێتـەوە، بـەڵام ئەگـەر وا نـەبوو نایگرێتەوە، مەگەر لە کاتی پەیمان بەستنەکەدا بە مەرجی دابنێن! ئەوە بەگوێرەی مەرجی ناو پەیمانەکە دەیانگرێتەوە وەکوو چۆن هۆزی کەنانە چوونە ناو پـەیمانی قوڕەیشی‌یەکانەوە.

﴿أو جاءوكم حصرت صدورهم أن يقاتلوكم أو يقاتلوا قومهم﴾

دووەم: کەس و تاقم و گـرۆی بـێ لایـەن، ئەوانـەی پێیـان ناخۆشـە شـەڕتان لەگەڵ بکەن، بۆشیان ناکرێ یارمەتی ئێوە بـدەن و لەگـەڵتان دا شـەڕی دژی ئـەوان بکەن! واتە: بـەگوێرەی پـەیمان و بـەڵێن، شـەڕ لەگـەڵ موسـوڵمانان ناکـەن لەبـەر پەیوەندی خزمایەتی و رەگەزایەتیو هۆزایەتیش شەڕ لەگەڵ ئـەوان ناکـەن عوزریـان هەیە!!

ئەم دوو تاقمە بەپێی ئایەتی **﴿وقاتلوا في سبيل الله الذين يقاتلونكم ولا تعتدوا إن الله لا يحب المعتدين﴾** البقرة/١٩٠ رەفتار و مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێ، تا ئەوان شەڕ لەگەڵ موسوڵمانان نەکەن و دەست درێژی نەکەنە سەریان، ئەوان شەڕیان لەگەڵ ناکەن! ئەمەش رەحمەت و بەخششی خودایە، کە ئاشتی خستۆتە نێوانتانەوەو وای کردووە دڵی ئەوانی لەشەڕ کردن لەگەڵ ئێوە لاداوە **﴿ولو شاء الله لسلطهم عليكم فلقاتلوكم﴾** ئەگەر خودا بیویستایە بەسەر ئێوەدا زاڵی دەکردن و ئارەزووی شەڕ و شەڕخوازی دەخستە دڵیانەوەو ئەوانیش پاڵیان دەدایە پاڵ دوژمنەکانی ترتان و سەنگەریان لێ دەگرتن **﴿فإن اعتزلوكم فلم يقاتلوكم﴾** جا ئەگەر ئەوانەو هی تری واش گۆشەگیر بوون و شەڕیان لەگەڵ نەکردن **﴿وألقوا إليكم السلم﴾** دەستی ئاشتییان بۆ درێژ کردن و زبانیان پێ نەدەگەیاندن ئەوە **﴿فما جعل الله لكم عليهم سبيلا﴾** ئێوە بۆتان نیە کە شەڕیان لەگەڵ دا بکەن، خودا رێگەی ئەوەتان نادا کە بە ختو خۆڕایی دەست درێژی بکەنە سەریان، هەتا ئەوان لەسەر حاڵی خۆیان ئاوا بە گۆشەگیری بەردەوام بن و شەڕتان لەگەڵ نەکەن ئێوەش نابێ شەڕیان لەگەڵ دا بکەن! بۆنموونە کۆمەڵێک لە بەنو هاشم رۆژی جەنگی بەدر لەگەڵ کافرەکان دا هاتبوون و ئامادەی شەڕەکەش بوون بەڵام بە دڵیان نەبوو، لە ناخەوە هاوبەش کردنەکەیان لا ناخۆش بوو، وەکوو عەبباس (مامی پێغەمبەر) بۆیەکە دوایی عەبباس گیرا، پێغەمبەر ﷺ فەرمانی کرد کە نەیکوژن بەڵکو دیلی بکەن.

ئەمجار پەروەردگار حوکمی کۆمەڵێکی تری کافر دیاری دەکا، کە بەرواڵەت هەڵویستیان وەکوو کۆمەڵی پێشوو وایە، بەڵام لە راستی دا نییەت و مەبەستیان جیاوازە و دەفەرموێ: **﴿ستجدون آخرين يريدون أن يأمنوكم ويأمنوا قومهم﴾** تاقم و کۆڕ و کۆمەڵێکی تریش هەن مونافیق و دووڕوون، لای پێغەمبەر و هاوەڵانی بە رواڵەت لافی موسوڵمانیەتی لێ دەدەن، بۆ ئەوەی پارێزگاری لە گیان و ماڵ و منداڵی خۆیان بکەن، لەژێرەوە لەگەڵ کافرەکان دان و چییان پێ خۆش بێ

ئەوان ئەوە دەکەن، کافرەکان چ بپەرستن ئەوە دەپەرستن، لای موسوڵمانەکان خودا پەرستن وەکی تریش خوا نەناسن. ﴿کلما ردوا إلى الفتنة أركسوا فيها﴾ هەرکاتێ قەوم و هۆزەکانیان بانگیان بکەن بۆ شەڕ کردن لەگەڵ موسوڵمانان دا زوو ئامادەباشی پیشان دەدەن و پاڵ لە دوشمن دەدەن و دژی موسوڵمانان شەڕ دەکەن، لەهەموو دوژمنێک دوژمن ترن.

زومەخشەری لە تەفسیری کەشاف دا دەڵێ مەبەست بە (الفتنـــة) هاوەڵ پەیدا کردنە بۆ خودا. واتە: هەر کاتێک بانگ بکرێن بۆ شەریک پەیدا کردن بۆ خودا یەکسەر دەبنە موشریک و بە ئاشکرا دەچنە ڕیزی خودا نەناسانەوەو کوفر و بێدینی خۆیان دەخەنە روو! جا حوکمی ئەوانە ﴿فإن لم يعتزلوكم﴾ ئەگەر وازیان لە هەڵویستی دوژمنکاری و دژایەتی نەهێناو گۆشەگیر نەبوون ﴿ويلقــوا إليكــم السلم﴾ دەستی ئاشتیان بۆ درێژ نەکردن و، بە ملکەچی ئاشتییان نەخستە روو ﴿ويكفوا أيديهم﴾ دەستیان لەشەڕ کردن نەکێشایەوەو هەر سوور بوون لەسەر جەنگ کردن لەگەڵتان ئەوە ﴿فخذوهم واقتلوهم حيث ثقفتموهم﴾ بیانگرن، لێیان بدەن، بیانکوژن، لەهەر شوێنێک دەستتان کەوتن، دەستیان لێ مەپارێزن و کۆیان لێ مەکەنەوە ﴿وأولئكم﴾ ئەوانەی هەڵویستیان ئاوا دوژمنکاری و دووڕوویی و بێ وادەیی و بەڵێن شکێنی و دژایەتی کردنی ئیسلامە ﴿جعلنا لكم عليهم ســـــلطانا مبينا﴾ گێڕاومانە بۆ ئێوە بەسەریانەوە بەڵگەی بەهێز و ئاشکرا، بەهانەی رەواتان بەدەستەوەیە بۆ کوشتن و برین و گرتنیان.

مامۆستا سید قطب لێرەدا دەفەرموێ: (ئا بەم شێوەیە لاپەڕەیەک لە هەڵویستی نەگۆڕی ئیسلام دەبینین سوور بوونی لەسەر بەرەنگاری کردن و بەگژا چوونەوە، وێڕای لێبووردن و چاوپۆشی کردن دەستە ملان دەبێ! بەرەنگاری بوونەوە لە شوێنی خۆیداو، چاوپۆشی کردن لە کاتی خۆی دا! چۆنیەتی بارودۆخ و چۆنیەتی رەووداوەکان دەستنیشانی یەکێک لەم هەڵویستانە دەکا، رانواندنی ئەم دووجۆرە هەڵویستە بەو شێوەیە هاوکێشەیەک لە هەستی موسوڵمان دا دەخولقێنێ،

هەروەها هاوسەنگی و بەرامبەرییەکێ لە یاسای ئیسلام دا دەچەسپێنێ، میانە ڕەوی دروست دەکا، ڕێبازی ڕاست دەست نیشان دەکاو دەیەوێ ئادەمیزاد لەو شەقامە ڕێیە لانەدەن.

جا کاتێک کۆمەڵێک بێن زیادە ڕەوی بکەن و هەموو کارێکی ئیسلامی سەرڕەقانە ئەنجام بدەن، لە هەموو شتێک دا لە هەموو کات و شوێنێک دا توندڕەوو سەرڕەق و سەرکەش بن، ئەوە ڕەنگدانەوەی ئیسلام نیەو ئەوانە ناشێ بکرێن بە نموونەی ئیسلام! لە هەمان کات دا ئەگەر لەبەرامبەر ئەم جۆرە گرۆهانەدا کە توندڕەون تاقم و گرۆیەکی تر هەبن نەرم ڕەو بن بە پێچەوانە بیر بکەنەوە پێیان وابێ ئیسلام هەموو چاوپۆشی و لێبووردن و نەرم و نیانییە پاساو بۆ جیهاد لە ئیسلام دا بێننەوە بیانەوێ بەم هەڵوێستە نەرم و نیانەیان داکۆکی لە ئیسلام بکەن، وەکوو بڵێی ئیسلام خرابێتە قەفەزی تۆمەتەوەو ئەوانیش پارێزەرن و داکۆکی لێ دەکەن، ئەوانەی کەوا دەیانەوێ وای نیشان بدەن کە هەموو هەڵوێست و هەڵس و کەوتێکی ئیسلام و موسوڵمانان چاوپۆشی و لێبووردن و نەرم و نیانی و ئاشتی و ئاشتی خوازی بێ، تەنانەت گوایە کە ئیسلام جیهادی داناوە هەر بۆ ئەوەیە بەرگری لە نیشتیمانی موسوڵمانان بکاو بەس، ئەمانە بەهەڵە دا چوون؛ ئیسلام لە هەموو شتێک دا میانڕەو ومیانەکارە، نە ئەوەندە ووشکە بشکێ نە ئەوەندە تەڕە بگوشرێ، ئیسلام بەرنامەو بیروباوەڕە، داکۆکی لە ئازادیی بانگەوازی ئیسلامی دەکا، لە هەموو گۆشەیەکی سەر ڕووی زەوی بەبێ کۆسپ،لەمپەر= (حدود قیود و سدود). ئەمانەیش لە ئیسلام دا هەن، ئیسلام دەیەوێ ئەمن و ئاسایش بەرقەرار بێ لە هەموو کون و قوژبنێکی جیهان دا بۆ هەر کەسێک بیەوێ کە ئیسلام بکاتە بیروباوەڕ و پڕۆگرامی خۆی. ئەوانەی پێیان وایە کە ئیسلام بریتی نیە لە دابین کردنی ئازادی بۆ بیروباوەڕی ئیسلامی.هەوڵدان بۆ ڕامالین ولابردنی هەر ڕێگرێک ببێتە کۆسپ و تەگەرە لەبەردەم بڵاو بوونەوەی ئایینی خودادا، ئەوانەی، پێیان وایە کە ئیسلام هەر بریتییە لە کوشتن و بڕین و شەڕ و تالان و

داگیر کردن، ئەوانەی پێیان وایە: کە ئیسلام بریتی‌یە لە پەیوەندی نێوان خوداو بەندەو بەس! چ کاریکی بەسەر لایەنەکانی تری ژیانەوە نییە، ئەوانە هەردوو لایان بە باشی لە ئیسلام حالی نەبوون، لە مەنهەجی خودا نەگەیشتوون بە موسولمانی داناو زانا حسێب ناکرێن).

لەوەپێش باسی حوکمی شەڕکردن لەگەڵ دووڕووەکانی کرد، حوکمی ئەوانەشی روون کردەوە کە لەگەڵ موسولمانان دا پەیمان دەبەستن و کەچی پابەندی نابن و یارمەتی دوژمنی ئیسلام دەدەن؛ حوکمی هەر چوار تاقم و گرۆهەکانی روون کردەوە، باسی کەسانێکی کرد کە کوشتن و لەناو بردنیان رەوایە شەڕ کردن و جەنگان لە دژیان غەزایە! ئەمجار دیتە سەر باس کردنی کۆمەڵێک کە بە هیچ جۆرێ کوشتنیان دروست نیە، نەبەئەنقەست و نەبەهەڵە، جائەو گرۆهـ و تاقمە موسولمان بن یان پیماندارو بەڵێن پێدراو بن.

وَمَا كَانَ لِمُؤْمِنٍ أَن يَقْتُلَ مُؤْمِنًا إِلَّا خَطَـًٔا ۚ وَمَن قَتَلَ مُؤْمِنًا خَطَـًٔا فَتَحْرِيرُ
رَقَبَةٍ مُّؤْمِنَةٍ وَدِيَةٌ مُّسَلَّمَةٌ إِلَىٰٓ أَهْلِهِۦٓ إِلَّآ أَن يَصَّدَّقُوا۟ ۚ فَإِن كَانَ مِن قَوْمٍ عَدُوٍّ
لَّكُمْ وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مُّؤْمِنَةٍ ۖ وَإِن كَانَ مِن قَوْمٍۭ بَيْنَكُمْ وَبَيْنَهُم
مِّيثَـٰقٌ فَدِيَةٌ مُّسَلَّمَةٌ إِلَىٰٓ أَهْلِهِۦ وَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مُّؤْمِنَةٍ ۖ فَمَن لَّمْ يَجِدْ
فَصِيَامُ شَهْرَيْنِ مُتَتَابِعَيْنِ تَوْبَةً مِّنَ ٱللَّهِ ۗ وَكَانَ ٱللَّهُ عَلِيمًا حَكِيمًا ﴿٩٢﴾
وَمَن يَقْتُلْ مُؤْمِنًا مُّتَعَمِّدًا فَجَزَآؤُهُۥ جَهَنَّمُ خَـٰلِدًا فِيهَا وَغَضِبَ ٱللَّهُ عَلَيْهِ
وَلَعَنَهُۥ وَأَعَدَّ لَهُۥ عَذَابًا عَظِيمًا ﴿٩٣﴾

ئیبنو جەریر لە عیکریمەوە دەگێڕێتەوە دەڵێ: حاریثی کوڕی یەزید لە تایەفەی بەنو عامر لەگەڵ ئەبو جەهل، عەییاشی کوڕی ئەبو رەبیعەیان ئازار دەدا لەسەر ئەوەی موسوڵمان بووبوو! پاشان حاریث خودا دڵی نەرم کرد و کۆچی کرد بۆ مەدینە بۆ خزمەت پێغەمبەر و پەیوەندی کرد بە موسوڵمانانەوە لە ڕێگای چوون بۆ مەدینەدا لە شوێنێک کە پێی دەڵێن (الحرة) تووشی عەییاش بوو، عەییاش بەبێ سێ و دوو لێکردن بە شمشێر پەلاماری داو کوشتی، وای زانی هەر بە کافری ماوەتەوە: پاشان عەییاش هاتە خزمەت پێغەمبەر و ڕووداوەکەی بۆ گێڕایەوە.. ئیتر پەروەردگار ئەم ئایەتەی نارده خوارێ کە دەفەرموێ: **﴿وما كان لمؤمن أن يقتل مؤمنا إلا خطأ﴾** ڕەوا نیە و ناگونجێ بە هیچ جۆرێک ڕێگا نادرێ و نەدراوە کە موسوڵمان موسوڵمان بکوژێ! چونکە پەیوەندی موسوڵمان بە موسوڵمان

پەیوەندی برایەتی و روحی‌یە، پەیوەندی عەقیدەو هەڵویست و مەبەستە! کەوابێ زۆر ناسرووشتی‌یە، زۆر ئەگونجاو و ناڕەوایە، تاوانێکی گەورەو دەست درێژی‌یەکی بێ وێنەیە، کە موسولمان موسولمان بکوژێ! مەگەر بەهەڵە موسولمانێک موسولمانێکی لەدەست بکوژرێ، کوشتنی بە هەڵە ئەوەیە بکوژ ئەو کردەوەیەی کە سەردەکێشێ بۆ کوشتنەکە بە ئەنقەست نەیکاو مەبەستی نەبێ، یان مەبەستی بە کردەوەکە کوشتنی کوژراوەکە نەبێ یان مەبەستی بە کردەوەکە گیان لەدەست دانی ئادەمیزاد نەبێ ئەوە لەم حالەتەدا ئەگەر یەکێک یەکێکی لەدەست کوژرا بە بکوژی بە ئەنقەست دانانرێ، حوکمێکی تایبەتی هەیە لەوە بەولاوە باس دەکرێ: کوشتنی ئادەمیزاد تاوانێکی فرە گەورەیەو ماڵ وێرانکەری دونیاو قیامەتەو پاساو دانەوەی نیە، سزای بەئێشی دۆزەخی لەسەرە. خودا دەفەرموێ: **﴿ومن قتل نفسا بغير نفس أو فساد في الأرض فكأنما قتل الناس جميعا﴾** المائدة/٣٢.

بوخاری و موسلیم حەدیسێکیان لە ئیبنو مەسعوودەوە ریوایەت کردووە دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی: **((لايحل دم امرئ مسلم يشهد أن لا إله إلا الله، وأني رسول الله إلا بإحدى ثلاث: النفس بالنفس، والثيب الزاني، والتارك المفارق للجماعة))**، واتە: هەر موسولمانێ شایەتمان بهێنی و بڵێ: **أشهد أن لا إله إلا الله، وأشهد أن محمداً رسول الله**: بەدڵ باوەڕم هەیەو بە زمان دەڵێم و شایەتی دەدەم کە هەر خودا خودایەو بەس، خودای تر نیە، موحەممەدی کوڕی عەبدوللایش پێغەمبەری رەوانەکراوی خودایە، ئیتر خوێنی ئەو کەسە حەرامەو بەهیچ شێوەیێ خوێنی بەکەس رەوا نابێ، مەگەر لە یەکێ لەم کاتانەدا: بێوە پیاوی داوێن پیس بێ، یاخود بێوەژنی داوێن پیس بێ. یا کەسێ بە ناڕەوا کەسێ بکوژێ، یا لە ئایینی خۆی وەرگەڕابێ و لە کۆمەڵەی موسولمانان تەرابووبێ. شەیخان گێڕاویانەتەوە.

کەسێک یەکێ لەم سێ تاوانە یا زیاتر بکا، شیاوی لەناو بردنە، بەڵام جگە لە میری موسولمانان و جێگری ئەو کەسی تر بۆی نیە تاوانبار بکوژنەوە!

ئیبنو ماجە لە ئیبنو عومەرەوە دەگێڕێتەوە: دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ فەرموی: **((من اعان على قتل مسلم بشطر كلمة، جاء يوم القيامة مكتوب بين عينه آيس من رحمة الله))** واتە: هەر کەسێ کۆمەکی بکا لەسەر کوشتنی موسوڵمانێ بە ناڕەوا با بەنیو وشەیش بێ، ڕۆژی قیامەت کە دەچێ بۆ مەیدانی خودا بۆ پرسینەوە، لەناو چاوانی نووسراوە: ناهومێد لە ڕەحمەتی خودا. بەیهەقی لە بەڕای کوڕی عازیبەوە دەگێڕێتەوە دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ فەرموی: **((لزوال الدنيا أهون عند الله من قتل مؤمن))** تاج/٣ لا-٢٠٢ جا (ومن) ئەگەر موسوڵمانێک ئەو کارەساتەی لە دەست قەوما **﴿قتل مؤمنا خطأ﴾** موسوڵمانێکی بە هەڵە کوشت **﴿فتحرير رقبة مؤمنة ودية مسلمة إلى أهله﴾** ئەبێ کۆیلەیەک نێرینە بێ یان مێیینە- ئازاد بکاو خوێنیش بدا بە کەس و کاری کوژراو.

واتە: سزای کوشتنی بە هەڵە دووشتە: یەکەم دەبێ کۆیلەیەکی موسوڵمان ئازاد بکا. دووەم خوێن و بەهاش بدا بە کەس و کاری کوژراو!

هۆی سزای بکوژی بەهەڵە ئەوەیە هەرچەندە بە ئەنقەست کابرای نەکوشتووە بەڵام لە کەمتەرخەمی و تەقصیر خاڵی نیە! زێدەڕەوی لە کردەوەکەی دا هەیە، چونکە ئەگەر دوور بینی بکردایە و لە شتەکە بەپەلە نەبوایە ئەو هەڵەیەی نەدەکرد. کۆیلە ئازاد کردنەکە بۆ کەفارەت و قەرەبووی ئەو گوناهە گەورەیەیە کە لە دەستی قەوماوە بەشێکە لە تەوبەکەی لە لای خودا، پەیوەندی بە مافی خوێن ڕەسەکانەوە نیە! خوێنەکەش بۆ دڵ دانەوەی کەس و کاری کوژراوەکەو پڕکردنەوەی ئەو کەلێنەیە کە تێیان کەوتووە، ئەندازەکەشی وەکوو لە فەرمودەی پێغەمبەردا ﷺ هاتووە سەد ووشترە خوێنی ئافرەتیش نیوەی خوێنی پیاوە.

ئەگەر بکوژ خاوەنی ووشتر نەبوو، دەبێ هەزار دیناری زێڕ یان دە هەزار دیناری زیو بدا ئەمە لای ئەبو حەنیفە وایە بەڵام جەماوەری زانایانی شەرع دەفەرموون: دوازدە هەزار دیرهەمی زیوە. ئیمامی شافیعی دەفەرموێ لە هەموو

حالێكێ دا خوێنی پیاو سەد وشترە یان بەهای سەد وشترە، جا چەندی گرتەوە لە زێڕ و زیو دا دەبێ بیدا. چۆنیەتی وشترەكان و شێوەی تەسلیم كردن و رای شارەزایانی شەرع لەم بارەوە لە كتێبە شەرعیەكان دا روون كراوەتەوە بەپێویستم نەزانی ئەو رایانە راگوێزی ئێرە بكەم.

بەهیچ شێوەیەك بكوژ لە خوێن پێدانەكە عەفوو ناكرێ ﴿إلا أن یصدقوا﴾ مەگەر كەس و كاری كوژراو بكوژ عەفوو بكەن و گەردنی ئازاد بكەن، ئەو كاتە لەسەری لادەچێ چونكە ئەو خوێنە بۆیە پێویست كراوە بۆ دڵدانەوەی ئەوان و كەلێن پڕكردنەوەی كوژراو بۆ ئەوەی دوژمنایەتی نەكەوێتە نێوان كەس وكاری كوژراو و بكوژەوە، ئەگەر كەس و كاری كوژراو بۆ خۆیان عەفووی بكەن و وازی لێ بێنن دەسەلات و صەلاحییەتی خۆیانە! پەروەردگار ئەم لێبووردنەی ناو ناوە (تصدق) وخێر وچاكە بۆ شیرین كردنی ئەو كارە لای كەس و كاری كوژراو و هەڵنانیان بۆ لێبووردن!!

جا ﴿فإن كان من قوم عدو لكم وهو مؤمن﴾ ئەگەر ئەو كوژراوە لە خێڵ و هۆزێكی دوژمن بوو، كوژراوەكە بۆ خۆی موسوڵمان بوو، وەكوو حاریثی كوڕی یەزید كە لە هۆزی قورەیش بوو ئەوانیش دوژمنی پێغەمبەر و موسوڵمانان بوون، موسوڵمانەكان لە حاڵەتی حەرب دابوون لەگەڵیاندا، موسوڵمانەكانیش بەوەیان نەزانیبوو كە كوژراوەكەموسوڵمان بووە چونكە كۆچی نەكردبوو، كە كۆچی كرد لەرێگا عەییاش وایزانیبوو هەر لەسەر بیروباوەڕی بتپەرستییەو كوشتی؛ وەكوو لەوەپێش باس كرا. هەروەها هەر كەسێكێ لەولاتی كوفردا بێ و ئیمانی هەبێ و ئەوكاتەی كە موسوڵمانان دەیكوژن نەزانن كە موسوڵمان بووە ئەوە خوێنی نیەو هیچ نادرێ بە كەس و كاری كوژراو، بەلام ﴿فتحریر رقبة مؤمنة﴾ پێویستە بكوژ كۆیلەیەكی موسوڵمان ئازاد بكا بۆ كەفارەتی گوناهەكەی. بەلام ﴿وإن كان من قوم بینكم وبینهم میثاق﴾ ئەگەر كوژراوەكە لە خێڵ و هۆزێك بوو، لەنێوان ئێوەو ئەوان دا پەیمان و بەڵێن هەبوو كەس و كارەكەی ئەهلی زیممە بوون، یان ئاگر

پەرست و حەربی بوون بەڵام ئاگر بەست هەبوو لە نێوان ئەوان و موسوڵمانان دا ئەوە ﴿فدية مسلمة إلى أهله﴾ دەبێ خوێنی کوژراوەکە بدەن بە کەس و کاری، جا کوژراوەکە بۆ خۆی کافر بێ یان موسوڵمان بێ دەبێ بکوژ خۆی، یا خزمەکانی بەپێی جۆری کوشتنەکە خوێنی تەواو بدەن بە کەس و کاری کوژراوەکە، وێڕای ئەوەش ﴿وتحرير رقبة مؤمنة﴾ دەبێ بکوژ کۆیلەیەکی موسوڵمانیش ئازاد بکا... ئەمە رای ئەبو حەنیفەیە، بەڵگە لەسەر ئەمە زاهیری ئایەتەکەیە دەربارەی ئەوانەی کە پەیمان و بەڵێنیان لەگەڵ موسوڵمانان دا هەیە، هەروەها چونکە لە تۆڵەی کوشتنەوەدا یەکسانی دەخرێ لە نێوان موسوڵمان و ذیممیدا، کەوابێ لە خوێنیش دا بەیەک چاو سەیر دەکرێ.

ئیمامی مالیک دەفەرموێ: خوێنی کوژراوی پەیمان پێ دراو نیوەی خوێنی موسوڵمانە، جا کوژرانەکە بە ئەنقەست یان بەهەڵە بێ، بەڵگەشی ئەم حەدیثەیە کە ئەحمەد و تیرمذی ریوایەتیان کردووە، دەڵێن: پێغەمبەر ﷺ فەرمویەتی ((خوێنی کافر نیوەی خوێنی موسوڵمانە)).

هەروەها عەمری کوڕی شوعەیب لە باوکییەوە لە باپیریەوە دەگێڕێتەوە دەڵێ: خوێن لەسەردەمی پێغەمبەردا هەشت سەد دیناری زێڕ بوو، هەشت سەد هەزار دیرهەمی زیو بوو، خوێنی خاوەن نامەکان (أهل الكتــــاب) نیوەی خوێنی موسوڵمان بوو، دەڵێ: بەو شێوەیە بوو، تا عومەر ﷺ کرا بەجێنشین، ئیتر وتارێکی بۆ خەڵکەکە دا وتی: وشتر گران بووە، ئەمجار ئەندازەی خوێنی بە پارەی زیو کردە دوازدە هەزار دیرهەم، بە پارەی زێر کردی بە هەزار دینار، بەڕەشە وڵاغ کردی بە دووسەد گاو مانگا، بەمەڕ و بزن کردی بە دووسەد مەڕ و بزن،، لەسەر ئەوانەی بازرگانن و سەودا و مامەڵەیان بە کوتاڵ و جل و بەرگە، دوو سەد قات جلە، بەڵام خوێنی خاوەننامەکانی وەک خۆی هێشتەوە، خاوەنی سوننەکان (أصحاب السنن) لە پێغەمبەرەوە ﷺ فەرموودەیەکیان ریوایەت کردووە کە خوێنی پەیمان پێ دراو (معاهد) نیوەی خوێنی موسوڵمانە.

لە ئیمامی ئەحمەدەوە دەگێڕنەوە کە فەرمویەتی: خوێنی پەیمان پێ دراو وەکوو خوێنی موسوڵمان وایە، ئەگەر بە ئەنقەست کوژرا ئەگینا نیوەیە، شافیعی دەفەرموێ: خوێنی پەیمان پێ دراو سێیەکی خوێنی موسوڵمانە، کوژرانەکە بە هەڵە بێ یان بە ئەنقەست بێ، چونکە ئەمە کەمترین ئەندازەیە کە لەم مەسەلەیەدا گوترابێ! هەروەها چونکە عومەر خوێنی (معـــاهد)ی بە چوارده هەزار دیرهەم قەبڵاند، ئەوەش دەکاتە سێیەکی خوێنی موسوڵمانان.

خوێنی کوژراوەکە میراتگرەکانی وەری دەگرن، کە وەرگیرا وەکوو میرات مامەڵەی لەگەڵ دا دەکرێ، پێش هەموو شتێک ئەگەر کوژراو قەرزدار بوو قەرزەکانی لێ دەدرێتەوە، وەسیەتنامەکانی لێ جێ بەجێ دەکرێ، چی مایەوە بەسەر میراتگرەکانی دا دابەش دەکرێ!

دەگێڕنەوە دەڵێن: ئافرەتێک هاتە خزمەت ئیمامی عومەر داوای بەشی خۆی کرد لە خوێنی مێردەکەی، عومەر وتی وابزانم تۆ هیچت بەر ناکەوێ، خوێن بۆ ئەوانەیە کە خزمانی باوانن و خوێنی بۆ دەدەن واتە: ئەگەر ئەو پیاوێکی لەدەست دا بەهەڵە بکوژرایە کێ خوێندکەی بۆ دەداو بە (عاقلـــة) حسێب دەکرێ ئەوەش ئێستا خوێنەکەی وەردەگرێ!

ئیتر ئەوە بوو برێ لە هاوەڵان شایەتییان دا کە پێغەمبەرﷺ فەرمانی پێ کردوون کە ژن لە خوێنی مێردی بەشی بدرێ، ئەمجار عومەر بڕیاری دا کە بەشی بدرێ! ﴿فمن لم يجد فصيام شهرين متتابعين﴾ کەسێک کۆیلەی دەست نەکەوت بەم جۆرە کۆیلە هەر نەمابوو، کۆیلەیی بنەبڕ بوویوو وەکوو سەردەمی ئێستا کە سەردەمی مافی مرۆڤە و گوایە لە سەرانسەری جیهان دا کۆیلایەتی و بە کۆیلە کردن قەدەغەیە، یان دەسەڵات و دارایی نەبوو بەندە ئازاد بکا، ئەوا دەبێ دوو مانگ بەبێ ناوەند تێ خستن بەرۆژوو بێ ﴿توبة من الله﴾ پەروەردگار، ئەم یاسایەی بۆ داناون کردویەتی بە تۆبە لێ قبوڵ کردن بۆتان و رەحمەت و بەزەیی و پاککردنەوەی دڵ و دەروونتان لە ئاکام و ئەنجامی کەمتەرخەمی و گوێ پێ نەدان و کەم تێفکرینتان کە سەری کێشا بە وەدی هاتنی تاوانی ئادەمیزاد کوشتن

بەهەڵە ﴿وكان الله عليما﴾ پەروەردگار هەموو کات ئاگادارە بەسەر نیاز و هەست و خواستی دڵ و دەروون داو دەزانێ بەچی لە چڵکی تاوان پاك دەبێتەوە، دەزانێ کە بکوژی بەهەڵە دەستی ئەنقەستی لە تاوانەکەدا نیە، بۆیە، تۆڵەی کوشتنەوەی لەسەر دانەناوە ﴿حكيما﴾ داناو حەکیمە لە دانانی شەریعەت و یاسادا، بێگومان دیاری کردنی خوێن لە کوژراني بەهەڵەدا بۆ کەلێن پڕ کردنەوەی ئەوپەڕی حیکمەت و بەرژەوەندی تێدایە بۆ کەس و کاری کوژراو و بۆ بکوژیش.

﴿ومن يقتل مؤمنا متعمدا فجزاؤه جهنم خالدا فيها﴾کەسێك بە ئەنقەست موسوڵمانێك بکوژێ سزای تاوانی ئەو کوشتنەی ئاگری دۆزەخەو هەتا هەتایە، یان (ماوەیەکی دوور و درێژ) تێیدا دەمێنێتەوە، ﴿وغضب الله عليه ولعنه وأعد له عذابا عظيما﴾ خودا خەشم و غەزەبی لێیەتی و تۆڵەی ئەو تاوانە گەورەی لێ دەستێنێ و ریسوای دەکاو لە رەحمەت و بەزەیی خۆی دووری دەخاتەوە و نەفرینی لێ دەکاو سزای گەورەو بە ئێشی بۆ داناوە. ئایا تۆبەی بکوژی بە ئەنقەست وەردەگیرێ؟؟

ئیبنو عەبباس وکۆمەڵێ لە هاوەڵان و چینی دوا ئەوان (تابعين) پێیان وایە بکوژی بە ئەنقەست تۆبەی لێ وەرناگیرێ! بەڵگەیان چەند حەدیسێکە کە باس لە گەورەیی و بەسامی ئەم تاوانە دەکەن! وەکوو ئەو حەدیثانەی کە لە ئیبنو عومەر و بەرائی کوڕی عازیب گێڕدراونەتەوە، لەوەو پێش نووسیمانن!

تاوانی بکوژ لەم حاڵەدا جوداوازی هەیە لەگەڵ کەسێك تۆبە لە شیرك دەکا هاوکات لەگەڵ موشریکیەکەی دا ئادەمیزادیشی کوشتووە و زیناشی کردووە کەچی تۆبەی لێ وەردەگیرێ چونکە ئەو کاتە بڕوای بە شەریعەت و یاسایەك نەبووە کە ئەم شتانە حەرام بکا، جۆرە عوزر و بیانویەکی هەیە.. هەروەها ریگە نەگرتن لە تۆبەی هاوبەش پەیدا کەران هەڵنان و ریخۆش کردنی تێدایە بۆ موسوڵمان بوون. بەڵام موسوڵمانێك هەڵسێ بە ئەنقەست پیاوێك بکوژێ و بزانێ

کە ئادەمیزاد کوشتن حەرامە ولەگەڵ ئەوەشا ئەو تاوانە ئەنجام بدا، ئەوا هیچ عوزری نیەو تۆبەی لێ وەرناگیرێ!

زۆربەی زانایانی ئیسلام لەسەر ئەوەن کە بکوژی بە ئەنقەست تۆبەی لێ وەردەگیرێ، چونکە پەروەردگار دەفەرموێ: **﴿قل یاعبادي الذین أسرفوا علی أنفسهم لا تقنطوا من رحمة الله﴾** الزمر/٥٣ ئەمەش شتێکی گشتییەو هەموو تاوانێک دەگرێتەوە، کوفر، شیرک، گومان، دووڕوویی، کوشتن هەرکەسێ تۆبە بکا خودا ئەگەر بیەوێ- تۆبەی لێ وەردەگرێ تەنها یەک تاوانی لاداوەو فەرمویەتی **﴿إن الله لا یغفر أن یشرك به ویغفر ما دون ذلك لمن یشاء﴾** النساء/٤٨ ئایەتەکە ئەوە دەگەیەنێ کە جگە لە شیرک پەروەردگار ئەگەر بیەوێ لە هەموو گوناهێک خۆش دەبێ!

لە بوخاری و موسلیم دا سەرگوزشتەی کابرای بەنو ئیسرائیلی هەیە کە سەد کەسی کوشتبوو دوای پرسیاری لە زانایەکی ئایینی کردبوو، ئاخۆ ڕێگای تۆبەی هەیە یان نا؟ زاناکە پێی گوتبوو هیچ شتێک ڕێگەی تۆبەی لێ ناگرێ، ئەمجار پێی گوتبوو بچۆ بۆ فلان شار لەوێ خواپەرستی بکە، ئەویش بەرەو ئەوێ کەوتبووە ڕێ، لەرێگا مردبوو فریشتەی ڕەحمەت دەیخەنە ئامێزی خۆیانەوە! واتە دوای ئەوەی بە ئەنقەست سەد کەسی کوشتبوو کە تۆبەی کرد خودا تۆبەی لێ قبوڵ کرد، دەی کە ئەمە بۆ کابرایەکی بەنو ئیسرائیل بێ، بۆ ئوممەتی پێغەمبەری ئاخر زەمان زیاتر جێگای ئومێدە، چونکە ئایینی ئیسلام ئایینی ئاسانکاری و میانڕەوی و چاوپۆشی و لێبووردنە. هەروەها چونکە تاوانی کوفر زۆر ستەمترە لە تاوانی کوشتن، دەی کە تۆبە لە کوفر وەربگیرێ دەبێ لە کوشتن باشتر وەربگیرێ! زیاد لەوەش ئایەتی قورئان بە ئاشکرا ئەوە دەگەیەنێ کە تۆبەی بکوژ وەردەگیرێ وە دەفەرموێ: **﴿والذین لا یدعون مع الله إلها آخر ولا یقتلون النفس التي حرم الله إلا بالحق ولا یزنون، ومن یفعل ذلك یلق أثاماً یضاعف له العذاب یوم القیامة، ویخلد فیه مهاناً إلا من تاب وآمن وعمل عملاً صالحاً﴾** الفرقان/٦٨-٧٠

بۆ وەلامی ئایەتی ﴿ومن يقتل مؤمنا متعمدا﴾ ئەبو هورەیرەو کۆمەڵێک لە زانایانی سەلەف دەفەرموون: مەبەست لەم ئایەتە سزای ڕەوای بکوژ ئەمەیە کەلەم ئایەتە دەست نیشان کراوە، بەڵام مەرج نییە و فەرز نییە کە جێ بەجێ بکرێ، وادەبێ بکوژ تەوبە دەکا کاری چاکە دەکا، خودا بەهۆی ئەوەوە کاری بۆ ئاسان دەکا، دەنا ئەم سزا دیاریکراوەی بەسەردا دەچەسپێ.

زۆربەی زانایان دەفەرمون: کاتێک بکوژ لە دۆزەخ دا هەتا هەتایە دەمێنێتەوە کەهیچ کردەوەیەکی باشی نەبێ ڕزگاری بکا! کەوابێ بکوژ هەتا هەتایە لە دۆزەخ ناهێڵدرێتەوە بەڵکو مەبەست بە﴿خالداً فيها﴾ ماوەیەکی دوور و درێژە، فەرمودەی پێغەمبەریش بە تەواتور گەیشتوون کە فەرمویەتی: ((يخرج من النار من كان في قلبه أدنى مثقال ذرة من إيمان)) عیکریمە و ئینو جورەیج دەڵێن: حوکمی ئایەتەکە بۆ بکوژێکە کوشتنی موسوڵمانی لا ڕەوا بێ. تەنانەت وشەی (متعمداً) یان بە (مستحلاً) ڕاڤە کردووە (مستحلاً) واتە: کوشتنی بەناهەق بەڕوا بزانێ.

ئیمامی ڕازی دەفەرموێ: ئەم ئایەتە لە دوو شوێن دا تەرخان (تخصيص) کراوە، واتە: حوکمە گشتییەکەی تایبەت کراوە: یەکەمیان: بکوژ بە ئەنقەست بکوژرێتەوە لە تۆڵەی کوژراوی خۆی دا، ئەمە گەر چی کوشتنی بە ئەنقەستە بەڵام دەست درێژی تیا نییە، بکوژ بەهەق کوژراوە نەک بە ناهەق. دووەم: کەسێ کەسێ بەناهەق بکوژێ، بەڵام دوایی تەوبەی لێ بکا. دەی کاتێ بەم دوو شێوەیە مانای گشتی ئایەتەکە تخصيص رووی تێ کرد، هەڵ دەگرێ بە چەندین شێوەی تریش ئایەتەکە تەرخان و (تخصيص) بکرێ، وەک کاتێ لێبووردنی خوێن ڕەسەکان، کەواتە: مەرج نییە هەموو کاتێ بکوژ هەتا هەتایە لە دۆزەخ دا بمێنێتەوە، ئەمەش فەرموودەی خودای گەورەیە کە دەفەرموێ: **﴿ويغفر ما دون ذلك لمن يشاء﴾** النساء/٤٨

سوور بوون لەسەر ئاشتی و پابەند بوون بە حوکمەکانی خودا

يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ إِذَا ضَرَبۡتُمۡ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ فَتَبَيَّنُواْ وَلَا تَقُولُواْ لِمَنۡ أَلۡقَىٰٓ إِلَيۡكُمُ ٱلسَّلَٰمَ لَسۡتَ مُؤۡمِنٗا تَبۡتَغُونَ عَرَضَ ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا فَعِندَ ٱللَّهِ مَغَانِمُ كَثِيرَةٞۚ كَذَٰلِكَ كُنتُم مِّن قَبۡلُ فَمَنَّ ٱللَّهُ عَلَيۡكُمۡ فَتَبَيَّنُوٓاْۚ إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ بِمَا تَعۡمَلُونَ خَبِيرٗا ﴿٩٤﴾

ئەمجار بۆ پاریزگار کردنی گیانی ئادەمیزادان و بۆ پالفتە کردنی دڵ و دەروونی جەنگاوەرانی موسوڵمان پەروەردگار فەرمان دەکا بە موسوڵمانان کە هەر کاتێ چوونە دەرەوە بۆ غەزا کردن لەسەرەتاوەو بەبێ تێفکرین و وورد بوونەوە کەس نەکوژن هەرکەسێ بە زوبان شایەت و ئیمانی هێنا دەبێ خوێن و ماڵی پاریزراو بێ،، فەرموی: ﴿يا أيها الذين آمنوا إذا ضربتم في سبيل الله فتبينوا﴾ ریوایەت و سەرگوزشتەی زۆر دەربارەی هاتنە خوارەوەی ئەم ئایەتە هاتوون پوختەکەیان ئەوەیە: کە مەفرەزەیەک کۆمەڵێک لە جەنگاوەرانی ئیسلام تووشی پیاوێک دەبن مەڕ و ماڵاتی پێ دەبێ و خزم و کەس و کاری ئەو ناوچەیە چۆڵ دەکەن کابرا پێییان دەڵێ: (السلام عليكم) واتە: ئەوە پیشان دەدا کە موسوڵمانە، بەڵام هەندێ لە جەنگاوەرەکان پێیان وابوو: ئەم وشەیە بە فێڵ دەڵێ بۆ هەڵخەڵەتاندنیان و بۆ ئەوەیەتی خۆی رزگار بکات، یەکیان پەلاماری دەداو دەیکوژێ مەڕ و ماڵەتەکەشی دەکەنە تاڵانی، کەهاتنەوە ئەمەیان بۆ پێغەمبەر گێڕایەوە ئەم ئایەتە هاتە خوارێ ﴿يا أيها الذين آمنوا﴾ ئەی ئەو کەسانەی ئیمانتان هێناوەو موسوڵمان بوون ﴿إذا ضربتم في سبيل الله﴾ ئەگەر رۆیشتن بۆ جەنگ لەگەڵ دوژمنان لەو دەڤەر و هەرێمانەی تێی دەچن، کەسانێکتان بینی لێیان کەوتنە گومانەوە ئاخۆ موسوڵمانە

یان نا؟ ئاشتی خوازە یان شەڕخوازە؟ ﴿فتبينـــوا﴾ لێکۆڵینـەوەی تێدا بکـەن، هـەوڵ بدەن بزانن چیەو چی نیە، کێیەو چ کەسە، موسوڵمانە یان کافرە؟ ﴿ولا تقولـــوا لمن ألقي إليكم السلام لست مؤمنا﴾ بەو کەسە مەڵێن کـە خۆی تەسلیمی ئێـوە کرد و سەلامی خوای لێ کردن و ئەوەی دەرخست کە موسوڵمانە پێی مەڵێن: تـۆ موسوڵمان نی و بە فێڵ خۆت بە موسوڵمان نیشان دەدەی! ئەوە کـاری ئێـوە نیـە، ئێوە لەسەرتانە کار بە ظاهیری حاڵیـان بکـەن نـەک بیانوویـان پـێ بگـرن بـەوەش ﴿تبتغون عرض الحياة الدنيـا﴾ بتانـەوێ مـاڵ و سـامانی دونیاتـان دەسـت کـەوێ! تالآنی بگرن ﴿فعند الله مغانم كثيرة﴾ لای خـودا رزق و رۆزیـی زۆروزەبـەندە هەیـە، نیعمەت و ماڵ و سامانی بێ ئەندازەی هەیە گەنجینەی ئاسمان و زەوی لای ئەوە، هەوڵ بدەن بەرێگەی خوداپەرستی بەدەستی بێنن، ئەوە باشترە بـۆ ئێـوە، نـابێ بـە هیچ جۆرێک کارێک لەو شێوە کارەی کردوتانە بیکەنەوە نـابێ لەخۆتانـەوە حوکـم بدەن بەسەر خەڵک دا بەکوفر و خوێنی بەحەڵاڵ بزانن، بەبێ بەڵگە پێتان وابێ ئەو هەڵس و کەوتەی نواندی بەرامبەرتان بۆ خۆپاراستن و ماڵ پاراستن بوو! ﴿كذلـــك كنتم من قبل﴾ ئێوەش لەوە پێش وەکوو ئـەو وابـوون، بەنـهێنی ئیمانتـان هێنـابوو موسوڵمان بوونی خۆتان لە موشریکەکانی مەککە دەشاردەوە، دوایـی موسـوڵمان بوونی خۆتان ئاشکرا کرد، ئەم کابرایـەی ئێـوە کوشـتان ئـەویش ئیمـانی خـۆی لـە کافرەکان شاردبووەوە و لەوەپێش نەوێراوە لای قەومەکەی ئیمانەکەی ئاشـکرا بکـا کە ئێوەی بینیوە بیروباوەڕی خۆی دەرخستووە ﴿فمن الله عليكـــم﴾ خـودا منـەتی خۆی بەسەر ئێوە باراند ڕێگای کۆچ کردنی پێدان، بەهێزی کردن توانیتان بانگەوازی ئیسلامی بە ئاشکرا هەڵبدەن.

یان مانـای وایـە ئێـوەش وەکـوو ئـەو کابرایـەی کـە بـە تۆمـەتی کوفـر کوشتوتانە ئێوەش ئاوا کافر بوون، خودا منەتی خۆی بەسەردا کردن هیدایـەتی دان بۆ موسوڵمان بوون هی واتان هەبوو هـەر لـە یەکـەمجارەوە بـەرێک وپێکـی و لـە ناخەوە ئیمانی هێناو موسوڵمان بوو، هی واشتان هەبوو لەسەرەتاوە لە ترسان و بۆ

پاراستنی ماڵ و منداڵ وگیانی، موسوڵمان بوو، دوایی وورده وورده له ئیسلام تێگەیشتن و ئیمانەکەیان جێگیر بوو!

ئەمجار پەروەردگار جارێکی تر جەختی لەسەر توێژینەوەو لێکۆڵینەوەو ووردبوونەوە کردەوەو فەرمووی ﴿فتبینـــوا﴾ رونی بکەنەوە بێ لێکۆڵینەوە و ووردبوونەوە پرکێشی هیچ کارێک مەکەن، هەر کارێک تاوی دەدەنێ بەڵگەو نیشانەکانی بزانن باش بچنە بنج و بنەوانی، بەگومانی سەرپێی و بێ بەڵگە کار مەکەن هەتا شتەکە روون نەبێتەوە بڕیار مەدەن! چونکە بۆ حوکم کردن بە ئیمانی ئادەمیزاد شێوەو روخساری دەرەکی کیفایەتە، بەڵام کوشتنی کەسێک لەسەر کوفر پێویستە دڵنیا بن لە کوفرەکەی و بزانن کە کابرا لەسەر کوفرەکەی ماوەتەوە! پێویستە هەڵس و کەوتتان لەگەڵ تازە موسوڵمان بوان هەمان هەڵس وکەوت بێ کە لەکاتی موسوڵمان بوونتان دا لەگەڵ ئێوە کراوە. تەنها موسوڵمانی رواڵەتی دەبێتە لەمپەر بۆ ئەوەی کە شەڕ و کوشتاریان لەگەڵ نەکرێ ﴿إن الله کـــان بما تعملون خبیرا﴾ دڵنیا بن کە خودا ئاگاداری کردارەکانتانە، ئاگای لە حاڵ و چۆنیەتیتان هەیە، بە نیەت و مەبەستتان دەزانێ، پاداشی سزاتان دەداتەوە لەسەر نیەت و هەڵوێست و کردەوەتان حیسابتان لەگەڵ دەکا، ئەمە هەڕەشەیەکی توند و تیژە و ترساندنی موسوڵمانانە، جارێکی تر نەکەونە هەڵەی ئاواوەو بەبێ لێکۆڵینەوە هەڵنەکوتنە سەر ئادەمیزای موسوڵمان و بەبێ تێ فکرین و وورد بوونەوە کەسی ئاوا نەکوژن!

جیاوازی نێوان تێکۆشەران و ئەوانەی خۆ لە جیهاد دەشارنەوە

لَّا يَسْتَوِي ٱلْقَٰعِدُونَ مِنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ غَيْرُ أُوْلِي ٱلضَّرَرِ وَٱلْمُجَٰهِدُونَ فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ بِأَمْوَٰلِهِمْ وَأَنفُسِهِمْۚ فَضَّلَ ٱللَّهُ ٱلْمُجَٰهِدِينَ بِأَمْوَٰلِهِمْ وَأَنفُسِهِمْ عَلَى ٱلْقَٰعِدِينَ دَرَجَةًۚ وَكُلًّا وَعَدَ ٱللَّهُ ٱلْحُسْنَىٰۚ وَفَضَّلَ ٱللَّهُ ٱلْمُجَٰهِدِينَ عَلَى ٱلْقَٰعِدِينَ أَجْرًا عَظِيمًا ﴿٩٥﴾ دَرَجَٰتٍ مِّنْهُ وَمَغْفِرَةً وَرَحْمَةًۚ وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا ﴿٩٦﴾

پاش ئەوەی پەروەردگار سەرزەنشتی ئەوانەی کرد کە کابرای خاوەن مەڕیان کوشت، ئەو سەلاوی ئیسلامی لێ کردن و ئەوان پێیان وابوو: کە لە ترسان ئەم سلاوە دەکا و کوشتیان، ئەمجار گەورەیی تێکۆشان و گیان و ماڵ بەخت کردن ڕوون دەکاتەوەو ئەوانەی چوون بۆ غەزاو ئەوانەی خۆیان پاش داوە یان بەهانەی نەچوونیان هەیە، پلەو پایەو ڕیزیان دیاری دەکاو دەفەرموێ: **﴿لا يستوي القاعدون من المؤمنين غير أولي الضرر والمجاهدون في سبيل الله بأموالهم وأنفسهم﴾** یەکسان نین ئەو موسوڵمانانەی بەهانەی نەچوون بۆ غەزایان نیە و کەم ئەندام نین لەگەڵ ئەو موسوڵمانە جەنگاوەرانەی بەماڵ و گیان تێدەکۆشن و خۆیان لەڕێگەی خودادا بەخت دەکەن! دەچن بۆ بەرەنگاری کافران و هەمیشە سەریان لەڕێ دایە بۆ جەنگان لە پێناو بلاو کردنەوەی ئایینی ئیسلام و بەرز کردنەوەی ئالای (لا إلــه إلا الله، محمد رسول الله)، چۆن ئەوانەی لە غەزای بەدر خۆیان پاش داو بەبێ بیانووی ڕەوا ئامادەی غەزایەکە نەبوون دەچنە ڕیزی ئەو جەنگاوەرانەی کە بە حەماس و سەرگەرمی‌یەوە بەشداری جەنگەکەیان کردو بەو پەڕی حەماس و لێبووردی‌یەوە

جەنگان و دوژمنیان شکاند؟! بەلام پەروەردگار کۆمەڵێکی چەرت کرد لەچوون بۆ غەزا، کەبەهانەی رەوایان هەیە بۆ نەچوون، وەکوو نەخۆش و کوێر و شەل و سەقەت، ئەمانە هەرچەندە ئامادەی غەزاکە نەبوون بەلام چونکە بەدڵ پێیان خۆش بوو ساغ بوونایە و بەشدارییان بکردایە، هەمان پاداشتی بۆ بەشدار بووەکان هەیە بۆ ئەوانیش هەیە.

بوخاری و ئەحمەد و ئەبو داود گێڕاویانەتەوە و دەڵێن: پێغەمبەر ﷺ کە لەغەزای تەبوک گەڕایەوە و لەکاتی چوونەوە بۆناو مەدینە فەرمووی: **((إن بالمدينة أقواماً ما سرتم من مسير، ولا قطعتم من واد ألا وهم معكم فيه، قالوا يا رسول الله وهم بالمدينة؟؟ قال نعم وهم بالمدينة حبسهم العذر)).**

لەڕاستی دا لە مەدینە پیاو گەلێ بەجێ ماون، هەنگاو بە هەنگاو وقۆناغ بە قۆناغ لە ئەجر و پاداش دا لەگەڵ ئێوە دان یاران فەرموویان: قوربان! هەر ئێستا وان لەناو مەدینەدا؟ فەرموی: بەڵێ چونکە ئەوان بە دڵ لەگەڵ ئێوە بوون بەلام بەهانەی رەوا لەوێ گلی داونەتەوە. تاج/٨ لا-٧٧.

ئەمجار پەروەردگار رێز و پلەوپایەی جەنگاوەران دیاری دەکاو دەفەرموێ: **﴿فضل الله المجاهدين بأموالهم وأنفسهم على القاعدين درجة﴾** پەروەردگار پلەو پایەی جەنگاوەرانی بەرز کردۆتەوە بەسەر ئەوانە کە بەبێ عوزر خۆیان پاش داوە بە ئەندازەیەکی زۆر، لە جیهان دا بەگەشەو بزەی سەرکەوتن و دەستکەوتی تالان و ناوبانگی مەردی و ئازایەتی، لە قیامەتیش دا بە پلەو پایەی بەرزی بێ وێنەی بەهەشت و پاداشی زۆر گەورەو فراوان.

﴿وكلا وعد الله الحسنى﴾ پەروەردگار بەڵێنی چاکەو پاداشی باشی داوە بە ئەوانەی ئامادەی غەزاکە بوون و ئەوانەی لەبەر عوزر و بیانووی رەوا نەیانتوانیوە ئامادە ببن و بەدڵ ئاواتە خواز بوون بچوونایەو بۆیان نەلواوە بچن، ئەم دوو تاقمە هەردوولایان لەبەر بیروباوەڕی تەواو و ئیخلاص و نیەتی راستیان وێڕای کردەوەو هەڵوێستیان شایانی پاداشی باشی پەروەردگارن.

ئیبنو کەثیر دەفەرموێ: ئەم ئایەتە بەڵگەیە کە جیهاد فەرزی عەین نیە، واتە: لەسەر هەموو کەسێ پێویست نیە، بەڵکو فەرزی کیفایەیە، کە کۆمەڵێک پێی هەستان لەسەر ئەوانی تر لا دەچێ.

ئەمجار پەروەردگار بە شێوەیەکی گشتی پلەو پایەی ئەوانە دیاری دەکا کە ئامادەی غەزابوون و دەفەرموێ: **﴿وفضل الله المجاهدين على القاعدين أجرا عظيما﴾** خودا پلەو پایەی جەنگاوەران و خۆبەخت کەرای بەرز کردۆتەوە بەسەر ئەوانەی کە بەبێ عوزری رەوا خۆیان لە چوون بۆ غەزا پاش داوە، پاداش و بەخششێکی زۆر و گەورەی بۆ داناون کە بریتی‌یە لە **﴿درجات منه ومغفرة ورحمة﴾** پلەو پایەی بەرز و شکۆدار، خانوو باڵەخانەی دڵگیر و بەرز و رازاوە، کە زانین ئەندازەو رێژەی خۆشی و باشییان لەتوانای ئادەمیزاد دا نیە!!

زێدەو جوداوازی لە پلەو پایەی دا، بەهۆی ئیمانی بەهێزەوە دەبێ بەهۆی خۆنەویستی و پێش خستنی رەزامەندی خودا بەسەر رابواردن و خۆشی دونیایی دا دەبێ، بە سۆنگەی پێش خستن و پارسەنگ دانەوەی بەرژەوەندی گشتی بەسەر بەرژەوەندی تایبەتی دا دەستە بەر دەبێ!

لە صەحیحەین موسلیم و بوخاری-دا حەدیسێک هەیە ئەبو سەعید دەیگێڕێتەوە دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ فەرموی: ((إن في الجنة مأة درجة أعدها الله للمجاهدين في سبيله، مابين كل درجتين كما بين السماء والأرض)) ئینو مەسعوودیش دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ فەرموی: ((من رمي بسهم فله أجره درجة)) پیاوێک وتی: ئەی پێغەمبەری خودا (دەرەجە) پلەو پایە چی‌یە؟ فەرموی: ((أما إنها ليست بعتبة أمك، مابين الدرجتين مائة عام)). هەروەها ئەجر و پاداشی تریشیان دەداتێ وەکوو لێخۆش بوون و چاوپۆشی کردن لە تاوانیان، رژاندنی رەحمەتو بەرەکەتی خۆی بەسەریان دا، زیاد لە لێخۆش بوون و چاکە و پاداشی زۆرو فراوان!! چونکە داب و نەریتی خودا واهاتووە لێخۆشبوون بۆ کەسێک بەشیاوی لێخۆش بوونی بزانێ! رەحمەت و بەزەییشی بۆ کەسێکە بە پێویستی بزانێ.

هەمووشیان دەکەونە بەر فەضل و گەورەیی خۆی و بەویستی خۆیەتی و هیچ کاتێ ناچار ناکرێ شتێک بکا یان نەیکا.

دەربارەی راڤە کردنی ئەم ئایەتە زانایان سێ رایان هەیە! بڕێکیان پێیان وایە کە دەولەمەندی باشترە لە هەژاری، چونکە دەولەمەندی دەسەلاتی پێوەیە هەژاری دەبێتە هۆی لاوازی و بێ دەسەلاتی! دەی لە ئیسلام دا بە توانایی و دەسەلات باشترە لە هەژاری و بێ دەسەلاتی، وەکوو پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ((المؤمن القوي خير من المؤمن الضعيف وفي كل خير)) موسولمانی بە توانا لە موسولمانی بێ هێز باشترە، بەگشتیش هەردوو لایان هەر باشن. یان گوتراوە: دەولەمەندی سوپاس گوزار باشترە لە هەژاری صابر و خۆڕاگر. یان دەلێن: نزیکە هەژاری سەربکێشێ بۆ کوفر...

بڕێکی تر ڕایان وایە کە هەژاری باشترە ؛ بەلگەشیان ئەوەیە: گوایە هەژار دنیا نەویستە و دەولەمەند هەلوگیری دونیایە، دونیا نەویستی باشترە لە دونیا ویستن.

بڕێکی تر پێیان وایە میانەڕەوی ومام ناوەندی باشترە، بەم جۆرە کابرا ئەوەندەی هەبێ لە ڕیزی هەژاری دەربچێ وە لە پلەی لای خوارووی دەولەمەندی دابێ! بەمەش لە خراپی هەردوو حالەتەکە رزگاری دەبێ...﴿وكان الله غفورا رحيما﴾ پەروەردگار لێبووردوو لێخۆشبووە بۆ بەندەکانی، رەحم و بەزەیی بەرفراوانە.

کۆچ کردنی موسوڵمانانی بێ دەسەلات

إِنَّ ٱلَّذِينَ تَوَفَّىٰهُمُ ٱلْمَلَـٰٓئِكَةُ ظَالِمِىٓ أَنفُسِهِمْ قَالُوا۟ فِيمَ كُنتُمْ ۖ قَالُوا۟ كُنَّا
مُسْتَضْعَفِينَ فِى ٱلْأَرْضِ ۚ قَالُوٓا۟ أَلَمْ تَكُنْ أَرْضُ ٱللَّهِ وَٰسِعَةً فَتُهَاجِرُوا۟ فِيهَا ۚ
فَأُو۟لَـٰٓئِكَ مَأْوَىٰهُمْ جَهَنَّمُ ۖ وَسَآءَتْ مَصِيرًا ﴿٩٧﴾ إِلَّا ٱلْمُسْتَضْعَفِينَ
مِنَ ٱلرِّجَالِ وَٱلنِّسَآءِ وَٱلْوِلْدَٰنِ لَا يَسْتَطِيعُونَ حِيلَةً وَلَا يَهْتَدُونَ
سَبِيلًا ﴿٩٨﴾ فَأُو۟لَـٰٓئِكَ عَسَى ٱللَّهُ أَن يَعْفُوَ عَنْهُمْ ۚ وَكَانَ ٱللَّهُ عَفُوًّا غَفُورًا
﴿٩٩﴾ ۞ وَمَن يُهَاجِرْ فِى سَبِيلِ ٱللَّهِ يَجِدْ فِى ٱلْأَرْضِ مُرَٰغَمًا كَثِيرًا وَسَعَةً ۚ
وَمَن يَخْرُجْ مِنۢ بَيْتِهِۦ مُهَاجِرًا إِلَى ٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ ثُمَّ يُدْرِكْهُ
ٱلْمَوْتُ فَقَدْ وَقَعَ أَجْرُهُۥ عَلَى ٱللَّهِ ۗ وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورًا رَّحِيمًا ﴿١٠٠﴾

لە ئایەتی پێشوودا باسی پلەو پایەی جەنگاوەرانی ئیسلامی کرد؛ ئەوانەی لە ڕێگای خودادا گیان و ماڵیان بەخت دەکەن! لێرە بەولاوە باسی کۆمەڵێک دەکا کە لە پێناو ئایینی خوادا کۆچ ناکەن، خۆیان لە ژێر چەنگی ستەمکاران دا دەهێڵنەوە، ڕێگای کۆچ کردنیان و دەرباز بوونیان هەیە بەڵام ناچنە سەری و نایکەن!

واتە: ئەوانە لەڕاستی دا بێ دەسەلات و لاواز نین عوزر و بەهانەی مانەوەیان لە وڵاتی کوفر دا بەدەستەوە نیە...

وەکوو چەسپاوە ئەو کاتەی کافرەکان تەنگیان بە موسوڵمانان هەڵچنی و ناچاریان کردن کە یەکەمجار کۆچ بکەن بۆ حەبەشە، دوای لەگەڵ پێغەمبەردا بۆ

مەدینە کۆچ بکەن! جا برێک لە موسوڵمانان پێیان ناخۆش بوو مەککە بەجێ بێڵن، خۆشەویستی مەککە بوو بەهۆی کۆچ نەکردنیان، هەندێکیش لەبەر پیری یان نەشارەزایی، نەیانتوانی کۆچ بکەن، هەندێکیش کۆچیان کرد و لەرێگا مردن!

جاوەکوو بوخاری لە ئیبنو عەبباسەوە دەگێڕێتەوە: کەسانێک هەبوون موسوڵمان بوون و لە مەککە مابوونەوە کۆچیان نەکردبوو، لەگەڵ سوپای کوفر دا ئامادەی جەنگ دەبوون، لەشکری کوفریان زۆر دەکرد، لەکاتی شەڕە تیر و لێکدان بە شمشیر لێیان دەکوژرا، پەروەردگار ئەم ئایەتەی کە دەفەرموێ: ﴿إن الذين توفاهم الملائكة.......﴾ دەربارەی ئەوان ناردووە!

ئیبنو جەریر و ئیبنو مونذیر لە ئیبنو عەبباسەوە دەگێڕنەوە، دەڵێ: چەند کەسێک لە دانیشتوانی مەککە بە دزی موسوڵمان بووبوون ئیمان هێنانی خۆیان لە لای کافرەکان ئاشکرا نەکردبوو، رۆژی جەنگی بەدر کافرەکان لەگەڵ خۆیان دا هێنابوویانن بۆ شەڕ و هەنێکیان لێ کوژران، موسوڵمانەکان دوایی گوتیان: ئەوانە موسوڵمان بوون بەزۆر هێندراون، داوای لێخۆشبوونیان بۆ کردن، ئیتر ئەم ئایەتە هاتە خوارێ ﴿إن الذين توفاهم الملائكة ظالمي أنفسهم...﴾ دوایی موسوڵمانەکان ئەم هەواڵەیان نارد بۆ موسوڵمانە دانیشتوەکانی مەککە و پێیان گوتن: کە عوزر و بەهانەی مانەوەتان لەوێ نیە، ئیتر موسوڵمانەکانی مەککە بەرەو مەدینە کەوتنە رێ و کافرەکان شوێنیان کەوتن و ناچاریان کردن کە بگەڕێنەوە بۆ مەککە، ئیتر ئایەتی **﴿ومن الناس من يقول آمنا بالله فإذا أوذي في الله جعل فتنة الناس كعذاب الله﴾** العنكبوت/١٠ هاتە خوارێ ئیتر موسوڵمانەکانی مەدینە ئەمەشیان بۆ موسوڵمانەکانی مەککە نارد، ئەوانیش زۆری پێ خەفەتبار بوون، ئەمجار ئایەتی **﴿ثم ان ربك للذين هاجروا من بعد ما فتنوا﴾** النحل/١١٠ هاتە خوارێ و ئەمەشیان بۆ ناردن ئیتر موسوڵمانەکانی مەککە کۆچیان کرد و بەرەو مەدینە کەوتنە رێ کافرەکان دوایان کەوتن هەنێکیان رزگاریان بوو، هەندێکیشیان کوژران!

﴿إن الذين توفاهم الملائكة ظالمي أنفسهم﴾ ئەوانەی فریشتە لە کاتی تەواو بوونی تەمەنیان گیانیان دەکێشن و لە باروزروفێکدا دابوون ستەمیان لە خۆیان کردووە، بەوە کە لە مەککە کۆچیان نەکردووە، بەبێ عوزر و بەهانەی رەوا رازی بوون کە لە ولاتی کوفر دا بمیننەوەو پەیوەندیان بە پێغەمبەر و هاوەڵانی نەکردووە ﴿قالوا فيم كنتم﴾ فریشتەکان بەشێوەی تانە و توانج و تەشەر لێدان پێیان دەڵێن: دەربارەی ئایین وەزعتان چۆن بووە هەڵوێستتان چی بووە؟ چۆنتان رۆژگار بەسەر دەبرد؟ واتە: ئێوە هیچ هەڵوێستێکی مەردانەتان نەبووە رێگای کۆچ کردن و دەرباز بوونتان هەبوو کەچی کۆچتان نەکرد ﴿قالوا كنا مستضعفين في الأرض﴾ ئەوانیش لە کاتی گیانەڵاو دا وەلامێک دەدەنەوە ریسوایی‌یە پێیان وایە عوزرە، بەڵێ عوزر دیننەوەو پاساوی کۆچ نەکردنەکەیان دەدەنەوە بەلام عوزر هێنانەوەکەیان بێ بنج وبنەوانە، دەڵێن: ئێمە لە مەککەدا بێ دەسەلات و زەبوون بووین، نەمانتوانی و نەمانوێرا رێوڕەسمی ئایین بەجێ بێنین، هەمیشە لەژێر زەبر و زەنگی ئەوان دا بووین، کەس نەبوو لەسەرمان بە جەواب بێ، دەستی ستەمکارمان لێ دوور بخاتەوە، یارمەتیمان بدا!!

ئیتر فریشتەکان کە ئەم عوزر و پاساوەی ئەوانیان بەلاوە بێ بنج و بنەوانە زیاتر سەرزەنشتیان دەکەن ﴿قالوا: ألم تكن أرض الله واسعة فتهاجروا فيها؟﴾ پێیان دەڵێن: ئایا زەوی خودا پان و پۆڕ نەبوو؟ رێگای کۆچ کردن و هەڵهاتنتان نەبوو؟! نەتاندەتوانی ئەو شوێنە بەجێ بێڵن و کۆچ بکەن؟! کەوابوو هۆی راستەقینەی کە ئێوە کۆچتان نەکردووە،، بەو زەلیلی و ژێردەستەیی و ماف پێشێل کراوی‌یە ماونەوە، بێ دەسەلاتیتان نەبووە بەڵکو خۆشەویستی ماڵ و سامان و خۆپەرستی و بەرژەوەندی تایبەتیتان ئێوەی لە وولاتی کوفردا هێشتبووەوە، ئەگینا دەتانتوانی کۆچ بکەن بۆ ولاتێک کە ولاتی ئیسلامە، بەسەر بەرزی و ئازادی ژیانی تێدا بەسەر بەرن، خواپەرستی تێدا بکەن؛ دەتانتوانی کۆچ بکەن بۆ مەدینەو پەیوەندی بکەن بە پێغەمبەرەوە ژمارەی موسوڵمانان زۆر بکەن و ترس بخەنە دڵی کافرانەوە، کە ئەوەتان نەکردووە خەتابارن، ستەمکارن، ستەمتان لە خۆتان کردووە،

ئیتر مەشهەدەکە بەشێوەیەکی کاریگەر و سامناکێ و نائومێدی بۆ ئەو ستەمکارانە کۆتایی پێ دێ ﴿فأولئك مأواهم جهنم﴾ ئەو ستەمکارانە، ئەو کەمتەرخەم و گێل و کەزابانە، شوێنی حەوانەوەیان دۆزەخە، چونکە کۆچ کردن لەسەریان فەرزی عەین بووە و نەیانکردووە، هەڵاتن لەولاتی کوفر پێویست بوەو ئەنجامیان نەداوە ﴿وساءت مصيرا﴾ دۆزەخ خراپ شوێنێکە هەرچی تێیدایە بۆیان خراپەو ئەزیەتیان دەدا، ئاگرە دەیانسوتێنێ ئاو وهەوای هەمووی دوکەڵ و هالاو گڕ و هەڵقرچانە، دەنگێ و صەدای هەر ناڵە و داد و فیغان و هاوار هاوارە!

ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوە: کە ئینسانی موسوڵمان لەولاتێکێ دا بوو نەیدەتوانی رێ و رەسمی ئایینی خۆی بەرێکێ و پێکی بەجێ بێنێ، یان پێی وابوو: کە لە ولاتێکی تر دەتوانی باشتر خودا پەرستی بکا و زیاتر مەجالی هەیە، ئەوە پێویستە رەو بکاو ئەو ولاتەی تێیدایە بەجێی بێڵێ! ئەگەر دەیتوانی کاروباری ئایینی بەرێکێ و پێکی لە ولاتی کوفرەدا ئەنجام بدا وەکوو ئەو موسوڵمانەی ئێستا دانیشتووی ئەمریکاو ئەورووپاو روسیاو ئەو جۆرە ولاتانەن، ئەوە کۆچ کردنیان بۆ ولاتی ئیسلام سوننەتە بەمەرجێ لەوێ کاری بانگەوازی ئیسلامیان نەبێ، ئەگەر هەیان بێ مانەوەیان واجبە.

ئەمجار قورئان ئەوانە لەو حوکمە ئێستثنا دەکا کە ناچارن لە ولاتی کوفردا بمێننەوە، ئەوانەی توانای هەڵاتن و کۆچ کردنیان نیە وەکوو پیر و پەکێ کەوتەو ژن ومنداڵ، ئەوانەی هیچ دەرەتانیان نیەو ناچارن لە ولاتی کوفر ژیان بەسەر بەرن وە دەفەرموێ: ﴿إلا المستضعفين من الرجال والنساء والولدان﴾ مەگەر زەبوون و بێ دەرەتان و پەکێ کەوتەکان نەبێ لە پیاو ژن و منداڵ کە ﴿لا يستطيعون حيلة﴾ توانای دەرباز بوونیان نیە، ناتوانن کۆچ بکەن، ﴿ولا يهتدون سبيلا﴾ شارەزا نین، لە رێگا ترسی تێدا چوون و بەهیلاکێ چونیان هەیە، ئەوانە عوزریان هەیە.

چونکە بێ توانـاو بێ دەرەتـانن **﴿لا یکلف الله نفسا إلا وسعها﴾** البقرة/٢٨٦، خودا بۆ هیچ کەسێک جگە لە توانای خۆی داوای ئەنجام دانی کاری لێ ناکا.

﴿فأولئك عسى الله أن یعفو عنهم﴾ ئەوانە هومێد هەیە کە خودا لێیان خۆش ببێ و لە تاوانی کۆچ نەکردن عەفویان بکا، ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە کۆچ کردن لە وڵاتی کوفرەوە بۆ وڵاتی ئیسلام کارێکی چەسپاو و جەخت لەسەر کراو بووە، تەنانەت ئەوانەی کە عوزری کۆچ نەکردنیشیان هەیە ئەگەر کۆچ نەکەن لێخۆشبوون لێیان لە نێوان خۆف و رەجا دایە!!؟

﴿وکان الله عفوا غفورا﴾ پەروەردگار هەمیشە خاوەنی عەفوی زۆر و بێ سنوورە لێخۆش بوو و لێبووردووە، لەو تاوان و سەپێچی‌یانەی کە عوزر و بەهانەیان هەیە، گوناهەکان داداپۆشێ و خاوەنەکانیان ریسوا ناکا!

ئەمجار پەروەردگار بێ دەسەڵات و پەکەوتەکان هەڵدەنێ کە گورِ بدەنە خۆیان و هەوڵی کۆچ کردن بدەن و خۆیانی لێ تاقی بکەنەوەو دەفەرموێ: **﴿ومن یهاجر في سبیل الله﴾** کەسێک کۆچ بکا لە پێناو سەر خستنی ئایینی خوادا و مەبەستی رەزامەندی خودا بێ، پابەندی بەرنامەو مەنهەجی خودا بێ، خەریکی ئەنجام دانی ئەرکە ئایینی‌یەکان بێ وەکوو پێویست ئەمە **﴿یجد في الأرض مراغما کثیرا﴾** شوێنی کۆچ کردنی باشی دەست دەکەوێ، پەکی ناکەوێ، زەوی خودا فراوان و پان و پۆرە جێگای حەوانەوەی وەهای دەست دەکەوێ کوێرایی دوژمنانی دابێ، خەفەتی پێ بخۆن **﴿وسعة﴾** وێڕای رزگاری و ئازادی و سەرفرازی شوێنی پڕ خێر و بەرەکەتی دەستگیر دەبێ، دوور دەبێ لەو شتانەی کە ئازاری دەدەن توشی خێر و خۆشی دەبێ!

ئەمە وادەو بەڵێنی خودایە بۆ کۆچ کەران کە رێگای ژیانیان بۆ ئاسان دەکا، دوژمنانیان خەفەتبار و نارەحەت دەکا، لە ئاکامیشا بەسەر دوژمن دا سەرکەوتوویان دەکا!

ئەمجار یەزدانی مەزن وادەو بەڵێنی پاداش دەدا بەو کەسانەی لە پێناو وەدەست هێنانی رەزامەندی خودادا ماڵ و زێدی خۆیان بەجێ دێڵن کۆچ دەکەن بۆ وڵاتی ئیسلام، لەرێگا مردن یەخەیان پێ دەگرێ و پێش ئەوەی بگەنە جێگای مەبەست و مەدینەی (منەوەرە) دەفەرموێ: ﴿ومن يخرج من بيته مهاجرا إلى الله ورسوله ثم يدركه الموت﴾ کەسێک لە جێگاو شوێنی خۆی دەربچێ و کۆچ بکا ماڵ و منداڵ و کەس و کار و زێدی بەجێ بێڵێ! پێش ئەوەی بگاتە مەدینەی (منەوەرە) یان وڵاتی ئیسلام- بمرێ ئەوە ﴿فقد وقع أجره على الله﴾ خودا پاداشی باشی بۆ ئەو لەسەر خۆی پێویست کردووە، خودا بۆ خۆی دەزانێ چۆن پاداشی دەداتەوە، تەنانەت ئەگەر هەر لە دەرگا چووە دەرێ و مرد و تووشی هیچ دەردی سەری و گێرە و کێشەش نەبێ! چونکە نیەتی راست و نیازی پاک بەسە بۆ دەسکەوتنی ئەو پاداشە گەورەیە کە خودا لەسەر خۆی بۆ ئەوی پێویست کردووە، پێغەمبەریش ﷺ لە حەدیسێک دا ئەم مانایە جەخت دەکاتەوەو دەی چەسپێنێ و دەفەرموێ: ((إنما الأعمال بالنيات وإنما لكل امرئ ما نوى فمن كانت هجرته الى الله و رسوله فهجرته الى الله و رسوله ومن كانت هجرته الى دنيا يصيبها او امرأة ينكحها فهجرته الى ما هاجر إليه)) تاج سەرەتای بەرگی/١ یەکەم لا/ ٦٥ زنجیرە/١١/ ژمارە(١).

تێبینی ئەوە دەکرێ پەروەردگار بۆ کۆچ کەران وادەو بەڵێنی لێخۆشبوونی بە جەخت لەسەرکراوی داوە، بەڵام بۆ ئەوانەی لەبەر زەعیفی و بێ دەرەتانی کۆچ ناکەن و عوزریان هەیە، لێخۆش بوونەکەی لە نێوان خۆف و رەجادا هێشتەوە و فەرمووی: ﴿فأولئك عسى الله أن يعفو عنهم﴾ ئەوانە لەوانەیە خودا لێیان خۆش ببێ و لەتاوانی پێشوویان پاکیان بکاتەوە! لەسەرەتای پەیدا بوونی ئیسلام دا هۆی کۆچ کردن زۆر بوون لەوانە:

١-بۆئەوەی موسوڵمانان بتوانن رێ و رەسمی ئایین بەسەر فرازی و بە ئازادی ئەنجام بدەن.

٢- بۆ فێر بوونی زانست و زانیاری کاروباری ئایینی و تێگەیشتنی ئەحکامە شەرعی‌یەکان.

٣- خۆ ئامادە کردن و ڕێ خۆش کردن بۆ دروست کردنی حوکومەتی ئیسلامی و دابین کردنی هۆکارەکان بۆ بڵاو کردنەوەی ئایین بە هەموو کون و قوژبنی جیهان دا و بەرگری کردن لە بیروباوەڕی ئیسلامی:

ئەم هۆکارانە هۆیەکی سەرەکی کۆچ کردنی موسوڵمانان بوون بۆ مەدینە هەتا مەککە رزگار کرا و خەڵک کۆمەڵ کۆمەڵ موسوڵمان بوون و ئیسلام گەشەی سەند و بڵاو بووەوە دورگەی عەرەبی لە بت پەرستی پاک کرایەوە، ئیتر لەوەداو کۆچ کردن بۆ مەدینە پێویست نەما، پێرانی فەرمووده (موسلیم و بوخاری) لە ئینو عەبباسەوە حەدیسێک دەگێڕنەوە: کە پێغەمبەر فەرموویەتی! **((لا هجرة بعد الفتح ولكن جهاد و نية وإذا استنفرتم فانفروا))** ((لەپاش ئازاد کردنی مەککە کۆچ کردن لە خاکی کوفرەوە بۆ خاکی ئیسلام نەما، بەڵام خەباتگێڕان و نیازی پاک هەتا هەتایە هەر دەمێنن، هەرکاتێکیش داوا کران بۆ خەبات و غەزا بڕۆن)) ئەوەش تێبینی دەکرێ هەر کاتێ لەهەر رۆژگار و کات و شوێنێکدا داخوازی کۆچ کردن پەیدا بوو؛ یەکێ یا زیاتر لەو هۆیانە سەرەوە هەبوون کۆچ کردن واجبە.

ئیبنولعەرەبی لە ئەحکامولقورئان دا دەفەرموێ: جۆرەکانی کۆچ کردن شەشن:

یەکەم: کۆچ کردن لە وڵاتی کوفرەوە بۆ وڵاتی ئیسلام، ئەم جۆرە کۆچ کردنە لەسەردەمی پێغەمبەردا ﷺ تارزگار کردنی مەککە واجب بوو دوایی کە ئیسلام گەشەی سەند و بڵاو بووەوە پێویستی بە کۆچ کردن نەما، بەڵام هەر کاتێ لەهەر شوێنێک هۆکارەکانی هاتنە دی هەتا رۆژی قیامەت کۆچ کردن واجبە.

دووەم: کۆچ کردن لە وڵاتێکەوە کە بیدعەتی تێدا باڵا دەست بێ؛ ئیبنولقاسم دەڵێ: لە ئیمام مالیکم بیستووە دەیفەرموو: دروست نیە بۆ کەس کە

لە شوێنێک بمێنێتەوە کە تێیدا جنێو بەسەلەف بدرێ! ئیبنو لعەرەبی دەڵێ ئەوە ڕاستە، چونکە لە هەر شوێنێک مونکەر و بیدعەتی تێدا بلاوبوو نەتوانی بیگۆڕی پێویستە ئەو شوێنە بەجێ بێڵی.

سێیەم: کۆچ کردن لە ولاتێک کە زۆربەی حەرام بێ چونکە هەوڵ دان بۆ وەدەست هێنانی حەلاڵ پێویستی سەرشانی هەموو موسوڵمانێکە.

چوارەم: کۆچ کردن لە شوێنێک کە بۆ تەندروستی خراپ بێ ئاو و هەوای پێی نەکەوێ.

پێنجەم: هەڵاتن لەولاتێک نەخۆشی تێدا بێ جگە لە نەخۆشی تاعوون- چونکە لەهەر جێگایەک تاعوون بلاو بووەوە نابێ دانیشتوانی ئەو شوێنە کۆچ بکەن، نابێ کەسی تریش کۆچ بۆ ئەو شوێنە بکا.

شەشەم: کۆچ لە شوێنێک کە ترسی لەناو چوونی ماڵ و سامانتی تێدا بێ چونکە پاراستنی ماڵ و سامانی موسوڵمان وەکوو خوێنی پێویستە بپارێزرێ. ﴿وكان الله غفورا رحيما﴾ پەروەردگار هەمیشە لێخۆشبوو بە بەزەییە بۆ ئەو کۆچ کارانەی ولاتی خۆیان بەجێ دێڵن.

کورت کردنەوەی نوێژ لە سەفەر داو نوێژی ترس

وَإِذَا ضَرَبْتُمْ فِى ٱلْأَرْضِ فَلَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ أَن تَقْصُرُوا۟ مِنَ ٱلصَّلَوٰةِ إِنْ
خِفْتُمْ أَن يَفْتِنَكُمُ ٱلَّذِينَ كَفَرُوٓا۟ ۚ إِنَّ ٱلْكَـٰفِرِينَ كَانُوا۟ لَكُمْ عَدُوًّا مُّبِينًا
(١٠١) وَإِذَا كُنتَ فِيهِمْ فَأَقَمْتَ لَهُمُ ٱلصَّلَوٰةَ فَلْتَقُمْ طَآئِفَةٌ مِّنْهُم مَّعَكَ
وَلْيَأْخُذُوٓا۟ أَسْلِحَتَهُمْ فَإِذَا سَجَدُوا۟ فَلْيَكُونُوا۟ مِن وَرَآئِكُمْ وَلْتَأْتِ طَآئِفَةٌ
أُخْرَىٰ لَمْ يُصَلُّوا۟ فَلْيُصَلُّوا۟ مَعَكَ وَلْيَأْخُذُوا۟ حِذْرَهُمْ وَأَسْلِحَتَهُمْ ۗ
وَدَّ ٱلَّذِينَ كَفَرُوا۟ لَوْ تَغْفُلُونَ عَنْ أَسْلِحَتِكُمْ وَأَمْتِعَتِكُمْ فَيَمِيلُونَ
عَلَيْكُم مَّيْلَةً وَٰحِدَةً ۚ وَلَا جُنَاحَ عَلَيْكُمْ إِن كَانَ بِكُمْ أَذًى مِّن مَّطَرٍ
أَوْ كُنتُم مَّرْضَىٰٓ أَن تَضَعُوٓا۟ أَسْلِحَتَكُمْ ۖ وَخُذُوا۟ حِذْرَكُمْ ۗ إِنَّ ٱللَّهَ
أَعَدَّ لِلْكَـٰفِرِينَ عَذَابًا مُّهِينًا (١٠٢)

فَإِذَا قَضَيْتُمُ ٱلصَّلَوٰةَ فَٱذْكُرُوا۟ ٱللَّهَ قِيَـٰمًا وَقُعُودًا وَعَلَىٰ جُنُوبِكُمْ ۚ فَإِذَا
ٱطْمَأْنَنتُمْ فَأَقِيمُوا۟ ٱلصَّلَوٰةَ ۚ إِنَّ ٱلصَّلَوٰةَ كَانَتْ عَلَى ٱلْمُؤْمِنِينَ كِتَـٰبًا مَّوْقُوتًا
(١٠٣)

ئاشکرایە، تا ئێستا ئایەتەکان دەربارەی جیهاد و چوونە غەزا دەدوێن جیهادیش خۆی لە خۆی دا پێویستی بەسەفەر و چوونە دەر لە ماڵ هەیە، ئیتر یەزدانی مەزن لێرە بەو لاوە ئەوەمان بۆ روون دەکاتەوە کە سەفەر نابێتە عوزری لەسەر لاچوونی نوێژ، هەروەها جیهاد و شەڕ کردنیش دژی کافران ئەرکی نوێژ کردن لەسەر شانی ئادەمیزاد لانابا!

جا وەکوو ئیبنو جەریری طەبەری لە ئیمامی عەلیەوە دەگێڕێتەوە دەڵێ: چەند کەسێک لە هۆزی بەنی نەجار عەرزی پێغەمبەریان کرد و وتیان: قوربان! سەفەر دەکەین و لە ماڵ و حاڵی خۆمان دوور دەکەوینەوە، چۆن نوێژەکانمان بکەین!؟ ئیتر پەروەردگار ئەم ئایەتەی نارده خواری: کە دەفەرموێ: ﴿وإذا ضربتم في الأرض﴾ کاتێ لەناو ولاتا کۆچ و کۆچبارتان دەکرد و دەچوون بۆ سەفەر ﴿فليس عليكم جناح أن تقصروا من الصلاة﴾ گوناهتان ناگاتێ و چ خراپەیەکی تێدا نیە: کە لە نوێژە چوار رکاتیەکان کورت بکەنەوە، لە جیاتی چوار رکات دوو رکات بکەن! ﴿إن خفتم أن يفتنكم الذين كفروا﴾ ئەگەر ترسی ئەوەتان هەبوو کافرەکان تووشی فیتنەتان بکەن: بتان گرن، یان بتانکوژن، یان هەر شتێکی کە دوژمن لەگەڵ دوژمنی دەکا. یان ترستان لە چەتەو رێگر هەبوو، بەم شێوە دوژمن، خەریک بوونتان بەنوێژەوە بەهەڵ بزانێ بۆ ئەوەی بەسەرتان دا زاڵ ببن، ئەوە ئەو هەڵەیان بۆ مەڕەخسێنن، بەڵکو نوێژەکانتان کورت بکەنەوە بەجۆرێک کە ماوەی نوێژ کردنەکانتان ئەوەندە نەبێ دوژمن بتوانێ تێیدا لێتان نزیک بێتەوەو پەلامارتان بدا!

دەگونجێ مانای ئایەتەکە بەم جۆرە بێ، ئەگەر ترسان لە کاتی رکوع و سوژدەدا کافرەکان فورصەتتان لێ ببینن، چونکە لەم دوو حاڵەدا ئێوە ئاگاتان لە جم و جۆڵی ئەوان نیە، ئەوا نوێژەکانتان بە ڕاوەستانەوە یان بەسواری، چۆنتان بۆ کرا تەنانەت بەبێ رکوع و سوژدە ئەنجامیان بدەن، ئەگەر بۆتان گونجا لە کاتی رکوع و سوژدەدا جۆرە ئیماو سەرنەوی کردنێک ئەنجام بدەن، ئەگەر نەشتان توانی قەیدی نیە! ئەمجار خوای گەورە جارێکی تر لە پیلانی دوژمنان دەمانترسێنی و

دەفەرموێ: ﴿إن الكافرين كانوا لكم عدوا مبينا﴾چاک بزانن کە کافرەکان دوژمنی سەرسەخت و راستەقینەی ئێوەن، هەر کاتێ هەڵیان بۆ هەڵبکەوێ دەیقۆزنەوەو دەستتان لێ دەوەشێنن، پەلامارتان دەدەن و بەسەرتاندا زاڵ دەبن کەوابوو: هەڵیان بۆ مەڕەخسێنن و مەهێڵن بەمەبەستی پیسی خۆیان بگەن!

مامۆستا سید قطب لێردا دەفەرموێ: (ئەو مانایەی کە ئێمە لە راڤە کردنی ئەم ئایەتە دا پەسەندی دەکەین ئەو مانایەیە کە ئیمامی جەصاص لە ئەحکامول قورئان دا پەسەندی کردووە؛ ئەویش ئەوەیە کە لێرەدا مەبەست بە کورت کردنەوە کورت کردنەوەی نوێژی چوار رکاتی نیە؛ چونکە ئەمە بۆ هەموو کەسێک کە لەسەفەردا بێ دروستە، بەبێ ئەوە ترسی پەلامار و شاڵاوی کافرانی هەبێ، بەڵکو بۆ کەسێک لەسەفەر دابێ واباشە نوێژە چوار رکاتیەکان کورت بکاتەوە، چونکە پێغەمبەر ﷺ لەهەموو سەفەرەکانی دا نوێژە چوارینەکانی کورت دەکردەوە تەنانەت بەهۆی ئەم کردارەی پێغەمبەرەوە لەسەفەردا، لەلای هەندێ زانای گەورە رای پەسەند ئەوەیە کە لەسەفەردا، لەلای هەندێ زانای گەورە بەتەواوی بکرێن! واتە لەسەر رای ئەوان کورت کردنەوە عەزیمەیە نەوەک روخصەت،کەوابوو ئەم روخصەتە تازەیەی کە ئەم ئایەتە دەیگەیەنێ لەکاتی ترسی پەلامار و شاڵاوی کافران دا مانایەکی تازەیە نەک ئەو کورت کردنەوەیە کە بۆ هەموو سەفەرێک هەیە!

بەڵکو کورت کردنەوەو شێوەو جۆری خودی نوێژەکەیە، وەکوو ئەوە بە پێوە نوێژەکە بکەن، بەبێ رکوع و سوژدەو دانیشتن بۆ خوێندنی تەحیات، واتە بەڕاوەستانەوە، یان بەڕۆیشتنەوە، یان بەسواری بەبێ چەمینەوە بۆ رکوع و سەر خستنە سەر زەوی بۆ سوژدەو دانیشتن بۆ تەحیات نوێژەکەیان دەکەن لە جیاتی چوونە رکوع و چوونە سوژدە تەنها بەهێما سەرنەوی کردنێک دەکەن و بەس!

ئا بەم جۆرە تەنانەت لە کاتی شەڕ و تێک رژان و ترس و بیم و پلامار دان و بەرگریش دا نابێ موسوڵمان واز لەو پەیوەندیە پتەوە بێنێ کە لە نوێژ دا

ئەنجام دەدرێ، نابێ ئەو چەکە گیانی و مەعنەوییە کاریگەرە سەرەکی یە پاشگوێ بخا، لە هەمان کاتیش دا هەڵ بۆ دوژمن نەڕەخسێنێ پەلاماری بدا!

هەر بە بۆنەی باسی چۆنیەتی نوێژ کردنی کەسێکی سەفەری کە بترسێ لە شاڵاوی دوژمن و پەلاماری کافران، حوکمی نوێژی ترس و شێوەی ئەنجام دانی لە گۆڕەپانی شەڕگەدا روون دەکاتەوە، وێڕای روون کردنەوەی حوکمە شەرعی یەکە، زەمینەی دەروونی و پەروەردەیی بۆ خۆش دەکا و لەمەساتی دەروونی و پەروەردەیی لێ کۆدەکاتەوە و دەفەرموێ: ﴿وإذا كنت فيهم فأقمت لهم الصلاة﴾ ئەگەر تۆ ئەی محمد! یان ئەو کەسەی جێگری تۆیە لە پێشەوایانی موسوڵمان، لەناو کۆمەڵێک موسوڵمان دا بوویت و لەبەرامبەر سوپای کوفردا وەستابوون، ویستت نوێژیان پێ بکەی، کاتی نوێژ هاتبوو، بانگ و قامەت درابوو، سوپای موسوڵمانان بکە بە دوو تاقم ﴿فلتقم طائفة منهم معك﴾ با کۆمەڵێکتان لەگەڵ تۆ رەکاتی یەکەم بە جەماعەت بکەن ﴿وليأخذوا أسلحتهم﴾ با چەک و پێویستیاتی شەڕ و بەرگری خۆیان پێ بێ! بۆ ئەوەی دوای تەواو بوونی نوێژ یەکسەر بچنە بەرامبەر دوژمن کە لەوانەیە پەلاماریان بدا!

﴿فإذا سجدوا فليكونوا من ورائكم﴾ ئەگەر ئەم تاقمە (تاقمی یەکەم) چوونە سوژدە با تاقمی دووەم لە پاشەوە پارێزگارییان بکەن، چونکە نوێژکەری نوێژی ترس بەزۆری لە کاتی چوونە سوژدەدا پێویستی بە حەرەس وپارێزەر هەیە، چونکە لەو کاتەدا دوژمنی بەرامبەری نابینێ!! ئەمجار کە هەڵسانەوە بۆ رکاتی دووەم ئەتۆ لەسەرەتای رکاتەکەوە رابوەستە با دەستەی یەکەم بۆ خۆیان رکاتی دووەم و تەحیات ئەنجام بدەن و سەلام بدەنەوە بەچەکەوە بچن بۆ بەرامبەر دوژمن و ئامادەی بەرگری بن! ﴿ولتأت طائفة أخرى لم يصلوا﴾ با دەستەکەی تر کە نوێژیان نەکردووە بێن لە پاش تۆوە نوێژ دابەستن بە جەماعەت ﴿فليصلوا معك﴾ با رکاتێک لەگەڵ تۆدا بکەن کەبۆ تۆ دەبێتە رکاتی دووەم و بۆ ئەوان رکاتی یەکەمە، ئەمجار تۆ لە تەحیات دا چاوەڕوانی ئەوان بکە با بۆ خۆیان هەڵسنەوە

رکاتی دووەم تەواو بکەن و ئەمجار تەحیات لەگەڵ تۆ بخوێنن و سەلامیان پێ بدەرەوە، بەم جۆرە دەستەی یەکەم شەرەفی (الله أکبر)ی نوێژ دابەستنیان پێ بڕا، دەستەی دووەمیش شەرەفی سەلام دانەوە لەگەڵ تۆ یان پێ بڕا، ﴿وليأخذوا حذرهم وأسلحتهم﴾ با ئەم دەستەی دووەمیش وریابن و حەزەری خۆیان وەربگرن و چەکەکانیان پێ بن و لەکاتی نوێژ کردن دا دایان نەنێن!

تێبینی دەکرێ کە بۆ دەستەی دووەم وێڕای ئەوە کە فەرمانیان پێ کردن بەوە کە لە کاتی نوێژەکەش دا چەکەکانیان پێ بێ، فەرمانی ئەوەشی پێ کردن کە وریاو ئاگاداریش بن دوژمن پەلاماریان نەدا!! حیکمەتەکەشی وەکوو راڤەکەرانی قورئان نووسیویانە- ئەوەیە دوژمن لەوانەی بۆ تاقمی یەکەم کە نوێژ دەکەن وابزانێ راوەستانەکەیان بۆ بەرامبەر یو بەرگرییە، نەزانن بۆ نوێژە، جا کە دەچنە سوژدە ئەو کاتە دەزانن ە خەریکی نوێژن دەشزانن کە تاقمی دووەمیش نوێژ دەکەن جا کە دەستەی دووەم دێنە پێشەوە بۆ نوێژ کردن و ریز دەبن لەسەرتاوە دوژمن دەزانێ کە ریز بوونەکەیان بۆ نوێژە، بۆیە زیاتر وێ دەچێ کە لە کاتی چوونە سوژدەدا دوژمن پەلاماریان بدا و غافڵ گیریان بکا!

پەروەردگار بۆ خۆی باییس و هۆی فەرمان بە وریایی و هەڵگرتنی چەک لە کاتی نوێژ دا دیاری دەکاو دەفەرموێ: ﴿ود الذين كفروا لو تغفلون عن أسلحتكم وأمتعتكم﴾دوژمنی کافر و سەرسەختتان ئاواتە خوازی ئەوەیە: کە ئێوە بەهۆی نوێژەوە ئاگاتان لە چەک و پێویستییەکانی جەنگ نەمێنێ و غافڵ بن ﴿فيميلون عليكم ميلة واحدة﴾ هەڵمەتتان بۆ بێنن و غافڵ گیری پەلامارتان بدەن و هەڵکوتنە سەرتان و سەربکێشێ بۆ کوشتن و بڕینی خۆتان تاڵان و بڕۆکردنی شت ومەکەکانتان. پەروەردگار دەیەوێ ئێوە سەرکەوتوو سەرفیراز بن، بۆیە فەرمانتان پێ دەکا بە وریایی و ئاگاداری.

ئەمجار پەروەردگار ئەو عوزر و بەهانانەتان بۆ دیاری دەکا کە دەشێ لەگەڵ بوونیان دا چەک دابندرێ و هەڵنەگیرێ، دەفەرموێ: ﴿ولا جناح عليكم إن

کان بکم أذی من مطر أو کنتم مرضی أن تضعوا أسلحتکم﴾ گوناهتان لەسەر نیە ئەگەر هەڵگرتنی چەکێ تووشی نارەحەتی‌یەکی زۆری دەکردن، یان لەش و لارتان بە باران تەڕ بووبوو، یان نەخۆش بوون، تاوانبار نابن ئەگەر چەکەکانتان دابنێن و خۆتان وشکێ بکەنەوە، یان تیماری برینتان بکەن، یان خۆتان بکەنەوە بۆ ئەوەی پزیشکێ فەحصتان بکا و ئەم جۆرە عوزرانە! بەڵام وریاو ئاگادار بن دوژمن غافڵ گیرتان نەکا و فرسەتتان لێ نەهێنێ، هەموو کاتێ ترسی پەلاماری دوژمنتان بێ! کەمتەرخەم مەبن! ﴿وخذوا حذرکم﴾ حەزەر وەربگرن و وریاو ئاگادار بن، ﴿إن الله أعد للکافرین عذابا مهینا﴾ دڵنیا بن پەروەردگار سزای بە ئێش و ریسوا کەری بۆ کافرەکان ئامادە کردووە، لە جیهان دا زاڵ بوونی موسوڵمانان بەسەریاندا و ژێر دەستە کردنیانە کە ژێردەستەیی و تێشکان شتێکی زۆر ناخۆشە[٦]، لە قیامەتیش دا سزای هەمیشەیی و نەبڕاوە لە ناو دۆزەخ دا... ئەمە هەڕەشەیە بۆ کافرەکان بەوە کە خودا ریسوایان دەکاو دەیانپرووێنێ و هیچ کاتێ یارمەتیان نادا و زاڵیان ناکا، ئەوەش کە فەرمان بە موسوڵمان کراوە کە وریا بن و حەزەریان هەبێ لە کافرەکان ئەوە پەیڕەو کردنی سوننەتی خودایە، لەوەدا کە بۆ هەر شتێکێ هۆکارێکی دأناوە، بۆ ئەوەی تەمبەڵی نەکەن و هۆکارەکان پاشگوێ نەخەن!

﴿فإذا قضیتم الصلاة فاذکروا الله﴾ هەر کاتێ نوێژی ترستان بەو شێوەی باسکرا ئەنجام داو سەلامتان دایەوە، ئەمجار لەبەر خۆتانەوەو لە دڵی خۆتان یادی خودا بکەن بە هەموو شێوەیەکێ ﴿قیاما وقعودا وعلی جنوبکم﴾ بەڕاوەستانەوە بە دانیشتنەوە بە راکشانەوە، لە هەموو کات و شوێنێکێ دا یادی نیعمەت و بەخشش و بەڵێن و یارمەتی دانتان لە دونیاداو دەستکەوتی پاداشی قیامەت و بە مراد گەیشتنتان بکەن، بە زوبان (الله أکبر) و پاڕانەوەو (أستغفر الله) بکەن، یاد کردنەوەی خودا دڵ بەهێز دەکا، ورە بەرز دەکاتەوە، بە خۆڕاگری و ئارام گرتن

[٦] شاعیر دەڵێ: وای لەرۆژی رەش، ئای لە بێ کەسی
ئای لە کەساسی کاتی ژێر دەسی.

سەرکەوتن بەسەر دوژمن دا دەستە بەر دەبێ ﴿فإذا اطمأننتم﴾ ئەگەر دڵنیا بوون و ترستان نەما بەم جۆرە شەڕ کۆتایی هات، گەڕانەوە بۆ زێد و نیشتمانی خۆتان، ئەوە ﴿فأقیموا الصلاة﴾نوێژەکانتان بە تەواوی و بە ئاسایی بکەن، روکن و شەرتەکانیان بە ڕێک و پێکی ئەنجام بدەن، چونکە نوێژ، روکنێکی گرنگی ئایینە، نابێ هیچ کاتێ کەمتەرخەمی تێدا بکرێ! تەنانەت لە کاتی ترس و تەنگانەی تێک ڕژان و بەرامبەری کردنی دوژمنیش دا نابێ پاشگوێ بخرێ.

ئەو حوکمانەی لەم ئایەتانە وەردەگیرێن بە پوختی ئەمانەن:

ئایەتەکان حوکمی کوت کردنەوەی نوێژی چوار رکاتی لەسەفەر دا و چۆنیەتی ئەنجام دانی نوێژی ترس روون دەکەنەوە!

أ-زانایانی ئیسلامی چەند رایەکی جیاجیایان دەربارەی کورت کردنەوەی نوێژ هەیە.

کۆمەڵێک لە فوقەها، حەنەفیەکانیش لەگەڵ دان، دەڵێن: کورت کردنەوەی نوێژ لە سەفەردا فەرزە، چونکە عائیشە (خوا لێی رازی بێت) دەڵێ: ((فرضت الصلاة رکعتین رکعتین)) قورطوبی دەڵێ: ئەم حەدیثە نابێتە بەڵگە چونکە عائیشە بۆ خۆی بە پێچەوانەی مانای ئەم حەدیثە کاری کردووە.

چەسپاوە کە ئەو لەسەفەر دا نوێژی بە کورتکراوەیی نەکردووە، ئەمەش حەدیثەکە لە بەڵگایەتی دینێتە خوارێ، زیاد لەوە فوقەها کۆکن لەسەر ئەوە کە ئەگەر ریبوار لە دوا کەسێکی نیشتەجێوە نوێژی کرد دەبێ نوێژەکەی بە تەواوی بکا.

ب- کۆمەڵێکی تر هەن کە (عومەری کوڕی خەتتاب و ئیبنو عەبباس و جوبەیری کوڕی موطعیم)ن دەڵێن: نوێژی چوارینە لە ماڵەوە چوار رکات فەرز کراوە لەسەفەر دا دوو رکات، لەنوێژی ترسدا یەک رکات!

جـ- ئـەوەی کـە بـاوە لـە ڕێبـاز (مذهـــب)ی مـالیکـ دا ئەوەیـە: کـورت کردنەوەی نوێژ سوننەتە. شافیعی و ئەحمەد دەڵێن: کــورت کردنـەوەی ڕوخصەتـە، ڕێبوار دەتوانێ کورتیان بکاتەوە یان بەتەواوی بیان کا. ئایەتەکەش ﴿فليس عليكم جناح أن تقصروا من الصلاة﴾ ئەوە دەگەیەنێ! دەی باشە کامیان باشترە؟ ئەوەی لە مەزهەبی مالیکـ دا بەڕاست زانراوە ئەوەیە: ڕێبوار ئـازادە لـەوەی نوێـژ کـورت بکاتەوە یان تەواو بیان کا! بەلای حەنبەلی‌یەکانەوە کورت کردنەوە باشترە لە تەواو کردن، چونکە پێغەمبەر ﷺ وای کردووە.

د- ئەو سەفەرەی کە کـورت کردنـەوەی تێـدا ڕەوایـە سـەفەری درێـژە، کـە زۆربەی جار وادەبێ نارەحەتی تێدا دەبێ، سەفەری درێژ بەلای حەنەفی‌یەکانەوە سێ ڕۆژە ڕێ‌یە کە نزیکەی نۆوەد و شەش کیلۆمەتر دەبێ، بـەلای جـەماوەری زانایـانی ترەوە دەبێ درێژی سەفەرەکە چل و هەشت میلی هاشمی بێ، یان دوو ڕۆژە ڕێ بێ بەبێ شەوەکان یـان دوو شـەوە ڕێ بـێ بـەبێ ڕۆژەکانیـان، یـان شـانزە فرسـەخ کـە نزیکەی هەشتاو نۆ کیلۆمەترە.

هـ- یەکگرتنی زانایانی ئیسلام هەیە لەسـەر ئەوەیـە کـە کـورت کردنـەوە دروستە لە ڕێگای چوون بۆ غەزا و چوون بۆ حەج و عەمرە و بەسەر کردنەوەی خـزم و کەس و کارو ئـەم جۆرە شـتانە، بـەلام لـە شـتی تـردا ڕای جیایـان تێـدا پـەیدا بووە...!

جەماوەری زانایان لەسەر ئەوەن کە کورت کردنـەوە لـە سـەفەری حـەلال دا ڕەوایـە، وەکـوو سـەفەری بازرگـانی و حـەج و جیـهاد و ئـەو جۆرە شـتانە بـــەلام لەسەفەری گوناهـ دا وەکوو چۆن بۆ چەتەیی و دزی کورت کردنەوە دروست نییە.

و- ئەبو حەنیفەو ئەوزاعی دەڵێن: لە هەموو سەفەرێکـ دا کورت کردنـەوە دەبێ، تەنانەت ئەگەر کابرا بەسەفەرەکەی تاوانباریش ببێ هەر بۆی هەیە نوێژەکان کورت بکاتەوە. ئەمجار زانایان ڕا جیاییان تێدا پـەیدا بـووە لـەوەدا ئـاخۆ ڕێبـوار کەی دەست دەکا بە کورت کردنەوە؟

جەماوەری زانایان رایان وایە: کە ڕێبوار تا لە ئاوەدانی و ئەو شوێنەی کە سەفەری لێوە دەکا، تێ دەپەڕێ و لە سنوورەکەی دەرنەچێ، بۆی نیە نوێژ کورت بکاتەوە. لە حارثی کوڕی ئەبو رەبیعە، دەگێرنەوە: جارێک ویستی سەفەر بکا هەر لە ماڵی خۆیان دا دوورکات نوێژی بە هاوەڵەکانی کرد! واتە: نوێژی کورت کردەوە. هاوەڵەکانیشی ئەسوەدەی کوڕی زید و چەند کەسێک لە هاوەڵانی ئیبنو مەسعوود بوون! عەطای کوڕی ئەبو رەباح و سولەیمانی کوڕی موساش رایان وایە: کە هەر لە ماڵەوە دەتوانێ دەست بە کورت کردنەوە بکا.

ئەو کاتە مانای ئایەتی ﴿وإذا ضربتـــم في الأرض﴾دەبێ بەم جۆرە واتا بکرێ: (وإذا عزمتم على الضـــــرب في الأرض= کە بڕیاری سەفەر کردنتان داو ویستتان بڕۆن).

جا ئەگەر یەکێک سەفەری کردو لە شوێنێک نیەتی مانەوەی هێنا، ئەوا مالیک و شافیعی و ئەحمەد دەڵێن: ئەگەر نیەتی مانەوەی چوار رۆژی هێنا لەو شوێنە، دەبێ نوێژەکانی بەتەواوی بکا، ئەحمەد رایەکی تری هەیە، دەڵێ ئەگەر مانەوەکەی ماوەی بیست و یەک نوێژی فەرزی تێدا دەکرا واتە: چوار رۆژ و چەند سەعاتێک، ئەوا نوێژەکانی کورت دەکاتەوە ئەگەر زیاتر بوو تەواویان دەکا.

حەنەفییەکان دەڵێن: ئەگەر نیەتی مانەوەی پانزە رۆژی هەبوو تەواویان دەکا، ئەگەر کەمتر بوو کورتیان دەکاتەوە. سەفەریی کە کەوتە سەفەرەوە سەفەرەکەی چەند ساڵێکیش بخایەنێ تا لەسەفەردا بێ و نەگەڕێتەوە بۆ شوێنی خۆی نوێژەکانی کورت دەکاتەوە، مەگەر شوێنێک بکاتە زێدی خۆی و تێیدا بمێنێتەوە.

نوێژی خەوف کە لە قورئان دا باس کراوەو بەو شێوە ئایەتەکە کردنەکەی دیاری کردووە، کاتێک وا دەکرێ کە دوژمن لە غەیری لای رووی قیبلەوە بێ، لە غەزای زاتوریقاع دا وارێکەوتبوو، دوژمن لە غەیری لای رووی قیبلەوە بوو، بەڵام لە عوسفان داو لەچەند غەزایەکی تردا، کە ئیبنو عومەر شێوەی نوێژ کردنەکەی

پێغه‌مبه‌ر ﷺ و هاوه‌ڵانی ده‌گێڕێته‌وه وا هه‌ڵکه‌وتبوو که دوژمن له‌رووی به‌ری قیبله‌وه بوو.

له‌و فه‌رموودانه‌ی له پێغه‌مبه‌ره‌وه ﷺ ریوایه‌ت کراوه ده‌رباره‌ی چۆنیه‌تی کردنی نوێژی ترس چه‌ند جیاوازی‌یه‌ک هه‌یه. زانایانی ئیسلامیش به‌هۆی جیاوازی ریوایه‌ته‌کان رای جیاجیایان بۆ په‌یدا بووه.

ئیبنولقه‌صار ده‌ڵێ: پێغه‌مبه‌ر ﷺ له ده شوێن نوێژی ترسی له‌گه‌ڵ هاوه‌ڵه‌کانی دا کردووه.

ئیبنو لعه‌ره‌بی ده‌ڵێ: ریوایه‌ت کراوه: که پێغه‌مبه‌ر ﷺ بیست و چوار جار نوێژی ترسی ئه‌نجام داوه.

ئیمامی ئه‌حمه‌د ده‌ڵێ: ئه‌وه‌ی من شکی ده‌به‌م له‌شێوه‌ی کردنی نوێژی ترس و گومانم تێیدا نیه. ئه‌و فه‌رمووده‌یه‌یه: که ثابیت له ئه‌نه‌سه‌وه گێڕاویه‌ته‌وه له‌م باره‌یه‌وه، به‌هه‌ر حاڵ هه‌ر موسوڵمانێ نوێژی ترس بکا به‌پێی یه‌کێ له‌و ریوایه‌تانه‌ی تر که‌وان له کتێبه‌کانی حه‌دیث دا ئینشائه‌ڵله نوێژه‌که‌ی وه‌رگیراو و په‌سه‌نده لای خودا.

١-ئه‌بو حه‌نیفه‌و محمد ره‌حمه‌تی خودایان لێ بێ ده‌ڵێن: به‌م شێوه نوێژی ترس ده‌کرێ: پێشه‌وا جه‌نگاوه‌ران بکا به دوو تاقم؛ تاقمێک له‌گه‌ڵ پێش نوێژ نوێژ داده‌به‌ستن و تاقمێک له‌به‌رامبه‌ر دوژمن دا راده‌وه‌ستن، پێش نوێژ رکاتێک و دوو سوژده به تاقمی یه‌که‌م ئه‌نجام ده‌داو ئه‌مجار ده‌چن بۆ به‌رامبه‌ری دوژمن. تاقمی دووه‌م دێن نوێژ داده‌به‌ستن پێش نوێژ به‌وانیش رکاتێک و دووسوژده ئه‌نجام ده‌دا، ئه‌و بۆ خۆی سه‌لام ده‌داته‌وه به‌ڵام نوێژ که‌ره‌کان سه‌لام ناده‌نه‌وه به‌ڵکو ده‌گه‌ڕێنه‌وه بۆ به‌رامبه‌ر دوژمن، ئه‌مجار تاقمی یه‌که‌م دێنه‌وه بۆ شوێن نوێژی خۆیان، یان هه‌ر له شوێنی خۆیان به‌بێ خوێندنی فاتیحه رکاته‌که‌یان ده‌که‌ن و ته‌حیات ده‌خوێنن و سه‌لام ده‌ده‌نه‌وه وه ده‌گه‌ڕێنه‌وه بۆ به‌رامبه‌ر دوژمن بۆ پارێزگاری، ئه‌مجار تاقمی دووه‌م دێنه‌وه رکاتی دووه‌میان به خوێندنی فاتیحه‌وه ته‌واو ده‌که‌ن بۆیه‌ش فاتیحه ده‌خوێنن چونکه ئه‌مان له‌گه‌ڵ پێش نوێژ دا له‌سه‌رتاوه نوێژیان دانه‌به‌ستووه، واته:

حوکمی مەسبوقیان هەیە، ئەم شێوە نوێژ کردنە ئیمامی زوهری لە سالم ئەویش لە باوکی یەوە ریوایەتی کردووە، هەر هەمان شێوە لە نافیع لە ئیبنو عومەر و لە حەدیسێکی (متفق علیه) دا لە ئیبنو عەبباس ریوایەت کراوە.

٢- عەبدولرەحمانی کوڕی ئەبولەیلا دەڵێ: ئەگەر دوژمن لەلای قیبلەوە بوو ئیمام جەنگاوەران دەکاتە دوو تاقم (دوو ریز) ئیمام نوێژ دادەبەستێ ئەوانیش لەگەڵی دا هەموویان نوێژ دادەبەستن، کە پێش نوێژ دەچێتە رکوع هەموویان لەگەڵیدا دەچنە رکوع، کە دەچێتە سوژدە ریزی یەکەم لەگەڵی دا دەچنە سوژدە، ریزی دووەم پاریزگاری دەکەن لە نوێژ دا بەرامبەر دوژمن دەوەستن، کە ریزی یەکەم سوژدەیان تەواو کرد ریزی دووەم دەچنە سوژدە، کە لێبوونەوە لە سوژدە هەڵدەستنەوە، ئیتر ریزی دووەم دێنە پێشەوە و ریزی یەکەم دەچنە دواوە، ئیمام رکاتی دووەم بە ریزی دووەم کە ئێستا بوونە یەکەم- دەکا واتە ئەمانیش لەگەڵ ئیمام دەچنە سوژدەوە ریزی دووەم پاریزگاریان دەکەن.

ئەگەر دوژمن لە رووی لای قیبلەوە بوو ئیمام جەنگاوەران دەکا بە دوو ریز! ریزێک لەگەڵ ئیمام روویان لە قیبلەو ریزێکیان روویان لە دوژمن، ئیمام (الله أكبر)ی نوێژ دابەستن دەکا ئەوانیش هەموویان (الله أكبر) دەکەن.. ئیمام دەچێتە روکوع هەموویان لەگەڵی دەچنە روکوع کەدەچێتە سوژدە هەر ریزی یەکەم کە رووی لە قیبلەیە لەپاش ئیمامەوەن لەگەڵیدا دەچنە سوژدە دوو سوژدەی خۆیان ئەنجام دەدەن ئەمجار هەڵدەستنەوەو وەردەچەرخێن و روو لە دوژمن دەکەن و تاقمی دووەم دێن لە پاش ئیمامەوە بۆ خۆیان دوو سوژدە دەبەن ئەمجار لەگەڵ ئیمام دا هەموویان رکاتی دووەم وەکوو رکاتی یەکەم ئەنجام دەدەن تەنها ئەوەندە هەیە ریزەکان گۆڕدراون ئەوانەی لە رکاتی یەکەم دا روویان لە دوژمن بوو ئێستا لە پاش ئیمامەوە روویان لە قیبلەیە و ئەوانەی لە رکاتی یەکەم دا لە پاش ئیمامەوە بوون روویان لە دوژمنە. کە لە رکاتی دووەم ئیمام دەچێتە سوژدە هەر ریزی یەکەم لەگەڵی دان دەچنە سوژدە، ریزەکەی تر پاریزگاری دەکەن ئەمجار کە ئەم ریزە

سوژدەکانیان ئەنجام دا دەچنەوە بەرامبەر دوژمن و ئەوانی تر دێنەوە پێشەوە لەگەڵ ئیمام دا سوژدەکانیان تەواو دەکەن و ئەمجارە هەموویان سەلام دەدەنەوە!

ئیبنو عەبباس دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ لە عەسفان بەم شێوە نوێژی ترسی بە موسوڵمانان کرد! ئەحمەد و موسلیم و ئیبنوماجە لە حەدیثی جابر ریوایەتیان کردووە. شافیعیەکان و حەنبەلی‌یەکان ئیعتمادیان لەسەر ئەم حەدیثە کردووە ئەگەر دوژمن لە رووی قیبلە بێ!

ئیمامی مالیکێ دەڵێ: نوێژی ترس بەم شێوە دەکرێ: ئیمام تاقمێک پێش دەخا بەرەو رووی قیبلە، تاقمێکیش لەبەرامبەر دوژمن دادەمەزرێنێ، رکاتێک و دوو سوژدە بەو تاقمەی لەگەڵی دان ئەنجام دەدا، ئەمجار بۆ خۆی بە پێوە دەوەستێ و کۆمەڵەکەی لەگەڵی دا بوون بۆ خۆیان رکاتەکەی تر تەواو دەکەن و تەحیات دەخوێنن و سەلام دەدەنەوە، دەچن بۆ شوێنی ئەو تاقمەی کە نوێژیان نەکردووە، لە شوێنی ئەوان لە بەرامبەر دوژمن دادەمەزرێن و تاقمەکەی تر دێ نوێژ لە پاش ئیمامەوە دادەبەستن ئیمام رکاتێک و دوو سوژدەیان لەگەڵ دەکا، ئەمجار دادەنیشن بۆ تەحیات، تەحیات دەخوێنن و ئیمام سەلام دەداتەوە و ئەوانیش هەڵدەستنەوە بۆ خۆیان رکاتەکەی تریان تەواو دەکەن.

ئەحمەد و موسلیم و بوخاری و خاوەنەکانی سونەن جگە لە ئیبنو ماجە وایان ریوایەت کردووە: کە پێغەمبەر ﷺ لە رۆژی (ذات الرقاع)دا بەم شێوەیە نوێژی ترسی بە موسوڵمانان کردووە. ئەم شێوەیە بۆ حاڵەتێکە کە دوژمن لەلای راستی قیبلەوە نەبێ.

جوداوازی نێوان مالیکێ و زاناکانی دیکە لەم مەسەلەیەدا ئەوەیە: ئەوان دەڵێن: پێش نوێژ سەلام ناداتەوە هەتا دەستەی دووەم نوێژەکەیان تەواو دەکەن ئەمجار لەگەڵ ئەوان سەلام دەداتەوە.

شەرع زانەکان دەربارەی کردنی نوێژی ترسی شێوان (مغرب) راجیاییان هەیە؛ حەنەفی و مالیکی و شافیعی‌یەکان دەڵێن: ئیمام بەدەستەی یەکەم دوورکات دەکاو بە دەستەی دووەم رکاتێک، ئەمجار مالیکی و شافیعی‌یەکان دەڵێن: پێش

نوێـژ لـە ركـاتی سـێیەم دا بـەپێوە چـاوەڕوانی دەكـا تـا دەسـتەی دووەم دێـن و نوێژەكەیان دادەبەستن و لەگەڵیاندا ركـاتی تـەواو دەكـا، بـەلای شـافیعی‌یەكانەوە چاوەڕوانی دەكات دەستەی دووەم نوێژەكەیان تەواو دەكەن ئەمجار بەیەكەوە سەلام دەدەنەوە.

ئایەتی ﴿وليأخذوا أسلحتهم﴾و ﴿وليأخذوا حذرهم وأسلحتهم﴾ فـەرمان دەكەن بە موسوڵمانان كە وووریا بن و حەزەریان هەبێ لە دوژمن بۆ ئـەوەی دوژمـن فرسەتیان لێ نەهێنێ و تەماعیان تێ نەكەن!

ئەوجا بابزانین هەڵگرتنی چەكْ لە نوێژی ترس دا واجبە یان سوننەتە؟ ئەبو حەنیفە دەڵێ: چەكْ هەڵگرتن واجب نیە، چونكە ئەگەر واجب بوایـە، دەبوایـە بێ چەكْ نوێژ دروست نەبوایە، بەرپەرچی ئەبو حەنیفە دراوەتەوە بەوە كە هەڵگرتنەكە لەبەر نوێژەكە نیە، لەبەر بەرژەوەندی خۆیانە، بـۆ بـەهێز كردنـی موسـوڵمانانە زۆر كردنی سام و هەیبەتە لێیان... ئیبنولعەبدول بەر دەڵێ: زۆربەی زانایان بەلایانەوە باشـە نوێـژ كـەری نوێـژی تـرس بـە چەكـەوە نوێـژ بكـا، فـەرمانی ئایەتەكـە ﴿وليأخذوا...﴾ سوننەت دەگەیەنێ!

ئیبنو عەرەبی كـە مـالیكی مەزهەبـەو ئیمـامی شـافیعی و ظاهیرییـەكان پێیان وایە، هەڵگرتنی سیلاح بۆ نوێژ واجبە، چونكـە خـودا فـەرمانی پـێ كـردووە مەگەر بۆ هەڵنەگرتنەكەی عوزری هەبێ! ﴿إن الصلاة كانت على المؤمنين كتابـا موقوتا﴾.بێگومان نوێژ ئەركی سەر شانی موسوڵمانانەو بە بڕیاری خـودا لەسـەریان واجب كراوەو كاتی ئی‌نجام دانی هەموو نوێژێكْ دیاری كراوە.

هەڵنانی موسوڵمانان بۆ جەنگ و چاوەڕوانی یەکێ لە دوو بەهرە

وَلَا تَهِنُوا فِي ٱبْتِغَآءِ ٱلْقَوْمِۖ إِن تَكُونُوا تَأْلَمُونَ فَإِنَّهُمْ يَأْلَمُونَ كَمَا تَأْلَمُونَۖ وَتَرْجُونَ مِنَ ٱللَّهِ مَا لَا يَرْجُونَۗ وَكَانَ ٱللَّهُ عَلِيمًا حَكِيمًا ﴿١٠٤﴾

لە ئایەتەکانی پێشوودا باسی چۆنیەتی کردنی نوێژی ترسی کرد و موسوڵمانانی هەڵنان کە هەمیشە وریاو ئاگادار بن ترسی ئەوەیان هەبێ دوژمن هێرشیان بۆ بەرێ و پەلاماریان بدات.

لەم ئایەتەی دوایی دا نەهی ئەوەیان لێ دەکا کە لە شەڕ و بەگژاچوونەوەی دوژمنان هەڵسلەمنەوەو بترسێن و زەبوونی نیشان بدەن، چونکە ئێش و ئازاری شەڕ هەرچەندە هەردوو لا تێیدا هاوبەشن بەڵام موسوڵمانان چاوەڕوانی یەکێ لە دوو شتە باشەکان دەکەن؛ یان سەرکەوتن یان شەهید بوون و بە مراد گەیشتن لە بەهەشت دا. ئەم ئایەتە هەڵنان و ورە بەرنانە بۆ موسوڵمانان کە کۆڵەشەڕ نەکەنەوە و باکیان لە بریندار بوون و تووش هاتنی تەنگێ و چەڵەمە نەبێ!

زانایان دەفەرموون: ئەم ئایەتە لە دوای شەڕی ئوحود دا هاتۆتە خوارێ، ئەوەبوو: فەرمان کرا بە پێغەمبەر ﷺ کە شوێن کافرەکان بکەوێ، هەر ئەوانەش لە تەکیا بن کە بەشداری شەڕەکەیان کردووە، تەنانەت بڕێکیش لە موسوڵمانەکان بریندار و ماندوو و شەکەت بوون پێویستیان بەوە بوو ئیستیراحەت بکەن و بحەسێنەوە چونکە تازە شەڕەکە کۆتایی هاتبوو، هێشتا برینەکان نەبرژێنرابوونەوەو دەرمان نەکرابوون، فەرمانیان پێ کراو رووی خیطابیان تێ کراو پێیان گوترا: ﴿ولا تهنوا في ابتغاء القوم﴾ زەعیف و لاواز مەبن لەئاست شەڕ کردن

لەگەڵ دوژمن دا، کە لە نوێژ بوونەوە هەمیشە چوست و چالاک و پێشمەرگە بن، ئامادەی شەڕ کردن و هێرش بردن و بەرگری کردن بن، دوودڵ مەبن لە چوونە گۆڕەپانی شەڕی یەک لا کەرەوە (حاسم) لەگەڵ دوژمن، بە بیانووی ئەوەی ماندوو دەبن بریندار دەبن، دەکوژرێن، ئەوانیش وەکوو ئێوە گۆشت و خوێنن ﴿إن تكونوا تألمون فإنهم يألمون كما تألمون﴾ ئەگەر ئەوە بکەنە بیانوو کە ئێش و ئازارتان پێ دەگا، ئەوە بێگومان ئەوانیش ئێشیان پێ دەگا وەکوو ئێوە ئێشتان پێ دەگا، ئەوانیش ئادەمیزادن و خۆڕادەگرن ئەدی بۆچی ئێوە خۆڕاناگرن؟؟ خۆ ئێوە شیاوترن بۆ خۆڕاگرتن! ئەگەر ئێوە وورد ببنەوە بۆتان دەردەکەوێ کە ئەوان لە شەڕکردن دا ئامانجێکی پەسەند کراویان نیە، چونکە ئەوان لەسەر بەتاڵن، بەتاڵیش بەرەو نەمان دەڕواو نامێنێتەوە، ئێوە لەسەر حەقن خودا بەڵێنی سەرکەوتنی بە ئێوە داوە، بەوانی نەداوە، ئەوان پاداشیان نیەو کردەوەکانیان بەروبوومی نابێ، ئێوە خودا بەڵێنی بەهەشتی پێداوون، ئەوان پشت و پەنایان نیە، جگە لە بتەکان یارمەتدەرێکیان نیە، بتەکانیشیان نە زەرەر و نەسوود و نەهیچ شتێکیان پێ ناگەیەنن! ئێوە بە خودا ناسیتان و بە یەکتاپەرستیتان پەنا دەبەنە بەر خودایەکی خاوەن دەسەڵات و بەتواناو باڵا دەست و خاوەن بەزەیی، خودایەکی وەها کە کلیلی گەنجینەی ئاسمان و زەوی بەدەستە، بە ویست و تواناو یارمەتی دانی ئەو سەرکەوتن دەستە بەر دەبێ وێڕای ئەوەش ﴿وترجون من الله ما لا يرجون﴾ئێوە ئومێدەوارن کە خودا ئاینی حەق و راست و رێک و پێکتان بەسەر هەموو ئاینێک دا سەربخا، چاوەڕوانی پاداش و بەهەشتی بەرین و رازاوەن، خوداش بەڵێنی یەکێک لە دوو شتە باشەکانی پێداون، یان سەرکەوتن و سەرفیرازی و ئازادی یان شەهید بوون و چوونە ناو بەهەشت!!

بەڵام ئەوان کە هیچ ئومێدیکیان بە پاشە رۆژ نیە! بڕوایان بە خودا نیە پەنا بۆ بتەکانیان دەبەن و ئەوانیش هیچیان پێ ناکرێ، هەمیشە ترسنۆک و ورە رووخاو و شلەژاون، شەڕ کردنیان یان لە ترسی سەرکردەکەیانە، یان لەبەر رەگەز پەرستی و دەمارگیری‌یە یان بۆ تەماعی داگیر کردن و خۆسەپاندن و چەوساندنەوەی

گەلانە! ئەوانیش هیچیان هی ئەوە نین کە ئادەمیزاد خۆیان بۆ بەخت بکا. ﴿وكان الله عليما﴾ پەروەردگار ئاگادار و زانایە بە حالی ئێوە ﴿حكيمــا﴾ دانایە لەو شتانەدا فەرمانتان پێ دەکا، یان نەهیتان لێ دەکا، شتێک ناخاتە سەر شانتان بەرژەوەندی دونیاو قیامەتی ئێوەی تێدا نەبێ، هەرچی پێتان دەڵێ: بەگوێرەی دانایی و زانایی خۆی سوودی ئێوەی تێدایە بۆ بەرژەوەندی ئێوەیە!

قەزاوەت کردن بە حەق و راستی و عەدالەتکاری رەها

إِنَّآ أَنزَلۡنَآ إِلَيۡكَ ٱلۡكِتَٰبَ بِٱلۡحَقِّ لِتَحۡكُمَ بَيۡنَ ٱلنَّاسِ
بِمَآ أَرَىٰكَ ٱللَّهُۚ وَلَا تَكُن لِّلۡخَآئِنِينَ خَصِيمٗا ﴿١٠٥﴾ وَٱسۡتَغۡفِرِ ٱللَّهَۖ
إِنَّ ٱللَّهَ كَانَ غَفُورٗا رَّحِيمٗا ﴿١٠٦﴾ وَلَا تُجَٰدِلۡ عَنِ ٱلَّذِينَ
يَخۡتَانُونَ أَنفُسَهُمۡۚ إِنَّ ٱللَّهَ لَا يُحِبُّ مَن كَانَ خَوَّانًا أَثِيمٗا
﴿١٠٧﴾ يَسۡتَخۡفُونَ مِنَ ٱلنَّاسِ وَلَا يَسۡتَخۡفُونَ مِنَ ٱللَّهِ وَهُوَ مَعَهُمۡ
إِذۡ يُبَيِّتُونَ مَا لَا يَرۡضَىٰ مِنَ ٱلۡقَوۡلِۚ وَكَانَ ٱللَّهُ بِمَا يَعۡمَلُونَ مُحِيطًا ﴿١٠٨﴾
هَٰٓأَنتُمۡ هَٰٓؤُلَآءِ جَٰدَلۡتُمۡ عَنۡهُمۡ فِي ٱلۡحَيَوٰةِ ٱلدُّنۡيَا فَمَن يُجَٰدِلُ ٱللَّهَ عَنۡهُمۡ
يَوۡمَ ٱلۡقِيَٰمَةِ أَم مَّن يَكُونُ عَلَيۡهِمۡ وَكِيلٗا ﴿١٠٩﴾ وَمَن يَعۡمَلۡ سُوٓءًا أَوۡ يَظۡلِمۡ
نَفۡسَهُۥ ثُمَّ يَسۡتَغۡفِرِ ٱللَّهَ يَجِدِ ٱللَّهَ غَفُورٗا رَّحِيمٗا ﴿١١٠﴾ وَمَن يَكۡسِبۡ إِثۡمٗا
فَإِنَّمَا يَكۡسِبُهُۥ عَلَىٰ نَفۡسِهِۦۚ وَكَانَ ٱللَّهُ عَلِيمًا حَكِيمٗا ﴿١١١﴾ وَمَن يَكۡسِبۡ
خَطِيٓـَٔةً أَوۡ إِثۡمٗا ثُمَّ يَرۡمِ بِهِۦ بَرِيٓـٔٗا فَقَدِ ٱحۡتَمَلَ بُهۡتَٰنٗا وَإِثۡمٗا مُّبِينٗا ﴿١١٢﴾
وَلَوۡلَا فَضۡلُ ٱللَّهِ عَلَيۡكَ وَرَحۡمَتُهُۥ لَهَمَّت طَّآئِفَةٞ مِّنۡهُمۡ
أَن يُضِلُّوكَ وَمَا يُضِلُّونَ إِلَّآ أَنفُسَهُمۡۖ وَمَا يَضُرُّونَكَ مِن شَيۡءٖۚ

وَأَنزَلَ ٱللَّهُ عَلَيْكَ ٱلْكِتَٰبَ وَٱلْحِكْمَةَ وَعَلَّمَكَ مَا لَمْ تَكُن تَعْلَمُ ۚ وَكَانَ فَضْلُ ٱللَّهِ عَلَيْكَ عَظِيمًا ﴿١١٣﴾

﴿إنا أنزلنا إليك الكتاب بالحق......﴾تیرمیذی و حاکم و ئیبنو جەریر لە قەتادەی کوڕی نوعمانەوە دەگێرنەوە: دەڵێ: ئەم ئایەتانە (١٠٥-١١٣) دەربارەی طوعمەی کوڕی ئوبەیریق کە پیاوێکی ئەنصاری بوو، هۆزی بەنو ظوفەر بوو، زرێیەکی مامی قەتادەی کوڕی نوعمان کە (رفاعە)ی ناوبوو بەئەمانەت لای دانرابوو، طوعمە دزیبووی کە پێی زانرابوو گومانی لێ کرابوو، چوویوو خستبوویە ناو جەواڵێک کە ئاردی تێدا بوو، جەواڵەکە کونێکی تێ بوو بردبووی لە ماڵی زەیدی کوڕی سەمین کە جوولەکە بوو دایناببوو؛ هەر ڕۆیشتبوو ئاردی لێ ڕژابوو! دوایی داوای زرێیەکەیان لە طوعمە کردەوە، زرێیەکەیان نەدۆزییەوە طوعمە سوێندی خوارد کە ئاگای لێ نیەو پێی نازانێ، بەهۆی ئاردە ڕژاوەکە سۆراغیان هەڵگرت تا بردیانە ماڵی جوولەکەکە لەوێ زرێیەکەیان دۆزییەوە، کابرای جوولەکە وتی طوعمە هێناویەتیە ئێرە، چەند کەسێکی جوولەکەش شایەتیان لەسەر ئەوە دا!! بەڵام طوعمە ئینکاری کرد، هۆزی بەنوظوفەر کە کەس و کاری طوعمە بوون- وتیان با بچین بۆ لای پێغەمبەر، کە چوونە خزمەتی وتیان ئەی پێغەمبەری خودا ئەم خزمەی ئێمە بەریئو بێ تاوانە لەوەی زرێیەکەی دزیوە زەیدی کوڕی سەمینەو ئێمە ئاگادارین بە خۆڕایی ئەم بوختانەیان بە طوعمە کردووە، قەتادەو مامی بە ئەنقەست ماڵێکی موسوڵمانی وەکوو ئێمەیان تاوانبار کردووە هیچ بەڵگەو شایەتیشیان نیە، داوایان لە پێغەمبەر کرد کە دیفاع لە خزمەکەیان بکا، وتیان ئەگەر وانەکەی طوعمەی خزممان تێدا دەچێ و دزی یەکەی لەسەر دەچەسپێ و کابرای جوولەکە ڕزگاری دەبێ، پێغەمبەر ﷺ خەیاڵی بوو وابکا، چونکە پێی خۆش بوو ئەوان سەربکەون و جوولەکەکە سزا بدرێ، بەتایبەتی زرێ دزراوەکە لە ماڵی جوولەکەکە دۆزرابووەوە قەتادە دەڵێ: کە چووم لەگەڵ

پێغەمبەر ﷺ قسەم کرد فەرمووی چۆن ئێوە بەبێ بەڵگە و شایەد ماڵێکی موسوڵمان و خواناس لەکەدار دەکەن و گومانی دزییان دەخەنە سەر؟؟ قەتادە دەڵێ: گەڕامەوە پێم خۆش بوو زۆربەی ماڵەکەمان بڕۆیشتایە بەڵام ئەو قسەیەم لە پێغەمبەر ﷺ نەبیستایە!! ئیتر ئەم ئایەتانە هاتنە خوارێ ئەمە ریوایەتی زۆربەی راڤەکەرانی قورئانە.

دەگێڕنەوە دەڵێن: طوعمە هەڵهات بۆ مەککەو پاشگەز بووەوە لە کاتێکا کە خەریکی دزی بوو دیوارێکی بەسەردا رووخاو مرد.

بەڵێ لەم کات و بارودۆخەدا کە جوولەکەکان تیری ژەهراوی خۆیان ئاڕاستەی ئیسلام و موسوڵمانان دەکرد، لەو کاتەدا کە جوولەکەکان درۆ و دەلەسەیان لە دژی پێغەمبەر ﷺ بڵاو دەکردەوە، کافرەکانیان دنەدنە دەدا، دووڕووکانیان هەڵدەنا، رێگای پیلان و دژایەتیان بۆ دەست نیشان دەکردن، پڕوپاگەندەیان بڵاو دەکردەوە، عەقڵ و هۆشی خەڵکیان چەواشە دەکرد، تانەو تەشەریان ئاڕاستەی سەرکردایەتی پێغەمبەر ﷺ دەکرد، شکە و گومانیان دەخستە سەر نیگاو پێغەمبەرایەتی پێغەمبەر، هەوڵی ئەوەیان دەدا کۆمەڵگای ئیسلامی لە ناخەوە گەندەڵ بکەن، سەرەڕای ئەم هەڵوێستە نامەردانەشیان دوژمنانی دەرەکییان هان دەدان کە هێرش بکەنە سەر موسوڵمانان... ئەمانەش هەموو لەکاتێکە دا کە دەوڵەتی ئیسلامی لە مەدینەدا ساواو تازە رسکاو بوو، داب و نەریتی سەردەمی نەزانی و دەمارگیری و رەگەز پەرستی و پاشماوەی لە دڵ و دەروونی هەندێ کەسدا مابوو، پەیوەندی و بەرژەوەندی خزمایەتی و تایەفە گەری لە نێوان هەندێ موسوڵمان و موشریکەکان دا، لە نێوان دووڕوو و جوولەکەکان دا خەتەرێکی سامناکی هەبوو لەسەر یەکڕیزی موسوڵمانان.

ئالەم کاتە ناسکەدا، لەم بارو دۆخە سامناکەدا ئەم ئایەتانە نازڵ دەبن بۆ سەر پێغەمبەر و کۆمەڵی موسوڵمانا، بۆچی؟ بۆ ئەوەی بە ناڕەوا کابرایەکی جوولەکە تاوانبار نەکرێ، کابرایەکی جوولەکە کە لە خوت و خۆڕایی تاوانباریان کردووە بە دزی، ئایەتەکان هاتن بۆ ئەوە پیلانێکی داڕێژراو لەلایەن بنەماڵەیەکی

موسوڵمانی یارمەتی دەرەوە (أنصار) دژی کابرایەکی جوولەکەی بێ تاوانِ پووچەڵ بکەنەوە، لە کاتێک دا لەو ڕۆژەدا ئەنصارەکان پشت و پەنای پێغەمبەر بوون جەنگاوەر و یارمەتی دەری بوون!

بێگومان چەند هۆکارێک هەبوون کە ئەو شتە داپۆشرابە، یان ئەوەندە بە توندی باس نەکرایەو و ئاشکرا نەکرایە، بەگوێرەی یاسای سەرزەوی بەگوێرەی بیرو بۆچوونی بەشەر، بەگوێرەی بەرژەوەندی کاتی و دونیایی لە ڕوانگەی یاسای ئادەمیزادەوە دەبوایە ئەو شتە چاوپۆشی لێ بکرایە و پەردەپۆش بکرایە!

ئەمە چ ئاستێکە لە عەدالەت و بەرزی و پاک و خاوێنی؟؟ چ ئاخاوتنێکە، چ قانون و یاسایە دەگاتە ئەم قورئانە، ئەم نیگا یەزدانی‌یە کە هەموو شتێک بە تەرازووی خۆی دەکێشێ تەرازوویەکی تایبەتی کە بە مووبەرزی و نزمی تێدا ناکرێ! پرۆگرام و یاسایەک کە ستەمی تیانیە تەنانەت ڕێگا نادا ستەم لە دوژمنیش بکرێ.

﴿إنا أنزلنا إليك الكتاب بـالحق﴾ ئەی پێغەمبەر! ئێمە قورئانمان بۆ ناردووی کە بریتییە لە پرۆگرام و یاساو شەریعەتی حەق و عەدل: لایەنگیری و مامە خەمەیی بۆ هیچ لایەک قبوڵ ناکا، نایەوێ ستەم لە هیچ کەس بکرێ تەنانەت ئەگەر ئەو کەسە موسوڵمانیش نەبێ! ئێمە ئەو قورئانەمان بۆ ناردویەتیە خوارێ: کە بریتی‌یە لە حەق و ڕاستی؛ هەموو شتێکی حەق و ڕاستە، هەواڵی ڕاستە، فەرمانی دروستە، حوکمی ڕەوایە، حەق بێژە ڕاستی خوازە، ﴿لتحكم بين الناس بما أراك الله﴾ بۆ ئەوەی دادوەرانە لە نێوان ئادەمیزادان دا حوکم بکەی، بەو شێوەی نیگات بۆ دەنێرم و فێرت دەکەم کێشەی خەڵک حەل بکە، تەرازووی عەدالەت خوار مەکە، بەگوێرەی نیگا حوکم بکە، ئەگەر لەو بارەوە نیگات بۆ کرابوو..، یان بە لێکۆڵینەوە وتوێژینەوەو ووردبوونەوەی خۆت (إجتهاد) بە شەریعەتی خودا حوکم بکە! ﴿ولا تكن للخائنين خصيما﴾ نەچی ببیە یارمەتیدەری خائینان و دیفاع لەو دەروون نزمانە مەکە، ئەگەر کەسێک داوای مافێکی خۆی لێ کردنەوە تۆ بەرپەرچی مەدەرەوە سستی مەکە لە گەڕان بەدوای حەق دا دەم لووسی و قسەزانی ئەوان با کارت تێ نەکەن و لە حەق لات نەدەن!

لە روانگەی ئەم ئایەتەوە زانایانی ئوصولی فیقهـ وتوویانە: پێغەمبەر ﷺ بۆی هەبووە بەگوێرەی ئیجتیهاد و توێژینەوەی خۆی حوکم بکا، هەروەها ئەم حەدیثەشیان کردووە بە بەڵگە لەسەر ئەو رایەیان، حەدیثەکە لە صەحیحەین دایەو لە ئومموسەلەمەوە دەگێردرێتەوە دەڵێ: رۆژێک لەبەر دەرگای ژوورەکەی پێغەمبەردا ﷺ دەنگە دەنگ و قرەقرێک پەیدا بوو، پێغەمبەر ﷺ هاتە دەرێ بۆ ناویان و فەرمووی: خەڵکینە! **((ألا إنما أنا بشر، وانا اقضي بنحو ما اسمع، ولعلّ أحدكم أن يكون ألحن بحجته من بعض، فأقضي له فمن قضيت له بحق مسلم فأنما هي قطعة من النار فليحملها أو ليذرها)).**

ئیمام ئەحمەد لە ئومموسەلەمەوە ئەم حەدیثە بەشێوەیەکی تر دەگێڕێتەوە بەڵام پوختەی ماناکەیان یەک دەگرێتەوە! هەرچەندە ریوایەتەکەی ئیمام ئەحمەد دوور و درێژترە!

جا ئەوانەی کەڕایان وایە: کە پێغەمبەر ئیجتیهادی بۆ هەبوو، کە زۆربەی زانایانی ئیسلامن. ئەوەشیان بەلاوە رەوایە: کە پێغەمبەر ﷺ هەڵەش بکا، بەڵام بەردەوام نابێ لەسەر هەڵە، بەڵگەش ئەم رووداوەو رووداوی فیدیە وەرگرتنی دیلەکانی بەدرە!!!؟

﴿**واستغفر الله إن الله كان غفورا رحيما**﴾داوای لێخۆش بوون بکە لەو هەڵوێستەی کە خەریک بوو بینوێنێ دەربارەی طوعمە و پاکانە بۆ کردنی لە شتێکا کە بە ووردی لێت نەکۆڵیبووەوە دەتەویست بە هەوانتە کابرای جوولەکە تاوانبار بکرێ و سزا بدرێ بێگومان خودا لێبووردوو و لێخۆشبووە، لەتاوان خۆش دەبێ، بەسۆز و بەزەیی‌یە دەربارەی بەندەکانی، ئەگەر خزم و کەس و کاری طوعمە تۆبە بکەن تۆبەکەیان وەردەگیرێ، چونکە لێخۆشبوونی زۆرە بۆ کەسێک داوای لێ خۆش بوونی لێ بکا بەزەیی فراوانە بۆ کەسێک داوای بەزەیی لێ بکا.

فەرمان کردن بە پێغەمبەر کە داوای لێخۆشبوون بکا چ دژایەتیەکی لەگەڵ بێگوناهی پێغەمبەران (عصمة الأنبيـــاء) و بێ هەڵەییان نیە، چونکە لێرەدا

پێغەمبەر ﷺ تەنها قەصدی بووە قەصدیش بە گوناهـ حسێب ناکرێ، بەڵکو ئەمە وەکوو ئەوە وایە کە دەڵێن: چاکەی باشان گوناهـە بۆ نزیکانی بارەگای ئەقدەس (حسنات الأبرار سیئات المقربین) ئەوەی بە چاکە دادەنرێ بۆ بەندە باشەکان، بۆ نزیکانی بارەگای یەزدان بە خراپـە دادەنرێ. بۆیەش فەرمانی پێ کرد بە داوای لێخۆش بوون بۆ زیدە پاداش و شارەزایی کردنی خۆی و ئوممەتەکەی کە لە حوکم کردن و قەضادا زۆر لێکۆڵینەوە توێژینەوە بکەن!

پێغەمبەر ﷺ لەم رووداوەدا پێش هاتنی ئایەتەکان حوکمی خۆی بەسەردا نەدان، هەڵوێستێکی نواند کە پێی وابوو حەقە، نیاز پاکی بەرامبەر طوعمەو خزمەکانی نیشان دا، ئەوەبوو پەروەردگار حەقیقەتی رووداوەکەی بۆ روون کردەوە بە پێچەوانەی گومانی خۆی کە لەوەوە سەری هەڵدابوو کە زۆربەی کات موسوڵمان راستگۆن و جوولەکە درۆزنن!!

ئەمجار یەزدانی خاوەن رەحم و بەزەیی؛ هۆزی طوعمەی هـەڵنا کـە داوای لێخۆشبوون بکەن و تۆبە بکەن و فەرمووی: ﴿إن الله كان غفورا رحيما﴾ دڵنیا بن کە خودا لێخۆشبوونی زۆرە بۆ کەسێک داوای لێخۆشبوونی لێ بکا رەحم و بەزەیی زۆر فراوانە بۆ کەسێک داوای رەحم و بەزەیی لێ بکا!

﴿ولا تجادل عن الذين يختانون أنفسهم﴾ ئەی محمد! تۆ بـەرگری و دیفـاع مەکە لەو کۆمەڵە گومڕایانەی کە خیانەتیان لە خۆیـان کـردووە؛ بـەوە کـە دەست درێژییان کردۆتە سەر ماڵی خەڵک و ماڵی خـەڵکیان دزیـوە دەیانـەوێ بەناحـەق بیخەنە سەر یەکێکی تر لایەنگیری ئەو خائینانە مەکە لە کـاتی کێشـەو نـیزاع دا یارمەتییان مەدە!

قورئان خیانەتکردنیانی لە خەڵک بـە خیانـەت کـردن لـە خۆیـانی دانـاوە چونکە سەرەنجام زیانی خیانەتەکە دەگەڕێتەوە بۆ خۆیـان و خیانـەتیان لـە خۆیـان کردووە ﴿إن الله لا يحب من كان خوانا أثيما﴾ بێگومان خودا دەبوغزێنێ کەسێک زۆر خیانەت بکا و تاوانکردنی لێ بوبێتە خوو و سرووشت و خراپە و خراپکاری لـێ بووبێتە عادەت و داب و نەریت! بە پێچەوانەوە ئەو کەسانەی خۆش دەوێن ئـەمین

و دەست پاکێ و زمان شیرین و بێوەیین بۆ ئادەمیزاد راستگۆو راستاڵن لە هەڵس و کەوتیان دا.

دیارە (طوعمە) زۆر ناپاکێ و خیانەتکار بووە بۆیە قورئان بە شێوەی موبالەغە (صیغەی فعّال فعیل) ئاوەڵناوی بۆ هێناون و خودا زانیویەتی چەند خیانەتکارو تاوانبار و رووچوو بووە لە گومڕایی دا بۆیە بە (خوّان) و (أثیم) ناوزەدی کردووە.

زومەخشەری دەفەرموێ: دزە کە هەر (طوعمە)بووە کەچی قورئان بە کۆ باسی کردووە فەرمویەتی ﴿للخائنین﴾و ﴿یختانون أنفسهم﴾ لەبەر دوو هۆ:

١-هۆزی بەنوظوفەر کە خزم و کەسو کاری طوعمە بوون دەیانزانی کە طوعمە دزی کردووە کەچی چوون پاکانەیان بۆ کردوو یارمەتییان دا کەوابوو بوون بە هاوبەشی لە خیانەتەکەدا.

٢-بۆیە بەکۆ ناوی هێنان بۆ ئەوەی طوعمە و هەر کەسێکێ خیانەت بکا بگرێتەوە کەوا بوو ئەی محمد! نەدیفاع لە خائین بکە، نە پشتی بگرە نە لەسەری بکەرەوە!

ئەمجار لە ئایەتی داهاتوودا خودای زاناو باڵا دەست حاڵ و چۆنیەتی خائینان دیاری دەکا، رەوشت و صیفاتی ناشیرین و قێزەونیان دەردەخاو دەفەرموێ: ﴿یستخفون من الناس﴾ رەوشتی ناشیرینی ئەو خائینانە ئەوەیە: کە تاوان دەکەن لە خەڵکی دەشێرنەوە، تاوانەکانیان بە دزی ئەنجام دەدەن، جا یان لە ترسانە یان پێیان شەرمە کەچی ﴿ولا یستخفون من الله﴾ لەخودای ناشێرنەوە، شەرم لە پەروەردگار ناکەن، کە ئەو زاناو ئاگاداری هەموو نهێنی و ئاشکراییکە، چ لەزەوی و ئاسمان دا هەبێ گەورەو بچووکێ و کۆن و نوێ هتد هەمووی لەلای خودا نمایانەو ئاشکراو عەیانە ﴿وهو معهم إذ یبیتون ما لا یرضی من القول﴾ خودایەکی وەهایە لەگەڵیانە کە نەخشە خیانەتکاریەکەیان دەکێشن... واتە: ئاگادار و خەبەرداره بەسەرکارەکەیان دا، هیچ شتێکێ لە نهێنی ئەوانی لێ ون نابێ، ئاگادارە چۆن پیلان دادەنێن، چۆن شت هەڵدەگێڕنەوە و چەواشەی

دەکەن ئاگای لێیانە ئەو کاتەی قسەی وا هەڵدەبەستن کەخوا پێیان رازی نیە، وەکوو تەگبیری طوعمە کە زرێیەکەی خستە ماڵی کابرای جوولەکەوە بۆ ئەوەی ئەو تاوانبار بکرێ بەدز، بۆ خۆی وەک بەرزەکی بانان بۆی دەرچێ! با باش بزانن کە ئەو چەواشەکارییەیان بۆ سەر ناچێ چونکە ﴿وكان الله بما يعملون محيطا﴾ پەروەردگار هەمیشە ئاگاداری کردار و گوفتاریانە، چییان کردووەو چییان گوتووە لەسەریان نووسراوەو حیسابیان لەگەڵ دەکا، هیچ هیواو ئومێدیکی رزگار بوونیان لە چەنگی سزای خودا نەبێ! هیچ تاوانبارێک لەدەستی رزگاری نابێ، چونکە خاوەنی هەردوو دونیایە و زاناو بە تواناو بالا دەستی بێ ئەندازەو بێ سنوورە.

ئەمجار پەروەردگار موسوڵمانان دەترسێنێ لە یارمەتیدانی خائینان و بەزەیی هاتنەوە پێیان داو دەفەرموێ: ﴿ها أنتم هؤلاء جادلتم عنهم في الحياة الدنيا﴾ ئەی ئەو کەسانەی دیفاع لە خائینان دەکەن و ویستتان تەبرییەیان بکەن و راستییەکان هەڵبگێڕنەوە، ئەوا گریمان لە دونیادا ئەمەتان بۆ سەرچوو بە رواڵەت تاوانەکانیانتان بۆ پەردەپۆش کردن ﴿فمن يجادل الله عنهم يوم القيامة﴾ کێ رۆژی قیامەت دیفاعیان لێ دەکا؟ کێ دەتوانێ بێ ئیزنی خودا شەفاعەتیان بۆ بکا؟ کێ رۆژی قیامەت دەبێتە داکۆکیکەر و پارێزەریان ئەو کاتەی کە دادوەر خودای زاناو داناو خەبەردارە بە کردار و گوفتاریان؟ ﴿أم من يكون عليهم وكيلا﴾ کێ زاتی ئەوە دەکا ببێتە (محامی)ئەوان و بەرگرییان لێ بکا؟؟ دەی با موسوڵمانان وریا بن خۆیان بۆ وەڵام دانەوە لەو جۆرە وێستگانەدا ئامادە بکەن، بزانن ئاخۆ دەتوانن لەئەو مەوقیفە سامناکە دا ورتەیان لەدەم بێتە دەرێ!!!

بێگومان ئەو رۆژە ﴿يوم لا تملك نفس لنفس شيئا والأمر يومئذ لله﴾ الإنفطار/١٩ یان ماناکەی والێ دەدەینەوە دەڵێین: وای دابنێین ئێوە لە دونیادا داکۆکیتان لێ کردن و دیفاعتان لە طوعمە و خزم و کەسەکانی کرد! دەی باشە کێ دەتوانێ رۆژی قیامەت دیفاعیان لێ بکا؟ کە خودا بە غەزەبی خۆی گرتنی و سزای

خۆی بەسەر دادان، کێ دەبێتە (محامی) و پەنادەر بۆیان؟ کێ دەتوانێ سزاو تۆڵەی خودایان لێ دوور بخاتەوە؟

ئایەتەکە بە ئاشکرا لۆمەو سەرزەنشتی ئەوانە دەکا کە ویستیان یارمەتی طوعمە بدەن کابرای جوولەکە تاوانبار بکەن..

ئاماژەی ئەوەشی تێدایە: ئەگەر دادوەر رووی راستی لە بابەتەکەدا نەپێکێ، حوکم و بڕیارەکەی هەر بە رواڵەت و بە ظاهیر تەنفیذ دەبێ، حوکمی حاکم لە کاتی وادا هیچ لە حەقیقەتی شتەکە ناگۆڕێ، هیچ شتێکی حەرام بۆ حوکم بۆ دراو حەڵاڵ ناکا! کەسێک بزانێ شتێک هی خۆی نیە ئەگەر حاکم حوکمی بۆ داو ئەو شتەی کرد بە موڵکی ئەو نابێتە موڵکی و پێی حەرامە.

ئەمجار پەروەردگار ئادەمیزادان هەڵدەنێ و بۆ گەڕانەوەو تۆبە کردن. فەرموی: ﴿ومن يعمل سوءا﴾ کەسێک تاوانێکی کرد زیانی بەکەسێک گەیاند؛ دزی لێ کرد لێی دا، پاشملە بە خراپە باسی کرد ﴿أو يظلم نفسه﴾ یان تاوانێکی کرد زیانی بەخۆی گەیاند و ستەمی لە خودی خۆی کرد، وەکوو ئەوە سوێنی بە درۆی خوارد ﴿ثم يستغفر الله﴾ دوایی پەشیمان ببێتەوە و تۆبە بکاو داوای لێخۆشبوون لە خودا بکا ﴿يجد الله غفورا رحيما﴾ دەبینێ خودا لە گوناهەکانی خۆش دەبێ، بەبەزەییو بەرەحمەتی خۆی عەیب و لەکەکانی دادەپۆشێ! ئەمەش لە رووی فەضل و ئیحسانی بێ شماری نەک واجب بێ لەسەری.

لەمەدا هەڵنان و تەماع بەرنانی طوعمە و خزم و کەس و کارەکانی تێدایە بەوە کە تۆبە بکەن و داوای لێخۆشبوون لە خودا بکەن، شارەزایی کردن و رێ پیشان دانیانە بۆ رزگار بوون لەو تەنگژەی تێی کەوتوون، لە هەمان کات دا هەڕەشەیە لەو کەسانەی دژایەتی حەق و راستی دەکەن و هەوڵ دەدەن راستیەکان چەواشە بکەن و باڵەخانەی دادوەری برووخێنن.

ئەمجار پەروەردگار بە شێوەیەکی گشتی ئادەمیزادان دەترسێنێ لە گوناهـ و فەرمووی: ﴿ومن يكسب إثما فإنما يكسبه على نفسه﴾ هەر کەسێ تاوان بکا بە

کارو پیشەی خۆی و بیەوێ لەم ڕێگەیەوە سوود و قازانج بکا ئەوا تاوانەکەی بارە بەسەر خۆیەوەو زیانی بۆ خودی خۆیەتی و چ سوود و قازانجی لێ وەگیر ناکەوێ، لە دونیاو قیامەت دا پێی زەرەرمەند دەبێ، لە دونیادا بێ ڕێزن و لە پێش چاوی خەڵک سووک و بێ نرخن! لەلای دادوەری داد پەروەر تاوانبار و شیاوی سزان، لە قیامەتیش دا ریسوای بەرقابی دیوانی خودان و سوتەمەنی دۆزەخن، تۆڵەی تاوانەکەی لە خۆ دەکرێتەوە و یەکێکی تر لەسەر تاوانی ئەو سزا نادرێ! ﴿وكان الله عليما﴾ هەمیشە پەروەردگار زاناو ئاگادارە، بەزانیاری فراوانی شەریعەتی بۆ ئادەمیزادان داناوە، یاساو سنووری بۆ دیاری کردوون، پێی ڕاگەیاندون کە تێپەڕبوون لەو سنوورەو لادان لەو شەریعەتە زیانیان پێ دەگەیەنێ ﴿حكيما﴾ دانایە بەو حیکمەت و دانایی‌یەی سزای شیاوی داناوە بۆ ئەوانەی سنوور بەزێنی دەکەن، کەوابوو تاوانبار بە تاوانەکەی زیان بە خۆی دەگەیەنێ و خودا هیچ زیانێکی پێ ناگا! ﴿ومن يكسب خطيئة أو إثما ثم يرم به بريئا﴾ لەتاوانی گەورەیە کە ئادەمیزاد بە ئەنقەست یان بەهەڵە تاوانێک بکا، ئەمجار کابرایەکی بێ خەتا پێوە بکاو تاوانەکە بخاتە ملی ئەو، کەسێک هەڵویستی ئاوا بنوێنێ ﴿فقد احتمل بهتانا وإثما مبينا﴾ ئەوە بێگومان دوو تاوانی ئەنجام داوە تاوانی خودی تاوانەکەو تاوانی بوختان و خستنە ملی یەکێکی بێ تاوان و بێ ئاگا!

ئەمڕۆ ئەم دیاردەیە لەناو موسوڵمانان بڵاو بۆتەوە، چەندان کەسی بێ تاوان ڕۆژانە تاوانبار دەکرێن و بە خت و خۆڕایی ڕاپێچی زیندان و کونەرەشەکانی خوانەناسان دەکرێن و تاوانباری حەقیقی و سەرەکی وەک بەرزەکی بانان بۆی دەردەچێ، هۆی سەرەکی ئەم دیادە دزێوە واز هێنان و دوور کەوتنەوەیە لە ڕەهنومایی ئایین و غافڵ بوون و بێ ئاگایی‌یە لە فەرمان و ئامۆژگاری‌یەکانی شەریعەتی خودا!

ئەمجار پەروەردگار فەضل و گەورەیی و ڕەحمەت و پارێزگاری و چاودێری خۆی بۆ پێغەمبەر ﷺ ئاشکرا دەکا دەفەرموێ: ﴿ولولا فضل الله عليك ورحمته﴾

ئەگەر خودا بە رەحمەتی خۆی چاودێری تۆی نەکردایە، ئەی موحەممەد! بەوە کە نیگای بۆ ناردی و نهێنی پیلانەکەیانی بۆ ئاشکرا کردی، حەقیقەتی رووداوەکەی تێگەیاندی ﴿لهمت طائفة منهم أن يضلوك﴾ ئەوە کۆمەڵێک لە هۆزی بەنو ظوفەر (خزم و کەس و کاری طوعمە) دەیانویست لە دادگایی کردن بەحەق لات بدەن و ڕێگای دادپەروەریت لێ هەون بکەن، لەکاتێک دا دەیانزانی تاوانبار طوعمەیەو کابرای جوولەکە نیە.

بەکورتی ئەگەر فەضلی خودات بەسەرەوە نەبوایە کە پلەی پێغەمبەری پێ داوی، دەتپارێزێ لە هەڵە، رەحمەت و بەزەیی فراوانی بۆ تۆ، کە راستی رووداوەکەی تێگەیاندی، ئەو کۆمەڵە خەریک بوون ڕێگات لێ گوم بکەن، حوکمی دادوەرانەت لێ بشێوێنن، بەڵام خواو راستتان پێش ئەوەی تۆ بگەیە حاڵەتێک تەماعت تێ بکەن بۆ بڕیار دانی ئاوا، نیگات بۆ هات و راستی رووداوی بۆ ئاشکرا کردی لە بڕیار دانی هەڵەی پاراستی.

﴿وما يضلون إلا أنفسهم﴾ ئەوانە لە حەقیقەت دا بەوە کە لە ڕێگای حەق لایان داوە تەنها خۆیان گومڕا دەکەن و سەر لە خۆیان دەشێوێنن و ماڵی خۆیان ویران دەکەن، خۆیان تووشی تۆڵەو سزای دونیاو قیامەت دەبن و خودا لە خۆیان دەرەنجێنن! ﴿وما يضرونك من شيء﴾ زیانیان بە تۆ نەدەگەیاند چونکە تۆ کە بڕیارت دەدا بەگوێرەی ظاهیری حاڵ و شایەتیدانی خزمەکانی طوعمە حوکمت دەردەکرد، بەخەیاڵت دا نەدەهات کە رووداوەکە بە پێچەوانەوەیە، واقیع شتێکی ترە!

خودا تۆی پاراست لە پیلانی ئەو تاوانبارانە و شوێن هەواو ناحەقی نەکەوتی، لە حوکم کردنەکەت دا؛ هەر بەو جۆرە خودا لە هەموو کارێکی زیان بەخش دەتپارێزێ!

﴿وأنزل الله عليك الكتاب والحكمة﴾ پەروەردگار قورئانی بۆ ناردووی حیکمەت و نهێنی شەریعەتی ئیسلامی تێگەیاندووی، قورئان و شەریعەتی فێر

کردووی ﴿وعلمك ما لم تكن تعلم﴾ حەقیقەت و راستی خستۆتە دڵتەوە کەلەوەو پێش پێی ئاشنا نەبووی، ئەگەر لە خوداوە نەبێ و تۆ کەلەوەو پێش نیازی پەنامەکی و، مەبەستی شێردراوەی ناو دڵان و کاروباری ئایینی و شەریعەتت دەزانی!؟

﴿وكان فضل الله عليك عظيما﴾فەضل و بەخششی خودا بەسەر تۆوە زۆر و گەورە و هەمە چەشنەیە، کردوێتی بە پێغەمبەر و ناردوێتی بۆ سەر گشت ئادەمیزادان، کۆتایی پێغەمبەرانی و هیچ پێغەمبەر نابن لە دوای تۆ بۆ رۆژی قیامەت دەبێتە شایەد بەسەریانەوە، لە خراپەکاری مەردوومان دەتپارێزێ، ئوممەتەکەت گەلێکی مام ناوەندی و میانرەوە، چەندەها پلەو پایەی جۆراو جۆری تری پێ بەخشیوی:؛ کەواتە سوپاسی خودا بکە لەسەر ئەم هەموو نیعمەتانە، فەرمان بە هەڤالانت و بە ئوممەتت بکە با ئەوانیش سوپاسگوزاری خودا بن لەسەر ئەو نیعمەتانە، هەتا ببنە باشترین گەل و کۆمەڵی پەیدابووی سەر رووی زەوی و ببنە نموونەو پێشەنگ و کەسانی دیکە چاویان لێ بکەن.

حاڵەتی سرتە سرتی باش و سزای ئەوانەی دژایەتی پێغەمبەر ﷺ دەکەن.

﴿لَّا خَيْرَ فِي كَثِيرٍ مِّن نَّجْوَاهُمْ إِلَّا مَنْ أَمَرَ بِصَدَقَةٍ أَوْ مَعْرُوفٍ أَوْ إِصْلَاحٍ بَيْنَ النَّاسِ ۚ وَمَن يَفْعَلْ ذَٰلِكَ ابْتِغَاءَ مَرْضَاتِ اللَّهِ فَسَوْفَ نُؤْتِيهِ أَجْرًا عَظِيمًا ﴿١١٤﴾ وَمَن يُشَاقِقِ الرَّسُولَ مِن بَعْدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُ الْهُدَىٰ وَيَتَّبِعْ غَيْرَ سَبِيلِ الْمُؤْمِنِينَ نُوَلِّهِ مَا تَوَلَّىٰ وَنُصْلِهِ جَهَنَّمَ ۖ وَسَاءَتْ مَصِيرًا ﴿١١٥﴾

﴿لا خیر في کثیر من نجواهم﴾ ئەم ئایەتە دەربارەی چپە چپی شەوانەی خزم و کەس و کاری طوعمەی کوڕی ئوبەیریق هاتۆتە خوارێ، کە پیلانیان داڕشت و بە نهێنی و سرتە سرت قسەی خۆیان کرد بەیەکێ و ویستیان طوعمە رزگار بکەن و زرێ دزینەکە بخەنە ئەستۆی کابرای جوولەکە، دیارە چپە چپەکەیان بۆ کاری خێر نەبووە ئیتر لێرەدا پەروەردگار حوکمی قسەی سرتەسرت دیاری دەکاو دەفەرموێ: قسەکردنی ئادەمیزاد و چپەچپ کردنیان خێر و قازانجی تێدا نیە و زۆربەی کات سرتەسرتەکانیان بێ خێر و بێرن سوود و قازانجی دونیان قیامەتیان لێ دەست ناکەوێ، مەگەر لە سێ شت دا نەبێ.

١- ﴿إلا من أمر بصدقة﴾ کەسێکێ بە ئەسپایی و چپە بە کەسێکێ بلێ فلان کەس نەبووە و پێویستی بە باربوویی کردن هەیە بەڵکو یارمەتی‌یەکی بدەین، ئەمە ئەگەر بە نهێنی بێ باشترە، چونکە لە رووپامایی و خۆڕانواندن دوورە، کابرای خێر پێکراویش ناوی نازڕێ و رەنگە پێی ناخۆش بێ بە ئاشکرا ناوی ببرێ!

٢- ﴿أو معروف﴾ یان فەرمان بە چاکە بکا لە شوێنێکێ کە بە چپە نەبێ کارەکەی سەرنەگرێ، یان وەکوو پەنادانی ستەم لێکراو و هەڵاتوو لە دەستی ستەمکار و ئەو جۆرە شتانە واتە: هەر چپەیەکێ سوودی گشتی تێدا بێ شەرع بە کاری باشی دابنێ، وشەی (معــــروف) وشەیەکی گشتی‌یە هەموو کارێکی خێر دەگرێتەوە.

ئەحمەد و ئەبوو داود و نەسائی و تیرمیذی و ئیبنو ماجە لە جابیری کوڕی عەبدوڵلاوە دەگێڕنەوە کە دەڵێ: پێغەمبەر فەرمووی: **((کل معروف صدقة وان من المعروف أن تلقي أخاك بوجه طلق))** هەموو کارێکی باشی باوی ناو کۆمەڵ بە خێر و چاکە دادەنرێ، یەکێکێ لەو کارە چاکانە کە لە کاتی بەیەکێ گەیشتن دا روت خۆش بێ لەگەڵ برای ئایینی خۆت.

٣-﴿أو إصلاح بين الناس﴾ یان وت و وێژی نێوان دوو کەس دوو کۆمەڵ کە ناکۆکیانە، بە چپە وت و وێژی ئەسپایی و پەنامەکی نەبێ نەتوانێ ڕێکیان بخاتەوە.

ئیبنو مەردەوەیهی و تیرمیذی و ئیبنوماجە لە ئوممو حەبیبەوە حەدیسێک دەگێڕنەوە دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ فەرموی: **((كلام ابن آدم كله عليه، لا له إلا ذكر الله عز وجل او امر بمعروف او نهي عن المنكر))** ئادەمیزاد هەر قسەیێ بکا لەسەری دەکەوێ و خێری بۆی نابێ، مەگەر قسەیێ کە یاد و ذیکری خوابێ، یا فەرمان کردن بێ بەچاکە، یانەی کردن بێ لە کاری ناشایستە... ئیمام ئەحمەد لە ئوممو کەلثومی کچی عوقبەوە دەگێڕێتەوە دەڵێ: بیستم پێغەمبەر ﷺ دەیفەرموو **((ليس الكذاب الذي يصلح بين الناس، فيسمى خيرا؛ أو يقول خيرا))**. هەر ئیمام ئەحمە لە ئیبنو عومەرەوە ریوایەت دەکا دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ فەرمووی **((افضل الصدقة إصلاح ذات البين))** ئەبو بەکری بەززار و بەیهەقی لە ئەنەسەوە دەگێڕنەوە دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ بە ئەبو ئەیووبی ئەنصاری فەرموو **((ألا أدلك على تجارة؟))** ئەویش وتی بەڵێ: ئەی پێغەمبەری خودا شارەزاییم بکە، فەرموی: **((تسعى في إصلاح بين الناس إذا تفاسدوا، وتقارب بينهم إذا تباعدوا))**[٧].

ئایەتەکە فەرموی﴿لا خير في كثير من نجواهم﴾ وشەی (كثير)ی بۆیە خستە ناوەوە چونکە زۆر جار وادەبێ چپە کردن لە موباح دا دەبێ و پەیوەندی بەبەرژەوەندی تایبەتی خەڵکەوە دەبێ وەکوو باسی کشتوکاڵ و بازرگانی و پیشەسازی...هتد ئەمانە وەصف دار ناکرێن بە شەڕ لە چوارچێوەی خێریش

[٧] وفي رواية ألا أدلك على صدقة خير لك من حمر النعم؟ فقال بلى يا رسول الله، قال تصلح بين الناس إذا تفاسدوا وتقرب بينهم إذا تباعدوا.

دانین، چپە کـردن تیایـان دامویاحـە، کـەوابوو ئـەو چپەیـەی کـە خێری تێدا نیـە چپەیەکە پەیوەندی بە کاروباری خەڵکەوە هەبێ.

پەروەردگار لە ئایەتێکی تردا چپە کردنی کردوەتە شوێنی گومـانی شـەڕ و خراپـەو دەفـەرموێ **﴿یـا أیهـا الذیـن آمنـوا إذا تنـاجیتم فلا تتنـاجوا بـالآثم والعـدوان ومعصیـة الرسـول وتنـاجو بـالـبر والتقـوی واتقـوا الله الـذي إلیـه تحشرون﴾** المجادلة/٩

ئیمـامی مـالیك و موسـلیم و بوخـاری حەدیسـێك لـە ئیبنـو عومـەرەوە ریوایەت دەکەن، دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی: **((إذا کان ثلاثة فلا یتناجی إثنان دون واحد))** چونکە چپـە کـردن لـە نێـوان ئـەو دوو کەسـەدا دڵـی سێیەم دەخاتە گومانەوە ئەوەش زیان بەخشەو زیانیش بە ئیجماع دروست نیە.

هۆی ئەوە کە بەزۆری چپە گومـانی شـەڕی لـێ دەکرێ ئەوەیـە کـە داب و نەریت وا هاتووە بـەزۆری ئـادەمیزاد پـێی خۆشـە کـارو گوفتـاری خـێر ئـامێز بـە ئاشکرا ئەنجام بدرێن، بە دەگمەن نەبێ کابرا قسەی باش وخێر ئاوەر بە چپە ناکـا، بە پێچەوانەوە زۆر قسەی شەڕ ئاوەر و پیلان و داو دانانـەوە بـە شـێوەی چپـە چپ ئەنجام دەدرێن! باشیەتی ئەو سێ شتانەش (فەرمان بە چاکەو فەرمان بە بەخشین و باریوویی کردنی هەژاران و ڕێکخستنەوەی نێوان موسوڵمانان) بەشـێوەی نـهێنی دەبێ، واتە: چاك وایە: بە نهێنی ئـەنجام بدرێـن، چونکـە قورئـان دەفـەرموێ: **﴿إن تبدوا الصدقـات فنعمـا هـي وإن تخفوهـا وتؤتوهـا الفقـراء فهـو خـیر لکـم﴾** البقرة/٢٧١ ئەمجار پەروەردگار پاداشی دەست نیشان کراوی خۆی لە پاداشی ئـەو سێ کردەوانەدا ئاشکرا دەکاو دەفەرموێ: **﴿ومن یفعل ذلك ابتغـــاء مرضـــاة الله فســـوف نؤتیـــه أجـــرا عظیمـــا﴾** کەسـێك بـە مەبەسـتی رازی کردنـی خـوداو فەرمانبەرداری فەرمانەکانی و بە هیوای پاداشی کردەوەکـانی لای یـەزدانی مـەزن بەو جۆرە رەفتار بکا! ئەوە با دڵنیا بێ کە خودا پاداشی زۆر و هەمەجۆر و فـراوان و باشی دەداتێ!

بە پوختی هەوڵدان بۆ وەدەست هێنانی رەزامەندی خودا دەبێ لە ریگای راستاڵی و نیاز پاکی و ئیخلاصەوە بێ، کە ئەو کارانە ئەنجام دەدا مەبەستی ناو و شۆرەت و دونیاو ریابازی و خۆهەڵنانەوە بەسەر خەڵکدا نەبێ، تەنها مەبەستی رازی کردنی خودا بێ، ئەو کاتە شیاوی ئەو پاداشە دەبێ!!

دوای ئەو بەڵین و وادە دانە بە خێر و پاداشی باش و بۆ ئەوانەی کە چپە چپیان بۆ کاری خێرەو بە گوێرەی ئامۆژگاری‌یەکانی قورئان رەفتار دەکەن، هەڕەشەی توند و سامناکی لەوانە کرد کە خەریکی پیلان نانەوەن و چپە چپیان بۆ دروست کردنی باڵی نامۆ و کۆمەڵی شەڕ خواز و دروست کردنی دووبەرەکی و دژایەتی نانەوەی ناو کۆمەڵگای موسوڵمانانە و فەرموی: **﴿ومن يشاقق الرسول من بعد ما تبين له الهدى﴾** کەسێک دوژمنایەتی پێغەمبەر بکاو پێچەوانەی ئەو ریباز و شەریعەتەی ئیسلام هێناویەتی رەفتار بکا، دوای ئەوەی کە ریگای راستی پیشان دراو شارەزای ئایینی ئیسلام بوو، ئەمجار پەشیمان ببێتەوەو لە ئایین هەڵگەڕێتەوە وەکوو (طوعمەی کوڕی ئوبەیریق)کردی، دژایەتی پێغەمبەر و کۆمەڵی موسوڵمانان بکا، پیلان دابرێژێ و کۆمەڵ و گرۆی دژ بە ئیسلام پێکەوە بنێ، لە کۆمەڵی موسوڵمانان جودابێتەوە، بۆ خۆی بە ئیختیاری خۆی ئەم هەڵویستانەوە وەربگرێ و رەچاوی ئەم کردەوانە بکا، ئەوە **﴿ويتبع غير سبيل المؤمنين نوله ما تولى﴾** شوێن بەرنامەو ریبازی ناموسوڵمانان بکەوێ ئەوە دەست بەکاری دەکەین لە کارەکەی داو دەسەلات و توانای ئەنجام دانی پێ دەدەین. بۆ زیدە گومڕابوون ریبازی چەوتی لەلا خۆشەویست دەکەین ئەمجار بەرەڵلای دەکەین لە زەلکاوی گومڕابوون دا بۆ خۆی هەنگاوی کوێرانە هەڵێنێ و سەری لێ بشێوێ و نەزانێ چی دەکا!!!

وێڕای ئەوەش **﴿ونصله جهنم وساءت مصيرا﴾** رۆژی قیامەت فڕێی دەدەینە ناو دۆزەخەوە و ئەو شوێنە ناخۆشەی بۆ دەکەین بە جێگای حەوانەوەو خانووی هەتا هەتایی، بەڕاستی ئەمەش خراپترین سەرەنجام و ئاکامە کە تووشی

دەبێ و بۆ خۆی بەویستی خۆی و بە دەستی خۆی بۆ خۆی خولقاندووەو کەسیش حەسوودی پێ نابا.

هەرکەسێکیش لە ئایین پاشگەز بێتەوە رۆژی قیامەت جگە لە رێگای بەرەو دۆزەخ رێگای تری نیە وەکوو لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿**ورأى المجرمون النار فظنوا أنهم مواقعوها ولم يجدوا عنها مصرفا**﴾ الكهف/٥٣ ئەم ئایەتە بە روونی ئاماژەی ئەوەی تێدایە کە هەر کەسێک بە ویست و ئیختیاری خۆی رێبازێک بگرێ و بۆ خۆی پەسەندی بکا و پێی رازی بێ خودای باڵا دەست بەرەڵلای دەکاو لێی دەگەرێ بە ئارەزووی خۆی چی دەکا بیکا، بەڵام رۆژی قیامەت سزاو تۆڵەی دادپەروەرانەی لێ دەستێنێ چونکە بۆخۆی رێگای شەڕ و بەد بەختی گرتۆتەبەر و لەشەقامە رێگای خوداناسان لای داوە، بۆخۆی بە دەستی خۆی ماڵی خۆی وێران کردووە! جا کەسێک دژایەتی پێغەمبەر بکاو دووبەرەکی بنێتەوە لە نێوان کۆمەڵی موسوڵمانان دا، لە ئایین هەڵگەڕێتەوە، ئەوە لە رەحمەتی خودا دوورەو لێخۆش بوونی بۆ نیە! چونکە ئەوە هۆیەش پەیداکەرە بۆ خودا.

هاوەڵ دانان بۆ خوداو سەرەنجامی، شەیتان و ئەتوارە بەدەکانی، پاداشی کردەوە

إِنَّ ٱللَّهَ لَا يَغْفِرُ أَن يُشْرَكَ بِهِۦ وَيَغْفِرُ مَا دُونَ ذَٰلِكَ لِمَن يَشَآءُ ۚ وَمَن
يُشْرِكْ بِٱللَّهِ فَقَدْ ضَلَّ ضَلَٰلًۢا بَعِيدًا ﴿١١٦﴾ إِن يَدْعُونَ مِن دُونِهِۦٓ إِلَّآ
إِنَٰثًا وَإِن يَدْعُونَ إِلَّا شَيْطَٰنًا مَّرِيدًا ﴿١١٧﴾ لَّعَنَهُ ٱللَّهُ ۘ وَقَالَ لَأَتَّخِذَنَّ مِنْ
عِبَادِكَ نَصِيبًا مَّفْرُوضًا ﴿١١٨﴾ وَلَأُضِلَّنَّهُمْ وَلَأُمَنِّيَنَّهُمْ وَلَءَامُرَنَّهُمْ فَلَيُبَتِّكُنَّ
ءَاذَانَ ٱلْأَنْعَٰمِ وَلَءَامُرَنَّهُمْ فَلَيُغَيِّرُنَّ خَلْقَ ٱللَّهِ ۚ وَمَن يَتَّخِذِ ٱلشَّيْطَٰنَ
وَلِيًّا مِّن دُونِ ٱللَّهِ فَقَدْ خَسِرَ خُسْرَانًا مُّبِينًا ﴿١١٩﴾ يَعِدُهُمْ وَيُمَنِّيهِمْ ۖ
وَمَا يَعِدُهُمُ ٱلشَّيْطَٰنُ إِلَّا غُرُورًا ﴿١٢٠﴾ أُو۟لَٰٓئِكَ مَأْوَىٰهُمْ
جَهَنَّمُ وَلَا يَجِدُونَ عَنْهَا مَحِيصًا ﴿١٢١﴾ وَٱلَّذِينَ
ءَامَنُوا۟ وَعَمِلُوا۟ ٱلصَّٰلِحَٰتِ سَنُدْخِلُهُمْ جَنَّٰتٍ تَجْرِى مِن
تَحْتِهَا ٱلْأَنْهَٰرُ خَٰلِدِينَ فِيهَآ أَبَدًا ۖ وَعْدَ ٱللَّهِ حَقًّا ۚ وَمَنْ أَصْدَقُ
مِنَ ٱللَّهِ قِيلًا ﴿١٢٢﴾

ئایەتی (١١٦) پەیوەندی بە چیرۆکی طوعمەوە هەیە، چونکە ئەگەر ئەو لە ئیسلام هەڵنەگەڕایەوە لە رەحمەتی خودا بێ بەش نەدەبوو، چونکە هەموو تاوانێک لەوانەیە لێخۆش بوونی هەبێ جگە لە شیرک. زانایان فەرموویانە ئایەتی

﴿ومن يشاقق الرسول﴾ نساء/١١٥ ئایەتی **﴿إن الله لا يغفر أن يشرك بـه﴾** بەهۆی طوعمەی کوڕی ئوبەیریق هاتوونە خوارێ. ئەوەبوو کە پێغەمبەر ﷺ کە بڕیاری لە ملدانی طوعمەیدا، هەڵات بۆ مەککە و لە ئایین هەڵگەڕایەوە، دوایی لەوێ کوژرا. پەروەردگار ئایەتی **﴿إن الله لا يغفر أن يشرك به﴾** تا دەگاتە **﴿فقد ضل ضلالا بعيدا﴾** دەربارەی ئەو ناردۆتە خوارێ.

﴿إن الله لا يغفر أن يشرك به﴾ دڵنیا بن خودا خۆش نابێ کە هاوبەشی بۆ دابنرێ، کەسێک شەریک بۆ خودا دابنێ خودا لێی خۆش نابێ، واتە: کەسێک بەبێ تۆبە کردن لەسەر ئەو گوناهە بمرێ، رەحمەت و لێخۆشبوونی خودا نایگرێتەوە، بەلام **﴿ويغفر ما دون ذلك لمن يشاء﴾** پەروەردگار ئەگەر مەیلی لێ بێ لە تاوانەکانی تر خۆش دەبێ- کەسێک تاوانی جگە لە شیرک-ی لێ روودرابێ ئەوە دەکەوێتە بەر ویست و ئارەزووی خودا ئارەزووی لێ بوو لێی خۆش دەبێ ئارەزووی لێ نەبوو لێی خۆش نابێ.

چونکە هاوبەش پەیدا کردن بۆ خودا لە ژوور هەموو تاوانێکەوەیە **﴿ومن يشرك بالله فقد ضل ضلالا بعيدا﴾** کەسێک هاوبەشی بۆ خودا بڕەوا ببینێ ئەوە ریگای راستی لێ گووم بووە، زۆر لە حەق و راستی دوور کەوتۆتەوە، کەوتۆتە زەلکاوی گومڕاییەوە، رۆشنایی لێ وون بووە، خۆی بە فەتارەت داوە خەسارەت مەندی دونیاو قیامەت بووە، خۆشبەختی و کامەرانی هەردوو جیهانی لە کیس چووە، چونکە هاوبەش دانان بۆ خودا گومڕاییەکە عەقڵ و هۆش تێک دەدا، صەفای گیان لێڵ دەکا، هاوبەش پەیداکەر دەکاتە بەندەی ئەڵقە لە گوێی خەون و خەیاڵی پڕوپووچ، هاوەڵ دانان بۆ خودا ئەوپەڕی پیس بوونی گیان و چەواشەکردنی عەقڵە، مێشک و دڵ و دەروونی هاوبەش پەیداکەر دەبێتە هێلانەی بیر و بۆچوونی گەندەڵ و خەیاڵی پڕووپووچ.

ئەم ئایەتە بەم دەقە لەگەڵ تۆزێک جیاوازی لەوەپێش رابووردو[٨] بۆ مەبەستێکی تر هاتبوو لێرەدا جارێکی تر ئایەتەکەی دووبارە کردەوە چونکە شارەزایی کردن و ئامۆژگاری کردنی ئادەمیزادان لە روانگەی بەدەر خستنی مانای مەبەست و سەرەکی و جەخت لەسەر کردنی سوود بەخش دەبێ، دووبارە کردنەوەی ئەم دەقە لەم سوورەتەدا بۆ هەڵکەندنی رەگ و ریشاڵی شیرک و بتپەرستی بوو لە دەروونی ئادەمیزاد دا، بۆ پاک کردنەوەی دڵە نەخۆشەکان بوو لەم شێرپەنجەیە. کەوابوو پووچەڵ کردنەوەی بیروباوەڕی شیرک و بتپەرستی بە هەموو جۆرەکانیەوە سەنگەری دژایەتی و بەرامبەریکردنی ئیسلامە! کەوابوو چ رەخنەیەک لەم دووبارە کردنەوە ناگیرێ چونکە مەبەستەکە رواندنی بڕوا بە خواو هەڕەشە کردنە لە ئاکامی شەریک بۆ خودا دانان و دەرچوون لە یاسای سرووشت کە پێچەوانەی داخوازی عەقڵ و هۆشی ساغن لەگەڵ زانیاری دا یەک ناگرنەوە.

تیرمیذی دەگێڕێتەوە دەڵێ: ئیمامی عەلی فەرمویەتی لە قورئان دا هیچ ئایەتێک بە ئەندازەی ئەم ئایەتە ﴿إن الله لا يغفر أن يشرك بـــه...الآيـــة﴾م لا خۆشەویست نیە.

بە کورتی تاوانی شەریک بۆ خودا دانان تاوانێکی هەرەگەورەو زێدەڕەوییە کەخودای مەزن بڕیاری لەسەر داوەو هەڕەشەی کردووە بەوە کە لێخۆشبوون لەو گوناهە نیەو نابێ هەر کەسێک موشریک بێ و بەبێ تۆبە بە موشریکی بمرێ سزای دۆزەخەو هەتاهەتایە تێیدا دەمێنێتەوە، لێخۆش بوون لە تاوانی تر جگە لە شیرک- ئەوە پابەندە بە ئارەزووی خوداوە؛ ئارەزووی لێ بوو خۆش دەبێ ئارەزووی لێ بوو خۆش نابێ. ئەو موشریکانە سەیرەکەیان لەوەدایە ﴿إن يدعون من دونه إلا إناثا﴾ کە تاعەت دەکەن، کە داوای ئەنجام دانی کارێک دەکەن، یان هاوار دەکەن، رووناکەنە خودای باڵا دەست و بەتواناو دەسەڵات! بەڵکو روودەکەنە گۆڕی

[٨] سەیری ئایەتی ژمارە (٤٨) بکە لەم سوورەتەدا.

مردوویێک کە تازە دەسەڵاتی زەرەرو زیانی هیچی نەماوە! یان پەنا دەبەنە بەر بتە مێیینەی وەکوو (لات)و (عوزا)و (مەنات)و ئەم جۆرە بتانە.

حەسەنی بەصری دەڵێ (إناث) لێرەدا بەمانای هەر شتێک مردوو بێ و گیانی تێدا نەبێ، وەکوو بەرد و دارە وشکەڵ! بێگومان لەسەردەمی هاتنە خوارەوەی قورئان دا هەموو بنەماڵەو هۆزێک بتێکیان هەبوو: پێیان دەگوت: (أنثى بني فلآن).

یان هاوار دەکەنە فریشتەکان کە قورئان دەڵێ کافرەکان پێیان وابو کچی خودان! وەکوو دەفەرموێ: **﴿وجعلوا الملائكة الذين هم عباد الرحمن إناثا﴾** الزخرف/١٩

مامۆستا سید قطب دەفەرموێ: عەرەبەکان لەسەردەمی نەزانی دا پێیان وابوو: فریشتەکان کچی خودان ئەمجار هاتوون و وێنەی ئەم فریشتانەیان لە بەرد و دار دروست کردووەو ناوی مێیینەیان لێ ناون وەکوو: (اللآت، العزى، المناة) ئەم جۆرە ناوانە، ئەمجار لە روانگەی ئەوەوە کە ئەم تیمسالانەو نموونەو وێنەی کچی خودان پەرستوویانن بۆ ئەوەی بە خەیاڵی خۆیان لە خودایان نزیک بکەنەوە، ئەمە بیروباوەڕی سەرەتاییان بووەو بەم بۆنەوە پەرستشی بتەکانیان کردووە دوایی ئەم بنەما ئەفسانەییەیان لەبیر چۆتەوەو خودی بتەکانیان پەرستووە و راستەوخۆ طاعەتی ئەوانیان کردووە.

ئابەو جۆرە ئەو نەفامانەیان دارو بەردیان دەپەرست، یان شەیتان و ئەوجۆرە شتانەیان دەپەرست! کەلبی دەفەرموێ هۆزی (بەنو مولەیح) لە هۆزی خوزاعە جندۆکەیان دەپەرست کە شەیتانیش لەو تۆخمەیە!

بەڵام لەواقیع دا ئەوانە بەردو دار و فریشتە ناپەرستن بەڵکو **﴿وإن يدعون إلا شيطانا مريدا﴾** عیبادەت و پەرستش ئەنجام نادەن بۆ کەس جگە لە شەیتانێکی بەد رەفتار و راهاتوو لەسەر لە خشتەبردنی ئادەمیزادان. کە ئەو شەیتانەکان و سەرچاوەی هەموو خراپە و خراپەکاریەکە، ئەو وا لە ئادەمیزادان دەکا بتپەرستی بکەن، فریشتەکان بە خودا بزانن! کەوابوو: لە حەقیقەت دا ئەو

خەڵکە شەیتان دەپەرستن و فەرمانبەرداری ئەون، ئەو شەیتانەی کە ﴿لعنـــه الله﴾ خودا نـەفرینی لـێ کـردووەو لـە رەحمـەت و بـــەزەیی خـۆی دووری خســتۆتەوە، سوکایەتی پێ کردووە، لە هەموو شتێکێ بێ رێز و بێ نرخترە، چونکە ئـەو نـەفرین لێکراوە بانگەوزیکـەری شەڕ و فەسـاد و بیروبـاوەڕی پڕووپـــووچ و چەواشـەکاری دەخاتە دڵ و دەروونی ئادەمیزادەوە. بەشێکێ لـە خراپـەکاری و گومڕایـی کـردن و بانگەوازی کردنی بۆ چەواشە کاری ئەو نەفرین لێکراوە ئەوە بـوو سوێندی خـواردو ﴿وقال لأتخذن من عبادك نصيبا مفروضا﴾ وتـی: پـەیمان بـێ کـە لـە بـەندەکانت بەشی خۆم دا ببڕم و هەڵیان خەڵەتێنم و بیان کەمە قوتابی و ئەڵقە لە گوێی خۆم، پابەندی فەرمان و ئامۆژگاریيەکانم بن وەکوو لـــە شـوێنێکی تـردا قورئـان لەسـەر زوبانی شەیتان بۆمان دەگێڕێتەوە کەپڕ ماندوویەتی و هەڕەشەی کردووەو وتویەتی: ﴿ولأغوينهم أجمعين إلا عبادك منهم المخلصين﴾ الحجـــر/٣٩-٤٠ پـەیمان بـێ دەبێ هەموویان گومڕا بکەم جگە لە بەندە راستاڵەکانت، ئەوانەی خۆ دەخەنە پەنا تۆوەو بەڕاستی لێ دەبڕێن بۆ خودا پەرستی! دیارە ئەوانە من دەستم بەسـەریان دا ناڕواو بۆم هەڵناخەڵەتێن. ﴿ولأضلنهم﴾ پەیمان بێ دەبێ ڕێگای راستیان لـێ گـوم بکەم، نەهێڵم بیروباوەڕی حـەق بچێتـە دڵ و دەروونیانـەوە بـە هیـوای پڕووپـووچ و بیروباوەڕی ناڕاستەوە خەریکیان دەکەم ﴿ولأمنينهم﴾ لـەززەت رابواردنـی دونیایـان لەپێش چاو شیرین دەکەم، ڕێگای گەڕانـەوەو تۆبـە کردنیـان لـێ دەگـرم و هـەڵیان دەخەڵەتێنم، پێیان دەسەلمێنم کە جـارێ زووەو وەختـی تۆبـە کردنیـان نـەهاتووە، تاڵەکیسیان دەدەم و دەیانگەیەنمـە حاڵـەتی غەرغـەرەو ئـەو کاتـەی کـە دەرگـای تۆبەیان لێ دەبەسترێ.

﴿ولآمرنهم﴾ فەرمانیان پێ دەکەم بە گومڕابوون ﴿فليبتكن آذان الأنعـام﴾ وایان لێ دەکەم دەبێ ماڵیات و ئاژەڵی خۆیان نیشانەدار بکەن و تایبـەتیان بکـەن بۆ خۆتوو قوربانی بتەکانیان کە دەهـاتن وشتریان دەکـردە (بـەحیرە) گوێچکـەیان دەبڕێ یان دەیانقەڵاشتەوەو دەیـانکردە موڵکـی بتـەکانیان و ئیـتر نـەدەبوو کـەس

سواری ئەو وشترە ببێ، یان باری لێ بار کا، یان ئەگەر وشترێک (دە) سکی بکردایە هەموویان مێیینە بونایە ئیتر ئەو وشترە دەکرا بە (سائبة) ومولکی تایبەتی بتەکانیان دەبوو، نەدەبوو کەس سواری بێ یان شیری بدۆشێ و بیخوا، جگە لە بێچووەکەی خۆی و کەسێکی بێ هێز.

وشترێکیش ئەگەر نێرو مێیەکی بە سکێک ببوایە دەیانکردە (وصیلة) لەبەرخاتری بێچووە مێیینەکە نێرەکەشیان سەر نەدەبڕی. نەدەبوو ئافرەتیش شیری بخواتەوە، بەڵام بۆ پیاوەکانیان رەوابوو شیری ئەو جۆرە وشترانە بخۆنەوە.

مامۆستا شێخ (محمد عبده) دەفەرموێ: ئەم کردەوانەیان: واتە نیشانەکردنی وشترەکانیان تایبەت کردنیان بە بتەکانیان لە پڕوپووچ ترین داب و نەریتی بتپەرستیان بوو! بۆیە ئاوا بە تایبەتی باسی کرد، ئەگینا ئەمەش لە خانەی بیروبڕوای پڕوپووچ گومڕایی بوون دایە[٩].

﴿ولآمرهم فليغيرن خلق الله﴾ فەرمانیان پێ دەکەم کە دروستکراوی خودا بگۆڕن، ئاژەڵیان بخەسێنن جەستەی خۆیان بکوتن بەتایبەتی دەست و پەل و دەم و چاویان کە جۆرەها وێنەو نیشانەی لێ دروست دەکەن بە هۆی کوتانەوە، دیارە ئەمەش گۆڕانکاری‌یە لە دروست کراوانی خوداداو کارێکی حەرامە! چونکە ئەگەر گوێچکە بڕینی ئاژەڵ حەرام بێ ئەدی چۆن چاوهەڵکۆڵین یان لوت بڕین و داخکردن و ئەم جۆرە کارانەی کە بڕی فەرمانڕەواو دەرەبەگ و پادشای ملهوڕ و خوانەناس دەربارەی ئادەمیزاد کردوویانن رەوایە؟!

بەکورتی هەر کارێک شێوەی روخساری سرووشتی بگۆڕێ و شەرع نەهی لێ کرد بێ ئەم ئایەتە دەیگرێتەوەو بە گۆڕانکاری لە دروست کراوی خوادا حسێب دەکرێ، خاوەنانی شەش کتێبە حەدیثەکان حەدیسێک لە ئیبنو مەسعوودەوە دەگێڕنەوە لای ئیمام ئەحمەدیش هەر بە صەحیح حسێب کراوە دەڵێ: ((**لعن الله الواشمات والمتوشمات والنامصات والمتنمصات والمتفلجات للحسن، المغيرات**

---

[٩] تفسير المنار ج٥/٤٢٨.

خلق الله عز وجل)) ئەمجار دەڵێ: دەی نەفرین لەو کەسانە بێ کە پێغەمبەری خودا نەفرینی لێ کردون چونکە فەرمانی پێغەمبەر ﷺ فەرمانی خودایە**﴿وما آتاکم الرسول فخذوه وما نهاکم عنه فانتهوا﴾** الحشر/٧.

کۆمەڵێک لە راڤەکەرانی قورئان دەڵێن: لێرەدا مەبەست بە (خلق الله)ئایینی خودایە واتە (خلق الله) دەق بەمانا (دین الله)یە ئەمە رای ئیبنوعەبباسیشە!! بەڵگەشیان ئەم ئایەتەیە کە دەفەرموێ: **﴿فاقم وجهك للدين حنيفا فطرت الله التي فطر الناس عليها لا تبديل لخلق الله﴾** الروم/٣٠ پێغەمبەریشﷺ لەم بارەوە دەفەرموێ ((کل مولود یولد علی الفطرة فأبواه یهودانه، أو ینصرانه، أو یمجسانه...)) تاج/١ لا-٢٧

جا شەیتان کە ئەمە هەڵس و کەوت و رەفتاریەتی لەگەڵ ئادەمیزاد دا چۆن دەبێ ئادەمیزاد بیکەنە گەورەو پشتیوانی خۆیان!!

خۆ **﴿ومن يتخذ الشيطان وليا من دون الله فقد خسر خسرانا مبينا﴾** کەسێک شەیتان بکاتە وەلی و گەورەو خۆشەویستی خۆی، بە پێشەنگ و رابەری خۆی بزانێ و شوێنی بکەوێ، بێگومان خەسارەتمەندی دونیاو قیامەتە، لە هەموو حاڵێک دا بەدبەخت و ماڵ وێرانە، بەهیچ شتێک ئەو خەسارەتەی بۆ پڕ نابێتەوە. چی بکا باری لار بووی بۆ راست نابێتەوە! چ زیانێک لەوە گەورەترە ئامۆژگاری قورئان پاشگوێ بخاو شوێن شەیتان بکەوێ؟ واز لە رێبازی راستی قورئان بێنێ و بچێتە سەر رێبازی زەلکاوی گومڕایی شەیتان؟!

شەیتانی نەفرین لێکراو هەمیشە **﴿يعدهم﴾** بەڵێنی پڕوو پووچ و بێ بناخە دەدا بە پەیڕەوانی خۆی، بە شتی درۆو بێ بناخە هیواداریان دەکا! پێیان دەڵێ: ئەگەر لە ماڵ و دارایی خۆتان ببەخشن هەژار دەکەون، ئەگەر بە رۆژوو بن نەخۆش دەبن، پێیان دەڵێ: نوێژ کردن، خوداپەرستی دواکەوتوویی‌یە!! **﴿ويمنيهم﴾** لە هەمان کات دا هیواداریان دەکا بە شتی پڕووپووچ، پێیان دەڵێ: قومار بکەن دەوڵەمەند دەبن، دزی بکەن، تەرازووبازی بکەن، دەستی ئەم و ئەو ببڕن ماڵ و دارایی

کۆدەکەنەوە خۆشبەختی دونیاو قیامەت بەدەست دەهێنن، بەم جۆرە چی‌یان پێ دەڵێ درۆیە، چی وادەیان دەداتێ ئاکامی پێچەوانەیە، چی وادەو پەیمانێکیان پێ دەدا پووچ و بەتاڵە و هەڵبەستراوو و خەیاڵە، هەر لەچوار چێوەی بەڵێن و وادە پرووپووچەکانی شەیتانە هەموو ئەو بانگەوازی و بانگەشەیەی کە لە ڕێی ئادەمیزادانی پەیڕەوی کارانی شەیتانەو ئاراستە دەکرێن! کە ئەوانیش هاوڕێی خراپ و مامۆستای خائین و دایک و باوکی ناپەسەندە کە ئەمانەش بە دەوری خۆیان ڕێگای گومڕایی لە پێش چاوی خەڵک جوان دەکەن، کاری ناشیرین و بەدرەفتاری لە دڵی گوێ بیسانیان دا شیرین دەکەن، یارمەتیان دەدەن لە گومڕایی دا، پەیڕەو پرۆگرامی گەندەڵی خۆیان و ڕاوو بۆچوونی چەواشەکارییان بەناو خەڵک دا بڵاو دەکەنەوە، پلەو پایەی خۆیانی پێ بەرز دەکەنەوەو خەڵکی دەکەنە پرد و بەسەری دا دەپەڕنەوە! ئەم جۆرە قوتابیانەی شەیتان لە هەموو کات و شوێنێک دا هەن.

جا کە شەیتان ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ وادەو بەڵێن دەدا بە پەیڕەوانی خۆی، لە ڕاستی دا هەڵیان دەخەڵەتێنێ و فریویان دەدا، لە خشتەیان دەبا ﴿وما يعدهم الشيطان إلا غرورا﴾ شەیتان جگە لە هەڵفریواندن چ بەڵێنێک نادا بە شوێنکەوتوانی خۆی، هەرچی پێیان دەڵێ: پێچەوانەیە، قازانج و سوودیان لە بڕێ شت دا بۆ دیاری دەکا کە ئەو شتانە پڕن لە ئێش و ئازار و زیان؛ زیناکەر، قومار کەر، عەرەق خۆر، کە پێی وایە لەززەت دەبینێ لە کارەکەی لە حەقیقەت دا لەززەتێکی کاتی‌یەو بە شوێن ئەو خۆشی‌یە کاتی‌یەدا ئازار و ئێش و زیانی هەمیشەیی بۆ پەیدا دەبێ سەرەنجامی خراپ وماڵوێرانی لە دونیادا وێڕای سزای بە ئێشی قیامەتیان کە خودا نەبێ کەس نازانێ چۆنەو چەندە!!

ڕۆژی قیامەتیش کە ڕێڕەوانی ڕێبازی شەیتان، هەڵخەڵەتاو و گومڕایان بە چاوی خۆیان واقیعەکە دەبینن و هەست بەخەسارەتمەندی خۆیان دەکەن دەیانەوێ فشار بۆ شەیتان بێنن و دەکەونە سەرزەنشتی و لۆمەکردنی، وەڵامی شەیتان بۆ ئەوانە ئەوەیە: کە قورئان تۆماری کردووە بەم بەڵگە بەهێزە بۆریان دەداو ئیتر

قسەیان نامێنێ دەفەرموێ: **﴿وقال الشیطان لما قضي الأمر: إن الله وعدكم وعد الحق ووعدتكم فأخلفتكم وما كان لي عليكم من سلطان إلا أن دعوتكم فاستجبتم لي﴾** إبراهیم/٢٢.

ئاکامی ئەو هەڵخەڵەتاوانە، ئەوانەی بە قسەو وادەو بەڵێنی شەیتان فەریویان خواردووە ئاگری دۆزەخە **﴿أولئك مأواهم جهنم ولا يجدون عنها محيصا﴾** بەڵێ ئەوانە ئاوا بە وادەو بەڵێنی شەیتان هەڵخەڵەتان، خانەی دوایی وشوێنی مانەوەی هەتاهەتاییان ئاگری دۆزەخە، هیچ شتێک نییە ئەوان لەو سزا بە ئێشە رزگار بکا، کەسیان دەست ناکەوێ لەو ئاگرە بیانپارێزێ، هیچ چارێکیان بۆ ناکرێ هەڵ دەرژێندرێنە نێوێ! دەم و چاو دەست و قاچ و بەرو پشتیان بەو ئاگرە سوور دەکرێتەوەو هەڵدەبرژێن و دەبنە خەڵوز و جارێکی تر پێستیان بۆ تازە دەکرێتەوە و سەر لە نوێ دەسوتێندرێنەوە هتد.

دیارە هەموو کاتێکیش کۆمەڵێک هەن بەوادەو بەڵێنی شەیتان هەڵ ناخەڵەتێن و گوێ بۆ فەرمان و نەهی‌یەکانی ناگرن؛ ئەوانە کۆمەڵی خودا پەرست و خودا پێداون، بۆیە دوابەدوای سەرەنجام و ئاکامی هەڵخەڵەتاوان و پابەندانی رێبازی شەیتان ئاکامی خودا پەرستانیش دەست نیشان دەکاو دەفەرموێ: **﴿والذين آمنوا وعملوا الصالحات﴾** ئەوانەی بڕوایان بە خوداو بە پێغەمبەر و بەنامەی خوداو بەرۆژی قیامەت هێناوە و پابەندی فەرمان و نەهی پەروەردگارن، رازین بەقەزاو قەدەری خودا، وێڕای ئەو بڕوا تۆکمەیەیان کردار و گوفتاریشیان باشە، خێر خواز و خێرۆمەندن و چاکە خواز و فەرمانبەردارن، چییان لێ یاساغ کراوە توخنی ناکەون و لێی دوورە پەرێزن **﴿سندخلهم جنات تجري من تحتها الأنهار خالدين فيها أبدا﴾** ئەوانە خودا دەیانخاتە ناو چەند باخ و باخاتێکی رازاوەو دڵگیر کە بەژێر دارەکانیان دا جۆگەو جۆباری رون و رەوان دەکشێن، ئەوانە بە ئارەزووی خۆیان بەناو ئەو باخانەدا دەگەڕێن، لە کوێیان بوێ لەوێ هەڵدەدەن، مانەوەیان لەو بەهەشتە دا هەتا هەتایی‌یەو بەردەوام تێیدا دەمێننەوە ئەوەش ئەوپەڕی بە مراد گەیشتن و پێگەیشتنە، **﴿وعد الله حقا﴾** ئەوە بەڵێن و وادەی خودایە، بەڵێن و

وادەی خودا هەرگیز پێچەوانە نایەتی دی و چۆنی وادە داوە ئاوا دێتە دی ﴿ومن أصدق من الله قيلا﴾ کێ لە خودا راست بەڵێن ترە؟! کێ وەکوو خودا وادە دروست و کار سازە؟! بێگومان کەس هێندەی خودا بەڵێن دروست و وادە راست نیە، چونکە خودا کەرەم و رەحمەت و فەضل و ئیحسانی دەریای بێ بنەو بڕانەوەی نیە، بەسەر هەموو شتێک بالا دەستەو هیچی لێ عاسێ نابێ، چی بوێ دەیکا، چی بوێ دەیدا! بە پێچەوانەی وادەو بەڵێنی شەیتان کە هەمووی درۆو دەلەسەو هەڵخەڵەتاندن و فریو دانە.

بەڵێ کەس لە خودا هەواڵ راستر نیە، هەر خۆی شایانی خودایەتی و پەروەردگاری‌یەتی‌یە! جگە لەئەو خودای بەحەق نین!

ئیمامی تیرمیذی حەدیسێک ریوایەت دەکا دەڵێ: پێغەمبەر ﷺ لە وتارەکەی دا دەیفەرموو ((ألا إن أصدق الحديث كتاب الله وخير الهدي هدي محمد ﷺ وشر الأمور محدثاتها، وكل محدثة بدعة، وكل بدعة ضلالة وكل ضلالة في النار)). تاج/١ لا-٥٣ فەرموودەی چوارەم.

١-تێبینی ئەوە دەکرێ کە نەفرین کردن لە شەیتان بە تایبەتی دروستە، هەروەها نەفرین کردن لەو کەسانە کە بە کافری مردوون وەکوو فیرعەون و ئەبوجەهل و هامان و ...... دروستە!

بەڵام بەشێوەی شەخصی و دیاری کراو دروست نیە نەفرین لە کافری زیندوو بکرێ! وەڵێ بەشێوەی گشتی و تێکڕا دروستە لە پاساوی کوفر و بێدینی‌یەکەیاندا نەفرینیان لێ بکرێ! هەروەها دروستە نەفرین لەستەمکاران بە شێوەی گشتی بکرێ، چونکە خودا دەفەرموێ:﴿ألا لعنة الله على الظالمين﴾ هود/١٨ هەروەها دروستە نەفرەت لە یاخی بوان و سەرپێچیکەران بکرێ، چونکە پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: ((لعن الله السارق يسرق بيضة فتقطع يده))[١٠] دیارە ئەمانەش هەر بەشێوەی گشتی نەک بەشێوەی تایبەتی و شەخصی!!

[١٠] رواه أحمد والشيخان والنسائي وابن ماجة عن أبي هريرة.

٢- درەبارەی خەساندنی ئـاژەڵ زانایـانی شـەرع بـەڕەوایان دانـاوە، ئەگـەر مەبەست لە خەساندنەکە سوودی خاوەن ئاژەڵەکە بێ! وەکوو قەڵــەویـیان رامبونـی بێ بۆ ئیش کردن وەکوو ئەوە جوانەگا دەخەسێندرێ بۆ ئەوەی جوتی پێ بکرێ.

بەڵام خەساندنی ئادەمیزاد حەرامە، چونکە ئازارێکی هەیە زۆر جـار سـەر دەکێشێ بۆ مردن و وەکوو ئەتک کردن وایە. جگە لەوە کە پێغەمبەر ﷺ نەهی لێ کردووە؛ زیاد لەوە سەر دەکێشێ بۆ گەرا بڕینــەوەو کـابرا منداڵـی لـێ نـابێ و بـە پێچەوانەی فەرموودەی پێغەمبەر دەبێ کە فەرموویەتی **((تزوجوا الودود الولـود فإني مكاثر بكم الأمم))** تاج الأصول جـ٢/٢٨٣.

٣-دەربارەی داخ کردن و نیشانە کردنـی ئـاژەڵ بـە مەبەسـتی ناسـینەوە و جیاکردنـەوەی لـە ئـاژەڵی تـر ئـەوە نەهیـیەکـەی پێغەمبـــەر ﷺ نایگرێتـــەوە لـــە صـەحیحی موسـلیم دا حەدیسـێک دەگێڕنـەوە: ئەنـەس ریوایـەتی کـردووە دەڵـێ: **((رأيت في يد رسول الله ﷺ الميسم وهو يسم ابل الصدقة والفيء وغير ذلك حتى يعرف كل مال فيؤدي في حقه، ولا يتجاوز به الى غيره))**.

بەدەستی پێغەمبەر خۆیەوە ﷺ داخێکم بینـی، وشـتری زەکـات و وشـتری تاڵانی جەنگ و وشتری تری پێ داخ دەکرد، هەر جۆرەی لە شوێنێکی لەشیا داخـی دەکرد، هەتا بەو شێوە وشترەکان بناسرێنەوە و جیا بکرێنەوە، کە هی زەکاتن، یـا هی تاڵانین، یا هی شتی ترن، هەتا هەر جۆرەی بدرێ بە پێشـیاوی خـۆی و نـەدرێ بەکەسێ تر.

بەهەشت بەهەوانتە دەست ناکەوێ، بەکردەوەو ئیمانی ساغ دەست دەکەوێ

لَّيْسَ بِأَمَانِيِّكُمْ وَلَا أَمَانِيِّ أَهْلِ الْكِتَابِ مَن يَعْمَلْ سُوءًا يُجْزَ بِهِ وَلَا
يَجِدْ لَهُ مِن دُونِ اللَّهِ وَلِيًّا وَلَا نَصِيرًا ﴿١٢٣﴾ وَمَن يَعْمَلْ مِنَ الصَّالِحَاتِ
مِن ذَكَرٍ أَوْ أُنثَىٰ وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَأُولَٰئِكَ يَدْخُلُونَ الْجَنَّةَ وَلَا يُظْلَمُونَ
نَقِيرًا ﴿١٢٤﴾ وَمَنْ أَحْسَنُ دِينًا مِّمَّنْ أَسْلَمَ وَجْهَهُ لِلَّهِ وَهُوَ مُحْسِنٌ وَاتَّبَعَ
مِلَّةَ إِبْرَاهِيمَ حَنِيفًا وَاتَّخَذَ اللَّهُ إِبْرَاهِيمَ خَلِيلًا ﴿١٢٥﴾ وَلِلَّهِ مَا فِي
السَّمَاوَاتِ وَمَا فِي الْأَرْضِ وَكَانَ اللَّهُ بِكُلِّ شَيْءٍ مُّحِيطًا ﴿١٢٦﴾

لەئایەتەکانی پێشوو دا رۆڵی شەیتانی روون کردەوە، لەوەدا کە بەڵێن و وادەی درۆ بە پەیڕەوانی دەدا، بێگومان ئەو ختەخت و وەسوەسەیەیان ئەو بانگەشەو فرت و فێڵەی قوتابی یەکانی ئەنجامی دەدەن، بەناو خەڵک دا بڵاوی دەکەنەوە، کاریگەری یەکی کەم تا زۆری دەبێ لە دەروونی خاوەن نامەکان؛ (أهل الکتاب) وبڕێ موسوڵمانی بڕوا لاواز و تێنەگەیشتوودا، کەوابوو: گونجاوە کە لێرەدا کاریگەری ئەو هیواو ئاواتە شەیتانی یە روون بکاتەوە، لەتەک ئەوەشدا، گرنگی کردەوەی باش و پاداشی دیاری بکا.

ئینو جەریر و ئیبنو ئەبی حاتەم لە سوددی یەوە دەگێڕنەوە دەڵێ: چەن موسوڵمانێک و چەند جوولەکەیەک و چەند مەسیحی یەک لە شوێنێک دا بەیەک گەیشتن و لێیان بوو بە مقۆمقۆ، جوولەکەکان بە موسوڵمانەکانیان گوت: ئێمە لە

ئێوە باشترین، ئایینمان پێش ئایینی ئێوەیە، کتێبی ئاسمانیمان پێش کتێبی ئێوەیە، پێغەمبەرەکەشمان پێش پێغەمبەری ئێوەیە، ئێمە لەسەر ئایینی (ئیبراهیم)ین کەسێکیش جوولەکە نەبێ ناچێتە بەهەشتەوە! مەسیحی‌یەکانیش هەمان قسەو باسیان کرد، موسوڵمانەکانیش وتیان:

کتێبی ئاسمانی ئێمە دوای کتێبی ئێوە هاتووە، پێغەمبەری ئێمە دوای پێغەمبەری ئێوە هاتووە، فەرمانتان پێ کراوە کە واز لە ئایینی خۆتان بێنن ئایینی ئێمە قەبووڵ بکەن، ئێمە لە ئێوە باشترین، ئێمە لەسەر ئایینی ئیبراهیم و ئیسماعیل و ئیسحاقین، کەسێک لەسەر ئایینی ئێمە نەبێ ناچێتە بەهەشتەوە؛ ئیتر ئەم ئایەتە هاتە خوارێ ﴿ليس بأمانيكم﴾ پاداش و چوونە ناو بەهەشت و بەختەوەری دونیاو قیامەت بە گوێرەی پێخۆشبوون و هیواو ئاواتی ئێوە نیە، ﴿ولا أماني أهل الكتاب﴾ بەگوێرەی هیواو ئاواتی جوولەکەو مەسیحی‌یەکانیش نیە، بەم جۆرە ئەو قاعیدە توکمەنە گۆڕەکەی ئیسلام دووپات دەکاتەوە، قاعیدەو یاسایەکی گشتی و هەمیشەیی یاسای کردووەو پاداش، کەواتە: پاداش و خۆشبەختی دوارۆژ بەگوێرەی هیواو ئارەزووی ئێوە نیە، پاداش و چوونە ناو بەهەشت بە گوێرەی بنەمایەکی دامەزراو قانون و یاسایەکی نەگۆڕ پەیڕەو دەکرێ، قانون و یاسایەک هەموو گەل و نەتەوەیەک لە بەرامبەری دا یەکسانن لەو یاسایەدا ،کەس خزمی خودا نیە، بەڵکو هەموو کەسێ بەندەی خودایە، کێ زیاتر بەندایەتی بکا، ئەوە ڕێزی زیاترە، چی بچێنی ئەوە دەدورییەوە ﴿أن ليس للإنسان إلا ما سعى﴾، لەبەر خاتری کەس ئەو قانونە ناگۆڕدرێ! قانونەکە ئەوەیە: خراپەکار سزای دەدرێ و چاکە کار پاداشی دەدرێتەوە و کەس ستەمی لێ ناکرێ.

گەورەیی ئایین و ڕێزداری و ڕزگار بوون و سەرفیرازی و پەیڕەوانی ئایین بەوە نابێ یەکێ بڵێ: ئایینی من باشتر و تەواو ترە، بەڵکو پێویستە بە گوێرەی ئایینەکەی کار بکاو کردەوەی باش ئەنجام بدا، چونکە پاداش لە سەرکردەوە دەبێ، بە هیواو ئاوات هیچ شتێک نایەتە دی، نەڕزگار بوونی ئێوەی موسوڵمان و نە

رزگار بوونی خاوەن نامەکانی تر بە هیواو ئاواتی بێ کردەوە نابێ، ئایین بۆیە نێردراوە کاری پێ بکرێ، نەکێ بۆ خۆهەڵکێشان و خۆ هەڵنان و شایی بە خۆبوون.

ئەوەش بزانن باشترین ئایین ئایینی ئیسلامە، کە ئایینی راستەقینەی ئیبراهیمە، باشترین کرادریش ئەوەیە: ئیحسان ئامێزبێ، ئیحسانیش ئەوەیە: کە خودا پەرستی دەکەیت وای بکەی کە خوات لێ دیارە، خۆ ئەگەر تۆ خودات نەبینی بێگومان ئەو چاوی لەتۆیە... ئیحسان لە هەموو شتێکێ دا پێویستە، تەنانەت لەسەر برینی ئاژەڵیش دا پێویستە، کە کێردەکەی تیژ بێ بۆ ئەوەی ئەزیەتی سەربڕاوەکە نەدا.

ئەمەیە قانونی پەروەردگار ﴿من يعمل سوءا يجـــز بــه﴾ هەر کەسێکێ خراپەیەکێ بکا تۆڵەی لێ دەستێندرێتەوە، چونکە سزا بە گوێرەی داب و نەریتی خودایی ئاکامێکی سرووشتی‌یە بۆ کردەوە لە سۆنگەی کردارەوە پەیدا دەبێ، جا کەسێکێ خراپە بکاو شیاوی سزا بێ ﴿ولا يجد له من دون الله وليا ولا نصـــيرا﴾ جگە لە خودا کەسی تر نیە بتوانێ ئەو سزایەی لەسەر لاباو لێی خۆش بێ، کەس نیە یارمەتی بداو لەو سزایە رزگاری بکا، نە ئەو پێغەمبەرانەی ئێوە خۆیان پێوە هەڵدەکێشن دەتوانن سزاکەتان لەسەر لابەرن نە ئەو شتانەی کردوتانن بە خوداو هومێدتان پێیان هەیە، هەموو ئەوانە هیواو ئاواتی سەوزن و لە خەون و خەیاڵ بەو لاوە هیچی تر نین.

دەگێڕنەوە دەڵێن کە ئەم ئایەتە هاتە خوارێ حەزرەتی ئەبوبەکر تینی لێ پەیدا بوو، پرسیاری لە پێغەمبەر کرد وتی: ئەی پێغەمبەری خودا! جا کێ لەمە رزگاری دەبێ؟؟ کێ هەیە خراپەیەکی نەبێ؟ پێغەمبەر ﷺ فەرموی: تۆ لە ژیانی رۆژانەت دا خەفەتبار نابی؟ نە خۆش ناکەوی؟ تووشی بەڵاو دەردی سەری نابی؟ وتی بەڵێ ئەی پێغەمبەری خودا! ئەوانەم تووش دێن، فەرمووی دە ئەوە تۆڵەو سزاکەیە!

ئیمامی موسلیم و کەسانی دیکەش لە ئەبوو هورەیرەوە دەگێڕنەوە دەڵێن: کە ئەم ئایەتە هاتە خوارێ: لەسەر شانی موسوڵمانان زۆر قورس بوو، هی وا هەبوو

بەتەواوی تێنی بۆ هات، چوونە لای پێغەمبەر ﷺ و نارەحەتی خۆیان دەربڕی، پێغەمبەر ﷺ فەرموی: ((سددوا وقاربوا، فإن كل ما أصاب المسلم كفارة حتى الشوكة يشاكها والنكبة ينكبها)) واتە: ڕێگای ڕاست بگرنە بەر و بەردەوام و دامەزراو بن لەسەری میانڕەوی و مام ناوەندی بن لە ئیش و کارو هەڵوێستان دا، دڵنیا بن هەرچی دووچاری موسوڵمان دەبێ دەبێتە کەفارەتی گوناهی، تەنانەت چقڵێ دڕکێ بە پێی دا بچێ، یان کە هەڵدەنگوێ، هەڵدەخلیسکێ ئەوە سزای خراپەیەکە کە ئەنجامی داوەو دەبێتە کەفارەتی.

فەرموودەی پێغەمبەر لەم بارەوە زۆرن، بۆیە زۆربەی زانایان پێیان وایە: کە نەخۆشی و بەڵای دونیایی دەبنە کەفارەتی گوناه.

بڕێکیش پێیان وایە: کە مەبەست لەوە تووش بوونی دەردو بەڵاو کارەسات دەبێتە کەفارەتی گوناه ئەوەیە کە کاریگەرییان لە دڵ و دەروونی کابرا دا دروست بکەن و ببنە هۆی بەهێز بوونی بیروباوەڕی ڕاست و شارەزووی کردنی کردەوەی چاکی تێدا دروست بکاو هەڵی بنێ بۆ ڕاستاڵی و چاکی و بەندایەتی کردنی خودا. هەر لە ڕوانگەی ئەم یاساو قانوونەوە بە گوێرەی تەرازووە خوداییەکە؛ دەفەرموێ ﴿ومن يعمل من الصالحات من ذكر أو أنثى﴾ کەسێک کردەوەی چاک بکا و دڵ و دەروونی خۆی باش بکا، جا ئەو کەسە نێرینە بێ یان مێیینە بێ بەڵام بەمەرجێک ﴿وهو مؤمن﴾ ئەو خاوەن کردەوەیە خاوەن باوەڕ بێ، موسوڵمانی ڕاستاڵ بێ، ﴿فأولئك يدخلون الجنة ولا يظلمون نقيرا﴾[11] ئەوانە دەخرێنە ناو بەهەشتەوەو پاداشی خۆیان دەدرێتەوە بەبێ ئەوەی بە ئەندازەی ئەو خاڵە چاڵە بچکۆڵەیەی کەوا لەسەر ناوکی دەنکە خورما هەیە ستەمیان لێ بکرێ و لێیان کەم بکرێتەوە!

واتە: کەمترین شت لە پاداشیان کەم ناکرێتەوە کەوابوو ڕێگای بەهەشت و خۆشبەختی و کامەرانی هەردوو جیهان کردەوەی چاک و هەبوونی بیروباوەڕی ڕاست و دروستە، ڕێگای دۆزەخ و بەد بەختی هەردوو دونیا کردەوەی خراپە، هیچ کاتێک

---

[11] النقير: النكتة (خال) في ظهر النواة.

خۆ هەڵاوەسێن بە گەل و نەتەوەیەک، بە بنەماڵەو خانەوادەیەک بە پێغەمبەر و پیاو چاکانەوە نابێتە هۆی رزگار بوون لە دۆزەخ! ئەوەی ئادەمیزاد رزگار دەکا لە دۆزەخ کردەوەی چاک و بیروڕای راست و پابەند بوون بە شەریعەتی خوداوەیە...

ئەمجار پاش روون کردنەوەی ئەم حەقیقەتەو دەست نیشان کردنی ئەو تەرازووە وورد خوێن و وورد بینە. پلەو پایەی خاوەن باوەڕان دیاری دەکاو پێناسەی موسوڵمانی راستاڵ و بەندەی گوێڕایەڵی خودامان پێ نیشان دەداو دەفەرموێ: ﴿ومن أحسن دينا﴾ کێ ئایین و بیروباوەڕی جوانتر و راست ترە؟ ﴿ممن أسلم وجهه لله﴾ لەو کەسە کە بەتەواوی رووی لە خودا بێ دڵ و دەروونی جگە لە خۆشەویستی خوداو ئایینی خودا هیچی تری تێدا نەبێ، جگە لە خودا داواو نزا لە کەسی تر نەکا، جگە لە خودا کەسی تر بە شیاوی خودایەتی نەزانێ، بەندایەتی هەر بۆ خودا بکا، وێڕای ئەوەش بە ئیخلاص و بە دڵ بڕوای زاتی و سرووشتی تەواوی هەبێ ﴿وهو محسن﴾ کردار چاک و گوفتار راست و شیرین رەفتار بێ، لە خراپەو خراپەکاری دوور بێ! رەفتار و رەووشتی قورئانی بێ ﴿واتبع ملة إبراهيم حنيفا﴾ پەیڕەوی ئایینی پاک و پیرۆزی ئیبراهیم ﷺ بکا، کە بناغەی ئایینی ئیسلامە و ئایینێکی میانڕەوو دوور لە هاوەڵ دیاریکردن بۆ خودایەو بەرییەو پاکە لە بت پەرستی و بت پەرستان! ڕێڕەوی ئایینی راست کە ئایینی ئیسلامە ئەمەیە کە لەم ئایەتە دا دیاری کراوە وەکوو خودا دەربارەی ئیبراهیم دەفەرموێ: ﴿وإذ قال إبراهيم لأبيه وقومه إنني بريء مما تعبدون، إلا الذي فطرني فإنه سيهدين وجعلها كلمة باقية في عقبه لعلهم يرجعون﴾ الزخرف/٢٦-٢٧. یان دەفەرموێ: ﴿بل ملة إبراهيم حنيفا وما كان من المشركين﴾ البقرة/١٣٥.

ئیبراهیم یەکێکە لە بەندە راستاڵەکانی خودا، رێز و پلەو پایەی تایبەتی لای خودا هەیە ﴿واتخذ الله إبراهيم خليلا﴾ پەروەردگار ئیبراهیمی هەڵبژاردووە رێز و پلەو پایەیەکی داوەتێ دەشوبهێ بە خۆشەویستی دۆست بۆ دۆست!! جا کەسێک ئەوەندە لای خودا رێزدار بێ، ئەوەندە نزیک و خۆشەویست بێ، خودا کردبێتی بە دۆستی خۆی شیاوی ئەوەیە کە ئایینەکەی پەیڕەو بکرێ و شوێن

ڕێبازی بکەون، بەکورتی پەروەردگار فەضل و بەخششی خۆی ڕژاند بەسەر ئیبراهیم دا؛ سرووشت چاک و بڕوا پاک خاوەن ژیری و گیانی خاوێن، خواناس و تەقوا کار بوو، ورە بەرزو چاو نەترس بوو بۆ دژایەتی کردنی شیرک و بت پەرستی! بە جۆرێک کە پلەی (أولوا العزم)ی پێ دراوە، دۆستی یەزدان و دوژمنی شەیتانە.

ئەمجار وێ دەچێ برێ کەس لە مانای ئایەتی پێشوو گومانێکیان بۆ پەیدا ببێ و بڵێن: مادام ئیبراهیم دۆستی خودایە دەبێ لێک چوون و نزیکێکیان لە زات و سیفات دا هەبێ؛ ئیتر پەروەردگار بۆ ڕەواندنەوەی ئەو گومانە نابەجێیە، ئەوە روون دەکاتەوە: کە هەرچی لە ئاسمان و زەوی دا هەیە؛ هەرچی پلەو پایەیەکی هەبێ، چەند جیاوازی هەبێ لە بەندەکانی تر لە رووی رەوشت و بیروباوەڕەوە، لەبەرامبەر خودادا بەندەیەکی گەردن کەچەو فەرمانبەرداری زاتی بێچوونە!

بۆیە فەرموی: ﴿ولله ما في السماوات وما في الأرض وكان الله بكل شيء محيطا﴾ هەرچی لە ئاسمانەکان و زەوی دا هەیە موڵکی خودایە، وە هەموو کەسێ، لە هەر کوێ بێ، وە هەر پلەو پایەیەکی هەبێ بەندەو دروستکراوی خودایە، هەر خودا بۆ خۆی کارگێڕ و هەڵسوڕێنەری هەموو بوونەوەرە، هەرچی بڕیار بدا، جێ بەجێ دەکرێ و کەس نیە بەرگری بکا، کەس نیە بتوانێ حوکمی ئەو، بڕیاری ئەو، پووچەڵ بکاتەوە؛ چی بکاو چۆن بکا کەس نیە بتوانێ بڵێ: بۆ وات کرد؟ بۆ وات نەکرد؛ کێ زات دەکا ئەو پرسیارەی لێ بکا؟!!

گەورەیی و بە توانایی و باڵا دەستی و دادپەروەری و دانایی و لوطف و رەحمەتی بە جۆرێکە کە هەرچی دەیکا، هەرچی بڕیار بدا لێی باشتر نیە، جگە لە ویستی ئەویش هیچی تر نایەتە جێ و ناشبێ بێتە جێ. زانیاری ئەو وێڕای دەسەڵات و توانای هەموو شتێکیان داگرتووە، لە ئاسمان و زەوی دا هیچی لێ هون نابێ، تەنانەت بە ئەندازەی میثقالە زەڕەو کەمتریش لە ئەو یا گەورەتر لە میثقالە زەڕەش لە زانستی خودا گوم نابێ؛ جا خودایەک ئاگاداری هەموو کردەوەی بەندەکانی بێ، سزاو پاداشیان بداتەوە لەسەر کردەوەکانیان؛ چاکە بە چاکە خراپە بە خراپە پێویستە ئەو بەندانە ڕێبازێک هەڵبژێرن کە پەسەندی ئەو خودایە بێ، بۆ

ئەوەی بەختەوەری هەردوو جیهانیان بۆ دەستەبەر ببێ و بە فرت و فێڵی شەیتان و قوتابیانی هەڵنەخەڵەتێن!

سەرپەرشتیاری هەتیوان، ڕێک خستنەوەی ژن و میردی لێک زویر بوو

وَيَسْتَفْتُونَكَ فِي ٱلنِّسَآءِۖ قُلِ ٱللَّهُ يُفْتِيكُمْ فِيهِنَّ وَمَا يُتْلَىٰ عَلَيْكُمْ
فِي ٱلْكِتَٰبِ فِي يَتَٰمَى ٱلنِّسَآءِ ٱلَّٰتِي لَا تُؤْتُونَهُنَّ مَا كُتِبَ لَهُنَّ
وَتَرْغَبُونَ أَن تَنكِحُوهُنَّ وَٱلْمُسْتَضْعَفِينَ مِنَ ٱلْوِلْدَٰنِ وَأَن تَقُومُواْ
لِلْيَتَٰمَىٰ بِٱلْقِسْطِۚ وَمَا تَفْعَلُواْ مِنْ خَيْرٍ فَإِنَّ ٱللَّهَ كَانَ بِهِۦ عَلِيمًا ﴿١٢٧﴾
وَإِنِ ٱمْرَأَةٌ خَافَتْ مِنۢ بَعْلِهَا نُشُوزًا أَوْ إِعْرَاضًا فَلَا جُنَاحَ عَلَيْهِمَآ
أَن يُصْلِحَا بَيْنَهُمَا صُلْحًاۚ وَٱلصُّلْحُ خَيْرٌۗ وَأُحْضِرَتِ ٱلْأَنفُسُ ٱلشُّحَّۚ
وَإِن تُحْسِنُواْ وَتَتَّقُواْ فَإِنَّ ٱللَّهَ كَانَ بِمَا تَعْمَلُونَ
خَبِيرًا ﴿١٢٨﴾ وَلَن تَسْتَطِيعُوٓاْ أَن تَعْدِلُواْ بَيْنَ ٱلنِّسَآءِ وَلَوْ حَرَصْتُمْۖ
فَلَا تَمِيلُواْ كُلَّ ٱلْمَيْلِ فَتَذَرُوهَا كَٱلْمُعَلَّقَةِۚ وَإِن تُصْلِحُواْ وَتَتَّقُواْ فَإِنَّ
ٱللَّهَ كَانَ غَفُورًا رَّحِيمًا ﴿١٢٩﴾ وَإِن يَتَفَرَّقَا يُغْنِ ٱللَّهُ كُلًّا مِّن سَعَتِهِۦۚ
وَكَانَ ٱللَّهُ وَٰسِعًا حَكِيمًا ﴿١٣٠﴾

﴿ويستفتونك في النساء...﴾ وەکوو زانیمان ئەم سورەتە؛ سورەتی نیساء، دوویاسی گشتی و گرنگی لە خۆ گرتوون، یەکەمیان حوکمەکانی ئیسلام دەربارەی ئافرەت و هەتیوو و خزمایەتی و میراتگرتن و زاواو خەزوری، دووەم روونکردنەوەی بنەماکانی ئایین و حاڵ و چۆنیەتی (ئەهلی کیتاب) جوولەکەو مەسیحی‌یەکان و دووڕووەکان و باسی جیهاد و شەڕ کردن لەگەڵ خوانەناسان دا ئەمجار لێرەدا دیتەوە سەر روون کردنەوەی بڕیار و حوکمەکانی ئیسلامی دەربارەی ئافرەت و هەتیوو و زەبوونەکان و پتەوکردنی پەیوەندی نێوان ژن و مێرد و دادپەروەریی کردن لە نێوان ژنەکان دا بۆ کەسێک کە زیاد لە ژنێکی هەبێ!

مامۆستا سید قطب دەفەرموێ: ئایەتەکانی سەرەتای ئەم سورەتە بڕێ پرسیاری دەربارەی ئافرەتان هێنایە پێشەوە دیاردەی پرسیار کردنی موسوڵمانان و هەوڵدانیان بۆ زانینی ئەحکامی ئیسلامی دەربارەی لایەنەکانی ژیانیان مانایەکی تایبەتیان دەبەخشێ لە کۆمەڵگای ئیسلامی دا کە تازە پێک هاتبوو، لێکدانەوەی حەز و ئارەزووی موسوڵمانەکانیش بوو دەربارەی زانینی حوکم و یاسای ژیانیان:

بێگومان ئەو لەرزەو هەژاندنەی کە وەرسوڕان لە داب و نەریتی نەزانی‌یەوە بۆ ژێر سایەی ئیسلام لە دڵ و دەروونی ئەو موسوڵمانانەدا هێنایەدی هەژاندنێکی بەهێز بوو لەرزاندنێک بوو لە ناخەوە سەری هەڵدا! بەجۆرێک ئەو موسوڵمانانە لە هەموو دابو نەریتێکی سەردەمی نەزانی کەوتبوونە گومانەوە، لەوە دەترسان کە ئیسلام سڕیبنیەوە یان گۆڕانکاری تێدا کردبن، بۆیە هەوڵیان دەدا بزانن: حوکمی ئیسلام دەربارەی هەموو هەڵس و کەوتێکی رۆژانەیان چۆنەو چۆن نیە؟؟ ئا ئەم دڵ وشیاری و بە پەرۆش بوونەیان بۆ ئەوەی هەموو کاروبارێکیان لە چوار چێوەی حوکمی ئیسلام دابێ و لەگەڵ ناوەرۆکی ئایین یەک بگرنەوە دیاردەیەکی رون و ئاشکرای ئەو سەردەمە بوو. هەرچەندە هەندێ ماکی ئایینی کۆنی سەردەمی نەزانی- لە بڕێ موسوڵمان دا بەدی دەکرا! بەڵام گرنگ ئەوە بوو: تێکڕا هەوڵی ئەوەیان دەدا کرداو گوفتار و رەفتاریان لە بازنەی حوکمە ئیسلامیەکان دەرنەچێ و

لەبەر رۆشنایی تیشکی ئەو ئایینە دا خۆ ئارایش بدەن و لەو یاساو حوکمانە دەرنەچن.

بێگومان موسوڵمانان لە ناخەوە هەستیان بەوە دەکرد کە پێویستیان بە زانینی حوکمی ئیسلامی هەیە، چونکە ئەو حوکمانە یاسای ئایینی تازەیان بۆ پێک دەهێنان بە گەرم و گوڕییەوە هەوڵی ئەو زانیاریانەیان دەدا، مەبەستیشیان ئەوە بوو: حوکمی ئایینەکەیان و واقیعی ژیانیان هاوتەرازوو بن، ئەوان تازە لە داب و نەریتی سەردەمی نەزانییەوە هەڵکەندرابوون و وازیان لەو بیروباوەڕە کۆن و مێژوویی باوک و باپیری خۆیان هێنابوو، مەیل و سۆزێکی داب و نەریتی ئەو سەردەمەیان لە مێشک دا مابوو، لە هەمان کاتیش دا لە ناخەوە هەستیان بە گرنگی ئەم گۆڕانکارییە سەرتاسەرییە دەکرد کە ئیسلام بەرپای کردبوو.

ئا لێرەدا پاداشی ئەو هەوڵدان و حەز لە پرسیار کردنەیان دەردەکەوێ بەرووبومی راستگۆیی و سووربوونیان لەسەر هەوڵدان بۆ زانینی حوکمەکانی ئیسلام نومایان دەبن، ئەوەتا پەروەردگار، یەزادانی پاک بۆ خۆی وەلامی پرسیارەکانیان دەداتەوە ﴿ویستفتونك في النساء..... قل الله يفتيكم﴾

ئیمامی بوخاری ﷺ حەدیسێک دەگێڕێتەوە لە عائیشەوە (رەزای خوای لێ بێت) کە دەربارەی ئەم ئایەتە فەرمویەتی: ئەوە ئەو پیاوەیە؛ کە کچە تیوی خزم و منداڵی دەکەوێتە لا، هەم میراتگریەتی هەم سەرپەرشتیاریەتی، کچە تیوەکە ماڵ و سامانی هەیەو تێکەڵاو بە ماڵ و سامانی پیاوە میراتگرەکەی بووە، پیاوەکە بووەتە هاوبەشی لە ماڵەکەدا، کچەکە وەختی شووی دێ پیاوەکە بۆ خۆی لەبەر هەر هۆیەک بێ نایەوێ مارەی بکا و بیکاتە خێزانی خۆی، یان هی کوڕی، لەبەر ماڵ و سامانەکەشی نایدا بەکەسێکی بێگانە و رێی شوو کردنی لێ دەگرێ، ئەم ئایەتە بەو بۆنەوە هاتۆتە خوارێ.

ئیبنو ئەبی حاتەم لە سوددیەوە دەگێڕێتەوە دەڵێ: جابیر کچە مامێکی ناشیرینی هەبوو، ئەو کچە ماڵ و سامانێکی زۆری لە باوکییەوە بۆ بەجێ مابوو، جابیر بۆ خۆی نەیدەویست مارەی بکا، نەشی دەدا بە شوو بە کەسانی تر، نەوەکوو

مێردەکەی ماڵەکەی بەرێ، جابیر لەم بارەوە پرسیاری لە پێغەمبەر ﷺ کرد و ئەم ئایەتە هاتە خوارێ: کە دەفەرموێ: ﴿ویستفتونك في النساء﴾ ئەی پێغەمبەر! داوای فەتوات لێ دەکەن دەربارەی ئافرەتان و مافی گشتیان، مافی ژن و مێردایەتییان، مافی دارایی و مافی رەفتار کردن لەگەڵیانداو بە یەکسانی و بەیەک چاو لە کاروبارەکان دا تەماشا بکرێن لەگەڵ پیاواندا، یەکسانی کردن لەگەڵیان دا لە هەڵس و کەوت و پێکەوە ژیان و چارەسەری و لێک زویر بوون و کێشەو سەرپێچی ئافرەت و ئەم جۆرە شتانە ﴿قل الله یفتیکم فیهن﴾ بڵێ: خودا فەتواتان بۆ دەدا، ئەم بابەتانەتان بۆ روون دەکاتەوە، بڕیاری راست و دروستتان لە بارەی ئافرەتەوە بۆ دیاری دەکا! هەروەها ﴿وما یتلی علیکم في الکتاب في یتامی النساء اللاتي لا تؤتونهن ما کتب لهن﴾ لەم قورئانەی کەبەسەرتان دا دەخوێندرێتەوە حوکم و بڕیاری تریشیان فێر دەکەین وڕێگای راستتان بۆ روون دەکەینەوە، دەربارەی ئەو ئافرەتە هەتیو و چەتیوانەی کە ئێوە میراتی دیاری کراوی خۆیان پێ نادەن، ئەو بەشە میراتەی کە بۆیان دیاری کراوە، ئێوە جڵەو گیریان لێ دەکەن و نایان دەنێ، مافی شوو کردن بە ئارەزووی خۆیان لێ قەدەغە دەکەن و ناهێڵن بە ویست و خوا هیشتی خۆیان شوو بکەن!

ماڵی هەتیوان داگیر دەکەن و نایاندەنەوە؛ خۆ دەپارێزن لە مارە کردنی ئەو کچە تیوانەی کە میراتگر و سەرپەرشتیاریانن؛ نە بۆ خۆتان مارەیان دەکەن، نە دەیان دەن بە شوو بە کەسانی تر !

﴿وترغبون أن تنکحوهن﴾ دەتانەوێ ئەگەر جوان بن ماڵیان هەبێ مارەیان بکەن، ئەگەر ناشیرین بوون خۆتان مارەیان نەکەن و لەبەر خاتری ماڵەکەیان بە شووشیان نەدەن!!

داب و نەریتی سەردەمی نەزانیتان وابوو کە ئەو کچە هەتیوانەی دەکەونە ژێر سەرپەرشتیاریتانەوە میراتی دیاری کراوی خۆیانیان نەدەنێ! ئەگەر جوان بوون و بە دەڵتان بوون دەتانەوێ لە خۆتانیان مارە ببڕن، ئەگەر ناشیرین بن بۆ خۆتان

مارەیان ناکەن و لەبەر خاتری ماڵەکەشیان بە کەسانی دیکەیان بەشوو نادەن ئەگەر هاتنە خوازبێنیان!

دەگێڕنەوە دەڵێن: ئیمامی عومەر ئەگەر سەرپەرشتیاری چەتیوەیەک دەهاتە لای تێدەفکری: ئەگەر چەتیوەکە جوان و دەوڵەمەند بوایە بە کابرای سەرپەرشتیاری دەگوت: بیدە بە شوو بە پیاوێکی لە خۆت باشتر و گونجاو تر بۆی، ئەگەر کچەکە ناشیرین بوایە و ماڵی نەبوایە دەیگوت بۆ خۆت مارەی بکە، تۆ لە هەموو کەسێ بۆی لە پێش تری! ئەمە لە کاتێک دا کە سەرپەرشتیاری وا هەبوو کە چەتیوەکەو ماڵەکەی لە خۆ دەگرت ئەگەر جوان بوایە کچەکەی مارە دەکرد و ماڵەکەشی دەخوارد، ئەگەر چەتیوەکە ناشیرین بوایە نەبۆ خۆی مارەی دەکرد نە دەیهێشت شوو بکا بە کەسانی تر بەو جۆرە دەمایەوە تا دەمرد.

﴿والمستضعفين من الولدان﴾ هەروەها لەم قورئانەی بەسەرتان دا دەخوێندرێتەوە حوکم و بڕیاری حەق و راستتان بۆ دیاری دەکا دەربارەی ئەو منداڵە بێ دەسەلاتانەی کە مافی خۆیان لە میرات نادەنێ کە لە ئایەتی ﴿يوصيكم الله في أولادكم...﴾ دا بۆیان دیاری کراوە!

لەسەردەمی پێش ئیسلام دا تەنها پیاوان بوون ئەوانەی ئەرکی پارێزگاری هۆز و بەخێو کردنی ماڵ و منداڵیان لەسەر بوو هەر ئەوان میراتیان دەگرت ژن و منداڵ میراتیان نەدەدرایە.

﴿وأن تقوموا لليتامى بالقسط﴾ هەروەها پەروەردگار فەتواتان بۆ دەداو حوکم و بڕیاری حەق و راستتان بۆ دەردەکا، کە هەڵس و کەوتتان لەگەڵ هەتیوان دا داد ئامێز بێ، گرنگییەکی تەواو بدەن بەسەرپەرشتی کردنیان و بەشێوەیەکی رێک و پێک و دادپەروەرانە و دڵسۆزانە بەخێویان بکەن و پێیان بگەیەنن...

جوملەی ﴿وأن تقوموا لليتامى﴾ عەطف بێ بۆ سەر﴿يتامى النساء﴾ واتە: مەصدەر موئەوەلەکە مەجرور بێ.

زومەخشەری دەفەرموێ: دەگونجێ جوملەی **(وأن تقوموا)** مەنصوب بێ بە فیعلێکی مەزەندە کراوی وەکوو (یأمرکم). خیطـــابی ئایەتەکەش بۆ فەرمان ڕەواو کار بەدەست و دادوەرانە، بۆ ئەوەی دڵسۆز بن بەرامبەر هەتیوان و مافیان بۆ وەربگرن و نەهێڵن کەس و کاریان ستەمیان لێ بکەن و مافیان پێشێل بکرێ.

(وما تفعلوا من خير فإن الله كان به عليما) هەر کردەوەیەکی خێر ئامێز بکەن کەم بێ یان زۆر بێ- بەگوێرەی حوکم و یاسای خودا بێ، ئەوە پەروەردگار ئاگای لێیەتی و پێی دەزانێ و باشترین پاداشیان لەسەر ئەوە دەداتەوە، دیارە ئەمە وروژاندنی هەست و نەستی ئادەمیزادانە و هەڵنانیانە بۆ چاکە کردن و پابەند بوونیان بە فەرمان و نەهییەکانی پەروەردگار و پەیڕەو کردنی یاسای قورئانی پیرۆز کە بەرنامەی ژیانە!

وەکوو زانیمان لەوەپێش و لەسەرتای ئەم جزمەدا حاڵەتی یاخی بوون و ناشیزە بوونی ئافرەتی باس کردوو ڕێگا چارەی بۆ دانا، بۆ ئەوەی پارێزگاری لەسەر نیظامی خێزان بکاو نەهێڵێ سەنتەرو سیستەمەکەی تێک بچێ، ئێستاش لێرەدا حاڵەتی یاخی بوون و ناشیزە بوون ئەگەر لە مێردەوەسەر هەڵبدا دینێتە پێشەوە، کە ئەمەش حاڵەتێکە ئارامی و ئاساییشی ژن تێک دەداو ئاساییشی خێزان دەخاتە مەترسییەوە، دیارە دڵ و دەروون لە گۆڕان دان، هەست و شعور دەگۆڕێن، ئەوەی ئەمڕۆ خۆشەویستە، ڕێ دەکەوێ سبەینێ دزێو بێ، خێزانێک ئەمڕۆ لەوپەڕی خۆشی و کامەرانی دایە، سبەینێ کێشەیەکی بۆ دروست دەبێ مەترسی دەخاتە کامەرانی و ژیانی ئاساییەوە، ئیسلامیش کە بەرنامەی ژیانە بۆ هەموو تەنگ و چەڵەمەیەک چارەسەری خۆی هەیە، لەبەرامبەر هەموو ئاستەنگ و کێشەیەکدا حەللی خۆی هەیە، جا با بزانین پەروەردگار لەم حاڵەتەدا کە ناشیزە بوونەکە لە پیاوەکەوە بێ چۆن چارەسەر دادەنێ و چۆن کێشەی نێوان ژن و مێردەکە حەل دەکا، دەفەرموێ: **(وإن امرأة خافت من بعلها نشوزا أو إعراضـــا)** ئەگەر ژنێک لەوە ترسا کە مێردەکەی ئەیەوێ وازی لێ بێنێ و لە دڵی مێردەکەیدا شیرین نەبێ، یان ترسا لەوە کە پشتی تێ بکاو ڕووی لێ وەرگێرێ و خۆی لێ

بدزێتەوە! ترسانەکەشی بە خۆڕایی نەبوو، بەڵکو لە ئاکامی هەڵس و کەوت و نیشانەو بەڵگەی حاشا هەڵنەگر پەیدا بووبوو؛ وەکوو ئەوەی قسەی ناخۆشی پێ دەگوتن، یان قسەی لەگەڵ نەدەکرد، سەرجێیی لەگەڵ دا نەدەکرد، سۆز و خۆشەویستی پیشان نەدەدا، هەوڵی دەدا ژنی تر بێنێ، یان ژنی تری هێنابوو، بە ئاشکرا ئەوی زیاتر خۆش دەویست و لە هەڵس و کەوتی ڕۆژانەی دا گەیشتە ئەو قەناعەتە کە مێردەکەی دەیەوێ دەستی لێ هەڵ بگرێ: جا هۆی ئەم هەڵویستەی مێردەکەی ناشیرینی ئافرەتەکە بێ یان پیری بێ یان هەر شتێکی تر بێ!

ئەوە لەم حاڵەتەدا بۆ مەبەستی دڵ هێنانەوەی مێردەکەی بۆ ئەوەی تەڵاقی نەدا دەتوانێ سوڵحی لەگەڵ دا بکا بەم جۆرە لە هەندێ یان لە هەموو ئەو مافانەی کە لەسەر مێردەکەیەتی واز بێنێ و گەردەنی ئازاد بکا، وەکوو ئەوە واز بێنێ لە برێ پۆشاک و بژێوی کە لەسەر مێردەکەیەتی، یان پێ کێشی لێ نەکا، کە لە گەڵیدا بنوێ و سەرجێیی بکا.

وەکوو دەفەرموێ: ﴿فلا جناح عليهما أن يصلحا بينهما صلحـــــا﴾ هیچ خراپەیەکیان لەسەر نیە کە لە نێوان خۆیان دا ڕێک کەون بەم جۆرە ژنەکە دەست لە هەندێ مافی خۆی کە لەسەر مێردەکەیەتی هەڵبگرێ و لە لانەی ژن و مێردایەتی دا بەڕێز لێگیراوی بمێنێتەوە.

دەگێڕنەوە دەڵێن: ژنێک مێردەکەی ویستی تەڵاقی بدا چونکە پیاوەکە دڵی لێی هەڵکەندرابوو، ژنەکە لەو مێردە منداڵێکی هەبوو وتی تەڵاقم مەدە لێم گەڕێ با لەگەڵ منداڵەکەم دا دانیشم و بە دوو مانگ جارێک وەرە لام بنو، هیچی ترم لێت ناوێ، پیاوەکە وتی: ئەگەر بەوە رازی بی زۆر باشە لەسەر ئەوە ڕێک کەوتن.

سەودەی کچی زەمعە کە خێزانی پێغەمبەر بوو ﷺ کە هەستی کرد پێغەمبەر دەستی لێ هەڵدەگرێ پێی ناخۆش بوو لە پێغەمبەر ﷺ جیا بێتەوە دەشی زانی کە پێغەمبەر عائیشەی زۆر خۆش دەوێ هات بەشە مێردی خۆی

پێشکەش بە عائیشە کرد، لە پێناو ئەوەدە لەژێر نیکاحی پێغەمبەر دا ﷺ بمێنێتەوە!!

جا لەم حاڵەتەدا کە ژن و مێردەکە ڕێک بکەون ئەوە کارێکی باشەو قورئان لەم بارەوە دەفەرمویٚ ﴿والصلح خيرٌ﴾ واتە: سوڵح کردنیان بەم جۆرە ژن کە لە هەندێ مافی خۆی دەست هەڵبگرێ و پیاوەکەش ئەوەی لێ قەبووڵ بکا، ئەوە باشترە لە دەست لێک بەردانیان، ڕێک کەوتنەوەیان چاکترە، لە لێک جیابوونەوەو تەڵاق دان، یان ڕێک کەوتن و پێکەوە ژیان بە تەبایی باشترە لە ناشیزە بوون و پشت لێک کردنیان، یان ڕێک کەوتنەوەیان و پێکەوە ژیانیان باشترە لە کێشەو نیزاع، بۆ ئەوەی پەیوەندی ژن و مێردایەتی بمێنێتەوە بۆ ئەوە بینای خێزان نەڕووخێ و زیان بە منداڵەکانیان نەگا، هەروەها چونکە تەڵاق دزێوترین کاری حەڵاڵە لای خودا، پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی ((ابغض الحلال الى الله الطلاق))[12].

ئەمجار ڕستەیەکی سەرنج ڕاکێش تێهەڵکێش دەکاو دەفەرموێ: ﴿وأحضرت الأنفس الشح﴾ دەروونی ئادەمیزاد چرووکی و ڕژدی پیسکەیی تێدا چێنراوە، واتە: سرووشتی ئادەمیزاد وا دروست کراوە حەزی لە ماڵ و دارایی و کۆکردنەوەیەتی ماڵ خۆشەویست و ڕژدو چرووکە؛ کەواتە: ئەگەر ژنەکە دەست هەڵگرێ لە هەندێ لەو ماڵ و دارایی‌یەی لەسەر مێردەکەیەتی ئەوە دڵی نەرم دەبێ و واز لە تەڵاق دانی دەهێنێ لەبەر خاتری ماڵەکە، چونکە دەروونی ئینسان وا خوڵقێندراوە کە سوور بێ لەسەر کۆکردنەوەی ماڵ و دارایی و زۆر کردن و گەشەپێ کردنی؛ جا کە ئێستا ژنەکەی هەندێکی ماڵ و دارایی بۆ زیاد دەکا دیارە ئەویش لە پێناو ئەوەدا واز لە هەندێ داخوازی خۆی دەهێنێ یان کە ژنەکە واز لە هەندێ ماڵ و دارایی خۆی دەهێنێ کە سوورە لەسەر کۆ کردنەوەو پەرەپێدانی و خۆشەویستی ماڵ و دارایی‌یەکەی کە ئەو خۆشەویستی‌یە لە دڵ دا ڕسکاوە، دیارە پیاوەکەش بەو

---

[12] ئەم حەدیثە ئەبو داود و ئیبنو ماجە لە عەبدوڵلای کوڕی عومەرەوە گێڕاویانەتەوە.

کەمە رازی دەبێ و لە هەڵویستی خۆی ژێوان دەبێتەوە، یان کە ژنەکە واز لە بەشە مێردی خۆی دەهێنێ و رێگا دەدا مێردەکەی بەشەکەی ئەمیش بدا بە ژنەکەی تری، بەکورتی ئافرەتان سوورن لەسەر بەدەست هێنانی مافی خۆیان لە بەشە مێرد (القسم) و بژێوو ژیان لەگەڵ مێردەکەی دا بەکامەرانی، هەروەها سوورە لەسەر مارەیی و هەموو جۆرەکانی ماڵ و دارایی، هەروەها پیاوانیش سوورن لەسەر ماڵ و دارایی خۆیان و نایانەوێ ماڵیان بە فیڕۆ بڕوا هەروەکوو چۆن نایانەوێ خانەو لانەی خێزانیان لێ تێک بچێ، کەوابوو لێبووردن و دابەزین لە لوتکەی هەڵویست و واز هێنان لە بڕێ بەرژەوەندی لە هەردوو لاوە خێر ئاوەر دەبێ بۆ هەردوولا، پەیوەندی ژن و مێردایەتیان نا پچڕێو خانەی خێزانیڕیان ناشێوێ ﴿وإن تحسنوا وتتقوا﴾ ئەگەر بە شێوەیەکی چاک و رێک و پێک لەگەڵ ژنەکانتان دا ژیان بەسەر بەرن، وێڕای ئەوەی کە ناخۆشیشیتان بوێن لەگەڵیان دا هەڵ بکەن و خۆڕاگر بن لە بەرامبەر حەز و ئارەزووی خۆتان دا، مافی هاوسەری و پێکەوە ژیانتان لەبەرچاو بێ، چاو پۆشی لە هەندێ کەم و کوڕی یەکتری بکەن و هەوڵ بدەن بە کامەرانی ژیان بەسەر بەرن، خۆبپارێزن لە ناچیزە بوون و پشت تێکردن و هەر شتێک کە سەر بکێشێ بۆ زیان پێ گەیاندن و کێشەو دووبەرەکی!!

ئەوە ﴿فإن الله كان بما تعملون خبيرا﴾ بێگومان خودا بەو چاکەو ئیحسانەی کە لەگەڵ خێزانەکانتان دا دەیکەن ئاگادار و زانایە، هیچی لێ گوم نابێ و پاداشی باشتان دەداتەوە!

دەڵێن عیمرانی کوڕی حەططانی خاریجی بۆ خۆی زۆر ناشیرین بوو، خێزانەکەی زۆر جوان و شۆخ و شەنگ بوو، رۆژێک خێزانەکەی سەیری عیمرانی کردو وتی: (الحمد لله)، عیمران وتی: ئەوە چیتە؟ وتی: سوپاسی خودام کرد لەسەر ئەوە من و تۆ هەردووکمان بەهەشتین، عیمران وتی: چۆن؟ ئافرەتەکە وتی: چونکە تۆ منت دەست کەوتووەو خودا جوانێکی وەکوو منی بەتۆ بەخشیوە، ئەتۆش سوپاسی خودا دەکەی و شوکرانە بژێری! ئەمنیش ناشیرینی وەکوو تۆم بە نسیب بووەو صەبرم گرتووە، پەروەردگاریش بەڵێنی بەهەشتی داوە بەو بەندانەی سوپاس

گوزار و خۆ ڕاگران کەوابێ تۆ بەهۆی شوکرانە بژێرییەوە و من بەهۆی صەبر و خۆڕاگییەوە دەچینە بەهەشتەوە!!

ئەمجار پەروەردگار ئەوە روون دەکاتەوە کە هەڵس و کەوت کردنی پیاوان بە شێوەیەکی دادوەرانە لەگەڵ ژنەکانیان دا لە هەموو ڕوویەکەوە محالە، واتە: پیاوێک زیاد لە ژنێکی هەبێ و لە هەموو ڕوویەکەوە بە یەکسانی هەڵس و کەوتیان لەگەڵدا بکا بەیەک چاو سەیریان بکا، وەکوو یەک خۆشی بوێن ئەوە کاری نەکردەیەو تەکلیفێکی لە وزەبەدەرو مەحاڵە، بۆیە داوای لە مێردەکان کرد کە بە گوێرەی توانا بە یەکسانی هەڵس و کەوت لەگەڵ ژنەکانیان دا بکەن و ئەوجا روونی کردەوە کە ﴿ولن تستطيعوا أن تعدلوا بين النساء ولو حرصتم﴾ ناتوانن کە عەدالەتی تەواو لە هەموو ڕوویەکەوە ئەنجام بدەن لە نێوان ژنەکانتاندا، تەنانەت ئەگەر سووریش بن لەسەر ئەنجامدانی هەر ناتوانن. چونکە عەدالەتکاری لەگەڵ خێزان دا شتی ماددی و نامادی دەگرێتەوە، لە شتە ماددییەکان دا دەتوانێ بە عەدالەت لەگەڵیان دا هەڵس و کەوت بکا وەکوو مانەوەی شەو لە لایان و بژێو و پۆشاک و ئەم جۆرە شتانە! بەڵام لە شتە ناماددییەکانی وەکوو خۆشەویستی دڵ و مەیل پێدان و ئەم جۆرە شتانە کە پەیوەندییان بە هەستی دەروونییەوە هەیە ئەوە عەدالەتکاری تێیان دا مەحاڵە و ناتوانێ ئەنجامی بدا!

بۆیە پەروەردگار عەدالەتکاری لە شتە ماددییەکان دا لەسەر پیاوان پێویست کردووە لە شتە ناماددییەکان دا کە لە چوارچێوەی دەسەڵاتی ئەوان دا نیە ئەو ئەرکەی لەسەر سووک کردن بەڵام لە هەمان کات دا ئامۆژگاری پیاوانی کرد کە بە گوێرەی توانا لەو شتە دەروونییانەش دا بە عەدالەت لە گەڵیان دا بجووڵێنەوەو فەرمووی: ﴿فلا تميلوا كل الميل﴾ مەیل و سۆزی خۆتان بە تەواوی مەدەن بە ژنە خۆشەویستەکەو ژنەکەی تر پاشگوێ بخەی بە هیچ شێوەیەک مافی ژن ـ خێزانیەتی نەدرێتێ و ﴿فتذروها كالمعلقة﴾ لای خۆتان بیهێڵنەوە وەکوو موعەللەق، نەبەرەڵلا کراو نە تەڵاق دراو بێ بۆخۆی بچێ شوو بکاتەوە، نە لە لای مێردەکەشی مافی خێزانیەتی بدرێتێ، واتە لە ڕووی دەروونییەوە کە نەتان توانی

بە یەکسانی لەگەڵیان دا بجوولێنەوە لە رووی شتەکانی ترەوە بەگوێرەی توانا ستەمیان لێ مەکەن، بەڵکو لە بارەی لە لا نووستن و لەگەڵ رابواردن و هەڵس و کەوتی جوان لەگەڵ دا کردن دەبێ رازییان بکەن و مافیان بپارێزن.

﴿وإن تصلحوا وتتقـــوا﴾ ئەگەر ئێوە کاروباری خۆتان رێک بخەن و بەعەدالەت هەڵس و کەوت لەگەڵ ژنەکانتان بکەن و واز لە ستەم و ستەمکاری بێنن، تەقواکارو خۆپارێز بن لە هەموو ئیش و کارێکتان دا **﴿فإن الله کان غفـــورا رحیما﴾** ئەوە بێگومان خودا لە هەموو مەیل کردن و ستەمێک کە لەوەپێش لە ژنەکانتان کردوە خۆش دەبێ، داب و نەریتی خودا هەمیشە ئەوەیە: کە لێخۆش بوونی هەیە بۆ هەڵەکاران و رەحمەت و بەزەیی هەیە بۆ تۆبەکاران ئەوانەی لە دوای تاوان کردن پەشیمان دەبنەوە.

﴿وإن یتفرقا﴾ ئەگەر لێک جیابوونەوە، نە ئافرەتەکە وازی لە برێ ماڵ و دارایی خۆی هێنا نە پیاوەکەش لە هەڵوێستی خۆی ژێوان بووەوە و کارگەیشتە ئەوەی دەست لێک بەردەن ئەوە دڵنیا بن هیچ لایان پەکی ناکەوێ بەڵکو **﴿یغن الله کلا من سعته﴾** پەروەردگار هەر یەکەیان لەوی تریان بێ ئاتاج دەکا، بە لوطـــف و کەرەمی خۆی بۆ پیاوەکە ئافرەتێکی باشتر دەرەخسێنێ، بۆ ژنەکەش مێردێکی چاکتر پەیدا دەبێ، لە بارەی بژێو و ماڵ و داراییشەوە خودا هەردوو لایان بێ ئیحتاج دەکا!

دەگێڕنەوە دەڵێن جەعفەری کوڕی (محمد) پیاوێک چووە لای و سکاڵای خۆی بۆ کرد لە دەست هەژاری ئەویش وتی: بڕۆ ژن بێنە، کابرا ژنی خواست و گواستیەوە پاش ماوەیەک هاتە لای هەر سکاڵای هەژاری کرد ئەویش فەرمانی پێ کرد وتی ژنەکەت تەڵاق بدە!

کە پرسیاریان لێ کرد وتیان: ئەمە یانی چی؟ لەوەڵام دا وتی فەرمانم پێ کرد بە ژن هێنان وتم: بەڵکو بەر ئەم ئایەتە بکەوێ کە دەفەرموێ **﴿إن یکونوا فقراء یغنیهم الله من فضله﴾** النور/٣٢ کە ژنی هێناو ئایەتە نەیگرتەوە، فەرمانم

پێ کرد بە تەڵاق دانی ژنەکەی وتم بەڵکو لە ئەهلی ئەم ئایەتە بێ ﴿وإن یتفرقا یغن الله کلا من سعته﴾ لەم بارەوە چیرۆک و سەرگوزەشتە زۆرن.

﴿وکان الله واسعا حکیما﴾ پەروەردگار رزق و رۆژی دەری هەموو گیان لەبەریکە گەنجینەی فراوانەو هەرگیز کۆتایی نایە. دانایە لە ئیش و کارەکانیدا، لە هەموو روویەکەوە لە بارەی دروست کردن و دەست رەنگینی و شەریعەت دانان و هەڵسوڕاندنی بوونەوەر و پاداشت دانەوەو تۆڵە سەندنەوە.

خاوەنیتی بوونەوەر هەر بۆ خودایە، سەربەرزی دونیاو قیامەت بۆ تێکۆشەرانە

وَلِلَّهِ مَا فِى ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَمَا فِى ٱلْأَرْضِ ۗ وَلَقَدْ وَصَّيْنَا ٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْكِتَـٰبَ
مِن قَبْلِكُمْ وَإِيَّاكُمْ أَنِ ٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ ۚ وَإِن تَكْفُرُوا۟ فَإِنَّ لِلَّهِ مَا فِى ٱلسَّمَـٰوَٰتِ
وَمَا فِى ٱلْأَرْضِ ۚ وَكَانَ ٱللَّهُ غَنِيًّا حَمِيدًا ﴿١٣١﴾ وَلِلَّهِ مَا فِى ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَمَا فِى
ٱلْأَرْضِ ۚ وَكَفَىٰ بِٱللَّهِ وَكِيلًا ﴿١٣٢﴾ إِن يَشَأْ يُذْهِبْكُمْ أَيُّهَا ٱلنَّاسُ وَيَأْتِ
بِـَٔاخَرِينَ ۚ وَكَانَ ٱللَّهُ عَلَىٰ ذَٰلِكَ قَدِيرًا ﴿١٣٣﴾ مَّن كَانَ يُرِيدُ ثَوَابَ
ٱلدُّنْيَا فَعِندَ ٱللَّهِ ثَوَابُ ٱلدُّنْيَا وَٱلْـَٔاخِرَةِ ۚ وَكَانَ ٱللَّهُ سَمِيعًۢا بَصِيرًا ﴿١٣٤﴾

پاش ئەوەی پەروەردگار لە ئایەتەکانی پێشوو دا فەرمانی بە دادەمیزاد کرد کە عادیلانە لەگەڵ هەتیوان و زەبوونان دا بجووڵێنەوەو چاکەیان لەگەڵ دا بکەن، ئەمجار ئەوە روون دەکاتەوە؛ کە ئەم فەرمان و داوایە لەبەر ئەوە نیە کە خودا پێویستی پێ بێ، خودا هیچ ئاتاجی کردار و گوفتاری بەندەکانی نیە، چونکە هەموو ئاسمان و زەوی، هەموو بوونەوەر موڵکی خۆیەتی، ئەو خوایەکی بێ باک و

بێ ئیحتیاجە، بەندەکان پێویستیان بە رەحمەت و بەخششی ئەو هەیە، بەڵکو کە فەرمانیان پێدەکا بۆ بەرژەوەندی خۆیانە، بۆ رام کردن و هەڵنانیانە لەسەر کردنی کاری چاکە، بۆ رێکخستن و خولقاندنی کۆمەڵگای بەختەوەر و کامەرانە!

فەرموی: ﴿ولله ما في السماوات وما في الأرض﴾ هەر بۆ خودایە موڵك و دارایی و سەڵتەنەتی ئاسمانەکان و زەوی هەر خودا خۆی حاکم و هەڵسوڕێنەری کاروبارە تێیان دا، هەرچی تێیان دا هەیە لە رووی موڵکایەتی و خولقاندن و هێنانەدی و هەڵسوڕان و بەندایەتی کردنی بەندەکان بۆی هی خودایە! فەرمانڕەواییەکی رەهاو باڵا دەستی هەیە!

﴿ولقد وصينا الذين أوتوا الكتاب من قبلكم وإياكم﴾ بێگومان فەرمانمان بە خاوەن نامەکان (جوولەکەو مەسیحی و گەلانی تریش) کردووە، هەروەها فەرمانمان بە ئێوەش کردووە؛ کە ﴿أن اتقوا الله﴾ بەندایەتی خودا بکەن و کار بە بەرنامەی خودا بکەن! هەمیشە هەوڵی چەسپاندنی بدەن و بیکەنە یاساو پرۆگرامی خۆتان، بۆ ئەوەی بەختەوەری دونیاو قیامەت ببن، خۆ ﴿وإن تكفروا﴾ ئەگەر سەرپێچی فەرمانی یەزدان بکەن و کافر ببن ﴿فإن لله ما في السماوات وما في الأرض﴾ ئەوە بێگومان بۆ خودایە هەرچی لە ئاسمانەکان و زەوی دایە، چی لە بوونەوەر دایە موڵك و سامانی خودایە، بۆ خۆی خاونیانە، کافر بوون و یاخی بوونتان چ زیانێك بە خودایەتی و باڵا دەستی ئەو ناگەیەنێ، هەروەکوو چۆن سوپاس گوزاری و خودا پەرستیتان چ لە خودایەتی ئەو زیاد ناکا! کە فەرمانیشی پێ کردوون سوپاس گوزاری بن و بەندایەتی بکەن، ئەوە لەبەر سوز و رەحمەتی بێ پایانیەتی!.

رستەی ﴿وإن تكفروا﴾ عەطف کراوەتەوە بۆ سەر رستەی ﴿اتقوا﴾ واتە فەرمانمان بە ئەوانیش و بە ئێوەش کردووە کە تەقوای خودا بکەن! بەوانیش و بە ئێوەشمان گوتووە کە ئەگەر کافر ببن و سەرپێچی بکەن و لە خودا یاخی بن، ئەوە هەموو سەڵتەنەت هی خودا خۆیەتی! بە کورتی وەکوو زومەخشەری دەفەرموێ:

بوونەوەر هەموو هی خودایە! خودا دروستی کردون، خودا خاوەنیانە، هەر خودا رزق و رۆژی دەدا بە زیندەوەران و ئەو دەیانژیینێ!

جا کە ئادەمیزاد بەشێکی بوونەوەرە و خودا ئەو هەموو فەضل و نیعمەتانەی پێ بەخشیون، ئەرکی سەر شانیانە کە بیپەرستن، مافی خودا خۆیەتی کە پەرستراو بێ و کەس سەرپێچی نەکا، ئادەمیزادان خۆیان لە سزاو تۆڵەی بپارێزن، لە سزادانەوەی بترسێن و بە هیوای پاداش و بەخششی باش بن! واتە: ئەم فەرمانەی ئێمە فەرمان و ئامۆژگارییەکی کۆن و لە مێژینەیەو شتێکی تازە قەڵا نیە، هەر لە کۆنەوە پەروەردگار ئەم فەرمانەی بە بەندەکانی کردووە و بەرو دوا ئەم فەرمانەی ئاڕاستەی هەموو گەل و نەتەوەیەک کردووە و تایبەت نیە بە ئێوەوە، چونکە تەقوا وەسیلەو هۆکاری رزگار بوون و سەرفیرازی ئادەمیزادە بە هۆی تەقوا کردنەوە بەختەوەری دونیاو قیامەت دەبن.

ئەمجار بە ئەوانیش و ئێوەشمان گوتووە ئەگەر کافر بن و لە خودا یاخی بن ئەوە چ زیانێک بە خودا ناگا و تۆزقاڵێک لە خودایەتی کەم نابێتەوە، سەرباری ئەوەش لە ئاسمانەکان و زەوی دا فریشتەو دروست کراوی تری زۆرن کە یەکتا پەرستی دەکەن و فەرمانبەر دار و گەردنکەچی بۆ دەکەن و خۆیان لە سزاو تۆڵەی دەپارێزن **﴿وكان الله غنيا﴾** خودا لە زاتی خۆی دا بێ ئاتاجە لە دروست کراوانی خۆی و پێویستی بە هیچ کەس نیە و بێ ئیحتیاجە لە عیبادەت کردنیان **﴿حميدا﴾** شیاو و لایەق و موستەحەقی سوپاس و رێز لێنانە چونکە زاتێکی پاک و بێ خەوشە، صیفەتی تەواو بێ نەقصن بەخشش و نیعمەتی زۆرن، تەنانەت ئەگەر کەسیش بەندایەتی بۆ نەکا ئەو لە خوایەتی کەم نابێتەوە، واتە: خودا پێویستی بە تاعەت و شوکر و سوپاسی ئێوە نیە بۆ ئەوەی خودایەتی خۆی پێ تەواو بکا! **﴿وإن من شيء إلا يسبح بحمده ولكن لا تفقهون تسبيحهم﴾** الإسراء/٤٤

لە حەدیثی قودسی دا هاتووە دەفەرموێ: **((يا عبادي انكم لن تبلغوا ضري فتضروني، ولن تبلغوا نفعي فتنفعوني، لو أن أولكم وآخركم وإنسكم**

وجنكم كانوا على أتقى قلب رجل واحد منكم ما زاد ذلك في ملكي شيئا، يا عبادي لو أن أولكم وآخركم وإنسكم وجنكم كانوا على أفجر قلب رجل واحد منكم ما نقص ذلك في ملكي شيئا، يا عبادي لو أن أولكم وآخركم وإنسكم وجنكم قاموا في صعيد واحد فسألوني فأعطيت كل واحد مسألته مانقص ذلك مما عندي إلا كما ينقص المخيط إذا أدخل البحر، ياعبادي إنما هي أعمالكم أحصيها لكم ثم أوفيكم إياها، فمن وجد خيرا فليحمد الله ومن وجد غير ذلك فلا يلومن إلا نفسه)) رواه مسلم. (رياض/١ لا-١٤٣)

لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێ: **﴿ما أريد منهم من رزق وما أريد أن يطعمون إن الله هو الرزاق ذو القوة المتين﴾** الذاريـــات/٥٧-٥٨ ئەمجار پەروەردگار بێ ئاتاجی خۆی لە بەندەکانی دووبارە کردەوە فەرموی: **﴿ولله مـــا في السماوات وما في الأرض﴾** هەر بۆ خودایە چی لە ئاسمانەکان و زەوی داهەیە لەبارەی دروست کردن و خولقاندن و خاوەنیەتی‌یەوە، بە ئارەزووی خۆی چۆنی بوێ، ئاوا هەڵیان دەسوورێنێ، بەدییان دێنێ و دەیانفەوتێنێ، دەیانژیێنێ و دەیانمرێنێ **﴿وكفى بالله وكيلا﴾** بەسە کە خودا بۆ خۆی سەرپەرشتیار و پارێزگار بێ بۆ کاروباری بەندەکانی و رزق و رۆژی هەموو کاروبارێکی تریانی لە ئەستۆ گرتبێ!!

زومەخشەری دەفەرموێ: دووبارە کردنەوەی رستەی **﴿لله ما في السماوات وما في الأرض﴾** بۆ چەسپاندن و تەقریری خودایەتی خودایە بۆ سەلماندنی شیاویەتی و پەروەردگاریەتی‌یە بۆ ئەوەی ئادەمیزاد لێی بترسێن خۆ لە سزاو تۆڵەی بپارێزن، بەندایەتی بکەن و لێی یاخی نەبن، چونکە ترسان و خۆپارێزی لە سزای خودا بنەمای هەموو خێر و خۆشی‌یەکە؛ ئەمجار هەڕەشەی توندی ئاراستە کردن و فەرمووی:

﴿إن يشأ يذهبكم أيها الناس ويأت بآخرين﴾ ئەی ئادەمیزاد! ئەگەر خودا بیەوێ بتانفەوتێنێ و لە بێختان دەربێنێ تاقم و کۆمەڵێکی تر لە ئادەمیزاد بێنێتە کایەوە دەیکا و کەس نیە بێتە لەمپەر و نەهێڵێ ئەو کارە ئەنجام بدا، چونکە

هەموو شتێک لە ئاسمان و زەوی دا لە ژێر دەسەلاتی ئەو دایە و لە چوار چێوەی دەسەلاتی دەرناچێ ﴿وكان الله على ذلك قديرا﴾ پەروەردگار لەسەر ئەو لەناو بردن و بەدیهێنانە ئەو پەڕی دەسەلاتی هەیەو هیچ هێزێک نیە بتوانێ بەرەنگاری بکا!! بەلام کە نایکا ئەوە لەبەر ئەوەیە: کە ئیرادەی نەکردووە.

ئەمە هەڕەشە کردنە لە بت پەرستەکان کە شازاری پێغەمبەریان دەداو بەرەنگاری بانگەوازیەکەیان دەکرد، دەربڕینی ئاستی رق و بیمی پەروەردگارە لەو خوانەناسانەو دەستنیشان کردنی دەسەلاتی بێ سنووریەتی لەسەر لەناو بردن و فەوتاندنیان، ئەگەر لەسەر یاخی بوون بەردەوام بن بەلکو هەڕەشە کردن و ئاگادار کردنەوەیە بۆ ئەو کەسانەی کاربەدەستن و لێپرساوییان هەیە؛ کە ئەگەر دادپەروەر نەبن خودا لە ناویان دەبا! هەروەها بۆ زاناو زانستخوازان کە ئەگەر بە گوێرەی زانیاری خۆیان مامەلە نەکەن خودا ریسوایان دەکا، شکستیان بەسەر دێ.

وەکوو لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێ: **﴿و إن تتولوا يستبدل قوما غيركم ثم لا يكونوا أمثالكم﴾** محمد/٣٨ هەندێ لە زانایانی پێشین (سەلەف) فەرموویانە! ئای ئادەمیزاد چەند بێ نرخە لای خودا کاتێ کە سەرپێچی فەرمانەکانی دەکا!؟

لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێ **﴿إن يشا يذهبكم ويأت بخلق جديد، وما ذلك على الله بعزيز﴾** إبراهيم/١٩-٢٠.

ئەمانە هەموو هەڕەشە و ئامۆژگاری پەروەردگارن بۆ ئادەمیزاد لە چەند شوێنێکی قورئان دا بە بۆنەی جیاجیاوە دووبارەو سێ بارە بوونەتەوە. بۆ ئەوەی بەندەکان بە هۆش خۆ بێنەوەو واز لە ریگای چەوت بهێنن و بێنە سەر ریگای راست و رەوان کە ئەویش پابەند بوونە بە فەرمانەکانی خودا و جلەو گیریەکانی.

ئەمجار دەفەرموێ: ﴿من كان يريد ثواب الدنيا﴾ هەر کەسێک لە ئێوە لە ریگەی هەولدان و کۆشش و جیهادەوە بیەوێ دەست کەوتی جیهانی دەست کەوێ، مال و نیعمەت و پلەو پایەی دونیای بەدەست بێنێ! ئەوە **﴿فعند الله ثواب الدنيا والآخرة﴾** پاداشی باشی دونیاو قیامەت لای خودایە، پەروەردگار هێز و هەست و

عەقڵ و شارەزایی ئەوەی داوە پێتان کە ئەگەر بەکاریان بێنن دەتوانن هەمو پاداشەکان دەستەبەر بکەن، هەر بە پاداشی دونیای بێ بەقا رازی نەبن، چونکە کۆکردنەوەیان بۆ ئێوە ئاسانە وەکوو ئەوە جەنگاوەری ئیسلام لە رێگای خودادا بجەنگێ ئەگەر کارەکەی بۆ خودا بێ هەم غەنیمەت و سەرکەوتن بەدەست دێنێ هەم رەزامەندی خوداو بەمراد گەیشتنی لە رۆژی دوایی دا.

واتە: ئەگەر بەندە بیەوێ راستاڵانە بۆ خودا کار بکا بەختەوەریی هەردوو جیهان دەستەبەر دەکا، ئەم ئایەتە ئاماژەیە بۆ ئەوە کە ئایین ئادەمیزاد شارەزا دەکا بۆ کامەرانی و بەختەوەری هەردوو دونیا، وە ئەو شارەزایی کردنە فەضل و نیعمەتی خودایە، ئەگەر موسوڵمانان پابەندی فەرمان و جڵەوگیرییەکانی خودا بن و بەگوێرەی قورئان کە بەرنامەی هەڵبژێردراوی خودایە کار بکەن دەبنە گەورە هێزی جیهان و دونیا دەکەوێتە ژێر دەستیان (ئەمەش راستییەکی مێژوویییەو چەند جار لە مێژووی کەونا رای ئیسلامدا بەگەشی بینراوە!! هەر کاتێکیش پابەندی بەرنامەی خودا نەبووبن ئازادی و سەربەستیان لەدەست داوەو کەوتوونەتە ژێر چنگی داگیر کەران و چەوسێندراونەتەوە).

نموونەی ئەم ئایەتە ئایەتێکی ترە کە دەفەرموێ: **﴿فمن الناس من يقول: ربنا آتنا في الدنيا وما له في الآخرة من خلاق، ومنهم من يقول ربنا آتنا في الدنيا حسنة وفي الآخرة حسنة، وقنا عذاب النار. أولئك لهم نصيب مما كسبوا﴾** البقرة/٢٠٠-٢٠٢

لە ئایەتێکی تریشدا دەفەرموێ: **﴿من كان يريد حرث الآخرة نزد له في حرثه ومن كان يريد حرث الدنيا نؤته منها وما له في الآخرة من نصيب﴾** الشورى/٢٠

هەروەها دەفەرموێ: **﴿من كان يريد العاجلة عجلنا له فيها ما نشاء لمن نريد** تا دەگاتە- **أنظر كيف فضلنا بعضهم على بعض﴾** الإسراء/١٨-٢١

هەموو ئەم ئایەتانە ئەوە دەچەسپێنن کە ئادەمیزاد چی دێتە رێ ئاکامی کردەوەی خۆیەتی و پێویستە هەموو کاتێ هەوڵ بدا خودا لە خۆی رازی بکاو

بەختەوەری ژیانی قیامەتی دەستەبەر بکا، هەوڵ و تێکۆشانی بەتەنیا بۆ ژیانی کەم خایەنی دونیا نەبێ!!

کۆتایی ئایەتەکەشی بەوە هێناوە کە دەفەرموێ: **﴿وكان الله سميعا بصيرا﴾** پەروەردگار هەمیشە قسەو گفت وگۆی بەندەکانی بیستووە و دەبیسێ، بیناو زاناو ئاگادارە بە هەموو مەبەست و کردەوەیەکیان، کەوابوو پێویستە هەمیشە لەکاتی هەموو گفت و گۆو کرداریکیان دا خودایان لە یاد بێ و بزانن کە هەمیشە خودا ئاگای لە هەڵس و کەوتی ئەوانە، هیچ شتێکی لێ هون نابێ.

دادوەری لە بریار دان دا، شایەتی دان بە حەق، بروا بە خوداو بە پیغەمبەر

۞ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ كُونُوا۟ قَوَّٰمِينَ بِٱلْقِسْطِ شُهَدَآءَ لِلَّهِ وَلَوْ عَلَىٰٓ

أَنفُسِكُمْ أَوِ ٱلْوَٰلِدَيْنِ وَٱلْأَقْرَبِينَ ۚ إِن يَكُنْ غَنِيًّا أَوْ فَقِيرًا فَٱللَّهُ أَوْلَىٰ بِهِمَا ۖ

فَلَا تَتَّبِعُوا۟ ٱلْهَوَىٰٓ أَن تَعْدِلُوا۟ ۚ وَإِن تَلْوُۥٓا۟ أَوْ تُعْرِضُوا۟ فَإِنَّ ٱللَّهَ كَانَ بِمَا

تَعْمَلُونَ خَبِيرًا ﴿١٣٥﴾ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ ءَامِنُوا۟ بِٱللَّهِ وَرَسُولِهِۦ

وَٱلْكِتَـٰبِ ٱلَّذِى نَزَّلَ عَلَىٰ رَسُولِهِۦ وَٱلْكِتَـٰبِ ٱلَّذِىٓ أَنزَلَ مِن قَبْلُ ۚ

وَمَن يَكْفُرْ بِٱللَّهِ وَمَلَـٰٓئِكَتِهِۦ وَكُتُبِهِۦ وَرُسُلِهِۦ وَٱلْيَوْمِ ٱلْـَٔاخِرِ فَقَدْ ضَلَّ

ضَلَـٰلًۢا بَعِيدًا ﴿١٣٦﴾

لە ئایەتەکانی پێشوو دا فەرمانی بە ئادەمیزادان کرد کە داد پەروەر بن لەگەڵ هەتیوان دا، لەگەڵ ئافرەتان دا، بەم جۆرە زەمینەی خۆش کرد بۆ فەرمان بە عەدالەت بەشێوەیەکی گشتی و سەرتاسەری،، چونکە کۆمەڵگا بەختەوەر نابێ و کاروباری سەر ناگرێ ئەگەر عەدالەت باڵی پیرۆزی بەسەر دا نەکێشێ! پارێزگاری یاساو بەردەوام بوونی دەسەلات بەبێ عەدالەت مەیسەر نابێ، عەدالەت بناخەی دەسەلاتی هەمیشەیی‌یە، بەبێ داد پەروەری کۆمەڵگا بەرێوە ناچێ! بۆیە ئەم بانگەوازە گشتی‌یە سەرتاسەری‌یە ئاراستەی، موسوڵمانان کردو فەرموی: ﴿يا أيها الذين آمنوا كونوا قوامين بالقسط﴾ ئەی ئەو کەسانەی بڕواتان هێناوە! زیادە ڕەوی و موبالەغە بکەن لە چەسپاندنی عەدالەت دا، ڕەوشتی داد پەروەری لە خۆتان دا ڕەوشتێکی سرووشتی و بنچینەیی بێ بە لێبڕاوی پابەندی بن!!

عەدالەت وشەیەکی گشتی‌یە؛ دادگایی دادوەر دەگرێتەوە هەروەها هەموو هەڵس و کەوتێکی حەقانی ئادەمیزادیش دەگرێتەوە، پیاو لەناو خێزان دا، ژن لە ماڵ دا، سەرۆک دائیرە لە فەرمانگەکەی خۆی دا، کوێخا لە گوند دا، سەرۆک هۆز لەناو خێڵەکەی دا، ئەفسەر لە سوپادا هتد.

هەموو ئەمانە پێویستە دادپەروەری لە بزاڤی ژیانیان دا ڕەنگ بداتەوە بەیەک چاو سەیری ژێر دەستەی خۆیان بکەن، جیاوازی لە نێوانیان دا نەکەن! ﴿شهداء لله ولو على أنفسكم﴾ شایەتی حەق و ڕاستی بن بۆ خودا واتە: هەوڵی چەسپاندنی حەق بدەن و مەبەستی خودا لە خۆڕازی کردنتان هەبێ، شایەتی بەڕاستی بدەن، خۆتان لە شایەتیدانی بەدرۆ بپارێزن، لە شایەتیدان دا لایەنگیری ڕەچاو مەکەن، شایەتی ڕاست و بێ پێچ و پەنا بدەن، با لەدژی خۆشتان بێ

﴿أو الوالدين﴾ یان زیانی بۆ دایک و باوکتان هەبێ ﴿والأقربين﴾ یان زیانی بۆ خزم و کەس و کارو دۆست و ئاشنا هەبێ! حەق چۆنەو ڕووداوەکە چۆنتان ئاگا لێیە ئاوا بیگێڕنەوە، لە شایەتیدان دا جگە لە لایەنی خوداو حەق- هیچ شتێکی تر لەبەر چاو مەگرن! ﴿إن يكن غنيا أو فقيرا فالله أولى بهما﴾ لە شایەتیدان دا

لایەنگیری دەوڵەمەند لەبەر دەوڵەمەندی‌یەکەی مەکەن بەزەییتان بەهەژار دا لەبەر هەژاری نەیەتەوە، ئەوە حەواڵەی خودا بکەن خودا بۆ خۆی باش باش دەزانێ بەرژەوەندی‌یان لە چی دایە!!

﴿فلا تتبعوا الهوى أن تعدلوا﴾ شوێن هەواو هەوەس مەکەون: نەوەکوو لەحەق لابدەن بۆ بەتاڵ، چونکە هەر کەسێ شوێن هەواو هەوەسی بکەوێ هەڵدەخلیسکێ و تووشی هەڵە دەبێ، یان با هەواو هەوەس و دەمار گیری و خۆشەویستی بۆ هەندێ کەس و رق و کینەتان لە هەندێکی تر واتان لێ نەکا عەدالەت و دادپەروەری پاشگوێ بخەن! بەڵکو هەموو کاتێ لە هەموو حاڵێکدا پابەندی عەدالەت بن و دەستی لێ بەرمەدەن! وەکوو لەم ئایەتەی تردا دەفەرموێ: ﴿ولا يجرمنكم شنآن قوم على أن لا تعدلوا اعدلوا هو أقرب للتقوى﴾ المائدة/٨.

دەسەڵاتی عەدالەت ئامێز بەردەوام و پایەدارە، جێگای رەزامەندی خوداو ئادەمیزادە.. ﴿وإن تلووا أو تعرضوا﴾ ئەگەر بە ئەنقەست خوار بڕۆن و شایەتی بگۆڕن و درۆی تێدا بکەن و لەڕاستی لا بدەن، یان شایەدی‌یەکە بشێرنەوەو ئەدای نەکەن و وەکوو پێویست ئەرکی سەرشانی خۆتان ئەنجام نەدەن ئەوە ﴿فإن الله كان بما تعملون خبيرا﴾ دڵنیا بن خودا ئاگای لە هەڵویست و کردار و گوفتارتانە و سزاتان دەداتەوە، ئاگادار و زانایە بە هەموو وردەکاری‌یەکان و هیچی لێ هون نابێ بە هەموو نهێنی و پەنامەکی‌یەکی شایەتی‌یەکە دەزانێ، با سەرپێچی کاران بترسێن و بزانن کە خودا ئاگاداری هەموو فێڵ و قسەگۆڕین و ژێر لێو خستنی شایەتیدانەکانیانە.

ئەمجار پەروەردگار فەرمانی پیرۆزی ئاراستەی خاوەن بڕوایان دەکاو دەفەرموێ: ﴿يا أيها الذين آمنوا آمنوا بالله ورسوله والكتاب الذي نزل على رسوله﴾ ئەی کۆمەڵی موسوڵمانان! بەردەوام بن لەسەر بڕوای راستتان بە خوداو بە پێغەمبەری خوداو بەو نامەیەی ناردویەتی‌یە خوارێ بۆ سەر پێغەمبەرەکەی و ﴿والكتاب الذي أنزل من قبل﴾ هەروەها بڕواتان هەبێ بەو نامانەی کە لە پێش

قورئان دا نێردراون بۆ پێغەمبەرەکانی پێشوو، پێتان وابێ کە ئەو نامانە لە خوداوە نێردراون بـۆ سـەر پێغەمبـەران.. ئەمـە ئەگـەر خیطابەکـە ئاراسـتەی موسـوڵمانان کرابێ، وەکوو زۆربـەی راڤەکـەرانی قورئـان پێیـان وایـە! ئیبنـو کـەثیر و قورطوبـی پەسەندیان کردووە وەکوو لە شوێنێکی تریشدا دەفەرموێ: **﴿يا أيـها الذيـن آمنـوا اتقوا الله وآمنوا برسوله﴾** الحديد/٢٨

بەلام ئەگەر خیطابەکە روو بکاتە بڕوادارانی ئەهلی کیتاب، ئەوە مەبەست بە فەرمانەکە ئیمان هێنانیانە بە پێغەمبەری ئیسلام و بەقورئان وەکوو چۆن بڕوایان بە پێغەمبەرەکانی پێشوو هێناوە بڕوایـان بـە نامـە ئاسمانیـیـەکانی پێش قورئـان هێناوە!!

جاوەکوو ریوایەت کراوە: ئەمە خیطابە بۆ ئەوانەی جوولەکە بوون و بڕوایان هێناوە بـە پێغەمبـەر، ئیبنـو عـەبباس و کەلـەبی دەڵێـن: ئـەم ئایەتـە دەربـارەی عەبدوڵلای کوڕی سەلام و ئەسەد و ئوسەید کە دوو کوڕی کەعب بـوون و هـەروەها ثەعلەبەی کوڕی قەیس و سەلام کە کوڕی خوشکی عـەبدوڵلای کـوڕی سـەلام بـوو، یامینی کوڕی یامین، کە هاتنە خزمەتی پێغەمبەر و عەرزیان کـرد ئێمـە بـڕوا بـە تۆو بە کتێبەکەت دەکەین، هەروەها ئیمانیان بە موساو بـە تـەورات و بـە عوزەیـر هەیە ئیتر بڕوا بە کەسی ترو بـە هیـچ کتێبێکـی تـر ناکـەین! پێغەمبـەر ﷺ پـێی فەرموو نابێ بەڵکو دەبێ ئیمان بە خوداو بە پێغەمبەرەکەی کـە منـم و ئیمـان بـە قورئان بهێنن، هەروەها دەبێ بڕواتان هەبێ بە هـەموو نامـە ئاسمانیـیـەکی پێش قورئان. ئەوانیش وتیـان نـەخێر شـتی وا ناکـەین ئیـتر ئـەم ئایەتـە هاتـە خـوارێ و هەموویان ئیمانیان هێنا..

ئەمجار هەڕەشـەی سـەخت ئاراسـتەی سـەرپێچیکاران دەکـاو دەفـەرموێ: **﴿ومن يكفر بالله وملائكته وكتبه ورسله واليوم الآخر فقد ضل ضلالا بعيـــدا﴾** هـەر کەسـێک بـڕوای بـە خـوا یـان فریشـتەکانی یـــان نامــە نێردراوەکـانی یـان پێغەمبەرانی یان رۆژی قیامەت نەبێ یان بڕوای بە هەندێکیان نەبێ ئەوە گومڕایەو رێگای لێ هون بووەو لە رێگای حەق لای داوە، زۆر لە رێگای مەبەست و حەقیقەت

دوور کەوتۆتەوە، کەسێک جیاوازی بخاتە نێوان نامە ئاسمانی‌یەکان و پێغەمبەران بڕوا بە هەندێکیان بکاو بڕوا بە بڕێکیان نەکا وەکوو جوولەکەو مەسیحی‌یەکان ئەوە بڕواکەیان بایەخی نیە! چونکە کافر بوون بە نامەیەکی ئاسمانی یان بە پێغەمبەرێک بڕوا نەبوونە بە هەموو نامە ئاسمانی‌یەکان و بە هەموو پێغەمبەران! ئەگەر ئیمانی راست و دروستیان بە پێغەمبەرەکەیان، بە نامە ئاسمانی‌یەکەی هەبوایە، بێ بڕوا نەدەبوون بە (محمد) کە لە ئایین و کتێبەکەیان دا مزگێنی پێ دراوە!!

رەوشتی دووڕووەکان و هەڵوێستیان دژی موسوڵمانان و سزایان لە لای خودا

إِنَّ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ثُمَّ كَفَرُواْ ثُمَّ ءَامَنُواْ ثُمَّ كَفَرُواْ ثُمَّ ٱزْدَادُواْ كُفْرًا
لَّمْ يَكُنِ ٱللَّهُ لِيَغْفِرَ لَهُمْ وَلَا لِيَهْدِيَهُمْ سَبِيلًۢا ﴿١٣٧﴾ بَشِّرِ ٱلْمُنَٰفِقِينَ بِأَنَّ
لَهُمْ عَذَابًا أَلِيمًا ﴿١٣٨﴾ ٱلَّذِينَ يَتَّخِذُونَ ٱلْكَٰفِرِينَ أَوْلِيَآءَ مِن دُونِ
ٱلْمُؤْمِنِينَ ۚ أَيَبْتَغُونَ عِندَهُمُ ٱلْعِزَّةَ فَإِنَّ ٱلْعِزَّةَ لِلَّهِ جَمِيعًا ﴿١٣٩﴾ وَقَدْ نَزَّلَ
عَلَيْكُمْ فِى ٱلْكِتَٰبِ أَنْ إِذَا سَمِعْتُمْ ءَايَٰتِ ٱللَّهِ يُكْفَرُ بِهَا وَيُسْتَهْزَأُ بِهَا
فَلَا تَقْعُدُواْ مَعَهُمْ حَتَّىٰ يَخُوضُواْ فِى حَدِيثٍ غَيْرِهِۦٓ ۚ إِنَّكُمْ إِذًا مِّثْلُهُمْ ۗ
إِنَّ ٱللَّهَ جَامِعُ ٱلْمُنَٰفِقِينَ وَٱلْكَٰفِرِينَ فِى جَهَنَّمَ جَمِيعًا ﴿١٤٠﴾
ٱلَّذِينَ يَتَرَبَّصُونَ بِكُمْ فَإِن كَانَ لَكُمْ فَتْحٌ مِّنَ ٱللَّهِ قَالُوٓاْ أَلَمْ نَكُن

مَّعَكُمْ وَإِن كَانَ لِلْكَٰفِرِينَ نَصِيبٌ قَالُوٓا۟ أَلَمْ نَسْتَحْوِذْ عَلَيْكُمْ وَنَمْنَعْكُم مِّنَ ٱلْمُؤْمِنِينَ ۚ فَٱللَّهُ يَحْكُمُ بَيْنَكُمْ يَوْمَ ٱلْقِيَٰمَةِ ۗ وَلَن يَجْعَلَ ٱللَّهُ لِلْكَٰفِرِينَ عَلَى ٱلْمُؤْمِنِينَ سَبِيلًا ﴿١٤١﴾

لە ئایەتی پێشوودا پەروەردگار فەرمانی بە موسوڵمانان کرد کە بڕوادار بن و بەردەوام بن لەسەر بڕواداری و ئیمانیان بە خوداو بە پێغەمبەران و بەنامە ئاسمانی‌یەکان هەبێ، ئیتر گونجاو بوو کە باسی دوو کۆمەڵ بکا کە لەو بڕوادارانە نین.

کۆمەڵی یەکەم: ئەو تاقمەن کە بەڕواڵەت ئیمانیان هێناوەو دوایی گەڕاونەوە بۆ سەر کوفر و بە کافری مردون، ئەوانە تۆبەیان بۆ نیە لەسەر کوفر مردوون، خوداش لێیان خۆش نابێ!

کۆمەڵی دووەم: ئەو تاقمە دووڕووەن کەبەڕواڵەت بە موسوڵمانی مانەوەو لە دڵدا لەگەڵ کافرەکان دان و لایەنگیریی ئەوان دەکەن، ئەوانەش سزای سەختیان دەدرێ و بە ئاگری دۆزەخ دەسوتێنرێن.

﴿إن الذين آمنوا ثم كفروا﴾ ئەو کەسانەی موسوڵمان بوونی خۆیان ڕاگەیاند، دوایی پەشیمان بوونەوەو گەڕانەوە بۆ کوفر و گومڕایی ﴿ثم آمنوا﴾ ئەمجار هەڵوێستیان گۆڕی و بەڕواڵەت موسوڵمان بوونەوە ﴿ثم كفروا﴾ ئەمجار هەڵگەڕانەوەو دووبارە کافر بوونەوە ﴿ثم ازدادوا كفرا﴾ ئەمجار زێدەڕەویان کرد لە گومڕایی و کافر بوون داو درێژەیان بە کافر بوونی خۆیان داو لەسەر گومڕایی مانەوە تا مردن، ئەوانە ﴿لم يكن الله ليغفر لهم﴾ لێخۆشبوونی خودا نایانگرێتەوەو ﴿ولا ليهديهم سبيلا﴾ شارەزایی ناکرێن بۆ چاکەو خێر، واتە: ئەوانە کە ئەوەندە ڕاڕابوون بەڕواڵەت موسوڵمان بوون و بەئاشکرا لە ئایین هەڵگەڕانەوەو زێدەڕەوی

لەسەر کافر بوون و گومڕاییان لێ بیندراو سوور بوون لەسەر کافر بوون و ئامادە نەبوون بە باشی لە ئیسلام حاڵی ببن و هەوڵیان نەدا بەردەوام بن لەسەر دینداری و مانەوە لەسەر ڕێگای ڕاست! ئەوە هەرگیز لێخۆشبوونی خودایان دەست ناکەوێ، ڕەحمەت و چاکەو ڕەزامەندی پەروەردگار نایانگرێتەوە، دوای ئەو دڵە ڕاوکەو ڕاڕاییە ئیتر شیاوی ئەوە نین شارەزای ڕێگای بەهەشت بکرێن و ناکرێن، ژیانی سەربەرزی و کامەرانی نابینن، لەو دونیاش لە ئاگری دۆزەخ. ڕزگاریان نابێ، چونکە لە ژیان دا تۆبەی ڕاستیان نەکردوە و لەسەر کوفر و گومڕایی خۆیان تا مردن بەردەوام بوون!

﴿بشر المنافقين﴾ ئەی محمد! مزگێنی بدە بە دووڕووەکان لە هەر تاقم و کۆمەڵێک بن، هەروەها ئەوانەی کە لایەنگیری کافرەکان دەکەن ﴿بأن لهم عذابا أليما﴾بەوە کە ئاگری دۆزەخ ئامادەیە بۆیان و لەناو دۆزەخ دا سزای سەخت دەچێژن!

ئەمجار پێناسەی دووڕووەکان دەکاو دەفەرموێ: ﴿الذين يتخذون الكافرين أولياء من دون المؤمنين﴾

ئەوانە کافرەکان دەکەنە دۆست و برادەر و ڕاوێژ پێکراو و یارمەتیدەر و پشت و پەنا، دۆستایەتی موسوڵمانان بەڕاستی ناکەن و لەژێر دەسەڵاتی موسوڵمانان دەردەچن و خۆیان لێ جیا دەکەنەوە، بەو هیوایەو پێیان: وایە کە لە ئاکاما سەرکەوتن بۆ کافرەکان دەبێ! نازانن: کە سەرەنجام سەرکەوتن بۆ موسوڵمانانە، چونکە خودایان لەگەڵە!.

ئەمجار بەشێوە پرسیارێکی سەرزەنشت ئامێز دەفەرموێ: ﴿أيبتغون عندهم العزة﴾ ئایا ئەوانە کە دۆستایەتی کافرەکان دەکەن دەیانەوێ لای ئەوان هێز و پشتیوان بۆخۆیان پەیدا بکەن؟ ئەگەر بە تەما بن بەوە بەهێز بن و پشت و قوەتیان زیاد بکا، ئەوە بەهەڵە چوون چونکە ﴿فإن العزة لله جميعا﴾ هێز و تواناو پشت و قوەت لە دونیاو لە قیامەت دا هەر بۆ خودایە، هەر ئەمیش هێز و تواناو

پشت و په‌نا ده‌به‌خشێ، سه‌رکه‌وتن سه‌ره‌نجام بۆ خۆشه‌ویستانی خودایه‌و ئه‌وان بالا ده‌ست و زاڵ ده‌بن به‌سه‌ر جووله‌که‌و خوا نه‌ناسانی تردا.. وه‌کوو له ئایـه‌تێکی تـردا ده‌فـه‌رموێ: ﴿ولله العـزة ولرسـوله وللمؤمنـين﴾ المنـافقون/٨ عـیزه‌ت و شـان و شه‌وکه‌ت هی خودایه ده‌یدا به‌وانه‌ی خۆی ئاره‌زوو بکا! که‌وابوو پێویسته عـیزه‌ت و هێز و توانا له خودا داوا بکه‌ن، به‌هۆی بڕوای راست و پته‌و و په‌یڕه‌و کردنی رێبازی په‌روه‌ردگار و شوێنکه‌وتنی به‌رنامه‌ی پێغه‌مبه‌ره‌که‌یه‌وه به‌ده‌ستی بێنـن! بێگومـان په‌روه‌ردگار عـیزه‌ت و شـان و شـکۆی دا بـه پێغه‌مبـه‌رو بـه موسـوڵمانان چونکـه په‌یڕه‌وی قورئان بـوون، رێبـازی پێغه‌مبـه‌ریان گرتـه بـه‌ر!! کـاتێکیش موسـوڵمانان وازیان له به‌رنامه‌ی خودا هێناو ئه‌و شه‌ریعه‌ت و یاسایه‌ی پێشینانی ئـه‌وان پـێ ی بـه‌رز بوونـه‌وه ئـه‌مان پاشـگوێیان خسـت و لێ ی ده‌سـت بـه‌ردار بـوون، شـان و شه‌وکه‌تیان نه‌ما، زه‌لیل و ژێر ده‌سته بـوون، تـه‌ختی بـه‌ختیان وه‌رگـه‌ڕا، دوو ڕوو و خوێری و جاشیان تێدا په‌یدا بوون، دۆستایه‌تی کافر و خوا نه‌ناسانیان کـرد و پێیـان وابوو: به‌وه پله‌و پایه به‌ده‌ست ده‌هێنن! به‌ڵام با دڵنیا بـن هـه‌رگیز لـه‌و روانگـه‌وه پله‌و پایـه‌یان ده‌ست ناکـه‌وێ! ئومێده‌واریـن موسـوڵمانان بـه‌هۆش خـۆ بێنـه‌وه، بگه‌ڕێنه‌وه بۆ سه‌ر ئه‌و رێبـازه پـیرۆزه یـه‌زدان کـرده‌و ئـه‌و شـه‌ریعه‌ته ئاسمانی‌یـه بکه‌نه‌وه به به‌رنامه و پرۆگرامی خۆیان و جـارێکی تـر سـه‌روه‌ری و بـالا ده‌سـتی و فه‌رمان ره‌وایی جیهان به‌ده‌ست بێنـن! جـارێکی تـر ده‌ری بخـه‌ن کـه ﴿ولله العـزة ولرسوله وللمؤمنين﴾.

ئه‌مجار په‌روه‌ردگار جڵه‌و گیری له موسوڵمانان کرد به گشتی که نابێ لـه کۆڕ و کۆمه‌ڵی ئه‌و کافرانه‌دا ئاماده بن که گاڵته به قورئان و ئایینی خودا ده‌که‌ن، ده‌فه‌رموێ: ﴿وقد نزل عليكم في الكتـــاب﴾ بێگومـان نـێردراوه بـۆ ئێـوه ئـه‌ی کۆمه‌ڵی موسوڵمانان! ئه‌وانه‌تان به‌ڕاستی موسوڵمان بوون و ئه‌وانه‌شتان موونافیق و دووڕوون- له قورئان دا پێتان راگه‌یه‌ندراوه‌و فه‌رمانتان پێ کراوه ﴿أن إذا سمعتـم آيات الله يكفر بها ويستهزأ بها﴾ هه‌رکاتێ بیستتان و زانیتان و بینیتان که قورئـان

و ئایینی خودا رەت دەکریتەوە و گاڵتەی پـێ دەکـرێ و دەکریتـە هـۆی رابواردنـی کۆمەڵی خوانەناسان ﴿فلا تقعدوا معهم حتى يخوضوا في حديث غـيره﴾ ئامـادەی کۆڕ و کۆبوونەوەیان مەبن و لەگەڵیان دامەنیشن تا دەکەونە سەر قسەو باسێکیتر و واز لە گاڵتە کردنەکە دەهێنن! ئەمـە ئاماژەیـە بـۆ ئایـەتی **﴿وإذا رأيـت الذيـن يخوضون في آياتنا فاعرض عنهم حتى يخوضوا في حديث غيره﴾** الأنعـــام/٦٧ ئەم ئایەتـە لـە مەککـە هاتۆتـە خـوارێ، ئـەوە بـوو کافرەکـانی مەککــە کـۆڕ و کۆبوونـەوەیان دەبەسـت و گاڵتـەیان بــە قورئــان دەکــرد و هــەندێ موســوڵمانی سافیلکەش لایان دادەنیشتن و نەشیان دەتوانی بەرپەرچیان بدەنەوە، چونکە لاواز و بێ توانا بوون، ئیتر پەروەردگار فەرمانی پێ کردن بە روو وەرگێـڕان لێیـان و گـوێ رانەگرتن بۆیــان، ئـەمجار کـە موسـوڵمان چوونـە مەدینـە جوولەکـەکانی مەدینـە هـەمان هەڵوێسـتی کافرەکـانی مەککـەیان هـەبوو، گاڵتـەیان بـە قورئـان دەکــرد موسوڵمانە دووڕووەکانیش (دەچوونە لایان دادەنیشتن و گوێیان بۆ دەگرتن). ئیـتر پەروەردگار بــە گشـتی جڵـەو گـیری لـە موسـوڵمانان کـرد و ئـەوەی لـێ قەدەغـە کردن... تێکڕای هەردوو ئایەتەکان ئەوە دەگەیەنن کە بڕێ لەو شـتانەی ئاراسـتەی پێغەمبەر ﷺ کراوە مەبەست لێی ئوممەتەکەیەتی! ﴿إنكم إذا مثلهم﴾ئێوە ئەگەر هاوبەشی دانیشتن و قسەو باسی ئەو کۆڕانەیان بکەن، ئەوا وەکوو ئەوان تاوانبـار و هاوبەشـی کوفرەکـەیانن!! چونکـە دانیشـتن لەگـەڵیان و گـوێ راگرتـن بـۆ گاڵتـــە کردنەکەیان نیشانەی رەزامەندییە بە هەڵوێستیان، رازی بوون بە کوفر بە ئیختیـار کوفرە، ئەمجار پەروەردگار ئەمــە روون دەکاتـەوە کـە خـودا لـە دوا رۆژ دا کۆیـان دەکاتەوە، گاڵتە کەر و گوێ گر هــەردوو لا چۆن لـە دونیـادا بـۆ گاڵتـە کـردن بـە قورئان کۆبوونەوە بەو شێوەیە لە ناو ئاگری دۆزەخ دا کۆیان دەکاتەوەو دەفـەرموێ: ﴿إن الله جامع المنافقين والكافرين في جهنم جميعا﴾ دڵنیا بن کە خودا دووڕووەکـان و کافرەکان لـە نـاو ئـاگری دۆزەخ دا کۆدەکاتـەوە، بەیەکـەوە سـزایان دەدا چونکـە کەسێک رازی بێ بە کارێک حوکمی ئەو کەسەی هەیە کە کارەکەی کردووە.

ئەمجار پەروەردگار بڕێ ڕەوشت و نیشانەی مونافیقەکان دەستنیشان دەکاو دەفەرموێ: ﴿الذین یتربصون بکم﴾ ئەو دووڕووانە ئەوانەن کە خۆیان بەلایەکێ دا ساغ ناکەنەوە چاوەڕوانن ئاخۆ موسوڵمانان چییان دێتە ڕێ ﴿فإن کان لکم فتح من الله﴾ ئەگەر ئێوەی موسوڵمان لە خوداوە یارمەتی دران و بەسەر دوژمن دا زاڵ بوون و سەرکەوتنتان بەدەست هێنا، غەنیمەتتان دەست کەوت زمان درێژ دەکەن و گەزاف دەکێشن و دەڵێن: ئێمەش لەگەڵتان بووین و بەشە تالانیمان بدەنێ، مافمان پێشێل مەکەن! بەشێوەیەکی پرسیار ئامێز﴿قالوا ألم نکن معکم﴾ دەڵێن: ئایا ئێمە لە جەنگەکەدا لەگەڵتان نەبووین؟! وەکوو ئێوە بەشداری جەنگمان نەکرد؟؟ ﴿وإن کان للکافرین نصیب﴾ ئەگەر کافرەکان سەرکەوتنێکێ بەدەست بێنن و بەسەر موسوڵمانەکاندا زاڵ ببن وەکوو ڕۆژی جەنگی ئوحود ﴿قالوا ألم نستحوذ علیکم؟﴾ بەکافرەکانی مەککە دەڵێن: ئایا ئێمە یارمەتیمان نەدان بۆ سەرکەوتنتان؟ نەمان دەتوانی بتانکوژین دیلتان بکەین؟ نەهێڵین سەربکەون؟؟ ئایا ئێمە نەبووینە یارمەتدەر بۆتان؟؟ لەم ڕووەوە کە دڵی موسوڵمانەکانمان سارد دەکردەوە؟! ترسمان دەخستە دڵیانەوە بۆ ئەوەی پشتیان سارد بێتەوەو پەلامارتان نەدەن!! ﴿ونمنعکم من المؤمنین﴾ کاری سەرەکیمان ئەوەبوو: نەمانهێشت موسوڵمانان هەڵمەتتان بۆ بێنن، دڵمان سارد دەکردنەوە، بەو شێوەیە ئێوەمان پاراست لە پەلامار دانی ئەوان، کەواتە بەشێکمان لە دەستکەوتەکانتان بدەنێ! چونکە ئێمەش هاوخەباتتان بوین. ئیتر پەروەردگار حەسمی مەوقیفەکە دەکاو دەفەرموێ: ﴿فالله یحکم بینکم یوم القیامة﴾ خودا دادگایی نێوانتان دەکا ئەی خاوەن بڕوایان و موسوڵمانانی بەڕاستی و ئەی کۆمەڵی دووڕوو! لەڕۆژی قیامەت دا پەروەردگار حیسابتان بۆ دەکا و هەر یەکەتان بە گوێرەی کردەوەی خۆی سزاو پاداشتتان دەداتەوە؛ موسوڵمانانی ڕاستاڵ دەخاتە بەهەشتەوەو دووڕووەکانیش فڕێ دەداتە ناو دۆزەخەوە! ئەمجار پەروەردگار دووڕووەکان هیوا بڕاو دەکا و پەیامی نائومێدیان بەگوێچکە دا دەداو دەفەرموێ: ﴿ولن یجعل الله للکافرین علی المؤمنین

سبیلا﴾ ئەی کۆمەڵی دووڕوو دڵنیا بن، دەستی نائومێدی بخەنە ژێر سەرتان! هەرگیز خودا ماوەنادا کافرەکان بەسەر موسوڵمانان دا بەتەواوی زاڵ ببن و لە بێخیان دەربێنن بەمەرجێ موسوڵمان دەست بە شەریعەتی خوداوە بگرن و پابەندی فەرمان و جڵەو گیرییەکانی پەروەردگاریان بن، ئەگەر لە شەڕێک دا، لە چاخ و سەردەمێک دا کافرەکان سەرکەوتنێ بەدەست بێنن، ئەوە شتێکی کاتییەو پایەدار نابێ، سەرەنجام سەرکەوتن بۆ خوداپەرستانە، بەمراد گەیشتن لە دونیاو قیامەت دا هەر بۆ موسوڵمانانی راستاڵ و لەخۆ بوردووە، وەکوو لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێ: **﴿وكان حقا علينا نصر المؤمنين﴾** الروم/٤٧ یان دەفەرموێ: **﴿إن تنصروا الله ينصركم ويثبت أقدامكم﴾** محمد/٧.

تێبینی:

یارمەتیدانی خودا کاتێک دەبێ کە موسوڵمانان شەڕ لە پێناو حەق و عەدالەتدا بکەن، مەبەستیان بەرز کردنەوەی ئاڵای (لا إلــه إلا الله......) بێ و رەزامەندی خودایان بوێ و پاداشیان لەو داوا بکەن! نیشانەکانیشی ئەوەیە: ئامۆژگارییەکانی خودا پەیڕەو بکەن، وەکوو قورئان فەرمانیان پێ کردوون ئامادەباشی خۆیان پیشان بدەن، پێویستیاتی بۆ دابین بکەن! بە گوێرەی ئایەتی **﴿وأعدوا لهم ما استطعتم من قوة ومن رباط الخيل﴾** و ئایەتی **﴿إذا لقيتم فئة فاثبتوا واذكروا الله كثيرا لعلكم تفلحون﴾** رەفتار بکەن.

چەند جار گوتراوە: بیروباوەڕ هۆی سەرەکییە بۆ سەرکەوتن، هەرجەنگاوەرێک بیروبڕوای بەمەسەلەکە نەبوو لەشەڕەکەدا سەرناکەوێ، هەبوونی بیر وباوەڕیش ئەوە دەخوازێ کە هەمیشە ئامادەباش بێ، پێویستیاتی جەنگی بە گوێرەی رۆژگار دابین بکا، هەر کاتێک موسوڵمانان پابەندی فەرمانی خودا بوون و پەیڕەوی ئامۆژگارییەکانی بوون، خوداش سەریان دەخاو زاڵیان دەکا. ئەمە راستییەکەو بەڵێنێکی خوداییە، هیچ شک و گومانی تێدا نیە، چەند جارێک لە مێژوودا بە ئاشکراو بەزەقی خۆی نواندووە!! بەڵام ئێستا، کە دەبینرێ وڵاتی موسوڵمانان داگیر کراوە لەلایەن کافر و خوانەناسانەوە، ئەو زێد و نیشتیمانەی کە

کاتی خۆی موسوڵمانان بە زەبری شمشێر و ئاکامی تێکۆشان و خوێن رشتن و عەرەق رشتن و خۆبەخت کردن رزگاریان کردو لە چەنگی کوفر دەریان هێنا، ئێستا لە لایەن کوفرەوە داگیر کراوەتەوە! هۆیەکەی ئەوەیە: موسوڵمانان لەبەر خاتری خودا شەڕ ناکەن، لە پێناو ئایین و بڵاو کردنەوەی حەق و بەرز کردنەوەی ئاڵای ئیسلام دا ناجەنگێن، پەیڕەوی فەرمان و ئامۆژگارییەکانی خوداو پێغەمبەر ناکەن، وەکوو قورئان فەرمانی پێ کردون ئامادەباشی جەنگ و فیداکاری نین، کۆڵەکەی دین کە جیهاد و غەزایە پاش گوێیان خستووە، بە گوێرەی رۆژگار پێداویستی جەنگی و بەرەنگاری دابین ناکەن، ناتوانن و هەوڵیان نەداوە کەمێ جەنگی و فڕۆکەی پێشکەوتوو تۆپی دوور هاوێژ و گەورە و موشەکی جۆراو جۆری پێشکەوتوو بۆ خۆیان دابین بکەن ناتوانن و نەیان کردووە لەگەڵ دوژمن دا پێشبڕکێی چەکسازی بکەن و ئامێری بەرەبەرەکانی بێننە کایەوە! کە ئەمانە بەگوێرەی یاسای ئایینەکەمان لەسەرمان پێویستەو پشتگوێ خستنیان بێ شەرعی‌یەکی زەق و کەمتەرخەمی‌یە لەبەرامبەر فەرمانی خودا!

دەڵویستی تری دووڕووەکان، سزادانیان لە لایەن خوداوە

إِنَّ ٱلْمُنَـٰفِقِينَ يُخَـٰدِعُونَ ٱللَّهَ وَهُوَ خَـٰدِعُهُمْ وَإِذَا قَامُوٓا۟ إِلَى ٱلصَّلَوٰةِ قَامُوا۟
كُسَالَىٰ يُرَآءُونَ ٱلنَّاسَ وَلَا يَذْكُرُونَ ٱللَّهَ إِلَّا قَلِيلًا ﴿١٤٢﴾ مُّذَبْذَبِينَ بَيْنَ
ذَٰلِكَ لَآ إِلَىٰ هَـٰٓؤُلَآءِ وَلَآ إِلَىٰ هَـٰٓؤُلَآءِ ۚ وَمَن يُضْلِلِ ٱللَّهُ فَلَن تَجِدَ لَهُۥ سَبِيلًا
﴿١٤٣﴾ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ لَا تَتَّخِذُوا۟ ٱلْكَـٰفِرِينَ أَوْلِيَآءَ مِن دُونِ
ٱلْمُؤْمِنِينَ ۚ أَتُرِيدُونَ أَن تَجْعَلُوا۟ لِلَّهِ عَلَيْكُمْ سُلْطَـٰنًا مُّبِينًا ﴿١٤٤﴾
إِنَّ ٱلْمُنَـٰفِقِينَ فِى ٱلدَّرْكِ ٱلْأَسْفَلِ مِنَ ٱلنَّارِ وَلَن تَجِدَ لَهُمْ نَصِيرًا ﴿١٤٥﴾

إِلَّا ٱلَّذِينَ تَابُواْ وَأَصۡلَحُواْ وَٱعۡتَصَمُواْ بِٱللَّهِ وَأَخۡلَصُواْ دِينَهُمۡ
لِلَّهِ فَأُوْلَٰٓئِكَ مَعَ ٱلۡمُؤۡمِنِينَۖ وَسَوۡفَ يُؤۡتِ ٱللَّهُ
ٱلۡمُؤۡمِنِينَ أَجۡرًا عَظِيمٗا ﴿١٤٦﴾ مَّا يَفۡعَلُ ٱللَّهُ بِعَذَابِكُمۡ إِن شَكَرۡتُمۡ
وَءَامَنتُمۡۚ وَكَانَ ٱللَّهُ شَاكِرًا عَلِيمٗا ﴿١٤٧﴾

هەروا لەسەر روون کردنەوەی رەوشتی ناجوانمێرانەی دووڕووەکان دەڕواو دەفەرموێ: **﴿إن المنافقين يخادعون الله﴾** بێگومان ئەو دووڕووانە لەبەر نەزانی و بێ عەقڵی و دەروون نەخۆشییان بەهۆی تێنەگەیشتن و بیر تەسکیان پەنا بۆ فرت و فێڵ دەبەن کارێک دەکەن بەڕواڵەت وەکوو ئەوە وایە فێڵ لە خودا بکەن، دەچن خۆیان بە موسوڵمان دەخەنە بەرچاوی موسوڵمانان و لەدڵیش دا بێ بڕوان، وەکوو لە شوێنێکی تر دەفەرموێ: **﴿يخادعون الله والذين آمنوا﴾** البقرة/٩ ئاشکراشە خودا فێڵی لێ ناکرێ، چونکە ئەو زاناو ئاگادارە بە نهێنی ناو دڵان و هەموو پەنامەکی‌یەک دەزانێ!

پێیان وایە: وەکوو لە دونیادا بۆیان چووەتە سەر بەڕواڵەت حوکمی شەریعەتیان بەسەر دا جێ بەجێ دەکرێ لەلای خوداش ئەوەیان بۆ دەچێتە سەر لە قیامەتیش دا وەکوو دونیا- رزگاریان دەبێ!

وەکوو لە ئایەتێکی تردا پەروەردگار لە بارەیانەوە دەفەرموێ: کە رۆژی قیامەت زیندوو دەکرێنەوەو راپێچی دەشتی مەحشەر دەکرێن، سوێند بۆ خودا دەخۆن دەڵێن: ئێمە خاوەن بڕوا بووین لەسەر رێگای راست و حەق بوین: **﴿يوم يبعثهم الله جميعاً فيحلفون له كما يحلفون لكم﴾** المجادلة/١٨

بەڵام یەزدان بە درۆیان دەخاتەوە و سوود لەو سوێند خواردنەیان نابینن! **﴿وهو خادعهم﴾** خوداش تۆڵەی ئەو فرت و فێڵەیان لێ دەستێنێ، سزادانەوەیان

ناو نراوە بە (مخادعة) لەبەر (مشاكلة)یە بۆ وشەی پێشوو وەكوو ﴿ومكروا ومكر الله﴾ وایە.

یان مانای وایە: ئەوەی خودا لەگەڵیان دەكا لە فێڵ دەچێ، لەم رووەوەكە لە دونیادا وازی لێ هێناون، ئەحكامی شەریعەتیان بەسەردا جێ بەجێ دەكرێ، خوێن و ماڵیان پارێزراو دەبێ، بەڵام لە قیامەت دا ژێر خانی دۆزەخی بۆ ئامادە كردوون و دەیان كاتە بنكڵی دۆزەخ، چونكە داب و نەریتی خودا وایە: هەركەسێك هەڵوێستی خیانەتكاری وەكوو ئەو دووڕووانە بنوێنێ كە لە دونیا دا تووشی ریسوایی‌یان بكاو لە قیامەتیشدا سزای سەختیان بدا، ئەمەش دیاردەیەكی دووڕووانە لە هەموو گەل و هۆزێك دا فێڵ و تەڵەكە پەیدا دەكەن و درۆ هەڵدەبەستن پیلان دەگێڕن غەش دەكەن دوژمنانی گەل و نیشتمانی موسوڵمانان دەكەنە گەورەو لێپرسراوی خۆیان و جاشایەتییان بۆ دەكەن، كتێبە مێژوویی‌یەكان پڕن لە باس و خواسی ئەو جۆرە جاشانە هەر كاتێ گەل و نەتەوە لاواز ببن و دوژمنیان بەهێز بن ئەم چڵكاو خۆرانە زۆر دەبن و سەرهەڵدەدەن، چونكە ئەو خۆفرۆشانە هەمیشە هەڵپەی سوود و قازانجی تایبەتی خۆیان دەدەن و سوودی گشتی ژێر پێ دەخەن، بۆ بەدەست هێنانی ئامانجی تایبەتی چڵكاو خۆری خۆیان هەموو رێگایەكی خوار دەگرنەبەر و كۆ لە هیچ خیانەتكاری‌یەك ناكەنەوە.

ئەحمەد ومسلیم لە ئیبنوعەبباسەوە دەگێڕنەوە دەڵێن: هەڵخەڵەتاندنی خودا بۆیان ئەوەیە: كە خودا رۆژی قیامەت روناكی‌یەكیان دەداتێ كە پێی بڕۆن و وەكوو موسوڵمانان رێگا دەركەن! كە دەگەنە سەر پردی سیراط رووناكی‌یەكەیان دەكوژێتەوە، لەناو تاریكی دا دەمێننەوە.

نیشانەیەكی تری ئەم دووڕووانە ئەوەیە: ﴿وإذا قاموا إلى الصلاة قاموا كسالى﴾ كە هەڵدەستن بۆ نوێژ بە تەمبەڵی و لەش گرانی ئەنجامی دەدەن، چونكە ئیمانی پتەویان پێی نیە بەرەغبەتەوە نایكەن، هاندەرێكی دەروونی پاڵیان پێوە نانێ بۆ ئەنجام دانی، نیازی پاكیان نیە، لە مانای نوێژ ناگەن، بە هیوای پاداشی پاشەڕۆژ نین، ترسی دۆزەخیان نیە، بەڵكو لە ترسی خەڵكەكە نوێژ دەكەن،

ئەگەر هەر بۆخۆیان بوون ئەوا هەر نوێژ ناکەن، ئەگەر لەگەڵ موسـولمانانیش بـوون ئەوا بە ڕواڵەت نوێژەکەیان دەکەن، کەسێک ئەوە حاڵی بێ، دیارە بـە تەمبەڵی و بە ناڕێک و پێکی نوێژەکانی دەکا، ئەوانە بە نوێژ کردنەکەیان مەبەستیان خودا نیە و هیچ ئیخلاص و دڵسۆزی‌یەک لە نوێژەکەیان دا بەدی ناکرێ ﴿یراءون النـــاس﴾ بەڵکو بۆ ئەوە دەیکەن کە موسولمانان بیان بینن و ریا بازی دەکەن و نوێژەکـەیان بۆ ناو و شۆرەتە نەک بۆ خودا! بۆیە زۆر جار لە نوێژ دوا دەکەون و ئامادەی کردنی نوێژی خەوتنان و بـەیانی نـابن، وەکـوو لـە صەحیحـەین دا هـاتووە کـە پێغەمبەر فەرموویەتی: ((**أثقل الصلاة على المنافقين صلاة العشـاء وصلاة الصبـح، ولـو يعلمون ما فيهما لأتوها ولو حبـوا**)) گرانـترین نوێـژ لەسـەر شانی دووڕووەکـان نوێـژی عیشـاو نوێـژی بەیانی‌یـە ئەگـەر بیانزانیایـە چـەند خێروبێریـان تێدایـە ئەنجامیان دەدان تەنانەت ئەگەر بە قنگە خشکێش بوایە. هەروەها ﴿**ولا يذكرون الله إلا قليلا**﴾ئەوانە کەم وادەبێ نوێژ بکەن یـان لـە نوێژەکـەیاندا کـەم یـادی خـودا دەکەن نازانن چی دەڵێن، بەڵکو لە نوێژەکەیان دا بـێ ئاگـاو بـێ نیـازن، تەنانـەت ئـەوان لـە واقیـع دا زۆر کـات هـەر نوێـژ ناکـەن، ئەگـەر خـەڵک نـەیانبینن و بـۆ ڕووپەمایی نەبێ هەر نوێژ ناکەن. هەوەرها ﴿**مذبذبين بين ذلك لا إلى هـــؤلاء ولا إلى هـــؤلاء**﴾ ئـەوان سـەریان لـێ تێـک چـووە بـەهیچ لایـەک دا خۆیـان بـۆ سـاغ ناکرێتەوە، نە لەگـەڵ موسـولمانەکانن بەڕاسـتی، نـە لەگـەڵ کافرەکـانن بەڕاسـتی، بەڵکو بە ڕواڵـەت لەگـەڵ موسـولمانەکانن لـە دڵـیش دا لەگـەڵ کافرەکـانن، هـی واشیان هەیە شک و گومان دەیهێنێ و دەیبا، جارێک مـەیلی لای موسـولمانەکان دەکاو جاری واش هەیە مەیلی لای کافرەکانیان هەیە وەکوو جوولەکەکان وەکوو لە سەرەتای سورەتی بەقەرەدا دەفەرموێ: ﴿**كلما أضاء لهم مشوا فيه، وإذا أظلـــم عليهم قاموا**﴾ ئایەتی (٢٠) ئەوانە کوڕی ڕۆژن و کـێ سـەرکەوت لەگـەڵ ئـەودان.. ئەوانە گومڕان ﴿**ومن يضلـــل الله**﴾ کەسـێک خـودا بەهـۆی کـردەوەو هەڵوێسـتی نالەباری‌یەوە لەڕێگەی ڕاست لای بداو سەرلێشێواو و گومڕا ببێ ﴿**فلن تجـــد لـــه**

سبیلا﴾ ئەتۆ ئەی پێغەمبەر! ئەی بیسەر! ناتوانی ڕێگای حەق و ڕاستی بۆ بدۆزیتەوە، چی هەوڵ بدەی وتێبکۆشی بۆ خستنە سەر ڕێگای باش، هەوڵدانەکەت بێ هودەیە! چونکە سوننەت و داب و نەریتی خودا ناگۆڕێ و هەڵناوەشێتەوە! کەوابێ مانای (إضلال) ڕێ لێ هون کردنی خودایی ئەوە نیە کە خودا سرووشتی هەندێ ئادەمیزاد لەسەر کوفر دابڕێژێ! کابرا هیچ دەسەلاتێکی تێیدا نەبێ!

ئەمجار پەروەردگار موسوڵمانان لەوە دەترسێنێ کە هەڵوێستی دووڕووەکان وەربگرن و چاو لەوان بکەن یان دۆستایەتی کافرەکان بکەن و یارمەتیدەریان بن بۆ سەرکەوتنیان بەسەر موسوڵمانان داو فەرمووی: ﴿یا أیها الذین آمنوا لا تتخذوا الکافرین أولیاء من دون المؤمنین﴾ ئەی ئەو کەسانەی بڕواتان هێناوە بە خوداو بە پێغەمبەری خودا، بە هیچ شێوەیەک کافرەکان مەکەن بە دۆست و گەورەی خۆتان و موسوڵمانان پاشگوێ بخەن!

خوانەناسان مەکەن بە دۆست و یارمەتیدەر و هاوەڵ، دۆستایەتیان لەگەڵ دا مەبەستن، نەصیحەت و ئامۆژگارییان لێ وەرمەگرن دژی موسوڵمانان و دەستی خۆشەویستییان بۆ درێژ مەکەن و نهێنی و حاڵ و وەزع و حاڵی موسوڵمانانیان پێ مەڵێن، سیخوڕی و چاوساغی بۆ خوانەناسان مەکەن! وەکوو لە ئایەتێکی تردا دەفەرموێ: ﴿لا یتخذ المؤمنون الکافرین أولیاء من دون المؤمنین ومن یفعل ذلك فلیس من الله في شيء إلا إن تتقوا منهم تقاة ویحذرکم نفسه﴾ آل عمران/٢٨ یان دەفەرموێ: ﴿یاأیها الذین آمنوا لا تتخذوا الیهود والنصاری أولیاء بعضهم أولیاء بعض﴾ المائدة/٥١ بەڵام پێدانی بڕێ وەزیفەی گشتی بە کافرە ذیمییەکان لە فەرمانگەکانی حکومەتی ئیسلامیدا، ئەوە کارێکی ئاساییەو هیچ ڕەخنەی لێ ناگیرێ بەمەرجێ چاودێری بکرێ و فەرمانگەیەکی وانەبێ نهێنییە گرنگەکانی دەوڵەتی تێدا پارێزرابێ، ئەوەتا لەسەردەمی هاوەڵانی پێغەمبەر بڕێ ذیمی لە دیوانەکانی حکومەت دا کاریان دەکرد و کاروباری گشتی ئەو دیوانانەیان بەڕێوە دەبرد، عەبباسییەکانیش ئەبو ئیسحاقی (الصابي) کە ناموسوڵمان بوو کردوویانە

بە وەزیر و بە فەرمانی خەلیفە کاروباری دەوڵەتی بەڕێوە بردووە[١٣]! ﴿أتريـدون أن تجعلوا لله عليكم سلطانا مبينا﴾ واتە: ئایا دەتانەوێ بەو یارمەتی دانەی کافران و کردنیان بە گەورەو لێپرسراوی خۆتان بەڵگەی تەواو بدەن بەدەست خودا بۆ ئەوەی سزاتان بداو تۆڵەتان لێ بستێنێ؟؟ مەبەست ئەوەیە: کە یارمەتیدان و هاریکاری کافران دژی موسوڵمانان رەوشتی دووڕووانەو بەڵگەیە لەسەر مونافیقی!

ئەمجار پەروەردگار سزای دووڕووەکان دیاری دەکا و دەفەرموێ: ﴿إن المنافقين في الدرك الأسفل من النار﴾ بێگومان رۆژی قیامەت دووڕووەکان دەخرێنە چینی ژێرەوەی دۆزەخەوە لە بنکڵی دا دەسوتێنرێن! ئەمە ئاماژەیە بۆ ئەوە کە دۆزەخ: چینچین و قات قاتە، حەوت تەبەقە و ناخۆشترین شوێنی قاتی هەرە خوارویەتی، کە جێگەی دووڕووانە.

راڤەکەرانی قورئان دەڵێن: دۆزەخ حەوت تەبەقە، یەکەمیان جەهەنەم ئەمجار (لظى) ئەمجار (الحطمة) ئەمجار (سعير) دوایی (جحيم) ئەمجار (الهاوية) جاری وا دەبێ هەندێکیان بە ناوی هەندێکیانەوە ناو دەبرێن. بەهەشتیش هەشت پلەیە، هەر پلەی جێگەی جۆرە کەسێکە بەپێی پلەو پایەیان لە خودا پەرستی دا.

هۆی ئەوەی کە سزای دووڕووەکان سەخت ترە لە کافرەکان ئەوەیە: کە دووڕوو وەکوو کافرەکە کافرە گاڵتە کردنی بە ئیسلام و موسوڵمانانیشی سەربارە! ﴿ولن تجد لهم نصيرا﴾ کەس نیە ئەو سزایە لەسەر دووڕووەکان لابەرێ، یان بۆیان سووک بکا کەس نیە یارمەتیان بداو بەهانایانەوە بچێ!! ئەمجار پەروەردگار رێگای سەرفیرازی و ئیصلاح بۆ ئەم دووڕووانە دەست نیشان دەکاو دەفەرموێ: ﴿إلا الذين تابوا﴾ مەگەر ئەوانەیان کە لە هەڵوێستی دووڕوویی خۆیانیان پەشیمان دەبنەوە ﴿وأصلحوا﴾ هەوڵ و تێکۆشانی تەواو دەخەنە کار بۆ کردنی کرداری چاک و سڕینەوەی تاوانی رۆژگاری دووڕوویی‌یان و شتنەوەی چڵکی نیفاق ﴿واعتصموا

[١٣] بۆ زیدە درێژە پێدان سەیری تەفسیری (المنار) ج٥/ ل٤٧٢-٤٧٣ بکە.

باللہ﴾ده‌ست ده‌گرن به نامه‌ی خودا که قورئان و شوێن ئامۆژگاری‌یه‌کانی پێغه‌مبه‌ر ده‌که‌ون ﴿وأخلصوا دينهم لله﴾ ته‌نها خودا ده‌په‌رستن و به‌ندایه‌تی هه‌ر بۆ ئه‌و ده‌که‌ن و سه‌ری به‌ندایه‌تی هه‌ر بۆ ئه‌و نه‌وی ده‌که‌ن په‌نا بۆ که‌سی تر نابه‌ن نه‌بۆ لابردنی زیان و ناخۆشی و نه‌بۆ ده‌ستکه‌وتنی سوود و قازانج وه‌کوو له سوره‌تی فاتیحه‌دا ده‌فه‌رموێ: ﴿إياك نعبد وإياك نستعين﴾.

ئه‌م چوار مه‌رجانه مه‌رجی وه‌رگیرانی تۆبه‌ی دووڕووه، به‌ڵام کافر مه‌رجی تۆبه‌که‌ی ئه‌وه‌یه کۆتایی به کوفره‌که‌ی بێنێ وه‌کوو له شوێنێکی تر ده‌فه‌رموێ: ﴿قل للذين كفروا! إن ينتهوا يغفر لهم ما قد سلف﴾ الأنفال/٣٨.

مونافیق ئه‌وه‌یه: به‌ده‌م موسوڵمان بێ به‌دڵ بێ بڕوا بێ، به‌قسه له‌گه‌ڵ خودا بێ به کرده‌وه له‌گه‌ڵ شه‌یتان ﴿فأولئك مع المؤمنين﴾ ئه‌و دووڕووانه که به‌و شێوه‌یه‌ی باس کرا ئه‌گه‌ر ته‌وبه بکه‌ن و بگه‌ڕێنه‌وه واز له دووڕوویی بێنن، ئه‌وه ده‌بنه هاوه‌ڵی موسوڵمانان و له هه‌ردوو دونیادا له کۆمه‌ڵ و گرۆهی خاوه‌ن باوه‌ڕان حسێب ده‌کرێن.

﴿وسوف يؤت الله المؤمنين أجرا عظيما﴾ له‌وه به‌ولاوه په‌روه‌ردگار پاداشی زۆروزه‌به‌نده ده‌داته‌وه به خاوه‌ن باوه‌ڕان که خودا نه‌بێ که س ئه‌ندازه‌ی نازانێ، ئه‌و تۆبه‌کارانه‌ش ده‌بنه هاوبه‌شی ئه‌و موسوڵمانانه.

ئه‌مجار په‌روه‌دگار هۆی سزادانه‌که‌یان ئاشکرا ده‌کاو ده‌فه‌رموێ! ﴿ما يفعل الله بعذابكم إن شكرتم وآمنتم﴾ خودا چ مه‌به‌ستێکی هه‌یه به سزادانی ئێوه ئه‌ی ئاده‌میزاد ؟؟ ئه‌گه‌ر ئێوه بڕواتان هه‌بێ و به‌ندایه‌تی بکه‌ن و سوپاس گوزار بن بۆچی سزاتان ده‌دا ؟؟ واته: په‌روه‌ردگار که سزاتان ده‌دا و له دۆزه‌خ دا به‌ئاگر ده‌تانسوتێنێ له‌به‌ر ئه‌وه نیه زیانتان لێ دابێ و ئه‌ویش تۆڵه‌ی زیانه‌که‌تان لێ بستێنێته‌وه، یان له‌به‌ر ئه‌وه نیه: که زیان له خۆی دوور بخاته‌وه یان سوودێکی ده‌ست که‌وێ!! هیچ کامێ له‌م مه‌به‌ستانه‌ی نیه، چونکه خودا بێ ئاتاجه له هه‌موو بوونه‌وه‌ر هیچ پێویستی‌یه‌کی به ئاده‌میزاد نیه، خودایه‌تی خودا زۆر له‌وه به‌رزتره

کە ئەو مەبەستانەی هەبن، بەڵام خودا عادل و دانایە، ئاگـادار و زانایـە، هـەرگیز چـاک و خـراپ وەک یـەک سـەیر ناکـا، کـافر و موسـوڵمانَ لـە تـەرازووی ئــەو دا بەرامبەر و یەکسان نین! کافر و مونافیق و یاخی بوو کە سوپاسی خودا ناکـەن لـە بەرامبەر نیعمەتەکانی دا، ئەرکی سەر شانی خۆیان کە ئیمان بە خـوداو بەندایـەتی کردنیەتی بەجێ ناهێنن! ماڵ و دارایی و هێز و دەسەڵاتیان کە خودا پێی داون لە خێر و چاکەدا بەکاری ناهێنن، چۆن دەبێ وەکـوو خـودا پەرسـتێکی راسـتاڵ حلێـب بکرێـن؟! خۆ ئەگـەر ئـەو خوانەناسـانە وازیـان لـە هەڵوێسـتی خۆیـان بهێنایــە و سوپاسگوزاری پەروەردگار بوونایە کردار و گوفتاریان باش بوایـە بڕوایـەکی پتـەو و راستیان بە خودا بهێنایە، ئەوانیش شیاوی پـاداش دەبوون و بەختـەوەریی هـەردوو جیهان یان بەدەست دەهێنا! **﴿وكان الله شاكرا عليمـــا﴾** هەمیشـە خـودا پاداشـی سوپاسـگوزاران بەچاکـەو سـوپاس دەداتـەوە، پاداشـی باشـی دانـاوە بــۆ ئەوانــەی بەندایەتی دەکەن و فەرمانبەردارن! زانایە بە حاڵی بەندەکانی و ئاگـاداری دروست کراوانی خۆیەتی، هیچی لێ گوم نابێ کەسێک بڕوای بە خودای خۆی هەبێ، بەندەی سوپاسگوزار و راستاڵ بێ، خودا پێی دەزانێ و ئاگای لێیەتی و بە باشترین پاداش پاداشی دەداتەوە، وەکوو لــە ئایـەتێکی تـردا دەفـەرموێ: **﴿وإذ تـأذن ربكم لئن شكرتم لأزيدنكم ولئن كفرتم إن عذابي لشديد﴾** إبراهيم/٧.

ئاشکرایە قورئان کە نامەی نووسراوی پەروەردگارە و پرۆگـرام و بەرنامــەی نەتـەوەی موسـوڵمانە هـەوڵی ئــەوە دەدا وەکــوو هەمیشــە هــەوڵی ئەوەیــەتی نەتەوەیەکی بێ خەوش و موسـوڵمان بێنێتـە کایـەوە، نەتەوەیـەک لـە کۆمـەڵانی موسوڵمان پێک بهێنێ کە ئیسلام لــە کۆمـەڵگاکانی کوفـر و نەزانیـیەوە بـۆ لای خۆی کێشی کردبـوون، بەشیری خـودا پەرسـتی گۆشـی کردبـوون! بـۆ ئـەوەی دوای دروست بوونی ئەو نەتەوە ئیسـلام کـردە ڕێبـەری و رابەرایـەتی ئـادەمیزاد بگرێتـە دەسـت و بـەرەوە ئاسـۆی کامـەرانی و خۆشـبەختی و سـەرفیرازی وەگـەڕی بخـا؟! هەمیشە هەوڵی دەدا هۆکارەکانی دروست بوونی ئـەو نەتەوەیـە دەسـتە بـەر بکـا، بناخە گشتییەکانی دەبەزرێنێ.

یەکێکێ لەو هۆکارە سەرەکیانە پاکێ کردنەوەی دڵ و دەروونی ئەو کۆمەڵـە موسوڵمانەیەکە کۆمەڵگای ئیسلامی یان نەتەوەی موسوڵمانی لێ پێکێ دێ و بەرز کردنەوەی ئاستی رەوشتی و دەروونی تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایەیە!!

جا کە کۆمەڵی موسوڵمانان گەیشتنە ئەو ئاستە بەرزە، لە رەوشـتی تاکـە کەسی و کۆیی دا گەیشتنە ئەو ئـەندازە پێویسـتەو هاوشـان لەگـەڵ ئـەوەش دا لـە بارەی بیر و باوەڕی عەقیدەیی یەوە هەمان سەرکەوتنی بەدەسـت هێنـا، ئـەو کاتـە پـەروەردگار ئـەو نەخشـەیەی یـان ئـەو تابلۆیـەی کـە کێشـاویەتی بـۆ ئـادەمیزاد دەیهێنێتە کایەوە، نەتەوەیـەکێ دەخوڵقێنـێ کـە پارێزگـاری ئـایین و بەرنامەکـەی بکەن و ببنە پێشەواو رابەر و ڕزگار کەری ئادەمیزاد لە گێژەڵووکەی گومڕایی یـەوە بۆ دونیای نور و رووناکی و بەختەوەری و سەرفیرازی.

پەروەردگار خاوەنی ئاسمان و زەوی یە، گەنجینەی بوونەوەر هـی خۆیـەتی، بەخشندەو میهرەبانە لە بەرامبەر کردەوەی کەم پاداشی زۆر و زەبـەندەی دەداتـەوە پاداشی کردەوەی چاکە بە دوو چەندانەو دە چەندانەو چەندەها چەندانە دەداتەوە.

پـەروەردگارا! ئـەی بەدیهێنـەری ئـاخ و ئـاو وهـەوا! رزق و رۆژیـدەری گیانلەبەران! بە مار و ومێروشەوە، هەڵسوڕێنەری بوونەوەر بە ئاسمان و ئەسـتێرەو حەشاماتیەوە، راگری کەون و کائینات بە دەستی قوردرەت و دەسـەلات، کـەریمی کار ساز، کەسی بێ کەسان، حەکیم و دانـا، خـاوەن رەحـم و توانـا بۆخـاتری زات و صیفـەتت بـە عـەطف و میـهرەبانی و بـەرزی و زانـاییت لـە گرۆهـی موسـوڵمانی سوپاسگوزارمان حلیب بفەرمووێ، خۆڕاگر و راستاڵ و چاکەکار و بـاش گوفتارمـان بسازێنە لەو کۆمەڵەمان بژمـێرە کـە خـۆت لـە دونیـاو قیامـەت دا لێیـان رازیـت ئەوانیش لە پاداش و نیعمەتەکانت رازین. ئامین.

بوو، خودا یارمەتیدەرمان بێ بۆ پەرە پێدانی
کارەکەمان.

پێڕستی سەرباسەکانی جزمی پێنجەم

